**برای ئازیزکاک سالەگیان،بەسەلاوی تایبەت،ئەوە ئەو وتارانەی کە لە ماوەی سالێک، یانی لە2007/12/4هەتا2008/11/20ی زایینی لە سەرماڵپەڕی پیشمەرگەکان بڵاوبونەتەوە جارێکی دیکە بەکۆم بۆ ناردیەوە، بەم بۆنەوەکە جێگایەکیان بۆ لە سەرماڵپەری پیشمەرگەکان بۆ تەرخان بکەی، ئیکجارممنون دەبم. چونکە پێمخۆشە بەسەرجەم لە بەردەم خوێنەران بن،هەتا ئەگەر برادرێک رەخنەی لە سەریان هەبێ موتاج نەبێ لە سەرماڵپەری پیشمەرگەکان لێیانبگەڕێ،با لە بەرچاوبن. جارێکی دیکەبەگەرمی دەستت دەکوشم.براتان حامیدرەشیدی زەرزا،2008/11/20ی زایینی.شاری سیدنی ئوستەڕالیا.**


پاشکۆ: نووسینی حامیدڕەشیدی زەرزا، ........................................

کۆکراوەی ئەو وتارانەن، کە لە ماوەی سالێک یانی لە 2007/12/4 هەتا2008/11/23ی زایینی لە سەرماڵپەری پێشمەرگەکان بڵاو بوونەتەوە و بریتی لە: (شیست وحەوت) مەقالەن........................................

(1)........................................

مەسەلەی نەتەوایەتی ........................................

(2)........................................

مخدوش و محکوم بەبطلان ........................................

بودن حکم اعدام عدنان حسن پور،........................................

(3)........................................

ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵییە،........................................

(4)........................................

زەرفیەتی بەسەرداهاتن و سەرکۆنەی فکری، ........................................

(5)........................................

کاک سەلاح موهتەدی، ........................................

(6)........................................

پاسخ بەنامەی آقای دکترنظمی افشار........................................

(7)........................................

هۆکارەکان ژمارە(1) ........................................

(8)........................................

هۆکارەکانژمارە(2) ........................................

(9)........................................

یادێک لە شەهیدسمایل مهاجری پێشمەرگەی دێرین، ........................................

(10)........................................

یادێک لە شەهیدی نەمرکاک (رەسوودهقان) ناسراوە بە سەید ڕەسووی بابی گەورە.شۆڕەسواری خەبات و شۆرشی کوردایەتی........................................

(11)........................................

هۆکارەکان: ژمارە(3)، ........................................

(12).................................................................................................................................................................
دسیسه شیادآخوندی، ..............................................................................................
(13).................................................................................................................................................................
شەهید دوکتۆر قاسملوو کەڵە پیاوی کەم وینەو سیاسەتمەداری بەناوبانگی سەرگۆی زەوی، .......
(14).................................................................................................................................................................
قانعی فرد یک قلم فروش بیش نیست، ............................................................................
(15).................................................................................................................................................................
وادیارە سناریوی ژەهرخواردنەوەی خومەینی، لە ڕاگرتنی هەڵاو بەزمی چەکی ناوەکی دووپات دەبێتەوە!...........................................................................................................................
(16).................................................................................................................................................................
شێوەچەسپاندنی دیالۆک، ..............................................................................................
(17).................................................................................................................................................................
بەدەنگ وەهاتنی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ..............................................................
(18).................................................................................................................................................................
یادێک لە کاک مەولود عوقاب پەنجە، هاڤاڵی خۆشەویست و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، ..............................................................................................
(19).................................................................................................................................................................
یادێک لە شەهید مەلاڕەسوی گەردی،ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.......................
(20).................................................................................................................................................................
چیچۆ کێ بوو؟ بۆچی کوژرا؟ لە سەرچی؟و کێ کوشتی؟ ......................................................
(21).................................................................................................................................................................
کۆماری ئیسلامی هاربووە. ..............................................................................................
(22).................................................................................................................................................................
ئەمن پێموایە بارزانی دەست بەتاڵ لە بەغدا گەڕاوەتەوە .........................................................
(23).................................................................................................................................................................
سێدارەکانی کۆماری ئیسلامی..........................................................................................
(24).................................................................................................................................................................
شەهیدمحەمەد کوردنیژاد. ..............................................................................................
(25).................................................................................................................................................................
یەکگرتنەوەو تێکەڵ بوونەوە یان دووحیزبی سەربەخۆ .............................................................
لە سەنگەرێکی هاوبەشدا؟..............................................................................................
(26).................................................................................................................................................................
ئەڕێ ئەو خەڵکە بۆ لە کەس ڕازی نین و بە چ قایل نین؟؟، ...................................................
(27).................................................................................................................................................................

یادێک لە سێ شەهیدی قارەمان لە سێ پێشمەرگەی بە ناوبانگ لە هێزی سمکو، کە هەرسێ برابوون و کوڕی گەرمی بنەماڵەیەکیان پێکدێناو بریتی لە: محمەممەد و عەولاّ و خالید میرابی ناسروا بە(سێزدە) کە شوێنی دانیشتنیان لە گوندی گردکاشان لە ناوچەی شنۆ بوو..............................
..............................(28)

مەترسی لە کوردستانی فیدراڵی باشوور هەڕەشە دەکات،..............................
..............................(29)

شێوەخەباتی نوێ،..............................
..............................(30)

دەڵێن: کوردهەمێشە لە مەیدانی بەربەرەکانی بردۆتەوە بەڵام لە ئولکەی سیاسی دۆڕاندویەتی!..............................
..............................(31)

بە ڕاستی حکوومەتی بەغدا زۆر لە سەدام حوسین دیکتاتۆڕترە،..............................
..............................(32)

سەیرە گەلێک لە زاناو ڕۆشبیرانی کورد کە لە بەندیخانەکانی سەرانسەری ئێران مانیان لەخواردن گرتووە لە هەڵویستی فارس و تورک سەبارەت بەکورد نەگەیون!..............................
..............................(33)

کاکڵی سیمنارەکەی کاک خالید عەزیزی،..............................
..............................(34)

یادێک لە شەهید عومەر قەیتەران و هاڤاڵانی،..............................
..............................(35)

شەهید دۆکتورقاسملو،..............................
..............................(36)

دەڵێن سیاسەت باوک و دایکی نییە!..............................
..............................(37)

ئێران زوو یان درەنگ دەسەر چەڵاخی و نەحاملاوی خۆی دەگەڕێ،..............................
..............................(38)

نەعرەتەی دەنگی خۆتان تێکەڵ بە دەنگی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان بکەن،..............................
..............................(39)

دەمهەڕاشی و قەرەچەناخی و زۆربڵەیی و چەقەسویی و چەڵتە چەڵتی ئەحمەدنیژاد سەرکۆماری ئاخوندی لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی،..............................
..............................(40)

ئاخوندی شیعە فێڵەزانتر لەوەن کە سیاسەتمەداران بتوانن خۆیان لە قەباخ ڕابگرن،..............................
..............................(41)

هێنانەخواری وێنەی شەهیدان،..............................
..............................(42)

نوسینی غولامرەزائینساف پور،وەرگێردراوی،حامیدرەشیدیزەرزا،..............................
مێژوو:..............................

(43) ..........

ئاخۆ بڕیارنامەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئیرانی تاساند؟ یان شاگەشکە، کرد؟ ..........

(44) ..........

ڕیژیمی گەندەڵی ئاخوندی، ..........

(45) ..........

لێکدانەوەکی سیاسی لە مەڕهەڵویستی ئامریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە ئێران، ..........

(46) ..........

سەت ڕەحمەت لە کفن دووزی هەوەڵم لێ بۆتە خەیاڵێکی ڕۆژانە: ..........

(47) ..........

ڕەوەی گورگە شینەکان، ..........

(48) ..........

سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی دوایی سی ساڵ، ..........

(49) ..........

قانعی فەردەکان ..........

(50) ..........

خوێنکاران ..........

(51) ..........

قانعی فەردەکان خەجەڕۆیە یان گورزی فیتوێن!! ..........

(52) ..........

ئەرێ لە پانەگۆڕایی سیاسی،سی ساڵ بۆ ڕاوەستان زۆر نییە؟ ..........

(53) ..........

بەئیلهام وەرگرتن ..........

(54) ..........

لێکدانەوەیەکی سیاسی، ..........

(55) ..........

ئێرانێکی (70)میلیونی! ..........

(56) ..........

پێشینیان گووتوویانە سندەگل بۆ بەرد دەگری، لە ئیران وەدیهاتووە! ..........

(57) ..........

هەمووکەس دەتوانێ دەموودەست، دین و مەزەبی خۆی بگۆڕێ بەلام کەس ناتوانی تۆرەمە و ڕەگەزی خۆی بگۆڕێ! ..........

(58) ..........

کاری مەدەنی لەئێرانێکی دیکتاتۆر ..........

(59) ..........

"ئۆباما" یان "جون مەکین"؟ ..........

(60) ..........

کۆماری ئیسلامی پیس یاخی بووە،لە بەرازی بڕەک و مالۆس غەزریوترو خەراوتر!!..........................
...........................................................................................................................(61)
ئەحمەدی نیژادخۆی نەسیحەت بکات باشترە!.................................................................
...........................................................................................................................(62)
سووکایەتی و بێ حورمەتی بە پێشمەرگە،سووکایەتی و جوێن دان بە نەتەوەی کوردە!......................
...........................................................................................................................(63)
تەنیا ئیرانێکی فیدراڵ دەتوانێ خەونی هەموو نەتەوەکانی ئیران وەدیبێنێ !..................................
...........................................................................................................................(64)
تیرێک کە ئامانج نەپێکی،......................................................................................................
...........................................................................................................................(65)
هەڵکراندنێک لە داخۆیانی "عەلی دەباغی" قسەکەری دەوڵەتی نووری مالیکی لە ئێراق، ..........................
...........................................................................................................................(66)
هەتاحکوومەتی ئیراق بە هیزتر دەبێ دەوری کوردەکانی باشوورلە حکوومەتی مالیکی کزو لاوازولەرزۆکتر دەبێت!.................................................................................................................
...........................................................................................................................(67)
یادێک لە شەهید کاک بەهمەن بامروت، پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران،ساڵی شەهیدبوونی 1362ی هەتاوی بوو. ........................................................................................

**پاشکۆ: نووسینی حامیدڕەشیدی زەرزا،**

**کۆکراوەی ئەو وتارانەن، کە لە ماوەی ساڵێک یانی لە 2007/12/4 هەتا 2008/11/23ی زایینی لە سەرماڵپەری پێشمەرگەکان بڵاو بوونەتەوە و بریتی لە: (شیست وحەوت) مەقالەن.**

**(1)**

**مەسەلەی نەتەوایەتی**

تیرِوانین و سەرنجدانێکی دیکە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی و ڕەچەڵەکی، لە ئێران: وەرگیراو لە ڕۆژنامەی پارسیان،نووسینی (یونس پارسابناب)وەرگێڕانی حامیدرەشیدی زەرزا.

ئێران وەکوو وڵاتێکی چەندین ڕەچەڵەک شوێنی نەتەوایەتی جۆراوجۆر، بریتی لە: فارس،تورک،کورد،عەرەب،لوڕ و بەختیاری ،بلوچ،تورکەمەن، گیلەک، ئەرمەنی و ئاسۆڕی وعبرانی ومازنی وهتد...دێتەژمار.

وئەو نەتەوانە جگە لە هەبوونی کۆی پێکەوەژیانی هاوبەش(وەکوو: زبان،فەرهەنگ،خلقیات و ...)وکۆی شەریکایەتی ولآت ونەتەوە- دەوڵەت و مێژووشیان پێکەوەهەیە، کە ژیانی هاوبەش،یەکیەتی ویەکسانی ئەوانی لە درێژایی مێژووی پڕ لە هەورازونشیوی ئێران، مەیسەرو ئیمکان پەزیرکردوە.

دەجا،بەر لە وەی بە چلۆنایەتی مەسەلەی نەتەوەیی و کاکڵی تایبەتمەندیەکانی دەستەبەری ئەسلی وی، یانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی،زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ئامازەبکەین و...بدەینە بەرباس، سەرنجی هاو ولآتیان بەم چەند بڕگەو خاڵە گرینگ، بۆ ئەم دەراوە،ڕادەکێشم.

خالی یەکەم-لەم گۆڕەپانەدا، ئەز بە گشتی لە وشەی نەتەوە(ملت)و وشەکانی سەرچاوە وەرگرتوو لە وی-- وەکوو نەتەوەکان،(ملیت) حیزبەکانی نەتەوایەتی، نەتەوەخواز...کەلکم وەرگرتووە،و بە ئەنقەست لە کەلک وەرگرتن و دەکارکردنی لە وشەگەلی قەوم و تایفە و سەرچاوە وەرگرتوو لە وی-خۆم پاراستووە. چونکە کەلک وەرگرتن لە دەستەواژەو لێک تێگەیشتن وەکوو قەومی و قەومیەت و...بۆ سەردەمی بەر لە سەرمایەداری دەگەڕێتەوە و هەنۆکە ئێمە لە سەردەمی سەرمایەداری نوێدا دەژین کە لە تەمەنی وی پێنج سەت ساڵ وشتێک تێدەپەڕێ. لەم قۆناخەدا پێشکەوتن و پەرەپێدان و بەرینکردنەوەو لە کۆمەڵگاکان کە دەواندا پەیوەندیەکانی سەرمایەداری باوەو پەرەو گەشە دەستێنێت. (ئەمرۆ بە هۆی چەندپات بوونەوەو پروسەتر بوونی سەرمایە-بە تایبەت لە سی و چەندساڵی رابردوو-لێکۆلێنەوە 95%لە سەت سەرجەمی دونیا حاکمیەتی وەدەست هێناوە) و هاوبەشی گروپیش وردەوردە لە قەوم و تایفە بە نەتەوەو نەتەوایەتی ڕێگای کامڵ بوونی بڕیوە.

دەجا پێداچوونەوەیەک بە سەرناوەرۆکی کۆنی فرەزانایانی سیاسی وپسپۆران، دوایی سەدی سیزدە وسەرانسەری سەدەی نۆزدەهەم وبیستەمی ئورۆپا(لە ئەمانوئل کانت و هگل بگرە هەتا مارکس، انگلس،لینین و...)یەکدەنگن. ولە ئێران لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەردەمی ئینقلابی مەشروتییەت(هی وەکوو مەلا هادی سەبزەواری، ئاخوندزادە، میرزا ئاغاخان کرمانی،ثقەالاسلام تورێزی و...) نیشاندەدەن کە ئەوان لە وشەی نەتەوەو(ملت) ونەتەوەکان یان گەلایەتی(ملیت) و یانەی وان لە ژیانی ئینسان ئاخافتوون و لە دەکارکردنی وشەی قەوم و تایفە(مەگین لە پەیوەندی لە گەڵ سەردەمی بەر لە سەرمایەداری) دەنا بە تەواویی و سەرجەم خۆیان پاراستووە ودوورەپەریزکردوە.

لێنین لە وتارە بە ناوبانگەکەی خۆی لە ژیرناوی کارل مارکس سەبارەت بە گورانی نەتەوە،دەلیت: لە سەردەمی بورژاوازی( سەرمایەدار) نەتەوە،بەرهەمی زەروری و شکلی پاریزهەلنەگرو کاملی بێ ئەملا ئەولای کۆمەڵگایە. چینی کرێکارناتوانێ خاوەن دەسەلآت و بە هێزبێ و ناتوانێ دەستی بەقودرەت وێرابگات، چونکە ناتوانێ ئاوەزیان بێت،وناتوانێ و نەشێ حاکمیەت وحوکمڕانی خۆی بەهیزوتوانا ومەحکەم ومسوەگەر بکات، مەگین لە ڕێگایەک کە خۆی بە وێنەی نەتەوە-دولت(ملت NationState)) دەربێنێ.

خالی دوهەم-وشەی نەتەوە-NationStateومانای وی نابێ لەگەڵ مانای وشەی نەتەوەکان،نەتەوایەتی،بە یک جور دانبرێت، چونکە لە گەڵ یەکدی گەلێک تەوفیری بنەڕەتیان هەیە و لە زوربەی ولآتان بە مانایەک دە کارنەکراون، بەمانایەک کەلکیان لێ وەرنەگیراوە. بۆ نموونە لە زبانەکانی ئینگلیزی و فڕانسە نەتەوەیەک وەک باوە بە مانای هاوولآتیانی دولەتیک-

ولاٚتێکی سەربەخۆو، وشەی نەتەوەکان  بە گشتی تایبەتمەندی جەماوەریکی تایبەت و دیاریکراو، و بەبوونی زوانی هاوبەش(جەماعەت یان خەلک) هاتووە. لە سەردەمی سەرمایەداری هەنۆکە زورینەی مللەت-دەولٚەتەکانی دونیا(وەکوو سەرجەم ئامریکا، نەتەوەی ئینگلیستان،نەتەوەی هیندوستان،ئەفغانستان،نەتەوەی ئێراق و...) هەر وەک نەتەوەی ئێران،تاکە نەتەوەو تاکە نیژادو ڕەچەلٚەو...نین. ملت - دەولٚەتی ئیران بە ناوی واقعیەت، تەنیا ملت، دولەت، ولاٚتیک(-Nation state)—لەدونیای ئەمڕۆدا وەکوو زۆرینەی ولاٚتانی دونیا کە بەرێ  بە هێندێک لەوانمان ئامازەکرد،لەگەلٚ زوان،دین، مەزەب، ڕەچەلٚە وڕەنگی پێستی تایبەت لەباسکردن وهەلٚنان و لێدوان دیاری ناکرێ. بەلٚکوو لە باسکردنی و لێدوانی و هەلٚنانی ئێران بەناوی نەتەوەیەک -حکومەتی ولاٚتێکی تەنیامولفەکانی جۆراوجۆر،دیاری کراو خویاو روونی مێژوویی جوغرافیایی-هاوبەش دەکاردەکرین و کەلکیان لێ وەردەگیرێ. مارکس،انگلس وژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران ناو انترناسیونال دووەم یەک لەوان لێنین لە نووسینەکانی خۆیدا بەگشتی لە دەکارکردن و بکارهێنانیێک کە لە ماناومەفهومی نەتەوە(ملت) و نەتەوەکان(ملیت)برەوی هەیە وڕەواجە کەلکیان وەرگرتووە. ئەوان لە وشەی ملت بە مەبەست ودیاریکردنی هاوولاٚتیانی دەولٚەتیکی سەربەخۆ کە دەبەرگرتووی هاوبەشی مێژووی وولاٚتی بوونە، ئاخافتووە و لە وشەی (نەتەوایەتی)بە ناوی گروپێک لە خەلٚک، کە دەبەرگرتووی شەریکایەتی (انتنکی)بووە و بە دەولەتیک-تەنیانەتەوەیەکی دیاریکراو پەیوەندیان هەبووە،ئیستیفادەیان کردوە. بۆ نموونە انگلس لە سالٚی 1866لە وتاریکدا لە گۆڤاریکی هاوبەش بەقازانچ(مشترک المنافع)common wealthب (بەجورێکی ئاشکراو بەرچاو تەوفیری نێوان وشەکان وماناکانی نەتەوەو ونەتەوەکان، شی و ئازانتی کردۆتەوە دەلٚیت: نەتەوەکانی دانیشتوی ناوچە شاخاوی گل و ولش لە(بریتانیا) هەرچەند بە دەولٚەت-ملت(انگلیستان(بریتانیا)مربووتن و پەیوەند یان هەیە بەلاٚم لە گەلٚ اینگلیزیەکان تەفاوەت وتەوفیریان هەیە.

ئەم مەسەلە  لە مەڕخەلٚکان و(نەتەوەکانی)بەرتن وگل وسلل کە لە پاریزگای سلی و بریتانی و،ولاٚتی فڕانسە ژیان تیپەڕ دەکەن،وەڕاست دەگەڕێنێت. خالی سیووم-سەرنج ڕاکیشە کە ڕێبەران و تێکۆشەرانی ناوبەدەر و هەلٚکەوتووی انترناسیونالی دووهەم بە بۆنەو هۆکاری بەرتەسک  و سنووررداری مێژوویی،بۆ خۆی لە لایەک، و بوونی جەوی تەقریبەن سەرنج راکیشی بەرچاوگەی ئوڕوپا و میحورو تەنبورەی(Eurocentric،)لە ناو حیزبەکانی سوسیال و ناخی انترناسیونالٚی دووهەم لە لایەکی دیکە،دەرک وئاگاداری وزانینێکی کەمی لە بوونی نەتەوەو نەتەوایەتیەکان لە قەڕاخ قوجاغی دونیا هەبوە و هەتا ئینکاری گەلایەتی بوونی خەلٚکانی وەکوو اسلوکەکان،بۆهمیە یەکان،ومەراونییەکان، صربەکان، کراوتەکان،سلونەکان،اوکرائینی یەکان،رومانیەکان و...کردوون، کە لەخودی ئوروپابوون. بەلاٚم بە سەرهەلٚدانی و لە برەوبوونی تێکۆشانی بلشویکەکان لەنیوەی دووهەمی دەیەیی 1900،ئایسان و داگیرسانی بلٚیسەی شەڕی یەکەمی دنیاگر (1918-1914)، لە ناوچون لە بەریەک هەلٚوەشان و مەرگی انترناسیونالی دووهەم، سەرکەوتنی بلشویکەکان لە ئینقلاب ئۆکتۆبری 1917 و پێکهێنان و دامەزراندن و بنیاتنانی انترناسیونالی سیووم لەسالی 1919وبەرپاکردنی کۆنگرەی خەلٚکانی رۆژهەلات لەباکوو لە سالٚی 1920 ئاگادارو لێ حالٚیبوونی و ناسینی کمونیستەکان لە مەڕ مەسەلەی نەتەوەیی و دەستەبەری پەیوەندار بەوی وەکوو زولٚمی نەتەوەیی ومافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوایەتی،قولٚترو بەر ئاقلانەترو دنیاگرترکرد. ئەمە ڕاستە کە بەشداربووان لە کۆنگرەی ورسای(کەدەست وجێ لەدوای کۆتایی پێ هاتنی شەڕی یەکەمی

دونیاگر، بە وەسیلەی دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕ،بریتی: لە ئامریکا،فرانسە، ئینگلیستان و...-لەپاریس پێکهات) لە ژێرکاریگەرو کارتێکەکری بەرنامەی 14بڕگەیی وودرو ویلسون بەبنەڕەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی دەنگی (مثبت)یان پێدا،بەڵام ئەوان ئەم بنچینەیان تەنیا چوارچیوە داڕێژ و بەرتەسک کردنەوە بۆ نەتەوەکانی ئوڕوپایی ناسین! نەتەوەکانی چین،هند،ویتنام و...یان هاوپێچ و لێهاتوویی ئەم شەرتانە بەحیساب نەهێنان. بەشداربووان لەکۆنگرە وەرسای کە نوێنەرانی داگیرکەرانی کۆنی (انگلیستان،فرانسە و...) ئەمپریالیستەکانی تازە وەسەرپێ کەوتووی(ئامریکا،ژاپوون و...)بوون، و بەئاشکرایی و ڕاشکاوی دەیانگوت: کە نەتەوەکانی وڵاتانی ئافریقا و ئاسیا و ئوقیانووسیە و نەتەوەکانی نشتەجێی و جیوارو دانیشتووی ئەم وڵاتانە لێهاتوویی ئەو مەرج و شەرتانەیان بۆ وەدەستهێنانی مافی چارەنووسی نەتەوەیی(ملی) نیە، چونکە ئەوان پەیوەندیان بە وڵاتانی ناپیشکەوتوو ویان نیوە پێشکەوتوو بەجێماو لەقافلەی پێشکەوتن هەیە. بەڵام لە بەرانبەر ئەم توندو تیژیەی پەسندکراوەی کۆنگرەی وەرسای، بلشویکەکان بەپێ داگرتن و لاق قرساندن مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوایەتیان شایستەوشاملی وڵاتانی ئاسیاوئافریقا زانی و، وداکۆکی و پشتیوانی کرێکاران وحیزبەکانی کمونیست لە پەیکار کردنی و بەرەنگاری و جەنگینی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کە دەوسەردەمدا (1921-1917)لەوڵاتانی وەک ئێران،چین و ویتنام بڵیسەی هەڵدابوو، پڕو پاکەندەیان بۆکرد.

خاڵی چوارەم- ئەمڕۆ دوایی تێپەڕینی نزیک بە نەودوچوارساڵ لە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی بەناوبانگی لێنین سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەیی،بەرانبەری و ملی و بناغەو بنچینەی مافی چارەنووسی نەتەوەیی بەشێکی زۆر لە هێزەکان وسازمانەکانی سیاسی و بزوتنەوەکانی بەر فرەوانی کۆمەڵایەتی بەرەو قەبووڵکردنی بنچینەی مافی دیاریکردنی چارەنووس،ڕێزلێنان بە جۆراجۆریی لە حاڵی زۆرایەتی نەتەوەیی، فەرهەنگی،مەزەبی و نیژادی و ڕچەڵەکی بەرەو پیش چووەو ڕێگابڕینی یەکپارچەگی و یەکیەتی و یەکسانی و بەرامبەری ومساواتی ملت-دوڵەتی (Nation-State،)ی لە یەکیەتی و خوازیارانەو ئارەزومەندانەی نەتەوەکانی دانیشتوو هەر وڵاتێکی بە بێ دەست تێوردان و دەخالەتی نیزامی دونیای سەرمایەو(امپریالیزم) دەزانێت.

خاڵی پێنجەم-لە دونیای ئەمڕۆدا لە200 وڵات ئەندامی نیونەتەوەیی، نزیکەی 150وڵات چەندین نەتەوەیی و چەندین فەرهەنگی بحیساب دێن. لە هەودایی جۆربەجۆری کۆمەڵگا ناسین، بە تایبەت لەچوارچیوەی نیژادو ڕەچەڵەک ناسی و ڕەگەزناسی،ئەمجۆرە وڵاتانە بە چەند فەرهەنگی و چەند ملییەتی(هترونیک) نەتەوەیی ناولێدەبن. ئایالاتی یەکگرتوو (لەئامریکایی باشووری،)هندوستان(لەباکوری ئاسیا) وڕوسیە (لەئوڕوپای ڕۆژهەڵات)چەند فەرهەنگی ترین وپڕنەتەوەترین وڵاتانی هترونیکن. لە بەرانبەر ئەم جۆرە وڵاتانەدا،ئێمە وڵاتانی وەکوو ژاپن و کورەی باشوری(لەڕۆژهەڵاتی ئاسیا)سۆمالی (لەڕۆژهەڵاتی ئافریقا) پرتەغال (لەباکوری ئوڕوپا)ئاڵمان(لەئوڕوپای ناوەندی) ولهستان(ئوڕوپای ڕۆژهەڵات)مان هەیە کە مابینی وڵاتانی هۆموژنیک(تاکە فەرهەنگی وتاکە نەتەوەیی)یکسان ویەک فەرهەنگی ترین وڵاتانی دونیا بحیساب دێن. ئێران لە هەڵسەنگان لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ وجینارەکانی خۆی وەکوو هیندوستان وپاکستان و ئەفغانستان(بەڵام بەپێچەوانەی لبنان، سووربیە،تورکمانستان، ئازەربایجان و ئەرمەنستان)وڵاتێکی چەندین نەتەوەیی(هتروژنیک) بەحیساب دێت.

خاڵی شەشم- ئێران بەناوی وڵاتێکی چەندین نەتەوەیی جێگای دانشتنی نەتەوە وگەلایەتی جۆراوجۆری فارس،تورک،کورد،عەرەب،لورو بەختیاری، بلوچ،تورکمەن،گیلەک،مازانی،هەزارە وئەفغانی،ئەرمەنی، ئاسۆری، وعبرانی و...هتد. ئەوملیەتانەو ئەو نەتەوانە جگە لە هەبوونی کۆی هاوبەشی و شەریکایەتی نەتەوەیی(وەکووزبان،فەرهەنگ،بدیهێنان وڕسکاندن و...)وکۆی هاوبەشی وڵاتی نەتەوەیی-دەوڵەتی ومێژووییش پێکەوەیان هەیە کە ژیانی هاوبەش،یەکیەتی و یەک سانی ومساوات سازدانی وانی لە درێژایی میژووی پڕ لە هەورازونشیوی ئێران ممکین ودەوست پێڕاگەیشتوو ئیمکان پەزیر کردوە. ئەون لەدوایی شەپۆلی هەتلەو هەلوەدایی ودووربوونەوە(وجار هجوم و هیرشەکان) ساڵانی سال لەسەر زەمینی پێکەوگریدراو لە دەشتایی و شاخاوی تاوانگازو ڕۆژگەستی ئێران دانێشتوو نشتەجێ بوونەو هەریەک بە شێوەو شیوازێک لە ڕێگای بەرەوپێشچونی کامڵ بوونی کۆمەڵگای بەشەری ئێران و بەگشتی بۆ بەردەوامی سەربەخۆیی،ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی تێکۆشاون و مافی پێناسی ئێرانی بوونیان وەدەست هێناوە. ئەم نەتەوانەی جۆراوجۆر(چ ئەوانەی کەلەزۆرینەدان وچ ئەوانەی لە کەمینەدان،چ ئەوانەی کە زۆرتر لە دووهەزاریان هەزارسالە لە ئێران نشتەجێ بوونە و چ ئەوانەی کە لە پینچ سەت ساڵ و یان سەت ساڵ پێش لە ئیران ئارانشین و دانیشتوو بوونە)لەئاکامی گیان بەخت کردن و تێکۆشان،داری پیروکۆنی سەربەخۆیی ئێرانیان بەناوی نەتەوە(ملت)و دەوڵەتیک خاون سەربەخۆیی ئاودێری کردوەوداشتووە و دەبێ و ئەمرو هەموو ئەوانە لە مافی وەک یەک بە تایبەت لە مەڕمافی چارەنووس لە مەسەلەی نەتەوەیی و فەرهەنگی بەهرەمەندو کامڕەوایی کەلک وەرگرن.

زوڵمی نەتەوەیی و چەوسانەوەوی جوراوجۆرو ڕەگەزپەرستی (شۆڤینیزم)یان ناسیونالیزمی دژ بەنەتەوەکانی دیکە.

ئەمە واقعییەتێکی مێژوویی یە،کە تەعداوجوری نەتەوایەتی وبێ ئینسافی(ناوەرۆکی ئەسڵی مەسەلەی نەتەوەیی)لەئێران بەهۆی دەوڵەتەکانی جێگرتوو ناوەند و سەرەڕۆو زالم لە کۆنەوە لە ئارادابووە و لە سەت ساڵی ڕابردوو لە گەڵ بەرفرەوانی و پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بە تایبەت لە چوارچیوەی گوڕینەو ومامەلە وبازرگانی و دابەشکردن و تەقسیمی کاروئیش، بە توندو تیژترین شێوە،بە هۆی حوکمڕانان ودەست و پێیانی ڕژیمی پەهلەوی و دوایی کۆماری ئیسلامی هەلس وکەوتی لەگەڵ کراوەو بەڕیوەچووە. بەتەریب و ڕوبەڕوبوونی هاوڕێکی زوڵمی نەتەوەیی، وەخەبەرهاتن و هوشیاری نەتەوایەتی وپەیکار لە ڕیگایی مافی ڕەوای فەرهەنگی و نەتەوەیش لەلایان نەتەوەکانی جوراوجوری ئێران وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو لە دوایی سەردەمی ئینقلابی مەشروتیت لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران سەری هەڵداو بەبلووغ و ئاوەزیان وخۆناسین گەیشت. سەرکەوتنی ئینقلابی ئۆکبۆبری 1917 لەڕووسیە و بە فەرمی ناسینی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارنووس، خۆی ڕیگا و بواری بۆ بەرە و پیشچونی زۆرتری بەرنگاری و تیکۆشانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئیران ئامادەکرد. لەدوای کۆتایی پێهاتنی شەڕی دووهەمی دونیاگر،بەرەنگاری و تێکۆشان و حەول و تەقەلای بەرەو نەتەوایەتی و گەلایەتی چوون لە ڕیگای لەناوبردنی زوڵم و زۆری نەتەوەیی و مافی ڕەوای نەتەوایەتی، بەهۆی سازمانەکان و حیزبەکان پەیوەندار بە گەلایەتی جۆراوجۆری دانیشتووانی ئێران بەهیزکرا، کە هەتا کۆتایی بنەماڵەی پاشایەتی پەهلەوی لەئینقلابی خاکەلیوەی 1357 لە قەراخ قوجاغی ئیڕان بەردەوام بوو. لە دوایی

ئینقلابی خاکەلیوەی 1357 هەتا هەنۆکە گەلێک حیزب و سازمانی جۆراوجۆرکە لایانگری وجامینخوازی مافی چارەنووسی نەتەوەیی و پێکهێنان و دامەزرانی حکومەتەکانی فیدراڵی و خودموختاری و سەربەخۆیی، بۆ نەتەوەکانی خۆیانن،لەگۆڕەپانی سیاسی ئێران حزوریان پەیداکردوە و خۆیان نیشانداوە ولە1384و1379 ژمارەی ئەوان بجۆڕیکی بەرچاو لە زێدەی داوە. ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە حاڵی حازردا دونیا بەرەوە قەبووڵکردنی بنچینەو بنەڕەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی، لە سەربناغەی جۆراوجۆری زۆرایەتی نەتەوەیی و مەزەبی رەچەڵەکی و نیژادی جنسی بەرەوپێش ڕۆیوەو ویەکپارچەیی و یەکسانی بەرامبەری مساوات سازی دەوڵەت و ڵات، هاتۆتەئاراو، دەستە وداوین بە زۆرەمل و مەڵغەو لایزی سەرکوت و زوڵمی نەتەوەیی کاربوردی خۆی زۆر لە پێشترلە دەست داوە. ئەمرۆحەول وتەقەلاو هەڵسوڕان لە بۆ وەدەست هێنان و دەست ویراگەین بە پێناسی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کەلک وەرگرتن لە ئەسلی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی زۆرینەی نەتەوەکانی لە سەرانسەری ولاتانیک وەکوو ئێران ئەنگراوی کاردورستایی و دەبەرگری چەند فەرهەنگی و چەند نەتەوایەتین. بەبۆچوونی نووسەری ئەم دێرانە، وەرگرتن ڕێگا چارەکانی باش وبەجێ و شیاو ولەبارو دێموکراتیزەکراو بۆ لە ناوبردنی هەرجۆرە زولم وزۆری خوینمژی نەتەوەیی وبەرێوەبردنی بنچینەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ نەتەوایەتیەکانی دانیشتووی ئێران لەلایەک وبەردەستکردن و پاراستنی یەکیەتی ولاتی –دەوڵەتی ئێرانNationStateلەڕێگای بەدیهێنانی یەکیەتی خۆخۆازانە وخوازیاروخۆتەرخانکردن نیوان ئەم نەتەوایەتیانە لە لایەکی دیکە، یەکێک لە پێش ڕیگا تەختکردنەکانی بنەڕەتی بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراسی وئاوەدانکردن و ئازادی لە نیزام وسیستەمێکی دونیای سەرمایەداری لەئێرانە. بەبێگومان ودڵنیایی بورژاوازی ئێران(چ لە حاکمییەت و چ لە ئەپوزیسیون) هەم لەڕەوانگەی مێژوویی وچ لە ڕەوانگەی سیاسی و هەر وا بە هۆی پێوە بەستراوەیی و پێوەلکاوی بە هەنگەکانی مەسلەکی و ئاقیدەتی و بیروبۆچوون ئوروپا مەنیشانە و یان مەزەبی، توانا بەوەدیهێنانی ئەو پێش زەمینە،نیە. لە ئاکامدا ئەم ئەرکەی مێژوویی وفرەلەسەرشانی هێزەکانی مساویخواز، دێموکراتیک دەکەوێ کە لە پەیوەندی لەگەل دواڕۆژ ئێران ڕیگای خۆی لەلایان سازمانەکانی وەکوو محافیزەکاران وئیسلاح خوازان لەدەسەڵات، لە لایەک و لە گەڵ سەڵتەنەت خوازان،جەمهوری ویستان،جبهەی نەتەوەکان و...لەلایەکی دیکە جیابکەنەوە ولەگەڵ هەڵویستی ئەوان بەتایبەت لە پەیوەندی لە گەل کارکردی سیستەمی دونیای سەرمایە لە پێشەوە ئامریکا تخوب وسنووربەندییەکی روون وشەفاف بکەن. هێزەکانی مساوی خواز و لەپێش ئەواندا چەپەکانی مارکسیست، هاوهەنگاو لە گەل هێزەکانی دێموکراتیک و سەربەخۆ خوازی ئێران کە داخوازی هەڵبرین و قەتاندن و لە ناوبردنی هەر جۆرە زوڵم و چەوسانەوەی چین وتویژو پسانی یەکجارەکی و بەدوایی پەیوەندیەکانی بەستراوەیی لەخولگەی نیزامی جیهانی سەرمایەدارین،دەبێ بۆ بەڕاستی وەنووسان وگرێدران و وەڕاستگەڕاندنی ئازادیەکان و خواست و ویستەکانی نەتەوەکانی جۆراوجۆر دانیشتووان لە ئێران لە سەربناغەو بنەڕەتی خەت مەشێکی دیموکڕاتی هاوبەشی و شەریکایەتی و پرس و ڕاو ڕاویژ گورینەوە بە هەلینگدان پەیکاربکەن. لە لایەکی دیکە ئەم هێزانە لە ناو پەیکار و تیکۆشان بۆ وەڕاستگەراندنی ئازادیەکانی نەتەوەیی و ئەسلی دیاریکردنی مافی چارەنووس دەبێ و پیویستە دیاریدان و بەرچاوکەوتن و خولقانی بارکەوتوویی و بەلەنگازی و پڕبەلاو پر چەرمەسەری و بەخت ڕەشی شوین پیی شۆڤینیزمیش بە وردی بە حیساب بێنێ و دژی وی بۆ شەڕو بە بەرەکانی و

لە قاودان ڕابن، چونکە بە بۆچوونی خاوەنی ئەم دێرانە مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەدەست هێنانی ئازادیەکانی فەرهەنگی و نەتەوەیی لە دژایەتی ئاشکراو سولح هەڵنەگر، لەگەل بەرچاوبوون و کارکەردی شۆڤینیزم کە ساڵهایە بە دەستی خودی ڕژیمەکانی پەهلەوەیی و کۆماری ئیسلامی لە ئێران ڕەواج و برەویان پێدراوە پرۆپاگەندەیان بۆ کراوە،دەبی بەردەوام لەپەیکاردابین.
ئوستەڕالیا،شاری سیدنی،
2007/12/12ی زایینی.

**(2)**

**مخدوش و محکوم بەبطلان**

**بودن حکم اعدام عدنان حسن پور،**

همچنانکه میدانید قوانین جزائی و آئین دادرسی کیفری،مجازات اسلامی ایران یکی از پیش پا افتادەترین قوانین جهان سوم است و بعلاوە از آن عملکرد مأمورین جمهوری اسلامی با مردم ایران عموما و دررابط با ملت کرد مخصوصا، این قوانین را با تبعیض و شدت هرچەتماتر بکارمیبرند و برای اعتراف از متهمان کماکان ازشکنجە و آزار بدنی استفادە مینمایند هرچند قانون اساسی هرگونە شکنجە رابرای گرفتن اقرار و یاکسب اطلاع ممنوع دانستەاست و صراحتامیگوید:چنین شهادت و اقرار یا سوگند فاقد ارزش و اعتبار است. لذاگوئیکردها از این قانون استثناء میباشند! از طرف دیگر با وجود اینکە تفتیش€عقاید درقانون اساسی ایران ممنوع گردیدەاست لیکن با همین تفتیش عقاید تاکنون صدها فعال سیاسی را بە جوغە آتش سپردە و اعدام نمودەاند، کە حکم صادرە علیە آقای عدنان حسن پوریکی از این موارداست، درحقیقت دست اندرکاران حکومت اسلامی برای لطمەزدن بەشخصیت فعالان سیاسی و روزنامەنگاران و نوسیندگان و غیرە اتهاماتی ناروا نظیر قاچاق اسلحە، خریدو فروش موادمخدر، اتهام لواط، و مواردجاسوسی وذالک نسبت میدهند، لذاحکم صادرە از دادگاە مریوان، دراین زمرە بشمارمیآید کلا با روح قانون اساسی و جزائی آئین دادرسی کیفری جمهوری اسلامی ایران منافات دارد، و بموجب قانون تصویب شدەای خودشان محکوم بەفسخ و بطإن است،زیرا بر پایەگردشکار آقای عدنان حسن پورعضو تحریریە (مجلە ئاسۆبودە)است نەناشر و مدیرمسئول،زیرامسئولیت مقالات یا مطالبی کە درنشریە منتشرمیشود بعهدە مدیرمسئول است نەعضو آن! و مطبوعات کە دارای پروانە هستندو بطورتنظم و درموقع معین چاپ و منتشرمیشوند کە اخبارو اطلاعات و دیدگاهای گوناگون درزمینەهای اجتماعی و اقتصادی و سیاسی و دینی و علمی و فرهنگی و هنری را بە آگاهی عموم میرسانند و این جراید زیر نظرناشرخود با داشتن مجوزقانونی کارمیکنند و نسخە از آنها بعلاوە از نظارت ارشاد اسلامی، بە نخست وزیری فرستادە میشود،لذا نسبت دادن مطالب آنها بە جاسوسی مخالف صریح با روح قانون است.
درکل رسیدگی بە هرگونە جرائم مطبوعاتی طبق اصل بیست و چهارقانون اساسی باحضورهێت منصفە است،لذا قضات بدون حضورهێت یادشدە مجاز بە صدورحکم نیستند، بطوریکە میبینم دراین

پرونده لایحه‌قانون مطبوعات مصوب 58 رِعایت نشده‌است هیچ حتی این جرم سنگین به هیچ وجه متناسب باین اتهام نیست،که متأسفانه به‌تائید دیوانعالی کشور رسیده‌است، هرچند قانون جزائی صراحتا میگوید: اشخاصی که دستورهای محرمانه نظامی و اسرار ارتش و یا نقشه قلاح و استحکامات نظامی را در زمان جنگ فاش و منتشرمیکنند،یا هرکس بوسیله‌روزنامه یامجله مردم راصریحا به‌ارتکاب جنحه جنایتی بر ضدامنیت داخلی یان خارجی کشور که درقانون مجازات عمومی پیش بینی شده‌است تحریص وتشویق نمایند درصورتیکه اثر برآن مرتبت نشده باشد، به‌مجازات معاونت همان جرم درماده 19 کمتراز یکسال است. و معلوم نیست بکاربردن کلمه محارب که درعرف آنها اعدام است چراو به چه دلیل باین پرونده مرتبط داده شده است!!

حتی اگرموضوع به اندام احزاب هم کشیده‌شود طبق مندرجات ماده 168قانون اساسی رسیدگی به جرائم سیاسی و مطبوعاتی علنی است و باید باحضورهیأت منصفه آنهم در محاکم دادگستری انجام پذیرد نه دادگاههای انقلاب!ازناحیه دیگر هرنوع ارتباط‌مبادله اطلاعات،تبانی و مواضعه با سفارتخانها، نمایندگیها، ارگانهای دولتی و احزاب کشورهای خارجی درهرسطح و به‌هرصورت که آزادی،استقلال وحدت ملی و مصالح جمهوری اسلامی ایران مضرباشد. یا ایراد تهمت،افترا شایعه‌پراکنی،نقص وحدت ملی و ارتکاب اعمالی چون طرح ریزی برای تجزیه کشور،تلاش برای ایجاد اختلاف میان صفوف ملت بااستفاده از زمینه‌های فرهنگی و مذهبی و نژادی درجامعه‌ایران. و یا نقص موازین اسلامی و پخش کتب و نشریات مضله و اختفاء و نگهداری اسلحه‌و مهمات غیرمجاز،چنین جرم سنگین شامل نمیشوند، ازطرف دیگر طبق ماده‌ی166 احکام دادگاه‌ها باید مستدل و مستند به مواد قانون و اصولی باشد که براساس آن حکم صادرشده‌است. که مفهوم آن شفاف بودن مدارک ودلایلیست که‌باواقعیت مطابقت بنماید یعنی بدورازهرشک وگومان بوده‌باشد که دراین پرونده که سراپا اراجیف و کذب گوئی و دوراز واقعیت است دیده نمیشود، لذا حکم صادره ازهرلحاظ مخدوش و محکوم به بطلان است امیداست با اقدامات دیده‌بان حقوق بشر کردستان و بقیه سازمانهای خیرخواه‌و انساندوست و فعالان سیاسی با برملاکردن این حکم مستبدانه پیشگیری ازاجرائی این حکم ظالمانه و غیره‌قانونی راه برای بازنگری مجدد این پرونده هموارگردد، و موجبات استخلاص نامبرده هر چه زودتر فراهم شود.

استرالیا،شهرسیدنی،
حامیدره‌شیدی زه‌رزا.
2007/11/20میلادی.

**(3)**

## ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵییە،

بۆ شیکردنەوەی ئەو مەسەلە پێویستە بیروبۆچونی ڕێبەرانی حکومەتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی لەسەرەتای دانانی سێ کوچکی حکومەتەکەی بدرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە ئاخۆ ئەو حکومەتە بەدرێژایی 29ساڵ تەمەنی کارێکی خوداپەسەندانە و ئینساندۆستانە و ئاشتیخوازانە و جوامێرانەی کردوە. ئاخۆ هەتا ئێستا کەس زانیویە کە ئەم حکومەتە بەری چ دارێکی ژەقنەمووتە. ئەو جار بەسێرە هەڵگرتن لەکردەوەکان، ئەم فاکتەرەمان دەخاتە بەردەست کە خوو خەسڵەتی ئەم ڕێژمە لە تەواوی دنیا تەقینەوەو کوشتن و گرتن و ڕفاندن و تۆقاندن و خۆکوژی و فەساد نانەوەو تواندنەوەی نەتەوەکان و بێ حورمەتی بەکەسایەتی هەموو مرۆڤێک و پیلانگێران وسەرکوت و چەوسانەوەو لە بەندیخانە پەستاوتنی ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵات و لەقەناری دانی خەباتگێران و زیندەبەچاڵی عافرەتان بە درۆو دەلەسە و بوختان، و تەنگ وچەڵەمە دورست کردن بۆ هەموو ئازادیخوازێک و زبان هەڵدرون و قەڵەم شکاندن و تەق وتوق و ترس لەرزو وەحشەت و دەست و قاچ بڕین و وەدیهێنان و سازدانی بنکەی تڕوریست لە هەموو وڵاتەکان دنیا و شێواندن و خەڵک تێکبەردان و مێشک شوشتنەوەی لاوانی نابالغ و خەڵکی ساویلکە، بە وادەی بەهەشت، و تەخشان پەخشانی پارەو پۆل و سەروەتی ئیرانیەکان بۆ ئەوجۆرە مەبەستە گڵاوانە و چاندنی تووی چەند بەرەکی لە ناو نەتەوەکانی ئێران و پشت گیری لەفەوتان ونەمان و بەتڵان و نەمامی و ڕاچاندنی هەودای سیخوڕی و بەرەبەست کردنی هەموو شیلەگەیەکی دێموکراسی و ئازادی بە دەکارکردنی سەروەت وسامان و خوتێکێشان و تێخزاندن لەجەرگەی توڕی شێواندن بە ناوی پشت گیری لە کەم هیزو دستەوەستان لە بەرامبەر ملهوڕاندا،و دەست تێوردان لە کارو باری وڵاتانی سەرگۆی زەوی، بێگومان هەتا ئەمپەڕاتوریەکەی مەزەبی شێعە گەری بۆ لە سەرداری تەوەن نەبێتەوەومسوەگەرنەبێت ئۆقرەناگرێ و ئەم شڵەژانە وهات وهاوارەی بەردەوامە. چونکە بە لێکدانەوەی ئەوان هەتا زوڵم و زۆری پتر پەرەبگرێ و خوێن پتر بڕژێ، وڵات زۆرترکاول بێت و دەیان شتی تر ئەوان زوتر ئامانج دەپێکن یانی مێهدی زاهیردەبێت! کە لە حەوسەلەی ئەم باسە دانیە. ئەمما لە مەڕ کورد، حکومەتی ئیسلامی ئێران یەکێک لە فاشیست ترین ڕێژمەکانی ئێرانە کە لە هەڵسەنگان لە گەڵ ڕیژیمی محەمەدڕەزاشا پەهلەوی دەبێ بڵێین (صد رحمت برکفن دوزاول).

ئەو جار پێویستە بۆچوون وکردەوەی ڕێبەرانی کوردی باشور، ئەوەی بە درێژایی مێژوو ئەوان لە سەینەو بەینە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ناویان لێناوە سیاسەت، لە دەست کیشی و چاوساخی هەتا قوشقەوانی و داردەست بوون، بخرێتە بەر لێکوڵینەوە، کە بداخەوە خۆیان بە ئەنجامدانی ڕێنونیەکان ئەو نەیارانە لە سەرەوەی هەموان ئێران دەیندار دەزانن، لەم بازنەدا ئەو هێندە خۆش خزمەتیان کردوە کە لێیان بوو بە ئەرکێکی خودایی و پیرۆزو بە فەرزو واجبی دادەنین. و هەنۆکەش تۆزە قاڵێک لەم تەون و بەستە پاشگەزنین و پاشەکشەیان نەکردوە هیچ، بەڵکوو ئیکجاری بوونەتە داردەستی ئەم ڕێژیمە کۆنە پەرستە، و ئەوندەش بە تاریف و پیداهەڵاکوتنیان چونەتە خوار لییان وەڕاست گەڕاوە، بەمجورە هەموو دەستەودەیارەی ئەو ڕێبەرانە هەر یەک بەجۆرێک لە گەڵیان لە پەیوەندیدان، بێ ئەوەی هەرنەبێ وەک کوردێک ئەو فکرەیان جارێک لە جاران بیتەوە

بیرو لە مێشکیاندا لێکدەنەوە کە لە ناو بردنی کوردکان یان سەرکوتیان لەهەرکام لەبەشە کوردستانەکان، ناتوانێ بێ کارتێکەر لە بەشەکانی دیکە بێت. لە ناو ئەو هەموو کۆڕو کۆمەڵ گرتن و دانیشتنانەی بەگەرم وگوڕ لەگەڵ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە وەک خۆیی حیسابیان بۆ دەکرێ، و باسی دیالۆک کاویژ دەکەن و ڕووی قسەیان لە گەل تورکیەیە، و جارێک لە مەڕ کوردی ڕۆژهەڵات ڕوویان هەڵنایە بە حکومەتی ئیسلامی بێژن: کە ئێمە بەدەستور و پیلانی ئێوە حیزبەکانی ڕۆژڵاتمان بۆ خەساندونە ئاخۆ نۆرەی دیالۆک نیە، ئێمە بەڕێنوینی ئێوە حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەمان لەپەڕۆ پۆ خستوەو شورەمان لە دەورەی کێشاون ئێوە ئیتر ئاسودەن هەرنەبێ بۆ ئەوەی شەرمەزارو سەرکۆنەی مێژوویی نەکرین وتوویژ لە مەڕ چارەنوسی ئەم خەڵکە بەپیویست بزانن. دەجا ئەوانە هەموو بۆمان دەردەخات کە خەتی خوار لە بن سەری گای پیردا، و ئەو برادەرانەی کە دوێنێ لە کوردستانی ئێران کونە مشکیان پێ قەیسەری بوو ئێستا کە خودا ئامریکای بۆ کردونە پشت و پەناو ئەوە پیک و کەڕەنای حکومەت لێدەدەن، هەر کابرایەکانی جاران و ئاڵقە لەگویین، کە سەردەمێک لە باوەش ئەرتشی ئاریامیهری دابوون هەنۆکە چارێکداری ئاخوندەکانن!

جارو بار برایانی کاربەدەستی هەریم کوردستان وەک ڕابردوی خۆیان و لەشکرکیشی ئەمریکایان لە بیر چۆبیتەوە ئەو فەرمایشانە بەڕاشکاوی دەفەرموون کە پیاو بێزی لە قسەو ئاخافتن و لێکدانەوە بێسەرو بەرەکانیان هەڵدەستێت !! ئاخۆ لەخۆیان ناپرسن لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کی بە ڕبەی دێموکراسی دەپێوێ هەتا گوێی لە دیالۆک هەڵخات، ئەگەر دیالۆک لە خاوەرمیانە ماناو مەفهومی هەبوایە کوانێ حەوجێ بە وەی بوو ئامریکا لەو سەری دنیارا بۆ بەرگری لەئینسان کوژی سەدام لەشکرکیشی بکات. ئەگەر دیالۆک نرخ و قیمەتی بوایە میللەتی کورد سەدان ساڵ لە مافی چارەنوسی خۆی بێ باش نەدەبوو. ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مانای دێموکراسیان زانیبوایە ئێستا ئەوانیش لە دنیا حیسابیان لە سەر دەکرا. ئەگەر زانیبوایان دێموکڕاسی بەری چ داریکە نەدەکەوتنە فکری نسل بڕینەوەو قڕکردنی هاو وڵاتیانیان و حیسابیان بۆ نەتەوەکانی دیکە دەکرد. دەبا پێمان نیشاندەن لەکوێی ڕۆژهەلات دێموکڕاسی بەڕێوە دەچێت کێ ئەسلا دەربەندی ئەوقسانەیە، جیالە دوڵەتە داگیرکەرەکان هەرخودی خەڵکەکە ئەوها مێشکیان نەشوراوەتەوە کە تف لە دێموکراسی و دیالۆک نەکەن. لەوانە سەیرتر سەرۆکە کوردەکانی باشور،بە هەزارگرێ سەریان بەداگیرکەرانەوەبەندە، هەتا دوێنێ ڕۆژێ لە شوینك لە پارچە کوردستانێک بوون هەنۆکە کە تاو لێیداون و گەرمایان وەپشت کەوتووە بیرەوەری زستانی ساردو نەگبەتیەکانیان لە بیرەخۆ بردۆتەوە، ئەوە بە هەزارو یەک دەلیل سازمان و حیزبە کوردستانیەکان دیکە بە پێشیلکردنی یاسا و لە بەر چاونەگرتنی دیالۆک دەخنە بەر ڕەخنە و داوای ڕەوایان ئیدانە و مەحکووم دەکەن، جارێک بەڕێگرو ساتێک بە ئاژاوەچی و شەڕ هەڵایسەریان لە قەڵەم دەدەن و هیچیان بۆ ناهێڵنەوە ، پێیان وایە ئەوەی ئێستا ئەوان حوکماتی بە سەردا دەکەن بە قونە و هونەرو دیالۆکی ئەوان هاتووتە دەست! کەر لەکوی کەوتووە وکوندە لەکوێ دڕاوە! ئاخۆ ئەو برادەرانە زەین کوێرن یان دەیانەوێ بەم قسەبێ تام و خۆیانە جەماوەر بەهەڵە بەرن. جارێک کەسێک لەخۆی نەپرسی! کاتێک دیالۆک ڕێزی لێدەگیرێ کە هیزی فڕۆکەو تۆپخانەی لەگەڵ دابێت،دیالۆکی بێ هیز مەناتیک پۆڵی چروک ناهێنیت، داخوا لە خۆتان پرسیوە کەئەگەر ئامریکا نەهاتبوایە سەت ساڵی دیکەش ئەو تاسەو ئارزوانەتان بە دیالۆک جلی کردەوەی لەبەردەکرد! ئەگەر ترسی ئامریکا نەبوایە ئەو حکوومەتانەی داگیرکەر ئەوها

قەرە قەپیان دەکرد؟ ئێستاش ئەگەرداکۆکیتان لێنەکات ئەوگورگانە ناتانخۆن؟! کاکی من دنیا قەت بە دیالۆک ڕانەوەستاوە و ڕاناوستێ تکایە ئەو کایە کۆنە بەبامەکەن،مەگین خاون زوانی دیالۆک خاوەن چوماخیش بیت، ئەگەر (پەکەکە)ش چک دابنێت لە کوردستان وەکوو حیزبەکانی دیکەدەست بەسەر بکرێت، نە کەس خۆی پێوەماندودەکات ونە ناوی دێتە ناونێوان، ئەگەر ئێمەش وەک ئەومان کردبوایە ئەمرو ناومان لە سازمان ملل دەبوو، ئێرانمان بەچوکدا هێنابوو. ئەوخذمەتەی برایانی هەریم بەدیالۆک بە ئێرانیان کردوەدە و دەیکەن هەرلەوان دەوەشێتەوە، هەرئەوان دەتوانن بۆ دەسماڵێک قەیسەریەک بسووتێنن. ئێستا تازە سەردەمی گورزوگۆپاڵە، ئەوە ئێران دەیەوێ ئەمپەڕاتووری شێعە بنیات بنێت وپەرەی پێدەدات بەم مەبەستە سەدان تڕوریستی پروردەکردوەو دەکات، لە هەموو وڵاتان سیخوری داناوە بۆ فەوتانی مافی کوردی ئێران ئەوە دەستی بەسەر کوردستانی باشوردا کیشاوە و سەدان بنکەی نهێنی لێ پێکهێناوە، ئەو پارەو بودجەدیەی کە ئێران بۆ دەیان لەشکری سوپای خەرج دەکردو هەزاران کوشتەی دەبوو ئێستا سوک و هاسان دەیدا بە خفیەوجاسوس لە باشور! ئەو ڕەهەندەی ئێران لێداوە هەموو کاربەدەستانی مەزن وخاون دەسەڵاتی هەریم دەگرێتەوە. کاتێک ڕێبەران هەرە زلی کورد لەگەڵ مرۆفێکی ئینسان کوژی وەک (محەمەد *جەعفەری* صحرارودی) قاتڵ شەهید دکتۆر قاسملو لەکۆر و مەجلیس پارو لە پڵاو بادەدان پێیان عەیب و شوورەیی نییە چ هیوایەکت ماوە هەتا لە سەریان هەڵچنی،خۆ ئاویش بەبێژینگ دانابیژرێت،. ئەگەر ئەوها نەبوایە کوانی ئێران ئەوکاتەی بۆ دەرەخسا کە تروریست بۆ ئیراق بنێرێت بەڵام بە پشت ڕاستی و پشت گەرمی ئەوان ئەوە رمبازی دەکات. قسەکانی مەنوچهر موتەکی لە دانیشتنی ئەستانبۆل دەبێ سەرۆکانی کوردستان تێگەیێنێ و لە شێرین خەو ڕایان پەڕێنیت کە لە نیوان داگیرکەرانی کوردستان تەوفیرنییە، هەموویان لەخاڵی بەرژوەندی هاوبەشن، هەر زەبرێک بە هەرشیوەیەک لە کوردی یەکیک لە پارچەکانی کوردستان بدرێت کارتێکەری ڕاستەوخۆی بۆ بەشەکانی دیکە هەیە، ئێران و تورکیەو سووریيە ڕازی بەهیچ فیدڕاڵێک نین چونکە لە دواڕۆژ دەترسین.

پەیامی مەم جەلال تاڵەبانی ونیچیروان بارزانی و مەلابەختیاروهتد ... شتەکانیان زەق وبەرچاوترکرد، ئەگەرئەو قسانە جلی کردەوە دەبەرکەن گەرەنتی نەکرین چ دەقەومێ؟ بوکردەوەش دەم ودەزگای ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتیش ئەو هەندە بۆش و هەڵۆڵ و تەژی لەکون و کاژیڕو ئەو هێندە قەڵشت و کەڵینی تێکەوتووە کە کەس ناتوانی پێشیان پێبگری هەرکار بەدەستێک لەشوێنێک دامەزراوە سەر وەڕێکخراوەو حکومەتێکی داگیرکەرە، هەتاکوو هەڕەشەو فیشاڵی تورکیەش لەمە سەر چاوەدەگرێ، بەو کەینە وبەینە ئێستا ئەوان هەریمی کوردستان بەدەست پەروەردەی خۆیان دەزانن. دەجا لە سەرئەم تاس وحەمامە ڕژیم چ لە هەریم بنکەی سەفاڕەت بکاتەوە و چ لە وێ نەبێت ئەوان مکانیزمەکەیان وا داناوەتەوە لەخول و سورو گەڕان ڕاناوستێت، دەیان و سەدان دەستەندەیان لە سەرۆکایەتی و بنکەکان هەیە، بوونی سەفاڕەت مەگین بە ڕەواڵەت ئێسگ گران بنوێنێت دەنا ئەوان ئەوها کلۆرنەبوونە هەتا بڵێی لێی بەشک بن، هەر چونێک بیانەوێ دەتوانن گوڵ لێبدەن. ئەوە هەموو کادرو خەباتگێڕەی کە لە سولیمانی تڕۆرکران پێتان وانییە چاوساخی لە خۆیی بوو! زۆرکەس پێیوایە هەریم چقلی چاوی نەیاران وداگیرکەرانە بەڵام ئەگەر بە وردی لێی بڕوانی هەریم سومای ڕوونی چاوی داگیرکەرانەو پیی حەساونەوە. بۆ نمونە هەتا هەریم ئەوها بەدەسەڵات نەببوو ئەوها بە ڕاشکاوی دژی هەڵس وکەوتی حیزبەکان هەڵنەدەسورا، حکوومەتی ئێران هەزاران پاسداری

بۆ بەرگری لە خەباتی پیشمەرگەکان تەرخان کردبوو کە ئەو هیزانە پارەو جێووبان و خواردەمەنی بنکەیان دەویست، سەدان پایەگای لەکوردستان دانابوو، لە ترسی زەربە لێدانیش ئەوها دەست هاوەڵا نەببوو کە خەڵک لە پشت ماشین بخات و بە شەقامەکاندا رەکێش کات. مانای ئەم قسە ئەوە نیە کە بەر لە وەی هەریم ببێ بە فیدڕاڵ و ئامریکا بێت،جێگا هەسانەوەبوو ئەو کاتیش هەر شانە زەرگەتەی ئێران وتورکیە بوو بەڵام چونکە برادەران لە خۆیان دڵنیانەبوون ئاخۆ کەنگێ لێیان دەقەومێ دووربین بوون شتێکیان تێداهێشبۆوە، بەڵام ئەم شتانەی ئێستا دەکرێن لە ژێرسێبەری بەڵێ قوربانی هەریم کوردستان وەپڕتاوکەوتوون، وهەریم حیزبەکانی بە کردەوە بەناوی سیاسەت لە پەڕوپۆ خستوون. هەراوهوریای تورکیە بە پشتیوانی و یارمەتی ئابووری ئیرانە، بەڵام ئیرانیەکان لەتورکان بەئاقل ترن، ئەگەر (پەکەکە) ش لەکوردستان لە قەپانچەلە ئێستا دەست بەسەر ببوو ئیدی کەسی پێیوە ماندونەدەبوو. ئەگەر ئێمەش لەچیابواین ودوو عەمەلیاتمان کردبوایە ئیستا سازمانی ملل (نەتەوەیەکگرتووەکان) دووکەلیمە قسەی بۆ کردبووین کوڕ وکۆمەڵ ودانیشتنمان دەبوو. ئەگەر ڕێبەرانی کوردبە حەقیقەت ویست وداخواوازیان لە ویستی سێ داگیر کەری دیکە گرێ نەدابوایە دەبوایە حیزبەکانی میوان هەنۆکە لە هەموو بوارەوە بۆ ڕۆژی مەبادا تەیارکرابوانە، نەک دەکونە گورگاندابژین، ئەوانەی لە تاران بەڕاشکاوی قەول و قەراری تەحویلدانەوەی مەجاهیدیان داوە پێتان وەنیە لە سەر حیزبەکانی کوردستانیش ڕێک نەکەوتبن و چ بەڵێنیان نەدابێت وچ قەولنامەیان ئیمزانکردبێت! باچیدی ڕاستیەکان نەشارینەوە هەنۆکە هەریمی کوردستان بەکردەوە نیگەهبان وپارێزگاردی کۆماری ئیسلامی وتورکیەیە، ئەو قسانە زۆریان شەڕە زێڕینگەرەنە، بۆ ئەوەی زەمێنەی هێرش کردنە سەر (پەکەکە) هەموارکەن، ئەمە شیرەی سیاسییە دەیانەوێ دەسەری جەماوەرهەڵسون، بەبێ چرای سەوزی هەریم داگیرکەران چیان بۆ ناکرێ، دەنا تورکیە نیازی هیرشی نییە ئەگەر هەشێبێت هەرفیتی ئیرانە، توپبارانی ئیرانش لایەکی دیکەی قەزیەکەیە، کۆنسولخانەکەش لە هەولێر،هەرئەو مانایە دەبەخشیت! کاکی من هەمووئەو پڕوپاگەندەیە، بۆ ڕەزامەندی تورکیەو ئیران و سورییە لەئاردایە، بێگومان مام جەلال و ڕێبەران تر ئاگاداری قەزیەن. ئاگامان لەخۆ بێت وەکوو ئاپۆ قۆڵ بەست نەکرین و تەسلیم بە ئێران و تورکیە نەکرینەوە و بەس.

حامیدرەشیدی زەرزا
ئوستەڕالیا،شاری سیدنی
2008/10/7ی زایینی.

## (4)

## زەرفیەتی بەسەرداهاتن و سەرکۆنەی فکری،

هەر چەند نەتەوی کورد بە هۆی زەوتکردنی لەمێژینەی کوردستان، بە تایبەت لە پارچەی ڕۆژهەڵات، لە ناو بازنەی (نەتەوەکانیش) جێی بۆ ناکراوەتەوەو هەربە قەومی ناو لێدەبەن، و لە سەرئەو زڵمە مێژوویەش لە بەخت ڕەشی ئەوهەی دەزانین کە خیرو قازانج وبەهرەی بۆمە تێدایە بە ئازازو کەرم بەلایدا نارۆین و بە ئەنقەست خۆی لێدە بوێرین ئەوهەی دوور لە مەنفەعەتە و زەرەری بۆمان تێدایە ئەوە مەگیرانی لێدەکەین و بۆ دەست ویڕاگەینی هەموو کەندو کۆسپ و پاردەو پەرژین هەڵدەبڕین وهەموو بەرهەلێخیک خەراپ دەکەین و دەیکەینە وەجاخ و چلدانەی لە سەر رێزدەکەین وتاسەو نیازی خۆمانی پێ تاقی دەکەینەوە کە بریتین لە تووی مناقشەو لێک هەڵچەرخینەو دەبەریک ڕۆهاتن و بەکژیکدداچوونەوەو یەکدی سووک کردن و ناوو ناتۆرە لیکدی هەڵدان و لێکترقاودان کە بە ئیشتا لە ناو ئەندامانی حیزب بۆتەباو ئیشتیای تەڕاوبەڕاو هەڕمانیماڵی کورد لە هەندەران بۆتە داب و نەریت و بە دەستخوشی و پیرۆزبایی لێکردن دووپات و سێ پات وشاید چەندپاتیشی بکەنەوە، دەستەیەک بۆی بوونەتە پاڵ پشت و دەستەی دیکە بوی دەقۆزنەوەو دەسماڵی گەری داوەتی بۆ هەڵدەگرن و لە سەر چوپپیشدا ئەوەی دەیڵین نایڵێنەوە،ئەگەر ڕەخنەشیان لێگرتن ئەوە بەسوک و هاسانی بە تۆمەت بەو حیزب و ئەو باڵ و ئەوڕێکخراو قسەکانیان سەت جارتوندتر بە دەمدا دەدنەوە ودەستخۆشی لەخۆیان دەکەن  کەشەلن کویرین و هیچ نابویرین، ئەگەر بۆ خۆشیان پێیان قاڕ بوو بە دەستەو دەیارەکانیان دەسپێرین کە وەبەر سەرە شەقۆنانیان دەن و کایان لە پێستی سەری بکەن! ئەگەر لە سەرئەم تەختەدامە  کار بگاتە داشە هارەش لە ئولکەدا دەمیننەوەو تەسلیمی مەنتیق نابن، ئەوە قادرئاغائی ئەو کۆزانە وەبەردەدن و دەکێڵن و  ڕەش و سپیان هەڵدەگێڕن. دەجا باگایەک کزبێت دوو قایشی داوینە سەرلایەکەی دیکەو سینگولەی سەر مژانەکان بۆ جێگۆڕ دەکەن ئەگەر هەر دەریشی نەبردو نەیکێشا بە جەهەنەم باملی بپەڕێ! گایەکی تر! ئەوجارقسەی خەڵک چیە سەت ڕەخنە بەپوشەک!

هەرئەو ئەو بەریزانە چاوگەی ڕوونی ئەم حیزبە بوون وهەریەک بە تەمەنێکی دوورو دریژوو بەکۆڵە شاڵیک لەو خانەقایە پێگەیبوون و لەم ئولکەو تەکیەدا، لە هەموو قۆناخەکانی چڕو ڕەقەن وسڕو شەختە ئانگاوتە خزمەت و خەباتیان کردوەو لە زۆر گادەری بێبواریان داوە، زۆر هەوازو نشیوی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەییبیان جار بە رکێف کوت و تەقڵەو وجاربە باویشە بە هێون وئارامی بڕیوەو گەلێک ڕێگای ئەستەم و بەردەڵان و بەکڵۆو بە سندە و بە باگەرو گیژەلووکەی زوقمی زستانی نگبەتییان لە پشت سەر بەجێهێشتووە هەریەک خاوەنی دەیان و سەدان ئەزموون و تیکەو لێکەی سیاسین، دەجا چاوەنواری ئەوەیان لێدەکرا کە ببن بەبەردی پاڵێن و دوایی مردنیش گڵکۆیان ببێ بە شوێنی زیارەتی شێڵگیڕان ڕۆناکبیران و لاوانی کوردستان و فەخرو شانازی بە پەیکەرە کانیان بکەن نوسین و قسەکانیان ببێت بە قورئانی سەرسفرەی حەوت سینی نەورۆز! بەڵام بەداخەوە بە دەستی خۆیان ئەوە خەریکن ئەو هەی کرودویانە وەک دەستە چیلەیەک ئاگری تێبەردەن و هەودای کری گشتی  ڕاکێشراو لە ناخی هۆرپەی سەرنۆکی تەشی خەباتی بێ وچانی خۆیان لە ئینشعابێکی

ئەوها، خاو بکەنەوە!بۆ ڕمان و هەڕمانیماڵی کورد، وخەسارە هەڵگرتن و بەرهەڵیخ ڕوخاندن و پێشەبڕەلێکدیبڕینەوە، کە شتێکی چاوەڕوان نەکراوەبوو، واقمان وڕماوە!
وشەی ئینشعاب کە بۆ دابڕان و جیابوونەوە لە حیزب یان لە سازمانێک دەکار دەکرێت،بێگومان جێگای سەرسوڕمان نیێە،بەڵام دەبێت هۆکارەکانێ ڕوون و لە بەرچاوبن،بۆ لێڕوانین و قەزاوەتی خەڵک تێشکی واقعیەتیان تێبکەوێت. ئەوهەی بەگریوگوڵ وگریمانن یانی بە شاوڵ بەراوردی ڕاستی دورستی نەکراونو لە سەرماشەری ئالۆز وناهال بە شانە دەکرێن بنوۆکن، دەجا ناکرێ ناوی ئینشعابیان لە سەردابنرێت، ئەمە ئالۆزی وتیک هاڵاوکردنی هوڕپەی سەرتەشییە، بۆ چ کرێک بووز ناخوات، لە هەر نەخشێک لە کار بکرێت خەساری دەکات!
ئەو جار ئێمە بۆدەبێ لە ئینشعابی کۆنگرەی چوارو هەشت ئەزموون وەرنگرین،کە ماڵی کوردی پێ ڕمی وجەرگی کوردی پێ بەپۆلووی کوچکی وەدا، گەلیک دەستەگوڵی لەکویستانی کاکی بەکاکی کوردستان بەبای زریان و شەختەو زەمهریری زستانی ئینکابەری کورد هەڵپڕوزەکاند، زۆر ڕۆڵەی بەجەرگ و قارەمانی بە وەج وزانا و کەڵە پیاوی هیواوهومێدی دواڕۆژی ماڵی کوردی لە سەر هەڵدەچنرابوو بە دەستی یەکتر بەئاخ ومخابن گوڵی تەمنیان پەڕپەڕکرا،یان تووشی هزرگوڕین دوو بەرەکی و دوورەپەرێزی لەڕێکخەراوی حیزبی کرد!! بێگومان ئەوانیش ئەوهەی دەیانویست وەڕییان خست و گویچکەیان لە ڕەخنەو سەرکۆنە نەگرت، خۆیان بە شاخەوانی چیابەرزەکان دانابوو هەورازو هەڵەموت و هەڵدیرو گەوی دەڕژدو تەژی لە پێچ وتەلانیان بڕی بەڵام وەک کورددەلێت: دەستێک بە تەنیا چەپڵە لێنادا، لە ئاکامدا لە ترۆپ و قوچی تیژی شاخاوی رابە هەڵخلیسکان بەرەونزمایی پڕتاویانگرت، گیرسانەوە بەڵام چی!! ئەوانی دیکەش بەگوڕ تێشکان و بە تاساویی و ڕەنگ بزڕکاوی خۆیان لە شەوێکی تاریکی ئەنگوست لە چاودا دۆزیەوە و چەقەی ڕیگای ڕاستیان لێ ون بوو بە هەڵەداوین بە هەڵەموتاندا هەڵڕوسکان ودەریان نەبری، هەتائێستاش لەماڵی کورد هەتڵەوناموٚن!
وەک دەبینین ئاکامەکەی هەر دوو جیابوونەوە خەسارە لەکوردکەوتن بوو! تۆبڵیی ئەوڕیگایەی کە ئەو برایانە بۆسیومین جار هەڵیانبژاردوەو لە سەری ئەوها دڵنیاومۆکرن بۆ تێ نەشکانی بە سویندو کەڵامەڵڵا راوەستاون و شێلەگەکەی لەبەرەجۆی ئەو چاوگانە هەڵنە بەسترابن، پێتاوەکان هەرئەو پێتاونەبن! پەنجەی کۆڵنەمەو تەپان هەرئەو پەنجە نەبن! بێگومان کورد هەرکوردە، قازانچ وزەرەو سەرکەوتن و تێشکانی هەر کامەکیان کارتێکەرو ئەویدیکەیە،ئەوەی بەتێشکانی ئەویدیکە شایلەخانەی لەدەڵدا بگرێ لە ئاقلی سالیم بی بەشە! وئەگەر بەچاوی دوور لە حیزبایەتی سێرەی لێ هەڵگری دەبینی کە گوریس سەری وەهێچکە.
ئەوجار ئێمەبۆ نابی لە ئینشعابی یەکیەتی و پارتی ئەزموون وەرگرین کە جگە لە خوێن ڕژانی ئەو هەموو پێشمەرگەیە بە هیچ و خۆرایی لە سەر میرمیرێنێ دوو سەرۆک و دابەشکردنی ئەوبەشە کوردستانەو بە گەزو نیوگەزو، بە دوو زوانی سورانی و بادینی و چاندنی تۆی ئینکابەری ورق و کینە و دوژمنداری و شیر لێک سوونەوە،دەیان قەباعەت! کە هەنۆکەش دوایی ئەو هەموو حەول و دەول و تەقەلایانە،و داکۆکی ئامریکاو پێکهێنانی ئینتخابات و زۆرینەی دەنگ وەرگرتن و داڕشتنی قانوونی ئەساسی و پەسەندکردنی مادەی 140 هیشتا ناوچەکانی دابڕاو یەک لەوان کەرکووکیان بۆ نەگەڕاوەتەوە سەرکوردستان، ئەوانە هەموو هۆکاری لەت و پەت بوونی ئەو دوو باڵەو کیشەی وان بوو سیمای کوردستانی گۆڕاند، کە هەنۆکە ئاسمانیشیان لێ دابەشبووە چەند دەکەن بۆیان سەروبەر

ناکرێت، چ بگا بە ئێمە کە لەماڵی هاوسێ دەخەوین و لێفە شڕەی پێخەوتنمان نیە تێیدا برازێن و لە کونە گورگاندادەژین دەمانەوێ بە دەستی شێخ ماربگرین و دەسەلات دابەش کەین!
هەرچەند جیابونەوە و لیک دابڕان لە حیزبی ماک و پێشڕەو شتێکی ئاسایی و سروشتیە، بەڵام ئەم واتەیە گەلێک لێکدانەوەو لێک کردنەوەو ئازانتی وبەیانکردن و ماناکردنەوەو تاوتۆو شیکردنەوە هەڵدەگرێ، یانی هەتا ئەو جێگاییەی کە ئەم دابڕان و توێ توێ و لک لک بونانە، دەگەڕێنەوە سەر بنەمای لێک حاڵی نەبوون و بیروبۆچونی جیاوازو ناکۆکی سلیقە، کە سێ کوچکەکەیان لە سەرسەداقەت هەستی نەتەوایەتی دانراوەو بەتێکڕایی لە ناخی گەرم وگوڕی ئاخ و بڕیاێ دواڕۆژێکی رۆشن بۆ دامەزران و بەڕیوەبردنی بەرنامەگەلێکی پتەو سەرنج راکیش وکاریگەرو کارتێکەر، لە سەر بنەمای دارشتنی خەت مەشێکی پێشکەوتوخوازانەی گونجاو بەسۆزو هەستێکی پتەو بە سینگ فرەوانی و راستی ودورستی و نیازپاکی و یەکڕەنگی و یەکڕوویی و هوشیاری وبێداری زەینروونی و گەشەدەکەن،ڕەوایە بەڵام ئەوەی لە سەربناخەی کەندالْ و هەڵۆڵی هاتەران پاتەران و ململانێ شەخسی و کەلک وەرگرتن لە  نیت ناپاکی بە دوای ئالْداخ داهەلسوران وبیانوو دوزینەوەبۆ کورسی دەسەلات، و پاوانخوازی موتڵەق قەراخ و قوچاخ تێکردنەوە بۆ وەدیهینانی دەستندە، لە جل و بەرگی گوفتاری شیرین و بریقەداری دێموکراسیانە بە ئاوەکوڵکردنی مەبەستەکان و سوتاندنی کاتەکانی زێڕین لە سەرهەوا هەوس و گەرای نەیارو و خەراپخوازان دژی گەلەکمان بۆ وەپاشدان و لە زۆنگ پستاوتن و لە هەرد هەڵسوونی مافی ڕەوای گەلی کورد کەلە سەرەڕۆیی وزیدەڕوییدا خوی دەبینێتەوە،بەهیچ قیلە شەرعیکێ مەلایانەش ناقەبڵێ و شەرعیەتی پێنادرێ وناقەبووڵکەرە!
لەسەر ئەمجۆرەشتانەبن. لە ڕاستیداکاری خۆیان پێ هاسان کردوە کە بێژن ئەوەی هەیەتی خوداداوتیە ئەوەی هەژارە خوداپێی ڕەوانەدیوە، دەجالەگەڵ رسق دابشکردن چ ناکرێ، لە سەردەمی حکوومەتی ئاخوندی لە ئیران ئەم بووچوونە برەوی پێدراوە ئەوە دەوڵەتی ئیران بەشێکی زۆرلە بەرهەمی نەوت و گازی خەڵکی ئیران بەدڵ هاوەڵای لەشەندەو ڕەندەدەدا بە ناوی خزمەت بە موستەزعەفین بۆ تروریستان لە لوبنان و فەلەستین وسعودیە و ئەلجەزایەرو پاکستان و ئەفغانستان وئامریکای لاتین و ئیراق سەرف دەکات، مللەتی خۆشی بەشیکی زۆر دەست بەتاڵە و بۆنانی شەو ئاتاجن! ئەو فکرەوایکردەوە کە هەموو خەڵک دەمیان گرێدەن لەو حاڵەش داسەڵاوت لە دیداری ئاخوند بدەن چونکە ئەوەی ڕەخنەبگرێ لە سێدارە دەدرێت . لەوە سەیرتر پێیان وایە ئەو هەی نییەتی بۆ قرانیک سەوزەڵەی دەڵێت ئەوە خوداناسە چونکە خداسامانی بە بێدینان داوە لە دنیای دیکە خودا بۆیان قەرەبۆ دەکاتەوە، ئەوجارئەوان دەوڵەمەند دەبن ساماندار هەژار دەبن،ئەو شتانە ئەو قسە و قسەلۆکانەی کراوەتنە زاخاوی مێشکی جەماوەر زورناحاڵی سویندی لە سەردەخۆن،مەلاکان جەماوەر بەم شیوە پروپاگەندەیە لە نیوان خۆیان داروبەشی دەکەن وپنجی خودای پیوەدەنێن. هەر دووک مەزەب گیرودەی قەزاو قەدەرن پیانوایە ئەوان ناتوانن چ بکەن دەبێ دانیشن چاوەڕوانی قەزاقەدەربکەن کەچیان بۆ دادەنێت، بەتایبەت لەئیران حکوومەتی ولایەتی فەقییە خۆی بە سەرپەرشت و خەڵک میللەتەکی بە نابالغ لە قەلەمدەدا هەموومنداڵەکانی شیعە لەمانگی محەڕەم داسەریان دەشکێنن هەتا عادەتی پێدەگرن، ئەگەر ببێتە فیلیسۆفیش دەستی پێ لەوخەرافاتە هەڵناگێرێ ، زانیاری ئاخوند ئەو شتاننەن کە لە میشکی خەڵکدا جێکراونەتەوە،هی سەردەمی جەهالەتی عارەبی پێ پەتین، بۆتەچێشتە خۆشکەی سەرزوانی هەموو ئاخوندەک، بۆنمونە کاتیک ئاخوندیک بەهەر مناسیبەتێک دەچێتە سەر مەنبەر لە پیش هەمووشت داچێرۆکی شیعەگەری دینیتەگۆڕ و میشکی دانیشتوانی پی زاخاودەدا هەرمالایەک کە دەستی قەڵەمی گرتووە لە خەرافات نوسین داچی نەهیشتۆتەوە، هەموو کتێبەکانیان چاو بەسەردابخشێنی باسی پێشکەوتن وبەرەوپیش چوون و عیلم وزانینی مساوات ودێموکراسی تیدانییە، زانین لە قاموسی ئەواندا یانی جەهالات باوەڕ بەجندوکەو نەمەچێتر و نەزرو دەستی غەیب و گومبەزی ئیمامەکان تارەت کردن و شیوەی خوسل کردن تەیمم ودۆدی بۆدی بۆیە لەساڵی 1338 کە چەندفرۆکەی ئامریکا لە دەشتی تەبس بە ئەشعەی لێزری رووسیە سوتان و بوون بەخەلوس، خومەینی بەبێشەرمی گوتی ئەمە دەستی غەیب بوو ئەجنەبوون هاتن لە ناویان بردن خەڵکی رەجاڵەش باوەریان کرد بوو بەڵام هەرئەوخوموینییە لەکاتیک دا کە لە بەرامبەر ئیراق تێشکا و دانی بەئیمزای ئاشتی دانا بە قولی خۆی ژەهری خواردوە کەس پێی نەگوت ئەدی ئەو دەستی غەیبە چی بەسەرهات!! ئیستا ڕۆژ نییە لە تاران هەزاران کەس نەچنە سەرگۆڕی خومەینی داوەی نەزەرو بەخشیشی لینەکەن! و پارە و خشل و زێرو زەنبەق لە گومبەزەکەی ناویژن، بەو پارەیە ئاخوندەکانی دیکە دەبنە خاوەن ساماندار،داستانی شەڕەکانی قەدیم کوشت وکوشتارو درووو دەلەسە لە گێڕانەەنایە، کوژرانی ناشیعە بە خەزا دەزانن، باسی ڕزگاربوون و لە ژێرنیری کویلەتی ویەخسیری و ژیانی ئاسودەو ئازادی دەنگ و ئازادی ژنان وەکوو پیاوان دانی پیدانەهاتوو لە کولەکەی فکریاندا وەبەرچاو ناکەوێت بۆیە مللەتی موسلمان لە سەر ئەو هەموو داهاتە هەروا چاو لە دەستی ناموسلمانەکانن،ئەوجار شیوەی رق و قینە بەشەڕلەگەڵ یەکدی کوشتن بوغزو غەرەز لە وتارەکانیاندا وەبەرچاو دەکەوێ ، هەتا ڕوحم بە مردووەکانیش ناکەن تەقینەوی گومبەزی سوننەکان بە دەست شیعەکان و هی وان بەدەستی سوننەکان

لە سەدەی بیست ویەکدا! نەک لە ڕێگای مافی نەتەوەیی و خۆ ڕزگارکردن لەدەست چەوساوەیی. هەموو منداڵێک بەکچکەیی واحاڵی دەکرێ کە دینی حق هەر هی موسڵمانی شیعەیە خەڵکی دیکەی سەرگوی زەوی جێگایان جەهەندەم و سەلمەسیرە،هەر شیعە لێهاتووی بەهەشتیان هەیە ئەوانی دیکە بەهیلاکەت دەچن ئەو جورە فکرو هزرانە کە لە منداڵی لە مێشکی منالان داخنن پڕ مەترسین،کتیبی خومەینی بەراشکاوی سوننە بە کافردەزانێت. فەرمانەکانی خەزای خومەینی لە1368 بۆ کوردی ئیران لەم فکرەسەرچاوەی وەرگرت بوو کە خومەینی بەدەنگی بەرزهاوری کرد" دەی بڕوون بۆ پاوە نۆسوج سنەندەج ئەو سوننە کافرانە بکوژن" ئەمە بوو دەستی نەزان وجاهیلی بۆکوشتارکردەوە ڕێگای بۆ کوردکوژران تەخت کرد، داستانی کەر بەڵاو حوسێنی مەزلووم هەمووساڵیک لە نوییە،ئەوانە شیوەی نەتەوەیی مللەتی فارس وتورکی شیعە مەزەبی ئیرانن، دیارەعارەبیش کە سەرچاوەی جەهالەتن باسی لە سەرناکرێ ئەوجینوسایدەی کە سەدام بەناوی ئەنفالْ بۆکوردی ڕاگەیاند دووسەت هەزار کوردی خروپتون بەگەورەوگچکە بێ هەڵواردن بە زیندوی وەبن گڵ خست لەو فکرە وەرگرتبوو بەری ئەم هزرە گڵاوەبوو. دەجاحکوومەتی تورکیەیش هەرچەند زۆرایتی تورک پێکی دێنن بەڵام مەزەبیان سوننەیە،ئەوانیش لە خۆیان بەدەر هەموو چین وتویژو نەتەوەیەک بە گومڕاە دەزانن ئەمە وەسیەتی ئاتاتورکی فاشیستە،لە تورکیە کەچی کورد بە رێژەبەرەو"30"میلوین کەس دەڕوا بەلام بە تورکی چیای ناو لێدەبن. حازرنین بە فەرمی بیناسن زوانی کوردی لە هەرسێ پارچە کوردستانەکان لە لایان ڕیژیمەکانی ئینسان کوژو سەرەڕۆ یاساخ کراوە. لەئیران نەتەوەی تورک بەهۆی مەزەب بە کردەوە تواوەتەوە، هەست بە نەتەوەیی خۆیان ناکەن، بەشیکی ئیکجارکەم هەن دەیانهەوێ جارێکی تر نەتەوەکەیان زیندو کەنەوە، زوانی تورکی لە ئیران نوسینی یاساخە لە سەریەک لە فارس داقال بونەتەوە. هەرچەند هەموو پاشاکانی قاجار شیعەبوونە تەنیا پەهلەوی فارس بووە و کەریم خان زند کورد،بەڵام لە حکوومەتی ڕەزاشاش شوێنیان کردوە نمونەکەی سەرۆک وەزیران "مەحمودجەم" تورکی تەوریزبوو کە "ڕەزاشا" کیژەکەی خۆی بەناوی شمس پەهلەوی دابەکورکەی وی یانی بە "فریدون جەم" کە لەئاکامدا بوو بە ئەرتشبود دەوریەکیش سەرۆک وەزیران وسەردەمێکێش وەزیری دەرباری شا بوو. لە تورکیەش ئەمە ئیدەی ئەتاتورک بوو کە کورد بتوینەیتەوە هەتا رادەیەکیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا هەنۆکە زوربەی کوردی تورکیە زوانی کوردی نازانن هەربەتورکی داخۆن، بەڵام سەرهەڵدانی پ.ک.ک. پێشگری لیکردن جارێکی دیکە هەستی کوردی چەقەرە پێدرا.

"ڕەزاشاش" خەریکی دابەزینی ئەوفکرەی ئاتاتورک لە کوردستانی ئیران بوو بەڵام بۆی بوز نەخوارد لە شەڕی دووهەمی دونیاگر لە1942 سەرتەخت هینرایە خوار بۆ دوورگەی هامبورک دوورخراوە. هەتا لە دەرەوەی وڵاتیش چاپەمەنیەکانی ئیرانی هەر ئەوهزرەیان لە مێشکی دادەجینگڵ دەدا بویە لەکاتی جەژنی نەورۆز لە جیاتی بنوسن جەژنی نەورۆز لە هەموو ئیرانیەکان لە چوارقوڕنەی دونیا پیروزبێت بەپێچوانە دەنوسن" جەژنی نەورۆزلە هەمووفارسی زوانیک پیرۆزبێت"!یانی ئەوەی فارس نەبێت ئیرانی نییە کە وایە بۆچ دەم لە جیابوونە دەدەن خۆتان هەڵدەمسێنن ئەو نییە جیالە فارس چ نەتەیەک وەرناگرن.. دەجاکوردستانیش کە500سالە بەئیران لکاندراوە، ئیدی سەدە بەسەدە لە بیرچۆتەوە لەو ماوەدریژەدا تەنیا سمکۆ لە شەڕی یەکەمی دونیاگر ڕاپەڕیوە بێگومان ئەوکاتیش زانیاری و ڕۆشنبیری ئیکجارنزم بووە نەیتوانیوە خەڵک بە شیوەی پیویست قانع کات هەستی نەتەوایەتی وەکول بێنێ ئەوکاتیش چێرۆکی ئیسلامی

خەلیفەگەری باو بووە مەلاكان توانیویانە خەڵك بۆلای خۆیان ڕاكێشن ئەوەتا،مەلای خەتی، لە كوردستانی ئیراق بەسانایی توانی میری ڕەواندز بەرەو خۆ بەدەستەوەدان بەرێت كە بەدەستی حكوومەتی توركیە كوژرا. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوكاتیش كوردستان لە خەرافات بێ بەش نەبووە مەلاكانی كوردیش بە ئیستلاح لە لانگی تەمەدن و پیكەوتووی ئیران یان بەوخەرافاتە راهینراوەن و ئەو گەلۆو حەیرانانیان بەناوی دەرس خویندووە بە نوورەی خۆیان گۆڕی عارەبەكانی كوردكوژیان بۆ كردۆنەتەو شوێنی زیارەت و دەیان دودی بۆدی دیكەیان بە دوادا رێزكردوە ئەوانیش لە هەزاری یەكیك مەسەلەی نەتەوەیی و دابەشكردنی كوردستان و مل لەبن نیری یەخسیری بۆ باس نەكردوون و هوشیاری میژوویان نەكرددونەتەوە لە ڕاستیدابەشی زۆری مەلاكان بۆخۆشیان ئاگاداری مێژووی نیشتمانەكەیان نەبوون، بگرەئیستاش هەر كەمتاكورتیكی لێحاڵین لێكدانەوەیان لەسەرنییە، چونكە ئەوقوتابخانەی لێیانخویندووە جگە لە بەیت و باوی عارەبی چیدیكەی فیرنەكردوون دەجا لە قسەكانیانداهەر ئەمە كاوێژ دەكرێ كە خوێندوویانە. مەسەلەی نەتەوایەتیان وەپشت گوێداوە ئەوەی ئالودەی ئیسلامی توندڕەوبووە هەرگوێچكەشیان پێنالەقی، لە سەفەر بۆ هەریمی كوردستان مانەوم لە شاری هەولێرو شەقلاوە لە2006/6/6 ئەوانەمان بۆ دەركەوت دەتوانم ئەوەندە بڵێم خەڵكەكە زۆر ئالودی ئیسلامی توند ڕەو بوون بە شیوەیەك كە مەسەلەی نەتەوەیی بایەخی بۆ دانەدەنرا!!

ئەوهەویرەی ئیسلام توندڕەوی شیعە شێلای و لە سەردەمی شاسمایل بناخەی فەرمی دەمەزراندرا، تەنوورێكی بەهەستی نەزانی و دەمارگرژیەكی ئایساند، هەنۆكەش دوایی زێدەترلە/500ساڵ هەروا نێڵەی دێ و نانی گەرمی پێوە دەدرێ، ئیستالە سەدەی 21بگرە ئیكجار هەراوتر و پڕ لە مەترسی تر بووە، شاسمایل كە ئەمپەڕاتووری شیعەی 12ئیمامی گەرەگ بوو تەونێكی دووردرێژی ڕاچاند كە گەلێك دەڤەری گرتەوە،كوردستانی تیك وەرپێچا،كە شەڕی چالدڕانی لەگەل ئەمپەڕاتووری عوسمانی لێكەوتووە،كە زوربەی كوردەكانی سوننە مەزەب یارمەتی حكوومەتی عوسمانیان داو لە ئانجامدا شاسمایل تیكشكاندرا هەتا تەوریزخۆی نەگرتووە بەڵام حكوومەتی خەلیفەگەری عثمانی كە لە شیعە پڕ مەترسیتربوو ئەویش جگە لە سوننە و پێناسی ڕەگەزی تورك چی دیكەی نەدەناسی لە گەڵ شاسمایل ڕێككەوت و كوردستان بۆیە كەمین جار لە نیوان دوو ئەمپەڕاتووری دەمارگرژو دەم بەخوێن دابەشكرا،بەڵێ سوننەی عوسمانیش كە هەر بە گزو نیوگەزی ئیسلامی عارەبی دەشتەكی دەپێوا چارەنووسی هیچ نەتەوەیەكی دیكەی جیا لە تورك لە بەرچاو نەدەگرت كە كارەساتی دڵتەزێنی جینوسایدی یەك میلیوون ئەرمەنی و نیو میلیون كوردی لێكەوتووە،بەڵام دەژایەتی ئەم دوومەزەبە هەو هیندە توند ببوو كە نەدەكرا لە كیشی چ تەرازوێك بۆ هەڵسەنگان بێت، هەر دوو شیعەو سوننە دەمارگرژ هەر دوو جگە لە نەتەوەكانی خۆیان كەسی تریان نەدەویست هەریەك لە ڕێگایەك و بەشیوازێك خەریكی توانەی كەمایەتیەكان بوون، دیارە مەزەب شتێكی كۆنە و شكڵی كۆنەپەرەستی پێوەدیارە لە دەمارگرژیی عارەبی وێوەترنییە. بەڵام وەك ئامازەم پێكرد بەهۆی داكۆكی حكوومەتەكان و دورست كردنی بەرەیەكی پتەوی ئایینی خۆی خستە ناوجەرگی نەتەوەكانی تریش یەك لە ئەوان كورد، جگە لە وەی بە تۆبزی بە زەبری شمشیرئەو دینە نەخوازراوە یان پێ تحمیل كراو بە سەریانداسپاندرا و لە ئاكامدا بەمروری زەمان بە سەرهەموو خووخدو كردەوەكانیاندا زاڵ بوو و مەسەلەی نەتەوەیی پاك لە ناوبرد،حكوومەتەكانی ئیران یەك لە دوایی یەك دینیان قەبە كردەوە بە ناوی خوداو ڕەسوول ئەوهەی دەیانویست دەیانكرد چونكە پروپاگەندە چیەكانیان

کۆمەڵێک مەلابوون کە لە ژێر سێبەری دین ژیانیان تەیارکردبوو بە هومووشت گەیبوون بە هۆی نائاگادای خەڵکەکە توانیان هەسپی خۆیان بە کەیفە لەم دەشتە کاکی بەکاکییە کە داگیر کەر چاندبوویان باژوون ،بۆنموونە تیموری لەنگ بەناوی ئیسلامیکی توند ڕەو شیعەی بەمورتەد و لامەزەب دەزانی لەکوشت وکوشتاری خەڵک دەستی نەدەپاراست وەک بۆخۆی لە بیرەوەریەکانیدا نوسیویەتی: بە دەستی خۆی چەند هەزارکەسی کوشتووە شانازیشی پێکردوە،ئەو کابرا ئینسان کوژە سەرە ڕۆیە لە هەرشاریک کە کەسیک بەرەنگاری بووە بەبێ بەزەیی سەرجەمی خەڵکی ئەوشارەی بە وردو درشت کوشتوە و لە کەللەسەری ئەوان منارەی دورست کردوون، هەرچەند بۆخۆی لە علیم وزانیاری ئیسلامی ئایەتوولڵەیەک بووە،مزگەوتی سەیاری پێبووە، وەک دەڵێت قەت نوێژی بە قەزا نەکردەوە، بەڵام هەزارجەلادی بۆ سەربرین هەبوە. دەجاپیمان وانەبێت سوننە لە شیعەچاکترە هەردووک کری سەرتەونێکەن وتەوفیریان نییە! بەڵام ئەوانە هەموو ئەونەزانی خەرافاتەیان بەدەستی مەلاکان و شیخەکان بڵاوکردۆتەوە جامینخوازومریدی ئەو شیخ وسۆفی و مەلاو بە ئیستلاح ئیماندارانە ئەو جنیاتانەیان بەناوی ئیسلام کردوە. ئەوەتا سەلاحە ئەدین ئەییووبی کە بەشێکی زۆری لە دونیاداگرت وخاچ پەرستی شکست پێدان، چونکە هزری ئیسلامی عارەبی لە مێشکی دابوو خۆی بە کوردنەدەزانی هەنگاوێکی بۆ کوردهەڵنەهێناوە بە داوخەوە ناویشی لە ناوکورد قەبە بۆتەوە کەچی هەموو خزمەتەکەی بە عارەب کردوخۆی بەسەربازی ئیسلام دەزانی نەک کورد! ئەوجۆرە سەردارانە نەبوونیان لە بوون باشترە،سەلاح ئەدین ئەیووبی لەشکرەکەی بەشیکی زۆر کوردبوو زۆرعارەبیش ڕەگەڵی کەوتوون زۆرکوردیش لە سایەی سەری وی بوون بەعارەب و یکجارەکی توانەوە، هێندیک عارەبیش بوون بەکورد و ێدەچێ شوێنەواری ئەوسەیدو ساداتە لە ناو کوردان لەوان گەرای دارشتبێت، دەجا ئەو پێداهەڵگوتنەی سەلاح ئەدین لە لایان کوردان چ مانا مەفهوم نابخشێت چونکە بگومان ئەوخوینی کوردی لە دەماراندا نەبوو..... ساڵ وەردەگرین وسەدە دەڕۆن دونیا بەرەوە پێشکەوتووی هەنگاو هەڵدەگرێ و دەرەکیەکان لە سەر مارس دادەبەزن ئالای لێ هەڵدەکەن، ئیمەش هەرواپاشکەوتوو ماوەتینەوە تەسبێحی 100دەنکەمان بە دەستەو سۆفی هەرواڕدین هەڵدەتەکێنێ شیخ خەریکی تەریقەتی نەزان و هەژارە،خانەقاو تەکیە لە برەون بازی حەوایی جەزبەگرتن، دەرویش خەریکی کەزی هۆنینەوەیە،مزگەوتەکان بۆنەتە شوینی تەعلیم دانی تڕوریست و بەگژ خەڵک داکردن و لەمپەری دێموکراسی لەسەرگۆی زەوی !! زۆرمەلا تێکەڵی ئەوسەوداو مامەلە بوونە پارەی ئیران و سعودی دەستەی پروپاگەندە چیانی زێدەکردوە هی وەک مەلاباپیرکەم نین بێ ئیحترامی بە نەتەوەکەیان بکەن گەمە بەسرودی ئەی ڕەقیب و ناماقولی ئەوهاگەورەو کەسیش دەمی نەشکاند! ئیستا حکوومەتەکانی ئیران و تورکییە دوایی ئاشبەتاڵی ئەمپەراتووری و دیکتاتووریەکانیان هەر لە سەر ئەو بنچ وبنەوانە ڕیشەیان داکوتاوەتەوە و پنجیان کردوەو شین بوونەتەوە ،جێگرانی سەفەوەی و نەوەکانی پاشاکانی دیکەو قاجارەکان هەتا پەهلەوەی هەربەم سیستەمە باڵیان گرت قانوون هەر دوازدەئیمامی ماوەتەوە. بەڵام پێویستە لێکدانەوەکمان لە سەرئەوە بێت کە ئەو دینە چۆن بوو دوایی ئەو هەمووکشت و کوشتارە لە کورد وەکوو شتیکی پیرۆز ماوەتەوە بۆتە هەوینی زاخاوی مێشکی زوربەی کوردکان و کەمایتەکانی دیکە؟؟ هەرئەو عارەبانەی مرۆڤ کوژ چون توانیان ئەوهەستە لە دەمارو لەشی مروڤەکاندا جیگیربکەن بێ گومان بەنەزان هێشتنەوەی خەڵک هۆکاری بووە کە گۆڕەکانیشیان بۆتە جێگا و شوێنێکی پیرۆز وخەڵک بە هەڵە دەچنە سەریان هیمدادیان لێدەخوازان، داکۆکی لە دەستەیەک بە ناوی شیخ ومەلاوسەید و

پڕوپاگەندەی ئەوان خەڵکی ناحاڵی والێکرد لە سەربنچی عارەبی دەشتەکی ڕیشە داکوتنەوە، چونکە ئەوەی دەستی تیرو کەوانی دەگرت بەدەست عارەبەکان کوژراوبوو منالْ وگەنج وزارۆک مابوونەوە ئەوانیش زوربەی بیسیواد و نائاگاداردۆخی کۆمەڵایەتی، ئەوکاتیکش مەسەلەی نەتەوەیی گوڵی نەکردبوو هەموو شەڕەکان لە سەرئایین بوون دەجائاییینی زەردەشتیش بەدەستی موغە کانیان،ئەوەندە تێکەڵ بە خەراپی ببوو،خەڵک لێی جاڕز بوو عارەبیش هەسپی چڵیسی لە عارەبستانێکی ڕەڵماوی بەرەوە ئیرانێکی کاکی بەکاکی و کوردستانێکی وێنەپەهەشت و پڕلەگوڵ وگوڵزار داژۆت کە ژن و کیژو سەروماڵی بۆ حەڵال کرابوو. زانای کەم هاوتا مامۆستا فردوسی شاعرمەزنی ئیرانی کە ڕووی لە سەعدی وەقاسی عارەبە دەفەرموێ:

زشیر شترخوردن و سوسمار

عرب رابجای رسیدەاست کار

کە تاج کیان را کند آرزو

تفوباد بر چرخ گردون تفو

بەڵی ئەبەمجۆرە عارەبی دەشتەکی هەسپی نەوسی چڵیسی تاوداو بۆ بە قەسابی گەڵەکان یەک لەوان کورد،نەڕوحمی هەبوو نە دیزانی بەزەیی بەری چ داریکە،بەکوشت وکوشتار وەڕیکەوت، کوڕانی ئەوکاتیش پێشبڕەیان لێ بڕینەوە زۆریان لێ کوشتن بەلام بەداخەوە ئەوان سەرکەوتن، دەستیان بەسەرهەمووراست داگرت،خۆفرۆشانی وەک سەلاحەدین ئەییوبی و تیمورلەنگەکان لەدوایید ڕێگایان بەردەوامکردن، هەنۆکە جەنازەی ئەوکوردکوژانە لەکوردستانەکان بەچل شەهید وفلان وفیسەران ناودەبرێ، بەداخەوە بۆتە جێگای زیارەت،مەترسی ئەمە دەکرێ ڕۆژیک لەڕۆژان تەرمی ئەم پاسدارە کورد کوژانەی کۆماری ئیسلامی لەکوردستان کە هەریەک قاتل دەیان زارۆک و پیرەمێری کوردن ببێتە زیارتگای پیاوانی ناحاڵی!!

دەجا پێویستە دەم بەمە دابێنین کە نەتەوەی کورد هەتا ئیستاش بە پاشکەوتوو ماوەتەوە و بەداخەوە نەیتوانیوە خۆی لە بازنەی ئەو ناپێشکەوتوویە ڕزگار بکات ئەوانەش هۆکاریان زۆرن و ئەژماردن و پەنجە بۆ ڕاداشتنی ئەم هۆکارانە پێویست بە شیکردنەوەیەکی چڕو پڕو پتەوە و دەیان لێکدانەوە هەڵدەگرێت، سەرەتا پیویستە ئاماژە بەمە بکەین مەسەلەی مڵکداری لە کۆنەوە نەتەوەی کوردی دابشکردوە و هەربەشێک و چین و تویژێک بە جۆرێک فکری کردۆتەوە یەک بۆ دەسەلاداری،و سامان وەسەریەکنان یەک مل لە ژیرزنجیری کویلەتی ئاغاو شیخ ومەلاو مەحکوم بەفەرمانبەری لایەکی قەزیەیە، ئەو جار زوانی کوردی لەلایان داگیرکەران یاساخ بووە هەر داگیرکەرێک لە پارچەیەک بە شیوەی تایبەت بە خۆی خەریکی توانەوەی کورد بووە لەم کارەشدا دەیان دەستەبەندی وەک شیخ و بەگ و خان و خەلیفەو مەلای بۆ تەرخان کراوە، داگیرکەران ئەوانەیان گوێ لەمست کردوون هێندیک لە بەرنەداری و هێندیک بە هەڵخەڵەتانی مەزەبی لە دوردریژی میژووی پڕلە کارەساتی کورد چەوسانەوەی کورد ئەگەر دەستی ئاغاو مڵکدار دەبینین نەقل و نەزیلەی ماموستایان بە ناوی ئیسلام داکۆکی کەری حکوومەت و خودان سامانانە، هەروا شیخەکان لەو هەلە کەلکیان وەرگرتووە لە لای حکوومەت ڕیزو حورمەتیان بەرز بۆتەوە ئەو تەڕاویحانەی مزگەوت کە پاشا بە ئولل ئەمرە دادەنێت وایکردوە کە خەڵکێکی زۆرتاییەت هی ساویلکە پشت لە نەتەوەی خۆیان بکەن و چۆنیان گۆی گوزەران بۆ بڕەخسێ ئەوهابکەن، هەنۆکە دەیان سیخور وجاش و خۆفروش لەکورد دورست بووە هەریەک سەر وە دەستەیک، حکوومەتەکانیش بەپارە برویان پێداوەن

کێ هەیە بتوانێت  باسیک لە نەتەوەکەی بکات و بیهەوێ گرێی مەسەلەیەکی سیاسی بکاتەوە و نە خرێتە بەر جەزرەبە وگرتن، ئاخۆ ئەمە کەنگی دوایی پێدێت ئاخۆ کەنگی ئەم خەڵکە حاڵی دەکرێت سەردەمێکی زۆردەکێشێ، هەتا هەموو لایەک هوشیار دەبنەوە،مەگین هەلومەرجێک ڕێککەوێت کە کوردستانەکان ئازادبن شیوەی زانیاری پەری پێبدرێ  لە قوتابخانە،ئەوکات دەکرێ بە هۆی ڕۆشنبیری چارەسەریک بێتەگۆڕ  بەلام ئەوانەی کە تەمەنیان لە چل و پەنجا زۆرترە فکر ناکام بتوانن ئەم قسانە هەزم کەن ئەوان وەک جگی پەل بە هەر بوارەکیاندا هەڵاوین یان تف دێن یان چەق! ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ڕۆشنبیرو سەرۆکانی کورد دوور لە خەرافات بن بەلام ئەگەرئەوان گای بنە بن، ئیدی حیسابمان پاکە! ئەو جاردەرویش و شیخایەتی و سۆفی گەری دەورێکی مەزنی هەبوو هەیە، ئەو شیخ و مەلایانەی کە باسی نەتەوەیی بۆ خەلک بکەن و ئاگاداری داگیرکردنی کوردستان و ڕێنونی ڕزگاریان بن، دۆخی بارودۆخەکانیان بۆ شیکردبنەوە کەم وەبەرچاو دەکەون، هەموویان بەپێی مەسلەحەتی خۆیان بەدوای منفەعەت و قەدروشان و شەوکەتی خۆیاندا هەڵسوڕاون و  کوردیان لەگوییبیسی مافی ڕەوا دوورە پەریز کردوە، بۆ گەڕانەوەو ڕێنوێنی بۆ جەرگەی ئیمامەکانی عارەب  سەرشیواویان وەدیهێناوە، زۆریان راستەوخۆ نۆکەرو ئاڵقەبەگۆشی داگیرکەران بوونە، دەستەیەک ئالودەی هزری توندی ئیسلامی.  خاوەن مڵک ویستۆیەتی دەسەڵاتی خۆی بپارێزی مەلاوشیخەکان ویستویانە خۆیان بەنوێنەری خودا لەبەرچاوی خەڵک لە قەڵەم بدەن.  دەیان شەجەرەنامەی بەدرۆو دەلەسە لە ماڵی شیخەکان وەبەرچاو دەکەوێ هەریەک خۆی لە عارەبیک نزیک دەکاتەوە بەمە شانازی دەکەن کە خزمایەتیان لەگەڵ تۆرەمەی عارەب هەیە!! هەتا بە شیخ مەحمودی نەمریان دەگوت گوللەبەندی هەیە گوللەکاری لێناکات، گوللەبەندی کاک ئەحمەدی شیخ بەناوبانگ بووە،ئەوانە هەموویان جاهیل هەلخەڵەتین بوونە . ساویلکەیی وناحاڵیبوونی ئەوخەڵکە کەلکی باشی بۆیان هەبووە وهەیە، گوزرانی خۆیان پێ باشکردوە، هەریەک دەیان وسەدان بگرە هەزاران مریدیان هەبووە ئێستاش هەیانە، حکوومەت بۆیەداکۆکی لێکردوون چونکە تێگەییووە خەرافات ئەوان لە ڕەگەز و نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری دوورە پەریز دەکات، دیارە ئەو کاتیش ڕۆشنبیرو گەلپەرەست هەبوە بەڵام لە کەمایەتی دابوونە، لە لای حکوومەت بە تۆمەت وەپاڵنانی بێدینی هەتڵەو هەڵوەدا کراوەن،ئەمن لەکوردستانی ئیراق لە سەدەی بیست و یەک لە کاتێکدا  کە ئالای کوردی بەداکۆکی زلهێزیک  لەوێ دەهەژێتەوە شتی سەیروسەمەرم لە "هەولێر"بینی کە بوچوونم وایە هەولێر سەت ساڵ پاشکەوتووتر لە سلیمانیەیە، زوربەی ئاگاداری مەسەلەی نەتەوەیی نین زورکەس سەدامیان پی باشتربوو لە سەرۆکانی کورد یان، داخوازیان حکوومەتی ئیسلامی وەک ئێران بوو. گەلێک هزری ئیسلامی ئیران کارتێکەریان ببوو شوێنی تێکردبوون، ژەنەکانیان هەموو لە بن پەچە و حیجابی تاڵەبانی ئەفغانستان دابوون.  ئەوە نەتەوەیەکە کە سەرۆکانی وەک بارزانی 40ساڵ خەباتی بەر دەوام کرد لە58 هەتائیستا بەردەوام لەشەڕدان زێدە لە سیسەت هەزار کەسیان لێکوژراوە بەڵام هۆگری ئیسلامین! قەت جاریک لە خۆیان نەپرسی کە سەدام قڕی دەکردن زیندە بە چاڵی کردن ئەنفالی بۆ دەرچواندن 180هەزاری بە کەڕەتیک وەبن گەڵ دان ئەدی ئەو ماموستایانی ئیسلامی لە کوێبوون ئەو سوننە لە کوێ بوو،و بەچاوی خۆیان دەبێن دیتیان کە ئامریکا ڕزگاری کردن بەڵام خۆ دەتەقیننەوە. ئەوە پاشکەوتوویی و نەزانی نییە؟ بۆدەبێ مەسەلەی مللەیەت و نەتەوەیی و چارەنووس لەگەڵ هەزری ئیسلامی  تێکەڵ بێت لە ئیسلامدامساوات وبەرابەری مانای نییە ئەوەی دەیڵێن درۆدەکەن دەستەو پەستەی ماموستایانی ئایینی لە کوردستانەکان بە تایبەت

لە هەریمی فیدراڵی ئیراق فیتی ئیران و بەپارەی ئیران وسعودییە وبۆ بەرەبەست کردنی دێموکراسی و لە قوڵکە هاویژتنی مافی چارەنووسی گەلی کوردە بە داخەوە زوربەی ئەوانەی داوەی سەروەری ئیسلام لە دەسەڵاتی سیاسی دەکەن سەروە حکوومەتەکانی داگیرکەرن! ئەمەیە کە دەبینین هزری نەتەوەیی لە ژیرهزری بەرێچون ودەسەڵات و مەزەب گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە،ئەو فکرە کە لە بەرژەوەندی دەسەلاتداران و داگیرکەران دابووە کاری لە سەرکراوە پتەوکراوە و مەبەستی داگیرکەرەکان ئەمە بووە کە نەتەوەی کورد بتوینەوە کە ئائین و مەزەب یەکیک لە هۆکارای بنەڕەتیەکەیەتی! وڵاتی تورکیە وەک نموونە دێنینەوە حکوومەتی سەرەڕۆی عوسمانی بە دەستەوداوین بە زۆرەملی و کوردی لە پێناسی دوورە پەریز کردوە هەتا ئەو ڕاپەڕینانەی شیخ عەبەیدوللە و شیخ سەعیدی پیران و هەتا،هی میری ڕەواندز و شیخ مەحمودی نەمریش بۆنی ئیسلامیەکی توندی پێوە دیارە. هەنۆکەش لە سەدەی 21 کورد بە تورکی کێوی ناو دەبا، جینوسایدی یەک میلیون کورد و ئەرمەنی ونیومیلیون کورد و هەتڵەو هەڵودەایی ودەرکردنی لە زیدونیشتمانی خۆی نموونەیەتی، کوردی سوورییە هەنۆکەش پێناسی کورد بوونیان لەو حکوومەت نییە، ئەوکارانەش هەموو بە ناوی ئیسلام کراون ئەوانەی کە عەودالی ئیسلامین بەرەو گۆڕی داگیرکەرانی عارەبی دەشتەکی باوێشکیان دێتێ هەنۆکەش بۆی لەمل دەدەن ئەو کارەچەوت و گڵاوانەیان پی ڕەوایە،تورکییە دوایی جینوسایدەکەی هەموو شوینەوارەکانی میژووی ناو گووڕی پێکردن هەتا دێهاتەکانی وێران وخاپورکردن ناوی خەڵکەکەشی گوڕین زمانی کوردی وئاخافتن بەو زمانەی یاساخ کردو سزای بۆ دانا،بەڵام ئەوانەش بێ هۆکارنەبوون دەڵێن دارهۆرەی لەخۆی نەبێت ناقەڵشیت،ئەوانەش هەربەدەستی کورد بە یارمەتی کوردی خۆفرۆش و ماڵپەڕست وناحاڵی ڕێک و پیک کران، دیارە سەرچاوی لێکدانەوەکان بەگشتی دەگەڕێنەوە سەرناڕۆشنبیری نەتەوەی کورد، بەڵام هۆکاری مەزن مەسەلەی دین بوو، هەموو دینێک زەرەی لە قازانج پترە، هەموو دینێک گۆپاڵی حکوومەت لە بەرانبەرکەمایەتیەکانە، هەموو دینێک مەترسی بەد بەختی و چارەڕەشی تێدایە و لە خزمەت مزگەوت و کلیساو دیرەکاندابووە، هەنۆکەش ڕووکاری نەگۆڕاوە هەموو دینێک سەرچاوی پاشکەوتویی ولاتەکەیەتی، بەڵام دەرەکی دەینەکەیان چارەسەرکردەوە، ئەوانیش سەدان سال نوقمی خەڕافەتی کۆنە پەرستی و زەلیلی دەستی کلیساکانیان بوون، بڵام ئەوان بۆ دین چارەسەریان دۆزیەوە و لە تداخولی سیاسەت و مەملەکەتیان کردەوەو بردیانەوە ناوچوارچیوەی کلیسا و دیرەکان، ئەو جارهەڵیانداو پێشکەوتوو بوون هەموو شتیکیان بۆکرا،ئیدی نەیانهێشت کلیسا مێشکی لاوان بشواتەوە،وەسەرپی کەوتن دەیان و هەزاران کەرەسەی نوییان داهێنا ودارشت و جلەوی دونیایان بەدەست گرت. بەڵام ئێمە هەروا کویلە ماینەوە.مەبەستم لە ئێمە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە یەک لەوان ئیران کە سەدی 80%مێشکی بە مەسەلەی مەزەبی شوراوەتەوە، بە هیچ جۆرحاڵینابن و حاڵیناکرێن،لیرەدا تەوفیرلە نێوان شیعەوسوننە نییە، مەزەب هەر مەزەبە، هەریەکەی بە بارکدا نوقمی نەزانی بوونەو هەریەک بەلەونێک لە خەرافاتدا پیچاوراونەوە،دەڵێن مەڵبەندی ژیان مرۆڤ پەروەردە دەکات، ئەمە ڕاستە کوردیش مەڵبەندی ژیانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ناو ئەو خەڵکە گەوەرە بووە،لەوەش خەراپتر بەدەرجەدوو وسێش وەرگیراوە،ئەوهەی ئەوان کردوویانە لە مندالی رالە قوتابخانەدا لە مێشکی داماوەتەوە مامۆستای ئایینی دەرسی داوە ئەو مامۆستایە لەوشینگەیە ژیانی تێپەرکردووە ئەویش وەک قوتابیەکەی ئەوها راهاتووە پەروەردە کراوە،بەناوی ئیسلام و قەزاو قەدەر فرچگی گرتووە ئەویش هەر ئەوگەلۆو حەیرانانەی گوێ لە بووە

لە دۆڵی دڵیدا ئاوازای داوەدتەوە کە لە مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەییەی وەرگرتووە،بە زنجیرە هەتا ئەمرۆکە ماوەتەوە لەمە خەرابتر بۆ میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو کە چاوی بەدونیا هەڵیناوە کویلەبووە کە چۆتە قوتابخانە زوانەکەی وی یاساخ بووە گروگاڵی بە فارسی وعارەبی تورکی گرتووە، ئەو شتە خەرافاتانەی لە مێشکی پەستاوتراوە، خۆبە غولام زانین بە حاکمان ودەسەڵاتداران فرچکی گرتووە، بەوەلێڕاهاتووە ناتوانی خۆی لێدەربازکات و ئەو زنجیرە هەڵبڕی، ژینگە و مەڵبەندی ژیانی لەچوارچیوەی ماڵیش لە ناو زاری ئەم عەزیانە بووە حکووکەتی جەلادی بە سەرۆکی خۆی زانیوە،زاناو ئازادیخواز کەمبوونە هێندیک لەگەڵ حکوومەتەکان رێکەوتوون، جگە لە سەردەمی کویلەداری کە ئاغا بەهۆی ملک و ماڵ لایانگری لەحکوومەت کردوە. ئەو ئاغاوبەگەش کە قسەزانی ئەومەلایەو تەریقەتی لەو شێخە وەگرتووە ئەوان رێنوێن کەری بوونە چ چاوڕوانێکی لێدەکرێ!ئەمن لە نووسینی ئەم بابەتە نە غەرەزم لەگەڵ چ مەلایک و چ شێخێک و چ ئاغایەک هەیە و نە مەبەستی داکۆکی لەلایەک بەڵام ئەوە ڕاستییەکانن پێویستە بدرکێن بەڵکوو بۆ دواڕۆژ ئەزموونیان لێورگێرێ،ئەوانە یەکێک لەو هۆکارانەن کە نەیانهێشتووە هەستی نیشتمان پەروەری گۆڵ بکات، خەڵک بەدەگەمەن لە ئیران سنوروتخوبی کوردستان لە کوێرابۆکوێیە، یان ئەوبەشەی بەخاکی ئیران لکاوە، ئاخۆ بەڕاستی کوردیش وڵاتی هەبووە ئاخۆ کوردستان دابەشکراوە بەو ولاتانە لکاندراوە یان ئەفسانەیە! لێرە سەری قسەم لەگەڵ خەڵکی ئاساییە نەک پسپۆرو زانا و ڕۆشنبیر، و بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم ئەوانەی دەرسیشیان خویندوە بە دەگەمەن لەو مەسەلە دەگەن چونکە کوردستان ئازاد نەبووە حیزبی دێموکراتیش لە ماوەی 63سال تەمەنی کە هەمووی خرکەیەوە3سال لە ناوچە نەبووە ئەویش لە بەشیک، دەجا نەیتوانیوە خەڵک حاڵی بکات کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بریتی لە مەهاباد و بۆکان دەوروپشتی ئەوان و شاری سنە وفلان فیسەران نییە،حیزبی دیموکرات کۆمەلە بۆ سەردەمێکی کوردحوکماتیان لەسەردەکرد. ورمێ و ئیلام وکەرمانشانیش کوردستانی رۆژهەڵاتن. بۆنموونە بە پێی میژووی کلیم اللەی توەحدی لە شاری خوراسان کە کوردستان نییە دوومیلیون وسیسەت هەزارکورد هەیە لە شارەکانی دیکە وەک زاهیدان و هەمەدان و تارانیش زێدە لە میلیونیک کورد هەن کە لەکوردستان گوێزراوتنەوە، بەڵام ئاخۆ ئەوانیش هەموویان هەست بەم مەسەلە دەکەن ئاخۆ ئەم مێژوویان خۆیندوتەوە هەتانزیکەی 100هەزارکوردی فەیلی کە سەدام لە ئیراقی دەریکردن لە ئیران گیرسانەوە بە ناوی شێعە وەرگیران نەک کورد!! ئاخۆ خەڵک ئەوها تێگەیوو کە مەسەلەکە چییە بێگومان نا؟چونکەپێنسەت ساڵ سەردەمێکی دوورودرێژە، دابەشکردنی کوردەستان لە1514زایینی لە شەری چالدڕان بووە.

ئوستەڕالیا،شاری سیدنی حامیدڕەشیدی زەرزا،
ڕێکەوت 2008/6/10ی زایینی.

**یادێک لە شەهیدسمایل مهاجری پێشمەرگەی دێرین،**

یادێک لە هاوسەنگەری خۆشەویست و دڵسوزو قارەمانێکی شەڕەکانی چریکی،کاک سمایل دورستکار خەڵکی "گردکاشان" لە ناوچەی "شنۆ"(ناسراوبەسمایل مهاجری) هاوسەنگەری ساڵەکانی 1342 و 44 هەتاویم لە ئیراق لە شورشی ئەیلول و لە ئیران و هاوبەندی زیندانیم لە بەندیخانەکانی ڕیژیمی خوینمژ و گەندەڵی پاشایەتی لە44و49ی هەتاوی و پێشمەرگەی دیرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سالەکانی 1357و 1361هەتاوی.
شەهید سمائیل بە حەق خەباتگێڕێکی چاونەترس و مێرێکی زیخ و بەزیپک و ڕۆڵێکی بەجەرگ و بە دەمارو گەلپەرست و تێکۆشەرێکی ماندوونەناس و کەسینیەکی دڵپاک وبە ورەو تواناو کوڵنەدەرێکی بە وەفاو هەڵسورینەرو هەڵکەوتوو چوست وچالاک بوو. هەموو تەمەنی و تافی لاوی لە ئیراق لە شورشی ئیلول و لە ئیران لە پێناوی ڕزگاری گەلەکەی لە ژێرکۆت و زنجیری حاکم و دەسەڵادارانی خوینمژ بەخت کرد،بەحق هزریکی کوردانە و پیاوانەی مەردو ڕەندانەی هەبوو. کورد گوتەنی کەم ژیاوکەڵ ژیا! دایم و دەرهەم لێکدانەوەو بۆچوونی ڕزگاری میللەتەکی لە ژێرنیری سەرکوت و چەوساویی حکۆمەتەکانی دەم بە خوێن و داگیرکەرانی کوردستان و دابەزینی دێموکراسی بوو،ناوبراو لە1930زاییینی یانی ( لەوساڵیداکە سمایل ئاغای شکاک ناسراو بە "سمکو" لە شنۆ بەپیلانی ڕژیمی گڵاوی پەهلەوی شەهید بوو) لە گوندی گورگاوەێ ناوچەی شنۆ لە دایک بوو،دەجا بە ناوی سمایل ئاغای شکاک کرابوو. .باوکی شەهید ( مام یونس مهاجری ) جامینخوازی بنەماڵەی سەید تەهای شەمزینان"نێهری" بوو ،ناوبراو مرۆڤێکی ناوبەدەرو کەڵە پیاوەکی سەردەمی خۆی بوو، و لە زوربەی شەڕەکانی سمایل ئاغا،لە گەڵ حکوومەتی سەرەڕۆی ڕەزاخانی (پەهلەوی) لە خزمەت سەید تەهای شمزینان بە تایبەت لە شەڕی چاریە(چهریق) لە1922 میلادی کە ژەنڕاڵ جیهانبانی مامورسەرکوتی شورشی سمکوبوو بەشداری کردبوو، دەجا بۆخۆی کۆنە مێژوویک بوو. هەتا لە ڕاپەڕینی شیخ سەعید پیران دەوری هەبوو، شەهید مهاجری هەموو خوو خدەی هەتا مێرخاسیەکەشی بە باوکی دەشوباندرا کە لە شەڕەکاندا ناوبانگی پیاوەتی لە سەرزاری هەموو گەورەپیاوانی ئەوسەردەم بوو. شەهید سمایل لە 1338زەماوەندی کردو جگە لە دووکیژ کورێکی بە ناوی ڕەشید هەبوو، کە لە کاتی خۆیدا کادرێکی بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیران بوو و ئاگاداریکی پتەوی لە مەڕ بارودۆخ و گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان هەبوو،شەهید ناوبراو لە ساڵی 1340ی هەتاوی ماڵی هاتە گوندی "گردکاشان" برایەکی لە خۆی بە تەمەنتری بە ناوی خورشیدو برایەکی لە خۆی گچکەتری بەناوی مەلاعەزیز هەبوو، بەحق مەلا عەزیزیش لاوەکی زیخ چاونەترس و بەزیپک و ورەو ئاگاداری دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستان و بارودۆخی ئەوکات بوو، شەهید لەگەڵ من وەک رەفیقێکی خۆشەویست لە ماوەی 17سال لە هەتڵەو هەڵوەدایی وهەندەران لە ئیراق و ئیران و بەشیک لە زیندان تێپەرکرد، هەردوو برایان یانی مەلا عەزیزو شەهیدسمایل لە زیندانی تۆپخانەو گولی ورمێ بوون کە باوک و دایکیان ئەمری خۆایان

کرد، کاتێک ئینقلابی گەلانی ئیران لە1357هەتاوی سەرکەوتوو بوو، شەهید سمایل چوو نیوڕێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات کوردستانی ڕۆژهەلات و چەکی کەڕامەت و شەڕافەتی لە شان کرد و لە ساڵی 1361لە کاتی چوونە عەمەلاتیک لەگوندی حلبێ وکویک ناوچەی سلدوز (نەغدە) نارنجۆکی لە دەستیدا تەقییەو شەهیدبوو. بەلام بیرەوەریەکان و ماندونەناسی تێکۆشەری و خەباتگێڕی و گەلپەرستی وخوو خدە جوانەکانی لە چاوگەی هەستی هەموو دوست و ئاشنیاو هاوسەنگەرانی سەر بەموور ماوەتەوە و دوایی 26سال تێپەڕبوون لە ڕێکەوتی شەهیدبوونی ئێستاش لە دڵی هەمووکوردێکی بەشەڕەف هەر زیندووە،هەزارئافرین وسەلاوشەهیدسمایل وهەمووشەهیدانی ڕیگای ئازادوسەربەستی کوردستان ومەرگ ونەمان بۆڕیژیمی خومەینی ودەم ودەزگای مەندیل لەسەرو عەبا لەبەران و هەموو کوتەخۆران و خۆفرۆشان.

ئوستەڕالیا،شاری سیدنی،
حامیدڕیشیدی زەرزا،
2008/6/16ی زایینی.

**(10)**

**یادێک لە شەهیدی نەمرکاک (رەسوودهقان) ناسراوە بە سەید ڕەسووی بابی گەورە.شۆڕەسواری خەبات و شۆڕشی کوردایەتی.**

هەر چەند ئەمن لە گەڵ ئەو کەڵە پیاوە زۆر هەستان و دانێشتنم نەبوو بەرلە ڕێکەوتی 1360 هەتاوی یەک دووکەڕەت هەر بەلاڕەو بینی بوومماڵەکەیان لە سەیداوەی مەهاباد لە "سەری مەیدان" هەڵکەوتبوو کە سێ ڕێانی پیرانشارو نەغەدەو مەهابادبوو. (کاک سەید ڕەسوو هەر لەسەردەمی شا)لەترسی ساواک بۆ ئیراق ڕۆیی، زۆریش ماڵی بایزی لە" لک بن" کە دەستکیسی ساواک بوون، لیی دەخەفتان بیگرن، بۆیە چەندساڵێک لە ئیراق ماوە، بەڵام بەر لە سەرکەوتنی ئینقلاب لە چاخی گەرمەی خۆپێشاندانەکانی خەڵک، کە شەقامی شارەکان و جەنگەی هەراوهوریا، بە نهێنی گەرابۆوە لە ورمێ لە ماڵێکی متمانەپێکەر خۆی حاشاردابوو کە بۆخۆی چێڕۆکێکی دوورودریژی هەیە،بەڵام دوایی سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئیران هاتنی بۆ شنۆ بەدامەزراندنی بنکەی پێشمەرگە و تشکیلات زێدەترم ناسی. بە تایبەت کاتێک هێرشی قیادەو دەستەو دەیارەو تاقمەی ڕەحمان کەریمی لە ڕێکەوتی 20ی خەرمانانی 1360ی هەتاوی شاری شنۆیان گرتەوە خەڵکیش لە ترسی ڕەشە کوژی لە شار تەرەو تەوەلا بوون، ئەمن و خێزانیشم هەتڵە و بازرە بووین، چەند ڕۆژێک لە ماڵی کاک ڕەحیمی ڕەحمانە کوێری دەشمس ماینەوە کە باوکیان کەڵە پیاوەکی سەردەمی خۆی بوو،کوڕەکانیشی بریتی لەکاک ڕحیم و کاک خالد گەلپەرست حاملاندبوو. کە ئیکجار بە خەڵک ماندووبوون، ئەم دوولاوە ئێمەیان بە ماشینی خۆیان بۆ "شارە گوندی میراوێی مەلاخەلیلی گۆڕئۆمەری" برد ،هەتا نشتەجێ بووینش هەر لە لامان مانەوە، لە زستانی 1360 سەفەرێکم بۆ گوندی "کاسەکەران" کەوتەبەر دوایی لە بەر بارستایی بەفر لە وێ گیرمان کرد، لەو زستانە ساردو سڕە کە تفت هەڵاویشتبوایە دەیبەست ، کاک سەید ڕەسوو دایم و دەرهەم سەردانی

ناوچەی دەکرد و مەقەڕی پێشمەرگەکانی بە سەردەکردەوە هەمووکەڕەت  دەهات لە ماڵی حەمەدەمین ئاغاسەری لێدەدام، پێکەوە لە سەرمەسەلەی سیاسی  نەتەوەیی قسەمان دەکرد بۆیە لەکاتی گەڕانەوە بۆمێراوێ لە سەر ڕێگا لامدا ماڵەکەی، کەلە"ترکەشی سەرێ" بوو مەقەری پیشمەرگەو ماڵەکەی لە پەنا یەک بوون ،ئەو کات کاک سەید ڕەسوو، ئەمیرهێزی ئاوارەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، خێزانی شێرەژن بوو دایم تفەنگی پێبوو، سێ مندالی بەو ناوانە هەبوو1-شنە2بلێسە3ئاگر. "ئاگر" دەتگوت شمامەیە هەر دوو ساڵانە دەبوو پێشمەرگە  لە خۆشەویستییان ئەو هێندەیان  ماچ دەکرد ڕوومەتی وەک سیوی لاسوور سوورهەڵدەگەڕا، لەم دووشەوە زۆرشتی بۆ گێرامەوە پیاوێکی گەریدەو دونیا دیدەو بە ئەزموون و چاونەترس و خۆش گفتار، و جارو بار قسەڕەقیش بوو لە مەڕ مێژوویی کوردو کۆمەڵایەتی  ئاگاداریەکی هەراوو پتەوەی هەبوو، زۆری ڕەنج و کوێرەوەری وکول دەرد لە زەمانی (شا) کێشابوو. ناوبراو هەر بە گەنجی لەو سەردەمدا کە کەڵ بە موو بەند بوو  ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو. لەڕاستیدا،ئەو لەو سەیدانە نەبوو کە کوتەشاڵەکەی بکاتە متفەرک! هەر بێزی لەم کارەهەڵدەستا و ئەمەی بە کارێکی چەوت دەزانی چونکە بۆخۆی دژی خەرافات و جەهەلەت و خەڵک فریودان بوو،  بۆیە قەت وەک هێندیک بە شەجەرەنامە بنەماڵەکەی خۆی نەدەبردەوە سەر ئەو ڕیس وگوریسانەی عارەبی دەشتەکی،  تەنیا بە کورد بوون دەنازی و شانازی دەکرد،چونکە دەیزانی  کە جەهالەت و نائاگاداری لە مێژوو زیانی بۆ کورد هەیە، گەلێک بەتاسەی بینینیی ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەی بوو،لە سەردەمی ڕژیمی شاهانشاهی کە شەهیدی نەمر دکتۆرقاسملو ماوەیەک بە نهێنی لە تاران دەژیا بەر دەوام لەگەلی لە پەیوەندی دابوو  لە سەردان لە کوردستان و کارو باری حیزبی  هەڵسورێنەربوو لە هاتنەوەش بۆ ناوچەی کوردستان هەمووکەڕەت لەگەڵ دوکتور بوو لەهەموو شوێنی حاشارگەکانی  ئاگاداربوو. لەڕاستیدا شەهیدی نەمر بە ئیمانەوە لە گەڵ حیزب دێموکڕات دابوو، مرۆڤێکی چوست وچالاک و دەماوەرو قسەزان وپیتۆڵ و گیان لە سەردەست و فەرماندەرێکی لێهاتوو کارزان و ورەبەرزو بە توانابوو جگە لەمانە خۆی لە گەڵ پێشمەرگەکان بە جیانەدەزانی فیزو تەکەبوروئیفادەی نەبوو، ئینسانیکی بە تەواوی مانا خاکی و دڵپاک و خۆی بە خزمەتگذاری هەمووکوردێکی دڵسۆز دەزانی بۆیە کاتێک کاک عەوڵای سەرلانکان، "موقبیلی"بەرپرسی ئیستخباراتی پیرانشاری وەبەرگوللەدا وکوشتی وهەڵات هەرچەند ناوبراوساواکیش بوو کاک سەیدڕەسوو بە هیمادیەوە چوو تفەنگەکەی کلاشینکۆفیشی بەخەڵات دایە. کاک سەیدڕەسوو  هەر چەند ئەندامێکی زاناو ژێهاتووبوو بەڵام  زۆرتر کوردایەتی دەکرد هەتاحیزبایەتی ،وەک لە کتێبی کورتە باسیش ئاماژەیەکی کورتم پێکردووە. لە شەری نەخوازراوی "نەغدە" کە زەهیرنیژاد فەرماندەری لەشکری 64ی ورمێ و غولام ڕەزاحەسەنی ڕەگەزپرست ودەمارگرژ ئیمام جومعەی ورمێ  و دەستەو دایارەکانیان بریتی لە مەعبوودی و مرادقەتاری  و ڕەجاڵە و کورد کوژەکان شەڕەکەیان بەسەرحیزبی دێموکراتیان داسپاند، کاک سەید ڕەسوو دەورێکی مەزنی هەبوو چونکە شەهیدی ناوبراو لە شەڕی چریکی پسپۆریەکی تەواوی هەبوو بە ئارپێچی دووتانگی شکاند،بە وریایش ئاگاداری  دەوروپشت بوو  چەند شەو لە نەغدە ماوە هەتا هەمووکەس دەرنەچووئەو شاری بەجێنەهێشت ،بەوهۆیەوە  بناو  خانووەکان ناوشار ببوون بە مەتەرێزو سەنگەر، شارلە گەمارۆی ئەرتەش و پاسدارو کومیتەو ڕەجاڵە کەتبوو، بۆ دەربازبوون لە هێندیك شوێن  خانەوەکانی بەسەروەیەک دیواربە دێوار کون دەکران، هەتا مامۆستا مەلا سالحی نەغدە کە بەحق پیاوەکی ڕەندومەندو بەجەرگ بوو  توانی خۆی و دەستەیەکی زۆر لە گەمارۆ

نەجات بدات، دەجا کاک سەید ڕەسوو لەو ڕۆژە ڕەشەو حەساسەدا چالاکیەکی زۆری نواند، و شەهیدکردنەکەشی لەسلیمانی لە کوردستانی ئیراق بە دەستی قیادە بە تۆمەتێکی ناڕەوای گلکۆی بارزانی بوو کە گیانی ئەو کەڵە پیاوە ئاگای لەو کارە چەوتە نەبوو ، ئەمە پیلانی گلاوی حکوومەتی گەندەڵی کۆماری ئاخوندی بوو، و دەستی جاش و تودەکانی تێدابوو کە ئەو کات وشتری پێش قەتاری کۆماری ئیسلامی بوون، مەبەستیشیان تەنیا ئەمە بوو کە کوردبە کوردبەکوشتن بدەن و بەرسینگە لە حیزبی دێموکرات ببڕنەوە بە داخەوە سەرکەوتوش بوون بەداخەو ئەوکاتیش بەرژەوەندیی ئەو دووحیزبە لە گەڵ پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لێکترگرێدابوو هەتا سەری هەودای ڕاستیەکان دۆزرانەوە کار لە کارترازا بوو، کە لە ئاکامدا تۆمەت وەپاڵنانی ئەو دەستەیە هۆکار بوو کە ئەو کەڵە پیاوە، کە سەرانسەری وجودی جەوهەری کوردایەتی لێدەڕژا بە هیچ و خۆڕایی لە ماڵی خۆی بێ غانی غەرەز بەدەستی خۆفروشان بە ڕاسپاردەی کۆماری ئیسلامی شەهید بکریت، بەڵام خۆفرۆشان بێگومان ڕوو رەشیان پی دەمێنێ، ناوی بەرزی وی هەرماوە خەباتەکەی وەک ئەستیرەیەکی پرشنگدار هەر دەدروشێتەوە، ئەوەی هەنۆکە جێگای داخە ئەمەیە کە چ یادێک لەو قارامانە ناکرێ ئاخۆ ئەمە خووخدەی حیزبایتیە،یان لە بیرچوونەوەیەکی سیاسی؟؟ بۆ چما ئەگەر پێشمەرگە،کادرێک یان خەباتگێڕیک دڵی لە حیزب ئێشا و ودانیشت مانای ئەوەیە هەر خزمەتێکی کە کردۆیەتی بەفیڕۆچوو بەبای داداوە؟! تازە لە ئەندامی حیزبی دەشۆرێتەوە یادکردنەوەکەشی بە تاوان دێتە حیساب!!!؟؟؟

ئوستەڕالیا،شاری سیدنی،
حامیدڕەشیدی زەرزا،
2008/6/13ی

**(11)**

**هۆکارەکان: ژمارە(3)،**

بەرتەسک و سنووورداربوونی هزرلە بازنەی هەتڵەو هەڵوەدایی و تەرەو تەوەلایی و دوورە وڵاتی و لە خۆیی و قەوم وخوێش و هاووڵاتی دابڕان و بنەو بارگە تێکنان بۆ هەندەران یان بۆ قولینچک و گۆشەی بەندیخانە:
ئەو مرۆڤانەی نەبەزو پسپۆرو زاناو کارامە، ئەو کەسایەتیانەی ناو بەدەرو بەئەزموون و کۆنەکاروخاوەن بیروبۆچوونی تیژو لێکدانەوەو هەڵسەنگان و شێکردنەوەو ئازەنتی پاک وخاوێن و وردبین و بەدیقەت، ئەو ماندو نەناسانەی شۆرشگێرو شێلگیر، ئەو شۆڕە لاوانەی شەڕی چەکداری و خەباتی نەتەوەیی، ئەو پەرکۆرانەی چقڵی چاوی داگیرکەران و ئەو شێرە پیاوانەی ناو سەنگەری

مێراتی و ئازاو مەرد، ئەو هەڵۆیانەی بەرزەفڕی ئاسمانی کوردەواری، ئەو پلینگانەی ئولکەی ڕزگاریخوازی، ئەو ورەبەرزانەی گەل و نیشتمان پەروەر و مێرخاس و ئەوشکرە پیاوانەی چاونەترس و بەزیپک وهیمەت و بە دەمار، ئەو کەڵە مێرانەی بە هەیبەت و هیمەت و لێهاتوو، ئەو فرماندەرانەی لێوەشاوەو گەڵخواز و هەڵکەوتووەو، ئەو ڕۆشنبیرانەی پێنوس تیژو، ئەو نووسەرو هەستیارو شاعیرانەی دەستهەڵ و کارکردوو ڕاست بێژو نەتەوە خواز و بە ئاوەزو لێزان،ئەو دوژمن تەزێن و نەیاربەزێن و زیخ و بە جەرگ و کەللە شەق و خاوەن پەرژەوەندی سیاسی و قسەپتوون، ئەو کەسینی و سایەتیانەی تاقانەو بە ئەزموون و تەجروبە بینیوو دەنگین و بە وقاڕو مەتین وگران و سەنگین، ئەو بە ئاوەز و لە مشوور پێچراوانەی بەکەڕامەت،ئەگەر کێو بڕوخابوایە قسەی وان نەدەڕوخا، کە بۆ گەیشتن بەئاوات و ئامانجی دێرین کە ڕزگاری کوردستان و نەجاتی نەتەوەکەیانە لە هیچ ڕموزنەیەک نەترساون لە بەرامبەر هیچ دیکتاتوریک نێو چاوانیان کوریژکی تینەکەوتووەو نەشڵەژاون و لە ژێرهیچ زەبری ئەشکەنجەو جەزرەبەو کۆت وبەندو سێدارە بە چۆکدادا نەهاتوون و هەموو ژیانیان لە پێناوی تاسە و ئاواتیان، هەتاگیانیان لە ریگای یەکیەتی و تەبایی و سەرکەوتنی گەلەکەیان بەخت دەکەن، لە پەڕیووەیی و دووروڵاتی و قوڵایی بەندیخانەی ڕێژیمەکانی خوین مژو ئەوندە فیکر وهزرەیان گچکە و بەرتەسک دەبێتەوە وەخۆش هەڵناکەن و دەخۆشیان ڕوودێن ئەوها زەختیان دەچێتە سەرو پشوویان پەنگ دەخواتەوە بە داروبەردهەڵدڕوسکێن و هەتا دەبەریەکتر ڕۆدین دەیانهەوێ ئەوهەی بەدەیان ساڵ خەمیان بۆ خواردوە خمیان داڕشتووە بناخەیان بە ئەسرینی خویناوی سۆمای چاویان داناوە و هەرخشتێکیان بە هەزاران تاسە وئاخ وئۆف لە سەریەک کەڵەکە کردوەو شورەو پاردەی سەرکەوتنیان لێ کیشاوەو بەخوێنیان پەرژین کردووە، لەگەڵ خۆو ڕەچەڵەکەیان پەیمان و شەرت و گرێبەستی مان و نەمان گریداوە،دەیانەوێ بەلایەزو تانەو پەللاری توانج و تۆمەت لە ڕەگەو ڕیشەی دەربێنن دیوارەکانی، بانی، میچی، ئاڵاشی، بەرهەلێخی، خەسارەی، ستوون و کۆڵەکەکانی لە بەریەک بترازێنن و بە فکری ئاڵۆز تێکی بهەڕمێنن و هەرسی یەکجارەکی پێبێنن و بیڕوخێنن! لەخۆیان ناقایل و لە دەروجینارحیجزو دڵشکاو لە هاوسی زەدەو دل ئێشاو! لە دۆست وهاواڵ و هاوسەنگەرو وهافکرو هاودەم نەبان وقەلسن. بۆیەناڵێم نەبان کە بانووکیان بۆ بێنن، بۆیەدەڵێم نەبان کە لە هێلانەی خۆیان باڵفڕیان کردەوە تووشی ئەو ئازارەبوونە، هەموو خۆشەویستەکانیان هەتا حیزبەکەیان دەسەرکێشەکانی کەسینی و کورسی دەسەڵات دەگیڕن، بەڵام کام دەسەڵات ئاخۆ لە هەڵوادایی و دەربەدەری دەسەڵات ماناو مەفهومی هەیە، کە وایە دەسەرهزری پەشیواوو پەنگخواردوی خۆیان دەگێڕن ،ئاخۆ ئەمە خۆوخدەی دوورە وڵاتی و دەرپەڕین لە وڵات و دەردو ئازاری ئاوارەیی و لە زێدو نیشتمان و هەڵقەندراوەیە یان فڕوو فیکی کۆچەری و دابڕان و یان تام چێژی بەخت ڕەشی ونەکبەتی و نەهاتییە؟؟

ئەتۆی دوێنی لە سەنگەری مێراتی سینگ بەقەڵخان کردوو چقلی چاوی نەیاران و داگیرکەران، ئاوازەت لە لوتکەی چیاکان لە دوندی بەرزی کێوو بەندەنەکان بەرەو دۆڵ و گەڵی و پانەکە و نزراو هەڵدێرو ڕژدو گەوەو پێچ و تەلان و باوەشەو لێژو هەورازونێشو دەخوشی و ناڕەتەت لە پێدەشت و بانوو بانوو باسک و زیندوان دەگەڕاو داگیرکەری ملهوڕی زورداری نەمژی زراوبردوو دەکردو دەتۆقاند، هەنۆکە لە قوندەرکان بەلارەمل دەستی داواواکاریتان لە بەر کێ پانکردۆتەوە! ئەوەی لەگەڵ دوژمنت هاواڵ بوو دەستی خوێناوی جەلادی تۆی بە گەرمی دەکوشی! ئەتووی دوێنێ رێبەرو

ڕێنێشاندەرو چرای شەوە زەنگی ئەنگوست لە چاوی حیزبەکان و برینی کۆن و تەشنابووی ئەوو ئەمت بەهەستی زانین و ئەزموونی درێژخایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەردەکردن، ئێستا لە ماڵی خۆیان گوڵلەت بەچاوی وەدەنێن، لەوان سیلەی چاوی چ چاوەروانیییەک! ئەتۆی دوێنی بەرەوترۆپی سەرکەوتن هەنگاوت نابوو نموونەی راپەڕین وسەرکەوتن و ورەبەرزیوو ئیمان و بیرو باوەڕی قایم و پتوون بووی، هەنۆکە وەک قانگەلاشک هەر سۆزەو هەر پشوە بایەک دەترفێنێ وەهەوات دەخا لە دۆڵ و گەڵی بەرتەسک وتەنگە بریش خۆت پێ ناگیرێتەوە!پێم ناڵێی کێی؟؟

ئەمن نامەوێ لە سیاسەتی حیزب بدوێم چونکە بێگومان ئەوەی ئەوان ئاگادری بارودۆخ وهەلوومەرج و سەینەوبەینێن ودەیزانن، ئێمە لە دەرەوەو لە دوورە وڵات لێی دوورە پەرێزو نامۆین، و خۆ لە قەرەدان لە کاری سیاسی بە بیسم اللەیەک نابڕێتەوە دەبێ ئەلحەمدولیلایەکەش بەڕەوانی بخوێنی! بەڵام نامهەوێ بە وڕێنە بژیم و لە خەوندا ئامانج بپێکم یان سواری باڵی خەیاڵ و تاسە بم و چۆلەوارو بەندەن وقاقرو سارا ببرم وەک میش هەنگوین کوێم پێخۆش بێ لە وێ لە بۆن وبەرامەی گولان هەڵمژم و یان بەمەست و کەلالەیی لە گۆشەی مەیخانە ڕابویرم چونکە پێم خەیانەتە کە ئەو مناڵانەی بە دەسرازەی دەرەکی پێچراوەتنەوەوو لە لانگی نانیشتمانی گەورەبوونە ناوی دەرکیان لەبن گویدابانگدین وبە شیری نادایکیان فرچک بدەین و بۆی لە گویی گایدابنوین هەرنەبێ وشیارکردنەوەیەک! بەشقی خوایە هیمەتێک بێ لەرۆژی هەڵکەوت جارێکی دیکە زیارەتی ئاووگەلی زێدکەمان بکەین. با بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگانی خۆمان هێندیک سواری باڵی خەیاڵ بین و بەرەو دوارۆژبگەڕینەوە. ئەورێژیمەی کە هەنۆکە وەک ئاسنی ساردی لێهاتووەو چی دەگویچکە ناچێ دوێنی هەزاران سەربازو پاسداروو جاش و سارولڵەو جوندوڵلەو حەلەم قەلەمی لە کوردستان نیشتەجێ کردبوو، دەیان سیخوری لە بۆسە نابوو، سەدان یانیگرو ورکەخۆرو چڵکاوخۆروکاسەلێس و بەرەڵلای بڵاو کردبۆوە، سەتانی تری لەو جۆرە هێزانە لە پایەگاو بنکەی نیزامی مۆڵدابوو ئاخۆ قەت بە کردەوە توانی بەسەر کوردستاندا حوکمات بکات؟ بێگومان نا. چونکە ئەگەر هەمووبن پنچکەکیش جێگاوشوێنی پێشمەرگە نەبوو هەموو بنە گۆگەمەک و تەڵاشێک سەنگەری خۆبەخت کەران نەبوو بەڵام دوژمن ئەوها توقیندراو زراوبردوو ببوو کە لە لە خشپەی لاسکی هەموو قانگەلاشکەکیش دەڕەویەوەو خۆفی دەکرد، چونکە لە دوندی کیوەکان بگرە هەتا پانەگۆرایی ودۆڵ و دەڕە هەتاسیبەری خانوەکان لە گوندوشار جێ هەڵمەت وزەبری گورچووبڕی پێشمەرگە بوو. ئیدی بۆ دەم و دەزگای ئاخۆندی هەربستێک خاک لەکوردستان خەتی سووربوو. هەموو جیرەخۆرودەست وپێیەکانی ورەیان بەردابوو، بەلام بە خۆتێهەڵقوتانی دەستی خۆماڵی لە ئۆلکەی خەبات، دێرۆکی خۆفرۆشی لە مێژوو تازە بۆوە،حیزب بەهۆی ڕەشەکوژی کوردستانی چۆلکرد. هەنۆکە 12ساڵ لەوڕیکەوت تێدەپەڕێ جەلادان ومرۆڤ کوژانی ئاخوندی کوردستانیان کردۆتە شوێنی ڕمبازی خۆیان هەمولایەکیان بەتەقڵە تەنیوەتەوە خەڵک لە شەقامی شارەکان دەگرن و قوڵبەست دەکەن و لە پشت ماشینیان دەخەن و لە دووی خۆیان ڕادەکێشن، ئاهانەت وبێ حورمەتی گەیوەتە ئەو پەڕی خۆی ڕۆژنییە دەیان ڕۆڵەی کوردستان نەگیرێ و حەپسی درێژخایەنیان بەسەردانەسپیندرێ یان لە سیدارەنەدرێن، وڵات بەکردەوە لە ژێررکێفی کۆماری سەرەڕۆدایە چونکە ئیدی لە بن هیچ تەپۆڵکێک و لە پەنا چ گاشە بردێک لە دوندی چ ڕازو ڕەوازو هەڵمووت و چەخت و تەلان و پانکەو دۆڵ و دەرە هەیبەت و هەیکەلی پێشمەرگە ئەو فرشتەی ڕەحمەت و ئاشتی نابینرێت.

دێتەوەبیرم لە سەردەمی شاه کەڵ بەموو بەند بوو رێژیم ئەوەندە بەسام بوو کەس پڕبەپێستی خۆی نەیدەتوانیێ بجوڵێتەوە،پیرە ئەمنیەکی بێچەک چوبوایە هەرئاوەدانییەک وپێی ڕاگەیاندبان کە فەلان ڕیکەوت بە درشت و ورد خۆ بە فەلان ئۆرگان بناسێنن کەس قودرەتی نەبوو چرکەیەک خۆی بگنخێنێ! ئەو کاتیش حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران تیکۆشانی نهێنی هەبوو ئەوکاتیش هەموو ماڵە کوردێک لە کوردستان ماڵی پێشمەرگە بوو. هەرچەند لە بیر چوونەوەیەکی دوورەودرێژ، یەک چوارم سەدە گەمەی پێناکرێ!
لە سەرئەوەش راکەلە 1375هەتاوی ڕێژیم دڵی لەکۆتان کەوت، حیزبی دێموکڕایی کوردستان دەست وجێ جێگای خۆی کردەوە هیندی بڵیی یەک ودوو لە سەرانسەری کوردستان پێشوازی لێکرا هەزاران بنکەو تەشکیلات کرانەوەو هەزاران لاو گەنج بوونە پێشمەرگەو چەکی ئابڕوو شەڕافەتیان هەڵگرت.

وەک دەزانن خومەینی لە دەرەوە ڕۆژێ دەیان داخۆیانی یەکیەتی وبرایەتی وپێکەوژیان وکش وهەوای دێموکراسی و مافی نەتەوەکانی لە شەیپوڕی گۆڕەپانی ئازدی دەتوڕاند و هەزاران سەماکەری کورتانخوارکراوەی ئاخوندی و فلان و فیسەرانوو سینە زەنی محەڕەمی حوسینی بە دوایداد وەک بەراز دەیانفشقاندو گروپیکی فریوخواردوی سیاسیشی پاشکۆ بوو. چ نەما نەیلێت و کیسە هەڵدرוونی خەڵکی ئیران بۆ پارەی پشکەبەشی گازونەوت سویندوقورئانی لە سەردەخورا!کاتیک خومەینی دەستی لە دەسەڵات و ئیختیداربەند بوو مانای ئازادی و یەکسانی هەموو لەمە داکورت کردەوە کە بە هەمووهێزوەبەگژحیزبی دیموکرات دابچێتەوە وسەرئەنجام فتوای خەزای گەلی کوردی دەرچواند! و بینیمان بەدەنگی بەرزهاواری کرد: " دەی برۆن دی ئەو سوننە کافرانە بکوژن". ئێستاش دوایی سی سال خوداهەڵناگری جانمازیان لە سەردریای خوێن دەگەڕێ هەموو یەک لە یەکتر لە کوشتن وبڕین شارەزاو قەسابن.

هەرچەند نەیاربێ بەزەبیە، سەرەڕۆبیە، قەرەقوشە، چەنگ بەخۆینە، لە چ جنایەتێک دەست ناگێڕێتەوە، لە خولقاندنی چ کارەساتێکی دڵتەزێن خۆی ناپارێزێ لە هیچ جۆرە خوێن مژین ناپرینگێتەوە، ڕوحم بە کەس ناکات و لە قاموسی ویدابەزەییی ماناو مەفهومی نییە، ئەو نەیاری دەیان و سەدان گوندی ئاگردا هەزاران مناڵ و زارۆک و گەنج و پیرە پەک کەوتەی جینوسایدکرد. بە ئاگروئاسن خەریکی کاول کردنی کوردستان بوو و هەزاران زگی دڕاند سەری بڕی. هەنۆکەش دوایی سی ساڵ هەر ئەو عیفریتە زەبەلاحەیە! بەلام وەک مێژوونیشان داوە سەدانی وەکوو ویش هەتا لە وی دڕندەترو دڕتر، خۆیان لە بەر زەبرێ شەپۆلی ڕقی داخ لە دڵان ناگرن. بەو مەرجە کە خەباتی چەکداری هاوکات لەگەڵ خەباتی سیاسی بەرەوپێش بچن بێگومان ڕیژیم بەرەو ڕوخان و نەمان دەبێ. چونکە بە حەقیقەت دیالوک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت لە ئێران و تورکیەو سورییە بە بێ خەباتی چەکداری گوێزبەگومبەزدادانە!

دیالۆک لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو شیاوی دابەزینە کە هەمووشت لە خۆپێشاندان ودەنگ دەربڕین لە چوارچیوەی دێموکراسی ئازادە، کەس پێش بە داواکاری خەباتگێران ناگرێت وداوەی خەڵک لە لایان دەوڵەت جگە لە وەی یاساخ نییە و سەرکوت ناکرێ گوی بۆڕادەگیرێ.

بەڵام لە ڕۆژهەڵات ئەوانە حیسابیان بۆناکرێ،ئەوەتا ئامریکابەوهەمووهێزو قودرەت و تواناو دەسەڵاتە نەیتوانی دێموکراسی لە رۆژهەڵات سەقامگیرکات. چونکە خەڵکەکە ماناو مەفهومی دیموکراسی نازانن، ڕاستەدەڵێن: دەورو بەرو مەڵبەندی ژیان، مرۆڤ دەحاملێنێ.   دەجائەوەی لەچوارچیوەی دەسەلاتی ئەو حکوومەتانە پێگەیون بەژەکی دەمارگرژی فرچکیان گرتووە بە تێکرایی بۆمافی نەتەوەکان لە زاری یەکیان تفیووە هەر وەک ئەوان فکردەکەنەوە !کەوایە لەو جۆرەحکومەتانە پەنابۆ دیالۆک بردن بە مانای دەست هەڵگرتن لە مافی چارەنووس. ئەو برایانی کوردستانی باشوور کە ئیستا ئەوە بەقەد و گیپال و دەست وپەنجەی خۆیان هەڵدەلێن و هەناسە ئازاد هەڵدەکێشن بە وەزارت و دەوڵەت گەیشتوون و خاوەن پارلەمان و لەشکرو قۆشەن و دەم و دەزگان و دەرکی لە ماڵی خۆیان دەبێنن و دەبەردان پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەسەرئەوەندە فیدراڵە دەلمەیە بگێرن دەمێکە بانگەوازی دیالوک دەدەن و گۆرانی بۆ هەڵدەبستن، رۆژش نییە لە دەست ئیران و تورکیە هاواری خەڵکی بەلەنگاز بلیندنەبی ماڵ و حاڵێان بە بۆمبای ئەوئینسان کوژو فاشیستانە ویران نەبێ هەڵوەدانەبن. کەوابوو ئەو هەی هەیانە لە سایە چەوری سسیبەری ئامریکایە نەک دیالۆک!

دەجا پێشمەرگەکانی ڕێبازی شەهیدان قازی و قاسملوو هەڵۆیانی بەرزەفڕ لەبەرسامی پاسدار وچەتەکانی ئاخۆندی کوردستانیان بەجێ نەهێشت، ئەمە سیاسەتی برایانەی ئەو دۆستانە بوو کە نانیان دەخواردین و ناندێنیان دەدڕاندین! دەنا ئەوکاتی کە ڕێژیم دەیان لەشکری لە کوردستان یخ دەدا رۆژنەبوو پیشمەرگە حەماسە نەخولقێنن، ئەگەر بە ڕۆژحکومەتی گەندەڵی ئاخوندی بە سەرهێندیک شوێنی کوردستان داحوکمرانی دەکرد لە ڕۆژئاوابوون کونە مشکی پێ قەیسەری بوو، ئەمە خەباتی چەکداری بوو. ئەو زەبری گورچووبڕی پێشمەرگە بوو کە دێوی جەمارانی تۆقاندبوو، ئەو خەباتی شۆڕشگێڕی بوو کە دڵەراوکەی وەخۆفرۆشان خستبوو، ئەو هەڵمەتی لاوانی دیموکرات بوو کە حکوومەت هەرچەند بە فیل ودەهۆ بەلام مەجبوور بە دانێشتن لە گەڵ حیزبی دێموکرات دەکرد،وەک دەبینین دیالۆک بەداخەوە قەت نەیتوانییە و ناشتوانێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خۆی بنوێنیت! ئەوانەی بە دیالۆک هەڵدەلێن زۆریان هەنۆکەش بەلارەمل جیرەخۆرو چڵکاوخوری لاشیپانەی بارەگای کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی فاشیستی تورکیەن. کەسیک لەو وڵاتانە بە دیالوک مەتمانە بکات لێی پاڵداتەوە دەگویی گایدابنوێ بێگومان قەبەزەی پشتی دەشکێ.

دەجاشیوە خەباتی هەنۆکەش پێویستی بە چەکدارییە. بەبێ خەباتی چەکداری ئەو دڕندانە حازرنین گوێچکە بۆمافی گەلانی ئیران یەک لە وان نەتەوەی کوردشل کەن،بەبێ خەباتی چەکداری دەنگی کپ کراو ئاوازە ناداتەوە، دەوڵەتانی زلهێز بە بێ بوونی خەبات و شورشگیری نەتەوەکان ئاوڕمان لێنادەنەوە ، ڕەنگە قولایی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەکووخۆی نەمابێت، بەڵام هەست و ئیحساسەکان ئێستاش وەک ئاوی مەنجەڵ قژقژ دەکوڵن، ئەگەر لە کوڵیش کەوتبن دیسان وەکوڵ دێننەوە، چونکەپێتان وانەبێ ئەوەی لە دەرەوە نییە ئەوە پاڵێداوەتەوە، گوشارەکە پترلەسەرەوانە، زوربەی خەڵك ئاواتەخوازی هەڵوەداییە چونکە زیندانەکانی ڕێژیم لە بەندی کردنی رۆڵەکانی کورد ڕۆشنبیرەکان و نووسەرکان وخەباتگێڕەکان هەرجمەی دێ. ڕەزاگرانی ڕیژیم و زەبرو زەنگی حکومەتی فیتنەوفسادی ئاخوندی وایکردوە خەڵکی کورد سیبەریشیان بەتیر بەنگێون بۆیە ئەمن پیم

وایە هەرکات حیزب ئەو هەنگاوە هەڵینێ هەتا بۆ ئیسپاتی مەوجودییەتیش بێت، جارێکی دیکە ڕێژیمی ئاخوندی بۆ دانیشتن بەچۆک دادێنی، بەتایبەت هەنۆکەش ناوی کورد پترلە جاران لە دەرەکی دەنگی داوەتەوە گوێچکەی دونیا بەرامبەر بە داوو مافی ڕەوای کورد هاوەڵاترەو تیکۆشانەکان لە کۆلەکەی فکرپەنگ ناخۆنەوە، ئەمن پێم وایە زۆرهەل لە دەست چوون ئەگەر ئەو کات ئامریکادەستی بەسەرعیراق داگرت، ئەگەر ڕێبەرانی کوردستانی باشوور دەستەو پەستەیان لە گەڵ ئیران نەبوایە بە ئەمریکایان پێشنیاری شێواندی ئیران بە دەستی حیزبەکان دابوایە،ئیدی ئیران نەیدەتوانی ئیراق بکاتە هێلانە زەرگەتەو ئولکە شەڕو تەقڵەو ڕمبازی وشەرناخیوی و قۆڕخانەو جبەخانە لێ کەڵەکە بکات و تڕوڕیستی تیداپەروەریش بکات ودەیان پیاوکوژ بنێرێتە ئێراق ومهدی لێ سازدات و بەرەبەستی ڕەوڕەوەی بەروپیشچونی دیموکراسی بێت، ئەو چالاکیانەی کراون کاری ئیران نەبوو، شێعەش نەیدەوێراو هەتا نەشی دەتوانی بە تاقی تەنیا و بێ پشتیوان وداکوکی و ڕەزامەندی کوردەکان خۆی لە قەرەی کارێکی ئەوها بدات، هەتا وای لێبێ کە کاربگاتە ناردنی هامیلتۆن و راپۆرتەکانی تێشکانی پلانی بووش و ئەو هەموو کوژراوەی لێبکەوێتەوە!
لەراستیدا ئێران بە پشت ئەستووری کوردو شێعە سەربازانی ئامریکای کردە نیچیر، بێگومان ئامریکا ئەو هەموو کوژراوەو بریندارەی نەدەبوو، چەقەو گوڕەی ناوەخۆی و پاڕڵەمانی ئامریکا و دژایەتی لە گەڵ بۆش بۆ راگرتنی پلانەکەی چەقەرەی نەدەداو لە جیاتی (400هەتا 500میلیارددولار دەیتوانی بەچەند میلیارد دولارسەرکەوتن بەدەست بێنێ نۆرە بگاتە ئێران. بەڵام نابی حاشا لەمە بکەین کە حیزبەکانی کوردی رۆژهەلاتیش کەمتەرخەمیان کرد چونکە فارس گوتنی: آنچەعیان است چەلازم بەبیان! دەجا پێویستە بەسەر سیاسەتەکانیاندا بچنەوە بەڵکوو گەلێک هۆکاری دیکەشیان لەمەڕ دابران لێکتر، بۆباشتر هەلاجی بکرێ!
ئێستا ئەگەر بە ڕاشکاوی پەردە لە سەرنهێنیەکان هەڵدینەوە دەبینین کە رێبەرانی هەریم بە تایبەت مام جەلال و نێچیربارزانی کارەکیان بۆ ئیران کرد خزمەتەکیان پێکرد کە هیچ شێعەیەکی ئاگر گەرمی دوازدە ئیمامی نەیکردووەوە، بە ئەنقەست لە تێگەیاندنی ئامریکا بۆ پێشنیاری شێواندنی ئیران بە دستی حیزبەکان خۆیان بوارد، کارەکانیان بەپێچەوانە بە زەرەری کوردو ئامریکا و بە قازنجی کۆماری ئیسلامی ئیران تەواو کرد، دەنا ئەگەر وانەبوایە ڕەوڕەوی دێموکراستی بەرە بەست نەدەکرا بەلام رێبەرانی کوردی باشوورنەیاندەویست ئیران تێبشکێ دیارە ئەو سەوداومامەلەی نیوانیان بۆ ڕابردوو دەگەڕیتەو مێژووی کۆنە! ئەو کاتیش ئامریکا زۆرنامۆ بوو هەموو هیوای لە سەرکوردی باشوور هەڵچنیبوو لە قسەکانی مامۆستا مەلاعەوڵلا حەسن زادە زۆرشت هەڵدەکرێ ئاخو سیاسەتی حیزب ئەوکات چلۆن بووە،مەگین حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیدەزانی: آزمودەرا آزمودن خطاست !بەڵام بۆیە تێکۆشان و حەول و تەقەلای رێبەرانی کوردی باشوورم لە مەڕ سەرکەوتنی ئیران لە لا سەیرنییە چونکەفارس گوتنی: "ازکوزە همان تراود کە دراوست.!

حامیدڕەشیدی زەرزا
ئوستەڕالیا،سیدنی،
2008/7/7ی زایینی.

**(12)**

**دسیسه شیادآخوندی،**

درموردپاسخی آقای قانعی فرد به جناب آقای دکتر گلمرادی،

درتاریخ 2008/7/6 میلادی نقد بسیار ادیبانه‌و محترمانه و شیوا از جناب آقای دکتر گلمرادی بر تکرارو مکررات دو مورد از نوشته آقای قانعی فرد،درموردشهید زنده‌یاد دکتر قاسملو را خواندم که ازسر چسمه‌خلوص نیت رهنمون حکیمانه و دلسوزانه داده‌بود، تا در کاری تحقیقی خود دچار اشتباه‌و لغزش نشودو حرمت بیطرف بودن رامراعات نماید. گمان این بود که پاسخ آقای قانعی فرد هم درخور همان احترام و مداقه نگری و باریک بینی و دوراندیشی باشد. که خوانندگان ضمن اندوختن فیض و کمال برآگاهی سیاسی خود نیز بیفرایند اما متاسفانه پاسخ آقای قانعی فرد شمشیر برنده‌و بیرحمانه‌ای به‌کف داشت که باصغراء و کبرا تراشیدن همه‌را به نیش تیزی توپ و تشر خود گرفته بود. از میمنه به میسره در جولان وتاخت وتاز بود. قاعدتا پاسخ به نقد باید درهمان چهارچوپ وباستناد مدلل و ازهمان زاویه و درهمان حوزه نه بیش و نه کم‌م باشد، اما آقای قانعی فرد مثل اینکه آنقدر تحت تاثر عواطف درونی و بعضی ازنوشته‌های دیکته شده‌آخوندی قرارگرفته و آنقدرعجولانه و شتابزده جواب داده‌بود که برخلاف شیوه پاسخگویی بدون اشاره به موارد انتقادی و صحت وسقم آنها از کوره دررفته و با پرت و پلا گفتن برای گم کردن رد پای ازخود دوغ و دوشاب راقاطی کرده‌بود. بدون اینکه پاسخش اصلا ارتباط به دو موردنقد اشاره شده داشته باشد. ضمنا به برخی از نخبه‌گان و رهبران حیزب تاخته‌بود و سرانجام آنقدرموضوع راکش داه‌و بیراهه رفته‌بود که شرح جزئیات برنقدرا از یاد برده‌و حتی دربرخی عبارات و جمله و پاراگراف و تکرارو مکررات مستقیما از شئونات حیزبی با قضاوت نادورست سخن رانده و آن را درپس و پیش و منحصربفردو منحط و درزمره یاوه‌سرایانی جمهوری اسلامی چنان آمیخته بود که تفکیک آن برای خواننده مشکل مینمود، همچنین تشکیلات احزاب کردی رابی محابا بباد انتقاد گرفته از رادمردان کرد به‌شیوه رضوخوانان جمهوری اسلامی سخن رانده و آنها راخمیرمایه‌ی ترشیده وفاقد خاصیت و له شده بدون زمینه‌ساز و پارقص این وآن و وصی ملت کرد نامبرده‌است ودر واقع ملت کردرا نفهم و فاقد درک تحلیل وشعور اجتماعی و سیاسی و عقب مانده‌تر از وحشی های جنگل ئامازون شناسانده‌است! بدون اینکه انگشت روی یک مورد ازسوءتفاهم بگذارد که قابل تامل باشد، لذا این طرز صحبت کردن و نوشتن و داد سخن از زبان و قلم یک تحصیلکرده کرد که مدعی کار تحقیقی است بسیار بعید و ناهموارو ناپسند مینماید زیرا یکی ازشهامت جوامردانه اهل قلم این است حتی درموقع که دچار تلاطم وناملایمات روحی هم بشود باز به وراجی پناه نمی برد ودیگران راتقبیح نمیکنند زیرافلسفه بافی و کاسه‌و کوزه بر سرآن و این شکستن وتهمت ناروا به‌دیگران زدن و چندرنگ شدن و افکارمسموم

رابه دیگران ترزیق کردن، یکی ازشیوه‌کار حیزب توده بود که دیگر حناء اینجور تبلیغات رنگ نمیدهد آنان میتوانند دردل ملت کرد بنشینند که کردارو پندارو گفتار زردشتی دارند و معنی ومفهومی نام و ننگ رامیفهمند. لذا قبل ازاینکه به نام یک خواننده اجمالا به‌راجیفهای قانعی فرد پاسخ بدهم. میخواهم بگویم: قبلا بعض مطالب ایشان رابطور جسته‌و گریخته درجراید خوانده بودم که برخی از آنهانقد پذیر بودند ناگفته نماند درلای آنها همصدای او با مسند نشینان تهران هویدابود و دست این نویسنده کرد را دراین بازی رومیکرد با این همه علاقه داشتم نوشته‌هایش را بهتربخوانم حتی برای بدست آوردن کتاب اخیر ایشان بسیار تقلاکردم ولی موفق نشدم.

1-قانعی فرد در بررسی منابع به قول جناب آقای دکتر گلمرادی نکات منفی یعنی آنچه کاسه لیسهای جمهوری اسلامی بعد از ترور زنده‌یاد دکترقاسملو به او نسبت داده‌اند تاآنجا که توانسته وسعت بخشیده و برجسته نموده‌است و درمورد نکات مثبت آن، خودرا به کروکورو لالی زده‌است. درصورتیکه محقق که مدعی بربیطرفی است باید دانیستنیهارا درپاورقی شرح به‌هد تاسره را ازناسره برای تاریخ نوسان از ابهام خارج نماید. اماقانعی فرد درحقیقت انجام وظیفه نموده‌است، که بیگومان این نوشته‌ها بی ارزش تر له کاغذهای باطله‌اند که در زباله‌دان میریزند. البته امثال آقای قانعی فردبسیارند برای نموونه: "همه نویسندگان آذری از عصر صفوی نظیر حسین بیگ روملو، اسکندربیگ ترکمان، ملاجلال منجم و نوینده‌عالم آرای صفوی و تا به نویسندگان معاصری چون احمدکسروی تبریزی، رحیم زاده‌صفوی، عبدالحسین نوائی، حسین مکی، علی دهقان و... رویدادهای قرنهای پیشین ودرگیریهای اکراد را با زورمندان ستمگر ایران از دیده دولت بیان میکنند همه‌شورشها و خیزشهای کرد را در راه آزادی و بیرون راندن اقتدارستمگرانه بیگانه از کردستان یاغیگری و ناروا میدانند و نام طغیان، فتنه، نافرمانی، غایله، آشوب و... برآن می نهند" آیامیشود به‌این نوع اراجیف رنگ وروی تاریخی داد؟ مطلقا نه. زیرا اینها مهملاتی بیش نیستند وطبیعی است افراد با وجدان آنهارامنبع نمیداند. پس مترجم یامحقق باید ضمن نوشتن این گونه اراجتف لااقل واقعیت را درپاورقی شرح دهد. نه‌اینکه‌سعی کند آنهارابه‌عنوان تاریخ بخورد مردم ناآگاه بدهد. درحقیقت وجدان قبای است به‌بالای کسی میاید که مفهومی ومعنی آنرا بداند. آقای قانعی فرد پوست کنده دریک جمله ملت کورد راباوجود دارابودن شرایط یک ملت چهل میلیونی دربوته قوم مینشاند، تابتواند خاطر و ارضاء مسند نشینان تهران را جلب کند.
2-قانعی فرد جمهوری مهاباد را دست نیشانده‌رووسیه میداند همان تکرارو مکررات دودمان ننگین پهلوی، بدون اینکه از منابع بسیار موثق دیگر که دردسترس بوده استفاده نماید. آیا واقعا قانعی فردنمیداند کتابهای که درایران بچاپ میرسند همچون زمان شاه، درجمهوری اسلامی نیز زیرذره‌بین اطلاعات،صفحه‌بندی میشوند. پس آنها را منبع دانستن وبه آنها اتکاء نمودن ته‌نیاازکسانی برمیاید که هم مسلک احمدنژادها، چشم براه‌امام غایب درچاه سامره باشند ولاغیر.
3-قانعی فرد با دیکته از پاسداران مهدی بر تمام فعالیتهاو فیداکاریهای حیزب دموکرات کردستان ایران در63سال و هزاران شهداء کرد درنبرد بازورگویان و جلادان زمان بجهت حقوق مشروع ملت کردخط بطلان میکشد و رهبران آنرا حامل تروری شخصیت نام میبرد، در حال که ده‌ها بارسنگ کرد بودن و خدمت به‌وطن رابه‌سینه میزند، از کوردها افسانه‌های نسل دیوهای سلیمان نبی درازهان نقش میبندد.

3-قانعی فرد میگوید:چرادرجای مثل آمریکا که من درآنجازندگی میکنم کسی مانند پرفسور چامسکی حق داردشب و روز قدرت طلبی آمریکا رانقدکند،اما من کردحق ندارم کردها نقدکنم؟ من میگویم نقد سازنده و دور ازساخت و پاخت حکومت مرکزی قابل احترام است اما تبلیغات مسموع کنده برای انحراف ذهن مردم که زیرعبای تزویرآخوند بشما تلقین شده‌اند مناط اعتبارنیستند. شماازملت به‌این بزرگی که درخاورمیانه بیشترین شمارش رابخوداختصاص داده دربوته قوم می نشانی! اگر شماصاحب این شهامت میبودید کتابهایت رادرایران چاپ نمیکردند.
4-اگرشمازدوبندی باجمهوری اسلامی ندارید چرادولت فاشستی ایران رانقد نمیکنید مگر شماازوجود اینهمه بیداگری و اعدام و زندانهای مملو ازآزادیخواهان کرد و غیرکرد اطلاع ندارید، اگرآزادیخواه هستید وسنگ کردبودن وصداقت رابه سینه میزنید پس چرا تاکنون ازتو پاراگرافی دررابطه بااین جنایتهای هولناک درجراید به چشم نمیخورد درحالیکه درآمریکا زندگی میکنید ودست جمهوری اسلامی به‌شمانمی رسد!
5-قانعی فردمیگوید: درزمان قاجار وپهلوی به‌جای توسعه فرهنگی به‌کردستان توپ وتانگ و پلیس میفرستادند. و کردهارااقطاع ولطریق –متجاسر تجزیه‌طلب معرفی میکردند! عجبا مگرحکومت ملاتاریا برای ماملت کردتانگ وهواپیماوتوپ نفرستاد، تمام گلهای که درکوه‌و دره کردستان روئیده‌اند ازخون فرزندان ماست که بدست حکومت آخوندی شهیدشده‌اند! لابد شما نمی بیند لااقل آنها مارا کافر به حساب نمی آوردند. مگرخمینی با صدای بلندنگفت برویداین سنی های کافر رابکشید، مگر فتوای جهاد نداد مگربنی صدررئیس جمهور وقت نگفت پۆتین ها راز پای بیرون نخواهد آورد تااینکه کردستان را از ضد انقلاب پاک نکند ضدانقلاب چه‌کسی بودجزملت کرد! مگرآنها کردستان رابه‌ویرانه تبدیل نکردند تۆپ ودانگ وپۆلیس وپاسدار و خودفروشان را نفرستادند لابد شما خبر ازاینهمه‌شکم دریدن وسربریدن ها ندارید مگر هنوز هم درکردستان ایران کسی میتواند له ملیت حرف بزند. هنوز از دوازده میلیون کرد درکردستان ایران با دومیلیون و سیصد هزار کرد تبعیدی درخراسان یک باب مدرسه برای بچه‌های کردزبان وجودندارد؟ درصورتیکه طبق اصل 15قانون اساسی زبان اقلیتها درکنارزبان فارسی آزاداست. هر چند دستگاه تزویر آخوندی ده‌هزار جلد کتاب سال اول آموزش زبان کردی رادرسال 1365 درانتشارات صلاح الدین ایوبی به‌چاپ رساند اماجزنیرنگ و فریب دادن مردم چیزدیگر نبود. به‌قول شاعر:

چنان ریدند به‌قانون اساسی
نشویندش هزاران دیپلوماسی.

بایدقانعی فردها بدانند که ملت کردآنهارا ازخودرانده میدانند، زیرا نوکران وجیره‌بگیران در هر کسوت شناخته‌شده‌اند و کلمه نفرین بدرقه‌راه‌آنهاست.
البته موردبرای نوشتن زیادبود اماموقع که نوشته جناب آقای جهانبخش خوش هیکل رادیدم دستش دردنکند،دیگراطاله کلام راجایز ندانستم لدا به همین مختصربسنده میکنم.
باوجودهمه‌اینها حیفم میاید که یک جوان کرد تحصیل کرده بدام جمهوری اسلامی افتاده‌باشد، برای اینکه میگویم:

به شاهین خواندمت اماصدافسوس
نشان دادی توهم یک لاشه‌خواری

برو با هم قطار خویش بنشین
تو هم چون گل بدامن خار داری

استرالیاشهرسیدنی
حامیدرشیدی زەرزا.
200/7/8

.

**(13)**

**شەهید دوکتۆر قاسملوو کەڵە پیاوی کەم وینەو سیاسەتمەداری بەناوبانگی سەرگۆی زەوی،**

هەرچەند یادی دوکتور قاسملو، شەهیدی ڕێگای ڕزگاریخوازی کوردستان، لەدڵی هەموو کوردێکی دڵپاکدا قەت ون نابێ و کۆن نابێ، بەڵام ساڵهاتەکانی داخێکی گران لە سەر دڵی هەموو کوردێکی بە شەڕەف دادەنێن، شەهیدی نەمر کوڕی کەڵە پیاوەکی مەزن بە ناوی مەمەد ئاغای وثوق بوو، کە جێ شوێنی دانیشتنی گوندی قاسملو بوو. گوندی قاسملو لە دوورو نزیکی چیای دمدم (شوێنی خانی لەپ زێڕین) هەڵکەوتووە. دەگێڕنەوە: مەمەدئاغا کە پارچە مڵکەکی فرۆشتووە لە قباڵەدا نوسیویە: سەردهەردکە، مڵکی منە، بن زەوی هەرچی تیدابێت پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانە! ئەمە لەو کات و زەماندا هەستێکی قووڵی نەتەوایەتی تێدا نیشاندەدرێ و دووربینی وی دەسەلمێنێ، دەجا بێگومان کوڕێ پیاوەکی ئەوها نیشتمان خواز، زانایەکی ئەوهای لێ هەڵدەکەوێ .

(19)ساڵ پێش د.قاسملو ئەو ڕۆناکبیرو زاناو ئاشتیخوازە، کە ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بوو، لە13ی ژوئیەی 1989ی میلادی لە شاری ڤین پایتەختی ئوتریش بە دەستی قین لە دڵانی کۆماری ئیسلامی ئێران شەهیدکرا. د. قاسملوو بە پیلانی ڕاستەوخۆی چاوچنۆک و دەمارگرژو خوینخۆرو ئایل و دڵڕەش و لامەزەبانی ڕێژیمی گەندەڵ و فیتنەو فەسادی ئاخوندی دڵی گەورەی لەکوتان کەوت، میژووی کورد بە هەموو تەمەنی دوورو درێژی لە بڕینی ئەو هەموو ڕێگای بە کلۆو سندەو دارماڵ و تەژی و پڕ لە هەورازونشیوو خەباتی ڕزگاریخوازی، کەڵە مێرێکی ئەوها چازانی بە خۆیەوە نەدیوە. د. قاسملوو ئەو مێرخاس و بلیمەتی کەم وێنەو نابغە و فرەزاناو ئاگادارو پسپۆری بارو دۆخ و هەل و مەرجی سیاسی ئابووری دونیا و مشوورخۆری نەتەوەی کوردو کوردستانی پارچە پارچەکراو، بە دەستی کارگێرانی غەداری بێبەزەی کۆماری زوحاک سیفەتی ئاخوندی شەهید بوو! د. قاسملو نەک تەنیا گەلی کوردی تازیەدارکرد بەڵکوو هەموو زانا و ڕۆناکبیرو خاوەن قەڵەم و ئازادیخوازانی لە سەرانسەری گوی زەوی تاساند و هەتا دوژمنانی بە ئینسفافیش

دەستی پکۆیان بۆ لەچۆکی دا، چونکە قاسملو ئەگەر ڕێبەرێکی زاناو بە مشورو دووربین و سیاسەتمەدارێکی مەزن و روناکبیرێکی بەتجروبەو قسە پتون و ڕێبەرێکی کەم وینەوهەڵویست نەگوڕیوی کوردستان بوو، لە خەباتی ڕزگاریخوازیش دا وردبێنێکی بێ هاوتاو نووسەرو رۆشبیریکی ناوبەدەرو ناسیاوی دونیای پێشکەوتوو بوو، بۆیە بایەخێکی زۆری بە ئەدەب و فەرهەنگ دەدا، چونکە تێگەیبوو کە سەرینچاوی دیلی و ژێر چەپۆکی و چەوسانەوەی ملت کورد ناسەرکەوتوو بوون لە باگەڕەو گەردەلول و بەستەڵەکی نارۆشنبیرییە. هەرئەویش پێناسی کوردی بە دونیا ناساند و دەرەکی تێگەیاند کە کورد لە سەر ئەو هەموو مێژووی پڕ لە چەرمەسەری و کارەسات، تەنیا نەتەوەیەکە، هەتا هەنۆکە بە بەشخوراوی ماوەتەوە! شەهیدی نەمر هەموو ژیان و سەرجەمی تەمەنی لە تافی لاوی هەتا کوژانەوەی شەمی ژیانی، بۆ سەربەرزی و بەختەوەری گەلەکەی تەرخان کردو هەتا ڕۆژی تڕۆڕی لە سەر ئەم بڕیارە توندو تۆڵ و بە بڕشت بە وەفا مایەوە! ئەو کۆنە پەرست و شەمشەمە کوێرانەی کۆماری نەحس و شوومی ئیسلامی، ئەو لایانگرانی تاریکان و شەوەزەنگی تاران، ئەو نائنیسان و بێفەڕو پیلەبازانەی مهدی، بۆ بەڕێوە بردنی ئەو پیلانە گڵاوە هەموو لایانەکیان بە وردی لێکدابۆوە، یەک لەوانە کپ کردن و وەپاشدانی خەباتی ڕەوای مافی کورد بۆ سەردەمێکی دوورودریژ،و هەڵکێشانی پەردەی چڵکنی هەورەی کپ و بێخەبەری بەسەر چارەنووسی مافی کورددا، بەڵام غافل لەمە کە شاچرای ڕێنوینەکانی ڕێبەری شەهید و بیرو بۆ چوونی، لێکدانەوەو ئازەنتی و شیکردەنەوەو بەسەردا چوونەوە و خەتی فیکری ئەو مامۆستا هەڵکەوتووە نە تەنیا بۆ شاگردانی بەڵکوو بۆ تاک تاکی کوردی بە شەڕەف وەک ئایەی قورئانی پیرۆز، لە سەر ڕەفحەی بیروباوەڕیان سەربەمۆر دەمێنێتەوە و هەتا هەتایە لە ناو خوێن و دەماری کچ وکوڕی کوردی خاوەن ویژدان ئامانەتە، بیگومان پەیرەوان و بەردەوام بووی خەتی شەهید دکتۆر قاسملو، ڕیبازان و ئەمەگدارانی پەیمانپەرست، زۆر مکوڕتر لە جاران بۆ وەدەست هینانی مافی میللەتی کورد، شێلگێرو نەوەستاوەتر لە بەرێ، ڕەو ڕەوەی خەبات، بەرەو ترۆپی چیایی بیرو باوەڕی پتوون و کەلێن تێنەکەوتوو تیک نەبردوو دەبەن و بە یەکدەنگی هەڵەموت و ڕکەی سەرکەوتن دەبڕن و لە ڕێچکە بەستنی ئەو ڕێبازە بۆ پێشەبڕە لێک بڕینەوەو سەرکەوتن لە کێ بەرکێدا دەبن. هەزارن دروودو سەڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی نەمر د. قاسملوو، شۆرەسواری خەباتی کوردایەتی و هەزاران سەڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی دوژمن تەزین و چاونەترساوانی ڕێگای ئازادی، کە گیانی پاکی خۆیان لە پێناوی سەر بلیندی گەلەکیان فیدا کرد،بەخوێنی خۆیان یاکوردستان یا نەمانیان نووسی، و مەرگ و نەمان و ڕوو ڕەشی و تف و نەعلەت و نەفرین لە بکوژانی ئاخوندی و جیرە خۆرو نۆکەرانیان، و مەرگ و تون بەتون بوون بۆ هەموو داگیرکەرانی کوردستان.

حامیدڕەشیدی زەرزا

ئوستەڕلیا،شاری سیدنی،

2008/7/10ی زایینی.

**(14)**

**قانعی فرد یک قلم فروش بیش نیست،**

آقای قانعی فرد درنوشته‌های شمامی بینم درجهان تخیلات بربال خه‌یال نوشسته‌ایدو صف آرایی کرده‌اید یعنی جوانان برومند و روشنفکران کردستان ایران رادرمقابل احزاب کوردی قرارداده‌اید! اولین شمادر کدام تالارو کنفرانس باجوانان و نخبه‌گان و برگزیدگان و دانشجویان کورد ایران نشست و بر خیزداشته‌اید و آزادانه دراین باره گفتگو کرده‌اید، یادرکدام محل دیدوبازدیدسرسخن باآنان بازکرده‌اید تا ازنقطه نظر و عقاید آنها به این صف آرایی در برابر احزاب سیاسی کردستان آگاه و پی برده‌باشید! لابد (برای این موضوع هم فصلی از اراجیف گویی در کتابت خواهید گشود! دوم اینکه ازشمامیپرسم آیاحکومت دروغین آخوندی اجازه چنین نشست و کنفرانس به جوانان و روشنفکران ودانشگاهیان کردخواهند داد، تادرمورد تعین سرنوشت یعنی(ملت کرد)حرف بزنند؟ آیا امکان چنین چیزی اصلا وجوددارد! قطعا که نه؟ پس چرا با این مهملات و خیالبافی خود رارسوا خواهید کرد، اینها یا ساخته‌و پرداخته تخیلات درونی شما هستند که ازعقل سلیم بدورو بعید است یا اینکه انجام وظیفه آن را بصورت سمپاشی فکری بشما سپرده‌اند که دارید شب وروز نشخوارمیکنید. شما درکشوراین حرفهارامیزنید که قانون اساسی خودشانرا که ضروری باشد میجویند وعبارت آن را می لیسند تا محتویاتش اجرانشود. برای نمونه اصل بیست وسوم میگوید: تفتیش عقاید ممنوع است و...درصورتیکه درمدت زمامداری این حکومت گندیده تاکنون صدها شخصیت برجسته‌و نامدارازنخبه‌گان ایران واحزاب سیاسی به‌این اتهام زندانی یا اینکه به جوغه آتش سپرده شده‌اند و تمام احزاب سیاسی منحل گردیده‌اند. اصل بیست چهارم قانون اساسی میگوید: نشریات و مطبوعات دربیان مطالب آزادندو... درصورتیکه اکنون اکثر مطبوعات باستثناء وابسته به رژیم، بسته و نویسندگانشان به زندانهای طوالمدت محکوم شده‌اند و بعض ازنویسندگان کرد ازجمله فرزادکمانگر،محکوم به اعدام شده‌اند. اصل پازده قانون اساسی میگوید: استفاده از زبانهای محلی و قومی درمطبوعات و رسانه‌های گروهی وتدریس ادبیات آنها درمدارس،درکنار زبان فارسی آزاداست. درصورتیکه درظرف سی سال حکومت آخوندی هنوزیک باب کلاس زبان کردی درسراسرکردستان بازنشده‌است و آن چند مجله هم برای سیاست خوداجازه نشر فلکلورو داستان داده‌بودند بعدا بسته شدند. ولی شماباوجود دیدن این همه احجاب گری ازحکومت آخوندی میگوید:

بریده‌نوشته قانعی فرددرداخل گیمه:
((مساله قومیت ها –به ویژه کردها –در داخل ایران ، مساله ای خاص و قابل توجه است که همیشه در پوشه قرمز نگهداری می شود و چندین کارشناس و مشاور – بومی و غیر بومی – در این باره طبیعتا با حکومت مرکزی همکاری و مراوده دارند . بالاخره کنش ها و حرکت های سیاسی و اجتماعی و فرهنگی داخل کردها از نظر و دید آنها دور نیست و البته این مساله کاملا طبیعی است ؛ اما چند حساسیت هم وجود دارد ( هراس از جدایی ، تجزیه و... ) و برای شکستن این دیوار بی اعتمادی و ناباوری ، طبیعتا باید کار جدی کرد آنهم کار فرهنگی درست و زیر بنایی و زیر ساخت ها را از نو ساخت و کلید واژه ها را باز تعریف کرد . .....))

بگوببینم این مسئله خاص و قابل توجه که به قول شماهمیشه درپوشه قرمزنگهداری میشود چیست؟ که غیرازشما کسی نفهمیده وبه رمزآن پی نبرده‌است ،این کارشناس و مشاوربومی و غیربومی چه کسانی هستند که بدون اجازه ملت کرد باحکومت مرکزی درهمکاری ومراوده هستند،و این بسته مشوق چیست که به ملت کرد هدیه میشود لیکن خودش ازآن بیخبراست ،عجبا این تخیلات است یا یکی از غیبگوی مهدیست دروجودشمارخنه‌کرده‌است! آقای قانعی فرد این مهملات دیگر تاثرگذارنیست ،دست حکومت روشده‌است. اما چرا شما آبروی خودرادرگروخیانت جباران تاریخ میگذارید، برای یک دانش بژواین حکایت خواب خرگوشی نیست! اما درمورد تجزیه‌طلبی ، بگفته شما احزاب سیاسی نتوانسته‌اند با حکومت ازدرصلح وسازش درآیند زبان اورانمیدانند، تا او راقانع کنند که تجزیه طلب نیستند، مگرحزب دموکرات بعد از پیروزی انقلاب دست به اسلحه‌برد! مگرنه‌اینکه دکترقاسملو آماده رفتن به‌تهران شد که به‌مجلس راه‌یاند که خمینی عبارات (مفسدوفی الارض) که درعرف آنها بمنزله اعدام است برزبان آورد. مگرحزب دموکرات پشتبان خودراازدولت بازرگان اعلام نه‌کرد. بگوو ببینم زبان صلح و سازش ازاین نرمتر! پس چرا بادستاویزو مستمسک به دروغ جنگ راآغازکردند. وبعدازجهاد خمینی هم که امام نامه‌نوشت مگر دکتورقاسملو لبیک نگفت،پس چرا ده‌ها لشکرو تانگ و توپخانه به کردستان گسیل داشتند. این یاوه‌سرایی به‌مدرنیته خامنه‌ای میماند که چندسال دول غرب راگول داد ، تا درپناه‌آن 18سال مشغول ساختن بمب هسته‌ای بودند. آخوندها درواقع شیاطینن، وهمدستان آنان شیاد. ودرمورد هویت شناسی، که درنامه شماآمده‌است واقعاازنوشتن آن خجالت نمیکشی! چه‌هویت شناسی یعنی هنوز حکومت ایران هویت کردهارانشناخته‌است اگرچنین است خمینی جهادبرای که داد و هیئت دولت درزمان حکومت بازرگان با نماینده‌گانی کدام حزب غیرازدمکرات وکومله می نشستند، هویت شناسی یعنی چه! اما اینهاجابرند لامذهب اند آدم کشند. اکنون مگرهویت کردهای عراق که باآنها پیمان می بندند معلوم نشده‌است،این حکومت مرتد با اجیرگرفتن افرادچون شما میخواهد درکردستان سمپاشی فکری بکند ولاغیر. امادیگرحناء آنها رنگ نمیدهد. و تبلیغات افراد امثال شما درنظرنو نهالان و جوانان تحصیل کردو روشنفکران و بقیه قشر جامعه‌کرد، جز بی آبروی زمامداران چیز دیگرنیست.

نوشتن شما که اکثرحالت روانی دارند فکرمیکنم کینه توزی شخصی موجب بوجودآوردن این بحران فکری گردیده باشد که روحیه شما راجریحه دارکرده است،اما معنی آن این نیست که شما عقده شخصی خودرا دردامن فکرسیاسی خالی کنید وجود ناهنجاریهارابه‌معنی دیگرگون به نقد بکشی رنگ تبلوربدهی.

آیامیدانی نقدبرنقد شماچقدرشخصیت شمارادرانظار،ازیک اهل تحقیق واقع گرا خالی ساخت؟ نقداستاد دکترگلمرادی بسیار واردو بجابود زیرامن منبع را نگاه‌کردم شماعمدا موارد منفی را درمورد شهید زنده یاد دکترقاسملو برجسته و از موارد مثبت آن که بسیارزیاد بودند چشم پوشی کرده‌بودید. بطوریکه درمقاله پێشین اشاره‌کردم مترجم یان اهل تحقیق باید اینقدر عرضه داشته باشد که نسبت به‌منابع ابهام و نادرست در پاورقی نظر خودرابنویسد و گرنه چه تحقیق،زیرا تاریخ راازرویداها تدوین می شود، وقت رویداد وارونه است تاریخ چه‌معنی دارد. کتابهای که درایران زیرچاپ رفته‌اند

دچارهمین مصیبت شداند،مخصوصا درباره کردها غیرازانحراف و مسموم افکارعمووم کاردیگرنکرده‌اند. پس درمورد کردها نمیتوان به تاریخ نویسان ایران وترکیه‌و عراق اتکاکرد. که نویسندگان شان اغلب فارس وترک وعرب بوده‌اند، برخی ازکردها هم قلم فروشی کرده‌اند.

بریده‌نوشته‌استادگلمرادی داخل گیمه:
((فرزند عزیزم تمام این منابع ذکر شده زیر یک پشیز ارزش کار علمی و دانشگاهی را ندارند. زیرا بیشتر آنها از طرف مأموران یا سربازان گمنام صاحب زمان دیکته و نگاشته شده و از بی طرفی آنان نمی توان حرفی زد. یک نمونه بارز آن باید در اینجا گفته و برای محققان جوان ارائه شود. همین منبع دومی که آورده اید، در باره آن من به شخص، از دهان یکی از نزدیکان طبری شنیده ام و حرفهایش مورد اعتماد است، هنگامی که آذر طبری همسرش در ملاقاتی در زندان با کنایه از او می پرسد: این کژراهه دیگر چیست که نوشته اید؟ در پاسخ می شنود: که من روحم از آن اطلاع نداشته و ندارد که در محتوایش چیست و چه نوشته شده! حالا تو جوان محقق آن را به عنوان منبع دوم استفاده کرده اید. ما دیگر از بقیه که توسط پاسداران و شریعتمداری ها دیکته و نوشته شده چشم می پوشیم. پس خواهش می کنم از این ببعد اگر مطلبی نگاشتید و به این منابع رجوع دادید از بی طرفی حر ف نزنید))

چه نقد وانتقادی برملت کرد! مگرنه اینکه این ملت کهنسال بعدازجنگ چالدران 1514 عملا میان دو امپراتوری وقت یعنی ایران و ترکیه عثمانی تقسیم گردید بعدا در جنگ جهانی اول به چهارجاتقسیم و هرقطعه‌اش به‌یکی ازحکوماتهای جابر وستمگرایران وترکیه و عراق وسوریه الحاق شد و بامرزهای مصنوعی ازهم مشخص گردید است. درهر برهه اززمان که ملت کرد برای حقوق مشروع خودقیام نموده به‌آسانی توانسته‌اند شورش آنان را با نسبت دادن تهمت تجزیه طلبی با لشکرو قشون و تۆپخانه‌و هواپیما درنطفه خاموش نمایند و هزاران زن و مردو فرزندان بیدفاع آنان رابکشند خانه‌ها و کاشانه های شانراآتش بزنند و ویران کنند، آنان که فراررا برقرار ترجیح داده به یاغی وطاغی وسرکش وعصیان طلب نام ببرند، یااینکه به سیاچالهای مخوف ببرند که بعض بدار آویخته یان تیره‌باران نموده و برخی به‌حبس های طویل المدت محکووم نمایند، یااینکه ازطرف حاملان حکومت‌های جنایتکار ترورێشوند. نمونه‌اش دررژیم رضاشاه، شهید کردنی سرداربزرگ اسماعیل آقای شکاک،(سمکو) ودرزمان محمدرضاشا پهلوی اعدام نمودن پێشواقازی محمد رئیس جمهوری کردستان درمهاباد، و کشتن احسان نوری پاشا با توطئه تصادف موتورسیکلیت درتهران، درنطفه خفه کردن شورشی 1337 سلیمان معینی، و سرانجام پیمان الجزایردر1975 وخیانت شاو پایان دادن به‌شورشی ژنرال مصطفی بارزانی، و در جمهوری آخوندی حمله به کردستان و هزاران پیرو برناو زن وبچه‌را کشته وسربریده کردستان راویران وصدهامبارزو آزادیخواه نوسینده وروزنامه‌نگارو روشنفکر رامحکوم به‌اعدام و به جوغه‌آتش سپرده یا به زندانهای مدید محکوم کرده و سرانجام ترور زنده‌یاد دکترقاسملو و زنده‌یاد دکتر شرفکندی و بقیه رهبران ومبارزانی خلق کرد درحزب دموکرات کردستان ایران. درحاڵ حاضرهم صدها زندانی کرد بدست دژخیمان زندانی و زیرشکنجه هستند. درطول تاریخ هر دولت که سرکارآمده حکومت راقبضه کرده‌است درمورد کردها رفتارو اعمال ددمنشانه دولتهای پیشین رامدنظر ساخته است. حتا در مقاوله نامه‌ی ایران وتورکیه

عراق راجع بەسرحدات نکته اشرار را گنجاندەاند که منظورشان کردها بودەاند، هنوزهم این دوزوکلک و شیره مالیدن بەسرملت و بیراەرفتن وتوطئه چیدن علیه کردها بەقوت خود پابرجاست. این حکومتهای جابروآدم کش حتا بەاین هم اکتفا نکردەاند هرکدام درکشورهای خود زبان ملت کرد راممنوع نمودەاند، بعضی پا را ازاین فراتر نهاده و ازدادن هویت بومی آنان خودداری کرده و حرف زدن به زبان مادری رابرای کردها ممنوع و برایش درقانون اساسی خود مجازات تعیین کردەاند. حتا کاربجای رسیدەاست که در زندگی خصوصی و خانوادەگی کردها دخالت مستقیم بنمایند مثلاهیچ کردی مجازنیست بدون اجازه جمهوری اسلامی نوزادخود را نام گذاری کند، زیرا دولت اسلامی ایران، لیست نامهای مجاز را درکتابی نوشته هرنامی که کردەها بربچەهای خودشان بگذارند باید مطابق نامهای گنجانده درلیست باشد وخلاف آن باید عوض گردد. این حکومتها حتانام کوهها وآثارباستانی کوردستان راهم تغییردادەاند تااینکه ملت کرد رابه تحلیل ببرند، یا شوه تبعید، مثلاحکومتهای ایران ازعصرصفوی تاپهلوی نزدیک به دو میلیون و سیصدهزارکردرا از ارومیه(رضائیه)و سلماس (شاهپور) به استان خراسان تبعید کردەاست وباآوردن ترکها ازجاهای دیگر، جای آنهاراپر کردەاست دولت ستمگر و فاشستی ترکیه تا کنون یک میلیون کردراز کردستان آواره کەنزیک به60000/درآلمان و یک میلیون آن رانیز درشورشهای شیخ سعید پیران و احسان نووری و شیخ عبیدالله شمزینان جنوساید نمودەاست. اکنون مدت چندسال است رهبرپ.ک.ک. درزندان ترکیه است، اکنون 25ملیون کرد کردستان تورکیه حق حرف زدن بەزبان مادری ندارند و هویت شان را انکار میکنند وآنان را بەترک کوهی نام میبرند. درایران اسلامی هم12ملیون کرد مدرسەای به زبان مادری ندارند. درسوریه سەمیلیون کرد ازداشتن شناسنامه محروم هستتند، حتابااین هم بسنده نکردەاند بلکه برای مسموم نمودن اذهان مردم و سمپاشی فکری تمام ڕویداهای تاریخی راوارونه درکتابهای تاریخ نوشتەاند، بعض قلم فروشان کردراهم اجیرکردەاند و برخی بامقام و انعام و درجات مقام و منصب آنان راباخودهم صدانمودەاند، یامسئله خودمختاری یافدرال راطور برای مردم تحلیل و تفسیر کردەاند که هر ترک وفارس گمانش این است کەتحقق آن بمنزله تقسیم کشورایران است وازآن برای تحریک مردم وکشتارکردها سوءاستفادەنموده و مینمایند. شمااگرسنگ کردبودن رابەسینه میزنید تحقیق خود رابەمفاد دروغین تاریخ نویسان ومهمل بافان تورک وفارس وعرب مختص کنید!

بریدەنوشته قانعی فرد داخل گیمه
((اگرچه سنگلاخ است اما باز هم خواهم رفت و این تابوها و بت ها را خواهم شکست و بدانید که هزاران جوان خوش فکر و آگاه هستند که آینده کردرارقم بزنند.))

درباب این تعهد بایدبگویم: زمان خمینی که آیت الله منتظری حرمت وعزت داشت این فکرقوت گرفت، حتامجله آینەو سروه هم درآنموقع برای حسن نیت اجازه انتشار گرفتند، سازمانی بنام پیشمەرگه مسلمان راتشکیل دادند، تبلغات کردند که دولت حقوق کردهارابه پیشمەرگه مسلمان میدهد، بعض افرادسادەلوح هم باورکردند، که زمینەاش راحزب توده ریخته بود تاازقدرت حزب دموکرات بکاهد، همه چیزمهیاشد،سازمان پیشمەرگه مسلمان بوجودآمد بعضی هم بدان پیوستند وسرانجام آقای رحمان کریمی ویارانش با وعده آن لقمه ازحزب جداشدند، وقت انشعابیون سرشان بەسنگ خورد آنهاهم سازمان راجمع کردند. آنهم یک ترفندبیش نبود!

قانعی فرد،تمام فعالیت احزاب سیاسی رابەفکرتاریک نام میبرد،و بە قلم فروشی خود کەاظهرمن الشمس است،میبالد وازآن بەنقطە روشن یادمیکند،بیخبرازاینکە نوشتەهایش بجزیک مشت اراجیف وتهمت واهانت وهتاکی چیزدیگر نیستند. مطمئن باش کە خلق کرد زجر دیدە کردستان خودفروشان رادرهرکسوت خواهد شناخت و لعن و نفرین بدرقەراه آنهاخواهندکرد.
حامیدرەشیدی زرزا،
استرالیا،سیدنی.
2008/7/11 میلادی.

(15)

**وادیارە سناریوی ژەهرخواردنەوەی خومەینی، لە ڕاگرتنی هەڵاو بەزمی چەکی ناوەکی دووپات دەبێتەوە!**

وەک دەزانن شەڕی هەشتساڵەی نێوان ئێران و ئێراق هەر چەند هەڵایاسانوو هەڵگیرسانی بە دەستی سەدام حوسێنی خوێنمژ بوو، بەڵام دەستەچیلەی خۆشکردن و تین و گوڕ پێدانی قەرەمەشغەلی ئەو شەڕە خوێناویەو وڵات کاولکەرە، کە وەک عەزیا مرۆڤ و ئابووری هەڵدەلوشی، لە بیروبۆچوونی خومەینی و ئاخوندەکان گەرای بەستبوو. شەڕێک کە یەک میلیون کوژراو نزیکەی 700 هەزار نەقوستانی بۆ ئێران لێکەوتەوەو، ئابووری ئێرانی هینایە سەرسفر! خومەینی کە زاتا ئاشتی و سازشی لە سەرگۆی زەوی بە شتێکی شەیتانی لێکدەداوە، دایم و دەرهەم بەو قسە بێتام و بێ ناوەرۆکانە تەنووری شەڕی بە گرفەی نێڵدەدا و لە بەرامبەر هەر ناگوزیری و نەبوونی کەل و پەل و خواردەمەنی و هەژاری و چارەڕەشی میللەتی ئێران، دەیگوت: ئیسلام لە خەتەردا! بۆ چاوترسانیش سێدارەی لە هەموو ناوچەو مەڵبەن و دەڤەرو پارێزگایەکانی کوردستان وەک کرمانشا، ئیلام، سنە، و ئازەربایجان ورمێ چەقاندرابوو، زیندان و گۆرستانەکان لە هەموو شوێنێک هەراوەو بەرفرەوان و ئاوەدانتر بوون. ئەوەی خوینمژی و چەوسانەوەی خەڵکی لە خوێن دەماریدا دەگەڕا دەستەمۆی ڕیژیم بوو و بە کارگێڕی دەوڵەتی ئاخوندی دەناسرا، و ئاچەری بەهەشتی خومەینی لە گەردنی هەموو زرمووڵ ونەزان و خەرافتی و قەمە بەدەستانی کەربەلای حوسینی کرابوو، هەزاران رەجاڵە لە شارەکانی فارس و تورک نشین،بە فتوای لە جاڕدانی خەزای کوردان، بۆ کوردستان دەنێردران هەتا بە قەولی وان لە خێری کورد قڕکردندا بەشداربن. وبۆ ورە بەرز بوونەوەی ئەو دالاشانە دەیان مهدی تەقولوبی لە جەبهەکانی شەڕ بە جل وبەرگی سپی سناریودەکرا، لە دوایی حەوت ساڵ بڕیارنامەی ژمارە 598ڕیکەوت 11366/4/25ی کۆمەڵگای نێونەتەوەی دەرچوو. بەڵام دیسان خومەینی هەرکەللە ڕەقەکەی جاران بوو! و بکوژە ڕەجاڵەکەی لە سەرپەیمانی گەیشتن بە قودس موکوڕبوون، ئەگەر

دروشمەکانی ئەوکاتی بنوسرێنەوە کتێبێکی قەبەی لێ سازدەبێت، خومەینی بێ پێچ وپەنا بەڕاشکاوی دەیگوت: ئاشتی لەگەڵ سەدام بە مانای لە قەبر نانی تەرمی ئیسلامە) و دورشمی : ڕیگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ، ئاوازەکەی لە ئاسمانی دونیای شێعەکان دەگەراو دەنگی دەداوە، لە راستیدا خومەینی بیروبۆچوونی پاوان خوازی دونیا شێعەبوو، بەڵام بینیمان کاتێک لە مەڕ نیزامی لە ئولکەی شەڕ بە چۆکداهات و فرزەی لێبڕا و پشووی هەڵما، کە جگە لە فاوە بەشیکی دیکەش لە خاکی ئیران لەلایان سەدام دەستی بەسەردەگیرا، بێ ڕوونکردنەوە لە ڕێکەوتی 1367/4/25ی هەتاوی بەقولی خۆی جامی ژەهری فرکرد!. هەر چەند وادەی دابوو کە خێرا هۆکارەکان بە ئومەت راگەێنێ بەلام خۆی لێبوارد،لە ئاکامدا دوایی مردنی بەهۆی بڵاوکردنەوەی نامەکەی لە لایان هاشمی ڕەفسنجانی مەسەلەکە دیاریدا کە خومەینی نەک بەهۆی ئیحساسی ئینسانییەت بەڵکوو بەهۆی ترسی تێشکانێکی قورس و هەموو لایانەو خۆ بە دەستەوەدان برِیارنامەی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی واژووکردوە! ئەوشمان لە بیرنەچێت لە ماوەی هەشت ساڵ کە بە ڕەواڵەت ئاخافتن و قسەی کارگێرانی حکوومەتی ئیسلامی چ بەرلە دەست بە سەردا گرتنی باڵویزخانەی ئامریکا لە تاران و چ دوایی وی نەگۆڕ دەهاتە بەرچاو، هەتا پیاوی زورئاگاداری بارو دۆخی سیاسیش پێی وانەبوو بە نهێنی شتیک لە گورێداهەیە! بەڵام دوایی دیاری دا ئەوەی بە ڕەواڵەت دەیلێن لە گەڵ ئەوەی دەیکەن ڕووبەری یەک نێیە دیوی ئاوەژوی لە خەڵک شاردراوەیە!

هەنۆکە پاش بیست ساڵ تێپەڕین لەو ڕێکەوتە ئەوە نیشاندەدا کە خامەنەای دەیەوێ سناریوی ژەهرنۆشینەکەی خومێنی دووپاک کاتەوە،وەک دەزانن چەند ساڵە مەسەلەی چەکی ناوەکی ئیران هەڵاو گورەی لە دونیا ناوەتەوە، و لە سەریەک حکوومەتی ئیران دایکی هەموو ئاژاوەیەکە، و دەیەوێ دونیا بشێوێنی،هەتا ئیستا دەیان کەڕەت ئەحمەد نیژاد گوتوویەتی: ئیسرائیل مەفع دەکاتەوە و لە سەرنەخشەی جوغرافیایی هەلدەگرێ،لە بەرامبەری ئەو هەموو رەخنەی دەرەکی لە سەر قسەکانی بەردەوام وسورەبووە، هەتا هەنۆکە دەیان مانووڕی دەریایی ئەنجام داوە لەویدا دەیان چەک و چۆلی کۆمەڵ کوژی تیدا تاقی کردۆتەوە موشکی شەهابی 3 و چەکانی دیکە و فڕوکەو موشک هەڵدان بۆ ئاسمان وعەلەم قەلەم،بە کوردی لە لایان شووڕەوی پڕچەک کراوە،جار دەلێ: شەش سەت موشکی بەرەوئیسرائیل دابەستووە و چوارسەت بەرەو ئامریکاو32پایگا و قازانجی وی لە ڕۆژهەلاتی ناەراست! هەروا یارمەتی بەحیزب اللەی لبنان و دورست کردنی سەتان گروپی تروڕیست لە سەرانسەری دونیا بە پارەو پۆڵی خەڵکی ئێران(بە قەول کوردی گوللەو دەرمانی بایزئاغای تەق لە کەندالێ) لە ناوەخۆشدا ئەوەی زەبرو زەنگە بە تایبەت لە کوردستان نیشانی داوە و نواندویەتی، سەدان خەباتگیرو ڕۆشنبیرو زاناو ڕۆژنامەنوس و هاوڵدەری گرتووەو ئیعدام کردوە، زیندانەکانی تەژی لە ئازادیخوازانی ئیران و کوردستانن،جگە لەمە سەدان دەست وپێ و سەگ وسیوانی بۆ سیخوری تەرخان کردوە،ئاخۆ کەس هەتا ئیستا فکری لێدەکردەوە لە پشت ئەو قسە توندو تیژانە بە نهێنی ئەوە خەریکی پێکهاتن لەگەڵ ئامریکان (بەقەولی خومەینی دەستی شەیتانی گەورە دەکۆشن!دەڵێن قسەی ڕاست یان لە منالْ بزانە یان لە شیت! ئەو غەیب گوییەی کە ئەحمەدنژادە بە دەمی دادێن ڕاستییەکانن، چەند ڕۆژ لە مەو پێش گوتی: لە ئیراق لەگەڵ فرماندەیەکی داگیرکەر دانیشتووە مەبەستی ئامریکا بوو! ئەوە لە کردەوەو لە قسەکانی خامەنەیی دەردەکەوێ کە لە مێژە هەودای وتووێژیان ڕاچاندووە بەڵام بۆ چاونووساندنێ خەڵکی ئیران دەیگنخێنن. ئەم گەف وگوڕانە

هەموو پروپاگەندەن بۆ بە هەڵەبردن و هەڵفریواندنی خەڵکی ئیران! دەنا لە بن ئەو گەف وگوورانەدا کە بەچۆکداهاتوون، خەریکی ڕێکەوتن لە گەڵ ئامریکا وئوروپاییەکانن. و قەرینەکان یەک بە دوای یەکدا دەردەکەون! یەک لەوانە کردنەوەی دەفتەری ئامریکا لە تاران! وەڵامی ئەحمەدنیژاد بۆدانیشتنی راستەوخۆ لە گەل ئامریکاو پێشتر دانیشتن لەگەڵ یەکێک لەفرماندەکان، هەروا لەم کاتەدا بە تروریست زانینی سەرلەنویی مەجاهد خەلق لەلایان ئوروپایەکان! ئەوەم دێنێتەوە بیر کە( شا)خەریک بوو بەرەو ئەلجەزایەر بروات. دەجا ئەگەر ساڵی 1975 دانیشتنی ئیران لە ئەلجەزایەر، مامەلە لە سەرکورد بوو! ئەم جارمامەلە لە سەرمجاهد خەلق کراوە، دیارەئەوەش سەرپشکی و ئیمتیازدان بە ئێرانە (چونکە زلهێزەکان و ئوروپایەکان وەک بەریش ئاماژەم پێکردبوو پەکیان بە کوژران چ نەتەوەیەک ناکەوێ و گویچەکەیان پی نابزوێت، هەموو تامەزرۆی بۆنی نەوتن، لە کوێ نەوت و قازانج و بەرژەوەندی ئەوان هەست پێبکری لە وێن! نە دوژمن و نەدوستی کەسن! بەڵکوو دۆستی بەرژەوەندی خۆیانن. نامەوێ بچمە ناوباسەکە، بەڵام پێویستە کوردیش ئاگای لە خۆی بێت،چونکە هەل و مەرج و بارودۆخەکان زۆرناسکن!

حامیدڕەشیدی زەرزا،

ئوستەرالیا،سیدنی،

2008/7/18ی زایینی.

**(16)**

**شێوەچەسپاندنی دیالۆک،**

زلهێزەکان بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا هەڵدەسووڕێن نەک داکۆکی ڕاستەوخۆ لە لێقەوماوەو نەتەوەکانی بەشخوراو، کە هەڵویست گرتن لە بەرامبەر دەوڵەتانی سەرەڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە! ئەوەتا ئامریکا لە 2003 لە ئیراق حزووری هەیە، لەو ماوەیەدا لە گەڵ هەموو ڕیژیمەکانی سەرەرۆو پێشل کەری مافی نەتەوەکانی بەشخوراو هەڵس و کەوتی نزیکی هەبووە و بەتەواوی شێوازەکان ئاگادارە، بە تایبەت دوایی ڕۆخانی ڕژیمی سەدام و هاتنی ئوروپاییەکان بۆ ئیراق و کردنەوەی سەدان شریکە و کمپانی لە کوردستان و پەیمان و گرێبەستی نەوت لە گەڵ ڕێبەرانی کورد، و هەروا توندو تیژی و خوتێهەڵقوتاندنی ئێران لە ناوەندی ئێراق و شارەکانی کوردستان و سازدان و پڕ چەک کردنی گروپی مهدی و بە گژ سەربازانی ئامریکادا کردن و شێواندی بارو دۆخ و ناردن و تەیار کردنی دەیان سیخور، و سەرئەنجام راگرتنی ڕەوڕەوەی دێموکراسی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، و هەروا هەڵویست گرتن دژی کوردی باشوور لە لایان تورکیە و هەڵبەزینەوەی بەشێک لە تورکمانەکان بە دنەی دەوڵەتی تورکیە لەکەرکووک و هەڕەشەو گوڕەشەو ئەو بەزم و هەلایانەی لە ماوەی ئەو پینج ساڵە بە حزووری ئامریکاو ئورپاییەکان لە ناوچە ڕویداوە، و ئەو هەموو بۆبباردومانی کوردستانەکان لە لایان ئیران و تورکیە بە هەنجەتی بوونی پ.ک.ک و پەژاک،

و هۆکارەکانی دیکە و سەرئەنجام مرخێش مرخێش لە سەرکوردستان بوونی کەرکووک و خانەقین و مەندەلی کە کانگای نەوتن، لە ئاکامدا ئاگاداربوون بە خۆ داسپاندنی بە زۆرەملی کۆماری ئیسلامی بە سەرپاریزگاو ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەلآت و گرتن و زیندانی کردنی خەلکی کوردو ئیعدامی دەیان خەباتگیرو رۆشنبیرو رۆژنامەوان و هاوالدەر، هەتا بەرپرسانی حقوق بەشەری کوردستان، و پیلانی راونانی حیزبەکانی کوردی رۆژهەلآت و حاسێ کردنیان لە چوارچیوەیەکی بەرتەسک و تەنگ و سنوردار،کە نوێنەری راستەوخۆی نەتەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەلاتن، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی تر، ئاخۆ هەلۆیستی ئامریکا هەتا ئیستا چ بووە؟ بیگومان هیچ!

چونکە ئەگەر ئەوان وەک دەلێن و پروپاگەندەی بۆ دەکەن، سەرچاوەی دێموکراسین و دەیانهەوێ لە دونیا دیموکراسی جێگیرو بەرقەرار بێت، کە دەشزانن ئیران دایکی هەموو ئاژاوەکانی سەرگۆی زەوییە، وەک لەمپەرو پەرژینێکی قایم و پاردەیەکی بەهێز بەرسینگەی لە هەموو لایەک بڕیوەتەوە! دەجا دەبوایە بە دەربڕینی داکۆکی لە مافی رەوایی کوردەکان لە تورکیەو سورییەو ئێران هەلۆیستی راست بێژی خۆیان وەراست گەراند بوایە! وەک دەزانیین کاک مەسعود سەرۆکی کوردستانی باشوورلە چەند دانیشتن لە کاتی وەلآم و پەرسڤ دانەوە بە هاوالدەران هەتا لە پەرلەمانی ئۆروپا بێ پێچ و پەنا مەسەلەی دیالۆکی بۆ هەموو بەشە کوردستانەکان هێناگور،بە تایبەت لە مەرکوردەکانی تورکیە! و دەجا ئامریکاو ئورپاییەکان وەکوو سالآنی زوو ناتوانن بە بیانووی نائاگاداری چاو لە مەسەلەی کورد بقوچینن، هەرچەند نەمر شەهید د.قاسملو زۆرپێشتر کوردی بە دونیا و گەورە پیاوانی سەرگوی زەوی بە وردی ناساند بوو،بەلام هەلسوو کەوتی لە نزیکەوەی ئامریکا رەنگ و رووکی دیکە بەقەزیە دەدا. هەنۆکە هەرنەبی مەسەلەی فیدرالی کوردستانی باشور باشتری تێگەیاندوون ،لەوانە چوونی سەرۆکی کوردستان بۆکۆشکی سپی واشنگون بە جل وبەرگی کوردی وتوویژ لە گەل سەرۆک بووش هەموو کارگێرانی پایەبەرزی ئامریکا، و کەرەتی دووهەم لە میوانداری راستەوخۆی کاک مەسعود لە لایان سەرۆک بووش بۆ ئامریکا، بۆ بریتانیا و زۆردەولەتی دیکەی ئورپایی ئەوانی سەبارەت بە پێشل کردنی مافی کورد لە سێ دەولەتی داگیرکەر هێنابەرباس! لە سەرئەو حالەش بۆچ هەتا هەنۆکە لە زوانی هیچ کام لەو زلهێزانە نەبیسرا کە هوشداریەک بە حکووکەتی ئاخوندی بدەن،یان هەرنەبێ لە پیرستی بەردەستیان بە پەلپ گرتن لە ئێران، پێشلی مافی کوردی لێ زیدەبکەن و بەگوێچکەی هەلێنن! بەلآم لەمەر قیمەتی نەوت وچێرۆکی چەکی ناوەکی رۆژنییە لەو دەولەتانە دەنگ هەلنەستێ! ئاخۆبلێی حیزبەکانی کوردی بۆی دەگوێچکەی گایدانوستبن و هیچ شتێکیان لە مەر داکۆکی لە مافی کورد بەگوێچکەی ئامریکا و دونیا هەلنەهێنابێت! بێگومان وانییە،چونکە ئامریکا لە ئیراق ئاگاداری بارودۆخەکانە، چەندە لە کوردستانی ئیراق ئاگادارە ئەوەندەش ئاگاداری باردودۆخی نالەباری کوردەکانی رۆژهەلاتە، ئەگەربلێیین بە هوی هاو پەیمانی لە مەرکوردستانی تورکیە قەرەقەپی کردوە، ئەدی لە مەر ئیران چی؟ بۆیە دێمەوە سەرئەو قەناعەتە کە دورشمی دیالۆک بەبێ هەلۆیست گرتنێکی شۆرشگێرانە، یانی بە بێ هەلۆیست گرتن و خۆپێشاندانێکی سەرانسەری لە کوردستان رۆژهەلآت ناتونی سودبەخش بێت. چونکە هەر ئەو هەلۆیستەی کە لە نۆزدەهەمین سالیادی شەهیدی نەمر د.قاسملو، کۆماری ئیسلامی شەلەزاندوە دەتوانێ لە دوارۆژ کارتێکەری زۆرتری هەبێت و نیشانەکانیشی ئەوەن کە رێژیم بۆ تەشەنا نەبوونی ئەو برینە و کەلێن تێنەکەوتن

له كوردستان به شیوه‌یه‌كی به‌ربلاو ده‌ستی به گرتنی خه‌ڵكی شاره‌كان كردوه دوكانه‌كانی پلۆمپ كردوون ده‌یه‌وێ به‌و چاوترساندن پێشه‌بڕه له خه‌باتی خه‌ڵكی كوردستان بگرێ به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌و جۆره هه‌ڵویست گرتنانه، خۆپیشاندانی سه‌رانسه‌ریان به‌دواوه‌بێ و ڕێژیم بزانی هه‌رده‌ست و شاندنێكی هۆكاری پان و به‌رین بوونه‌وه‌و هه‌ڵویست گرتنی راسته‌خۆی خه‌ڵك ده‌بێت، هه‌س ده‌درێته‌وه،وبێگومان ده‌نگێكی گه‌وره‌ی ده‌ركی له كۆمه‌ڵگای نیونه‌ته‌وه‌یی به‌دوادا دێت، هه‌رنه‌بێت پێشی ئه‌و هه‌موو گرتن و كوشتنانه‌ی خه‌ڵك ده‌گرێ و زمینه‌ی ڕاپه‌ڕینێكی سه‌رانسه‌ری مسوگر ده‌كات،ئه‌وكات ده‌كرێ  شێوه‌ی دیالۆك به حاڵاتێكی یه‌كده‌نگی به‌ڕیوه‌بچیت، ده‌نا ڕۆڵی تاك و گروپی، له لایان ڕیژیم به گرتن و كوشتن ترس و له‌رز سه‌ركوت ده‌كرێ،له‌وانه‌یه ئه‌و ڕاپه‌ڕینه‌ی كوردستانی باشوور كه ده‌نگی دونیای به داكۆكی به‌دوای خۆیداهێنا و كۆشكی سپی مه‌جبوور به خۆتێكێشانی ڕاسته‌خۆو بۆ هاتنه ئولكه‌ی كرده‌وه كرد و هیلی چه‌ند ده‌رجه‌ی بۆ دیاری كرد، له كوردستانی ڕۆژهه‌ڵاتی ئێران دووپات بێته‌وه، چونكه هه‌رئه‌و شله‌ژانه‌ی كه ڕیژیم ئێستا له گه‌ڵی ده‌ست به‌یه‌خه‌بووه ئه‌گه‌ر به‌گوڕتر و هه‌راوتر به شیوه‌یه‌كی زانایانه به ڕێبه‌ری حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی ئێران یان به پێكهێنانی به‌ره‌یه‌ك له حیزبه‌كان به‌رێوه بچێت، بێگومان ده‌نگی دونیا وه‌پاڵ ده‌نگی گه‌لی كورد ده‌داو به‌رهه‌می لێ وه‌رده‌گیرێ!

حامیدڕه‌شیدی زه‌رزا،
ئوسته‌ڕالیا،سیدنی،
2008/7/19ی زایینی.

**(17)**

**به‌ده‌نگ وه‌هاتنی خه‌ڵكی كوردستانی ڕۆژهه‌ڵات،**

ده‌بێ حكومه‌تی ئاخوندی تێنه‌گه‌یشبێ كه خه‌ڵكی كوردستانی ڕۆژهه‌ڵات به‌گیان و دڵ له‌گه‌ڵ حیزبه‌كه‌یان یانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئیران دان؟

ئه‌و هه‌ڵویسته‌ی نه‌ته‌وه‌ی كورد له ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستانی ئێران له پوشپه‌ڕی 1387ی هه‌تاوی له سه‌ر بانگه‌وازی  حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران گه‌لێك وتار هه‌ڵده‌گرێ، ئه‌ویش له هه‌ل و مه‌رج وبارو دۆخێكدا كه حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران، ڕاسته‌وخۆ بوونی له ده‌ڤه‌ره‌كانی كورستان نییه و به هۆی ڕێزگرتن له به‌رژه‌وه‌ندیی و سیاسه‌تی كوردستانی باشوور له خه‌باتی نیزامی ده‌ستی ڕاگرتووه، و حكوومه‌تی سه‌ره‌ڕۆی ئاخوندی به كه‌لك وه‌رگرتن له‌و بارو دۆخه 12ساڵه به ڕه‌واڵه‌ت به سه‌ركوردستاندا زاڵه،به‌ڵام ئه‌گه‌ر وه‌كوو جاران سه‌دان پێگه‌ی چه‌كداری بریتی له: كۆمیته‌و پاسدارو خۆفرۆش له ناوچه وه‌به‌رچاو ناكه‌وێت، ئێستا ده‌یان تۆڕی سیخوڕی له ناو جه‌رگی

کوردستان پێکهیناوه، و سەتان خۆ فروشی نهێنی تێدابڵاو کردۆتەوه جگە لەوانە لە مەڕ چەک و چۆڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست دالینگەی نییە، و لە بیبەزەیی و پیکهێنانی بنکەو حاملانی تڕۆڕیست و فتوای دۆدی بۆدی بۆ مێشک شۆراوەکان تاکە سواری مەیدانی خوینڕژتنە، لە قەباعەت و فیتنەو فەسادو ئاژاوە نانەوەدا تاکە، دەیان دادگای ئینقلابی لەو چوارپاریزگای کوردنشین جیگرکردوەو، دەیان سەگ و سیوان و کرێگرتەی لە مۆڵگەکان دابستووەو یخ داوە، و خەباتگێڕان بە هۆکاری تۆمەتی ناراست هەڵەپەستی زیندانەکان دەکات و هەتا ئێستا بە سەدتان کەس بە بۆختانی زیدی ئینقلاب لە سێدارە دراون و گوللەباران کراوەن، هەزارانیش لە بەندیخانەکان دان ، دەجا ڕێژیم حەقی خۆیبوو کە بە هەڵویستی خەڵکی بە شەڕف و ئازادیخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات بتاسێ و بچرژێ زراو بردوو بێت، چونکە ئەو هەڵویستە لە گڵۆڵەی ماشەری فکری لێکدانەوەی وان بدوور بوو، ئەوان پێیان وابوو کوردستان دەشتێکی کاکی بەکاکی یە، ئیدی دەتوان تێیدا ڕمبازی بکەن بگەوزن، دەجا ئەم هەڵویستە ڕاسێنانێکی هیمنانەو گورچووبڕبوو ، ئەو بە دەنگ هاتنەی مللەتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات لە مەڕ سیاسیی کارگەریی و کارتێکەریەکی بە هێزی هێنا کایەوە، گۆرانکاریەکی فیکری بە پێچەوانە، لە مێشک و بیروو باوەڕاندا گووراند و دەرسێکی باشی بە کۆماری ئیسلامی دا و خوینمژانی تیگەیاند کە هیواو ئاواتی گڵاوی کارگێڕانی حکومەتی ئاخوندی لە مەڕ کپ کردنی دەنگی گەلی کورد لە هەڵچنینی فیکرێکی بەراوەژوو لە خەونێکی بە پێچوانەو خەیاڵێکی شیتانە بەدەرنییەو گومانی دوورە پەرێزی و دابڕانی گەلی کوردلە حیزبە خۆشەویستەکەی یان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هزرێکی شوینیستی و بۆچوونێکی فاشیستی وێوەترنییە، لەڕاستیدا ئەمە دەنگیک بوو لە هەموو گەڵی و دۆڵی کوردستان گەڕاو ئاوازەی داوەو دوژمنی قین لە دڵی تۆقاند و ناڕاستەوخۆ لە گوێچکەی کۆماری ئیسلامی سریواند کە هەستی نەتەوایەتی لە دەمارو خوێنی هەموو کوردێک هەر بە زگماکی گووراوەوو چەقەرەی داوە،و هیچ هیزێکی ئینسانی مێشکێکی حەیوانی و دڕندە وەک کۆماری ئیسلامی هەرچەند لە مەڕ چەک و چۆڵ و هیزو قوشەن ولەشکر تەیاربێت بە کاکڵی وی زەفەرنابات، نەک هەر مرۆڤەکانی کوردستان بەڵکوو دەوەنەکان و بەردی و تەلاش و دڕک و داڵی پێدەشت و بەرزایی و گەوەو هەڵەمەت هەڵدێرەکانی کوردستانیش بۆ داگیرکەران دۆخی تێغێکی دوو دەمە کە سەر لە لەشی نەیاران هەڵدەگرێ!! ئەم هەڵویست گرتنە ئاگادریەکی بە وەخت و پڕناوەرۆک و داخۆیانێکی تەژی لە متمانەی گەلایەتی پتەوو قاقەزێکی سەرکراوەی پێشەوای مەزن شەهیدی نەمر دکتور قاسملوو و شەرەفکەندی و هەموو خوێنی ئاڵی شەهیدانی سورخەڵاتی کوردستان بوو، کە لە دڵی هەر کوردێکی بە شەرف، مەفهومی بە هاواری مافی گەلی کورد دەبەخشی و نیشاندەری یەکیەتی و یەکدەنگی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ڕادەگەیاند، ئەمە شەپۆلی زریایەکی بە تین بوو لە ناخی حەقخوازنەی کورد وەک گادەرێکی مەندی دەم بەکەف گەلپەزەی دەنواند،بێگومان هەر ئەو شەپۆلانە لەکاتی خویدا دەبن بەسیلاو لێمشت و توماری زاڵم و مرۆڤ کوژان هەڵدەوێزنن و تێک وەردەپێچن ڕێژیمی کارتوونی ئەوان تەفروتونا دەکەن،ئەمە هەڵویستە بە گوێچکە هەڵێنانەی داخ لە دڵی هەزاران کوڕو کیژ و مناڵی هەڵوەداو تەرکە وڵات و دوورلە نیشتمان بوو کە لە سینگی تاک تاکەی خاوەن هەڵویستانی گەلی بەشەڕەفی کورستان پەنگی دابۆوە هەڵقوڵی و وەک ئاوی مەنجلێکی قژقژ کولیو لە چواردەوری ڕژا، ئەمە هەڵویستێکی ئینسانی وخەباتێکی مەدنی ئەمڕۆی دونیای پێشکەوتوو، وەک مشت لەخەروار بوو. ئەمە زامینی تفەنگێکی پڕگوللەبوو کە بەدستی پڕتوانای خەباتگێڕانی شارەکانی کوردستان بۆ ئامادەبوون لە ڕۆژی خۆیدا

بەرەو ئامانج سێرەی لێگیرا هەتالە چاخی خویدا قامکی بچێتە سەرپەلاپیتکەی بیروبۆچوون و بترازێ ! ئەوە هەستی بە سۆزی پیرە دایکان و نالەی ڕۆڵە کوژراون بوو کە ببوو بە بارانێکی بە گوڕ لە شریخەی هەوری دڵی خەڵکی چەوساوە نارەتەی دەردەبڕی، ئەمە شریخەی تروسکەی بیروبۆچوونی کۆمەلانی سیاسی بوو کە گەواڵ گەوڵ قەراخ قوجاخی تەنیەو لە میچی هزوفیکری هەر کوردیکی کوردستانی ڕۆژهەلات قەتیس مابوو بەرەگەی کردەوە، ئەمە ئازەنتی و لیکدانەوەو شیکرنەوەی سیاسەتێکی خەست و خۆڵ بوو کە لە دڵی ئازادیخوازانی کوردستان چەقەرەی داهەتا دژی کۆماری خوینڕێژ، درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن ئەو کوردستانەی کە هەمێشە ئولکەو مەیدانی ئازادی بووە، ئەمە مزگێنی بەهاری سەرکەوتنی کورد بوو لە سنوورکان، بۆ گەڕانەوەی دەستەو گروپی قازو قورینگ، لە شەتاوەکانی دوورەدەست ڕکەو هەڵەموت و پیدەشتی کوردەواریان دەبڕی و پێشوازی کوروکچانی تیدانەخش دەبەست و زیارتکردنی گڵکۆی هەموو شەهیدانی سورخەلاتی نیشتمانەکەمان بوو لە وەک ئاوینەی باڵانوێن گوڵەکانی ڕەنگاوڕەنگ تێیدا نەخش دەکرد،ئەمە شەپۆلی ڕق و تووڕیی گەلەکمان بوو کە لە هەتەری بیروباوەڕیان دا دەباری کە لە داهاتوو بێگومان دەبێ بە سەیڵاوو لێمشتێکی بەتین و گوڕ وهەموو لایەک دەتەنێتەوە و بە سەرو سوکتی کۆماری خوێن لە دڵدا دەڕژێ و تەفرو تونای دەکات! ڕێژیمی کارتوونی دەبێ بێتەسەرئەم قەناعەتە کە برینەکانی گەلی کورد تەشنابوونە بە درووە دەلەسە پڕو پاگەندە چیان دەگەڵ ناکرێ تەنیا بە دەم داهینان بە مافی گەلی کورد گۆشتەزون دینەوە، دەبێ ڕیژیم بە خۆی بەسلمێنێ کە بەروبوودرێژی زەمان وجەم و جۆلی بێعەدالەتی و خوین ڕشتن و لە قەنارەدان تێرۆڕ و مرۆڤ کوژی وزەبروزەنگ و راپسان وداپسان و گەف وگوڕ بۆ هیچ دیکتاتورێک سەرمایە نەبووە نابن، کۆماری ئاخوندیش زوو یان درەنگ بەچۆکدادێ ئەو شێوە جنایەتانەش لە هەست و ئیرادەی پۆڵایینی گەلی کورد کە لە پێناو مافی خۆی ئامادەی قوربانی دانە، شوێن تێکەرو کارتێکەرنین و خەباتی ئازادیخوازی بێ پسانەوە هەتالە گۆڕ نانی دێکتاتۆڕ هەربەردەوامە.

بەڵام با بزانین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرچی هیندە دەوامی کردو لە بەریەک هەڵنەتەکا و تەفرو تونانەبوو و نەڕوخا! ئاخۆ هۆی تێگەین و بە مشووری و ئاوەزی و لێهاتوویی و لێزانی کارگیرانی بوو لە خومەینی بگرە هەتا خامەنەیی و ئەحمەد نیژادەکان! بێگومان نا،ڕێژیم بیبەزەیە، بی بەزەتر لە سەدام،بۆیە دەڵێم لە سەدام چونکە سەدام لە سەرئەو هەموو خوینڕێژییە کە مانای رووحم و ئینساف و کەڕامەتی نەدەزانی، هیشتا پەنای بۆ تیرۆڕ نە دەبرد و تاقە کەسێکی بە تیرۆڕلە نەیارو دوژمنانی نەکوشت! دەجا ڕێژیمی گەندەڵی ئاخوندی بۆ هەڵگرتنی دژکارانی بە شیوەی تیرۆڕ، ڕووی تڕوریستانیشی سپی کردەوە چونکە تێڕۆڕیستی لە لێژنەی حکوومتیش داجێ بۆکردەوە! دەجا هۆکاری ڕاوستانی لە ماوەی ئەوسی ساڵدا تەنیا کوشتن وبڕین بووە هەتا هاو هزرانی خۆیان وەکوو ئایەتووالله تاڵەقانی، ئەحمد خومەینی، ئایەتووللە موتەهەڕی، ئایەتووللە شەریعتمەداری کوشت و لە بەندکردنی ئایەتووللە مونتەزیری و هتد...ڕوحم نەکرد! ڕێژیم هەتا گەمە بە قانوون ئەساسی خۆشی دەکات هیچ کام لە ئەسلەکانی 15-19-20-23-24-27-32-37-39- قانون ئەساسی بەڕێوە نەچوونە بەڵکوو بە پێچەوانەیان کارپێکراوە. دادگاکانی دادگوستەری و دادسراکانی ئینقلابی کۆماری ئیسلامی حوکمەکانیان ڕەواڵەتین، چونکە هەموویان لە ژێرچاوە دێری ئیدارەی ئیستخبارات(ئیتلاعات)دان،کە وایە نەزەری قازی مەرج نییە بەڵکوو رێنونێنی ئیداری

ئیتلاعات بناخەی حوکمەکانن، نەک دەلیل وبەڵگە، کەوابوو قوەی قەزاییە سەربەخۆنییە! پیم وانییە هەتا ئیستا هیچ کەسیک لەوانەی تۆمەتی سیاسییان وەپاڵدراوە قازی توانێ بێت بیروبۆچوونی خۆی لە سەر کاکڵی پەروەندەو دەوسیەکەی دەربڕیبێ، جگە لەو قازیانەی کە لە خۆیانن. و لە هەموو ئورگانەکان لە نیزامی بگرە هەتا ئاسایی نەفەریک لە ئیداری ئیتلاعات بە نهینی، شیوەی کارکردنی هەریەک لە کارگیرانی لە بەرچاوە،لە راستیدا هەموو ئۆرگان جیا لەو کەسین کەئاماژەم پێکرد، هیچ کارەن! کەسیش نازانی ئەو کەسە کێیە!!. وەک حیزبی بەعسی سەدام حوسین!! ئەمە ڕەمزی خۆراگری کۆماری ئیسلامییە! بۆیە لە هەر ئورگانێک هەموو کارگێڕ لێکتر زەنینن، چونکە کەس نازانی لەم ئۆرگانە کامەیان پیاوی ئیستخباراتە، بۆیە هەرچەند شوێن تێکەریان لە سەر خەڵک زۆرە،بەڵام ئەگەر بۆیان هەڵکەوت وەک گورگ یەکتری دەخۆن! ئیدی نامەوێ لەم بارەوە زێدەتر قسە بێنمە گۆڕ،فارس گوتەنی ( آنچە عیان است چەلازم بەبیان!) سەڵاو لە گەڵی قارەمانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بە شێوەی خەباتی سیاسی لە نۆزدەهەمین ساڵیادی شەهیدی نەمر د. قاسملوو بە دەنگ حیزبەکەیان وەهاتن بە هەڵویستی ئازادیخوازی زراوی شەمشەکویرانی کۆماری ئیسلامیان برد. هەزارسەڵاو درود لەگیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان،مەرگ ونەمان و ڕووڕەشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
ئوستەڕالیا،سیدنی
2008/7/21ی زایینی.

**(18)**

**یادێک لە کاک مەولود عوقاب پەنجە، هاڤاڵی خۆشەویست و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران،**

**کاک مەولود عوقاب پەنجە،خەڵکی گوندی کانی سۆرکی ناوچەی شنۆ بوو، لە ساڵەکانی 1347ی هەتاوی لە لایان دادگای نیزامی 3سال حوکمی بەسەرداسپاندرا، ئەو ماوەیە پێکەوە لە زیندان قەراخ گۆلی ورمێ بووین. کاک مەولوود لاوەکی بەگوردو بەزیپک و بە حەوسەلە و پشوو درێژو بە وەفاو کوردێکی ڕاستگۆو بە بەڵین و قسەپتوون و ڕەوشت و ئاکارە جوان و نیشتمان پەروەروێکی بە کەڕامەت و بێ غەلووغەش و دورستکارو بە هیمەت و چاونەترس بوو، لە دوایی ئینقلابی گەلانی ئیران لە1357 ی هەتاوی چوو ڕیزی پێشمەرگەی حیزب دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و چەکی دیفاع لە نەتەوە بەشخوراوەکەی لە شان کرد، کاتێک وەک کادرێکی بە وەج لە ناوچەدا چالاکی دەکرد بە ڕاپۆرتی کوتە خۆرانی ڕیژیم گیرا، بەڵام چونکە سەرو بەندی ڕاگەیاندراوەی عافوو لە لایەن خومەینی بوو کەلکی لەم هەلە وەرگرت، دوایی ماوەیەک ئازادکرا،بەڵام لە خزمەت و چالاکیەکانی**

حیزبی زۆر بە گوڕتر لە بەرێ بەر دەوام بوو ئەمما نەیاری قین لە دڵ بە دوایداعەوداڵ بوو دەیان سیخوڕی لە سەرکرد بوو بە مۆمڵ، سەرئەجام بە هۆی دەستەو پەستەی خۆفرۆشان بە تۆمەتی ئەندامی حیزب و هاوکاری سەرلەنوێ لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پەیوەندی گرتنی دووبارە لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی و چالاکیەکانی نهێنی لەناوچە، لە لایان ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ، دەست بەسەرکرا و کەوتە ژێر ئەشکەنجەو جەزرەبەکی بێبەزیانە. بەڵام کاک مەلوود ئەو کەسە نەبوو کە بشێوێ و ورە لە دەست بدا و تەسلیمی ئیرادەی نەیارانی کورد کوژ بێت، دواییەکان کە چێیان بۆ لێ هەڵنەکڕا ناردرا زیندانی گۆلی ورمێ بەڵام بە داخەوە ئەشکەنجەی ئیتلاعات ئیدی ئەو کەڵە پیاوەی لە کارخستبوو چەماندبوو، هەرچەند ئازادکرا بەڵام دوایی ماوەیەکی کورت بە هۆی زەبری ئەشکەنجە، شەهید بوو. ئێستا دوایی ئەو هەموو ساڵە لە دوور وڵات فرمێسکی داخ و خەفەت و حەسرەتی بۆ دەڕێژم کە بە دەستی دژخیمان و جەلادان و سەفاکانی ئاخوندی لە ژێرقەمچی و ئامێری جەزرەبە گیانی لێستاندرا، بەمجۆرە دەفتەرو تۆماری ژیانی سەربەرزانەی ئەو شوڕە سوارەو ئەو پێشمەرگە قارەمانە بە دەست لە خودا بێخەبەران پێچرایەوە، ئەویش چوو ڕێزی شەهیدانی سوور خەڵاتی وڵاتەکەمان. هەزارسەڵاو لە گیانی پاک وبێگەردی کاک مەولودوو هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی وسەربەستی کوردستان و تف و لەعنەت لە ڕێژیم و ئینسان کوژان و کوتە خۆرانی ئاخوندی.

حامیدرەشیدی زەرزا،
ئوستەڕالیا،شاری سیدنی،
2008/7/23ی زایینی.

(19)

یادێک لە شەهید مەلاڕەسوی گەردی،ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

شەهید مەلارەسوڵ گەردی ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە لە سەردەمی شا، لە ساڵەکانی 1346و1347 ی هەتاوی لە گەل کۆمەڵێک مەلای زاناو نیشتمان پەروەرو گیان لە سەردەست و ئاگاداربە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، بە دەستی تۆڕی ساواک گیرا،ئەو مەلایانەی کە ناوم وەبیرماون بریتی بوون لە: مامۆستا ئەبووبەکری فەلسەفی، مامۆستا مەلاحەسەن شەیدایی، مامۆستا مەلامحەممەد مەزن، مامۆستا مەلانەجمەدین کەوکەبی، و

ماموٚستا مه‌لاخالد خاکی  و هتد... هه‌موویان له‌ په‌یوه‌ندی له‌ گه‌ڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران یانی شوٚڕشی چه‌کدارانه‌ی شه‌هید سولیمان موعینی و هاڤالانی، که‌ له‌ بناری لێڕه‌واری سه‌رده‌شت به‌ڕێوه‌ بوو، له‌لایان دادگای زه‌مانی جه‌نگی  جه‌ڵدیان له‌ ژێر چاوه‌دێری تیمسار ئه‌ویسی کورد کوژ، حوکمی زیندانی دورودرێژیان به‌ سه‌ردا سه‌پاندرا، ماموٚستامه‌لاره‌سوڵ گه‌ردی یه‌کێک له‌و ماموٚستا چاونه‌ترس و به‌غیره‌ت و کوٚڵنه‌ده‌رو خه‌باتگێڕو ئازایانه‌ی ئه‌و کات بوو. شه‌هید ئینسانێکی ده‌م به‌ پێکه‌نین و مداراو قسه‌خوٚش و دڵ پاک و دورستکارو کوردێکی به‌هه‌ڵویست بوو، ئه‌وکات به‌ندیخانه‌ی گوٚلی ورمێ له‌ ئازادیخوازانی کوردستان هه‌رجمه‌ی ده‌هات تایبه‌ت له‌ سه‌رهه‌ڵدانی شوٚڕشی شه‌هید کاک سلیمان موعینی که‌ ئه‌من له‌کتیبی (کورته‌باسێک له‌ سه‌ر چه‌ند ڕووداوی مێژوویی) ئاماژه‌کی کورتم پێکردووه‌ که‌ له‌ سه‌رماڵپه‌ڕی پێشمه‌رگه‌کانه‌، شه‌هید به‌حه‌ق له‌ ناو زیندانیش مروٚڤێکی کوٚڵنه‌ده‌رو موکرله‌ سه‌ر هه‌ڵویست وبیروباوه‌ڕی کوردانه‌ی خوٚی بوو.  شه‌هید مه‌لاره‌سوگه‌ردی ،دوایی سه‌رکه‌وتنی ئینقلابی گه‌لانی ئێران وه‌ک  ئاگادارب‌م  هاو هه‌نگاوی ئه‌و هه‌موو ماموٚستا یانه‌ی خوٚشه‌ویست و گه‌ل ونیشتمان په‌روه‌ر له‌ ریزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران و سه‌فی خه‌باتی گه‌لی کورد دابوو، به‌ڵام تیکوٚشانه‌کانی چڕو پڕو توندو تیژی  شه‌هید له‌ دوایه‌کاندا گه‌لێک په‌ره‌ی گرت و چه‌لاکیه‌کانی دوژمن ته‌زینانه‌ی گه‌لێک ئاوازه‌ی دایه‌وه‌، بوٚیه‌ قین له‌ دلان که‌ وره‌ی خوٚ له‌به‌ر ڕاگرتنیان له‌ ئولکه‌ی شه‌ڕو پێکدادان نه‌بوو په‌نایان برده‌ به‌ر پیلان و به‌ هوٚی سیخورشوێنی پێداهاتووچوونیان گرته‌ به‌رچاوه‌ دێری و له‌ سه‌ر ڕێگاه مینیان بوٚ دانابوٚوه‌  که‌ به‌داخه‌وه‌ له‌ گه‌ڵ حه‌سووی کوڕی مرادی گرده‌سوری  که‌ ئه‌ویش ناوبانگی به‌غیره‌تی وچونه‌ترسی دوٚل و گه‌ڵی پڕکردبوو  شه‌هید بوون. ده‌جا با به‌ یادکردنه‌وه‌ له‌و که‌ڵه‌ پیاوانه‌ بیره‌وه‌ریه‌کانیان له‌ به‌رچاو زیندو که‌ینه‌وه‌ که‌ حه‌یفه‌ئه‌و جوٚره‌ پیاوانه‌ له‌ لایان حیزبی دیموکراتی کوردستان یادیان لێنه‌کرێته‌وه‌، و خه‌بات و ماندوو نه‌ناسیی و کارامه‌بوون و تێکوٚشه‌ری و ڕێبازیان بوٚ خه‌ڵک، تایبه‌ت بوٚ لاوانی وڵاته‌که‌ن به‌ هه‌راوی شی نه‌کرێنه‌وه‌ و ڕوٚژێ هه‌زارعافرینیان بوٚ نه‌نیردرێت!

حامیدڕه‌شیدی زه‌رزا،
شاری سیدنی ئوسته‌ڕالیا،
2008/8/2ی زاییینی.

.

## (20)

## چیچۆ کێ بوو؟ بۆچی کوژرا؟ لە سەرچی؟و کێ کوشتی؟

محمد ئەمین حاتەمی ناسراو بە (چیچۆ) یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی بە ناوبانگی سیدان و لە گەورەپیاوانی هۆزی هەرکی بوو،شوێنی دانیشتنی لە رۆژئاوای ئازربایجان یەکێک لە چوار پاریزگای کوردستانی رۆژهەلاتی ئێرانە، باوکی چێچۆش لە ناو عەشیرەتەکانی بادینی کوردستانی رۆژهەلاتی ئیران و کوردستانی باشوور و هەرکیەکانی بادینی ناوبانگی دەست وەکەری و ئەنگێوەیی لە سەرزارو زوانان بوو، لە1947 هەتاوی کە نەمر ژەنەراڵ بارزانی دوایی هەرس هێنانی کۆماری مەهاباد بە دەستی حەمەرەزاشا، بۆ دەرچون لە سنوورئیران لە گەڵ ئەرتەشی شاهەنشاهی کەوتە تەقەولێکدان، لە دەڤەری بادینان لە لایان باوکی چیچۆ یارمەتی درا، بنەماڵەی حاتەمی لە گەڵ فەتاحی هەرکی کوردستانی باشوور خزمایەتی و پەیوەندی بەردەوامیان هەبوو بۆیە لە کاتی شەڕی شیخ رەشید لۆلانی لە باشوور زوربەی هەرکییەکان بە تایبەت جامیخوازان و پەیرەوان و مریدانی شێخ رەشید لۆلانی شان بە شانی عەسکەری عەبدولکەریم قاسم شەڕی بارزانیان دەکرد، لە کوردستانی رۆژهەلاتی ئیرانیش (چێچۆ) لە گەڵ عەشیرەتەکەی و زوربە لە هەرکییەکان لە ساڵەکانی 1961و1962 زایینی لە سەرپێشنیاری ستادی ئەرتەش، چەکیان هەلگرت و شیخ رەشیدی لۆلانیان یارمەتی دا. چیچو لە سەردەمی (شا) دووکەرەت لە رێژیم هەڵگەراوە و سەر ئەنجام عافووی بۆ دەرچوو. بەداخەوە رێکەوتەکانم لە بەردەست نین. ناوبراو لە لای ژەنەراڵەکانی رێژیمی شاهەنشاهی رێزو ئیحترامەکی زۆری هەبوو. چیچۆ، پیاوەکی دەماوەر بوو، بە زوانی فارسی، کوردی، تورکی و ئینگلیزی،ئاشنابوو، و ئاگاداریەکی پتەوەی لەمەر سیاسی و کۆمەلاتی کوردستان و بارودۆخی دونیا هەبوو، بەداخەوە خۆی بە خادەمی بنەماڵەی محەممەد رەزا( شا)دەزانی. لە سەردانەکانی محەممەد رەزاشا بۆ ئازربایجان، تایبەت بۆ ناوچەی بادینان و زێوە، حاتەمی لە لای دەبوو، دەبێ بڵێین بەداخەوە چیچۆ لە رێزو حورمەتی خۆیی و ناوی عەشیرەتەکەی کەلکی نابەجێی وەرگرت و بەردەوام لە نەتەوەکەی نەبان بوو، گەلێک بێ بەختی لە گەڵ هێندیک کەس کرد، زورکەسی بە قەول و بەڵێنی درۆ تەسلیمی حکوومەتی گلاوی شاه کردەوە، کە لە بەندیخانەکانی شا دا رزین، بە داخەوە بۆم نالوێ لەو بارەوە گرێی هەموو بۆخچەکان بکەمەوەو کردەوەکانی وردە دەمەوە چونکە شێکردنەوەیان پیویست بە رێکەوت و ناوی ئەو کەسانەیە کە بوون بە قوربانی دەهۆی ناوبراو،چونکە ملەی پیری ئەوها مێشکی شوشتۆمەتەوە ناچەمەوە سەریان. ئەوانە کورتەیەک لە بیوگرافی محەمەدئەمین حاتەمی ناسراو بە(چیچۆ) بوون.

هەڵس و کەوتی چێچۆ لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئیران،؟

حاتەمی لە دوایی سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئێران و رۆخانی رێژیمی شاه و ئەزموونی دوورو درێژ، وای لێکردبوو کە هەرنەبێ لە چاخی پیری تف لە بێگانە پەرستی بکات و بەرەو نەتەوەکەی بگەرێتەوە، دەجا دەیەویست بۆ وەراست گەرانی هەڵویستەکەی بە لایانگری لە حیزبی دێموکرات

کوردستانی ئێران ئەو کردەوە ناحەزانەی کە لە پانەگۆڕایی حکوومەتی جەلادی شاهانشاهی کردبووی وەک پەرۆشینەکە ببوو بەپاڵگونی سەر شانی،بۆ هەمێشە تخ لێبکات و هەتا ئەو جێگایە کە بۆی دەلویٚ قەرەبۆیان کاتەوە، بۆیە هەموو عەشیرەتەکانی هێنانە سەرئەو بڕیارە و بەمەی ئیقناع کردن کە خزمەت بە حکومەت و جولانەوە دژی نەتەوکەیان دوارِۆژێکی ڕۆناکی بە دواوەنییە، لە ڕاستیدا ئەو ئەوانی لە هەلگرتنی چەک لە حکوومەت بە شیکردنەوەیەکی دوورو دریژ قانع کردبوو، و هەتا ئەونەگیراو نەکوژرا عەشیرەتەکانی بادینی بۆ نمونە لە ڕەشیدبەگ و تیلی بەگ و نووری بەگ و خورشیدبەگی بەگزادەو سامی هەنارە و و نیعمە تیەکانی دەشتەبیل و هتد... هیچ کام چەکیان لە حکوومەت وەرنەگرت. هەتا هەستی نیشتمان پەروەریان هێندە گوڵی کرد کە والیهات شاری ورمیٚ گەمارۆ بدەن کە پاشان بە ناقایل بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران ئەوانیش بیٚ لایانی خۆیان دەربڕی! دەجا ئەو کردەوانە و مل نەدانی عەشیرەتەکان بۆ هاوکاری لەگەڵ حکومەت بەشیک لە هەڵسورانی حاتەمی بوون، حاتەمی لە گەڵ غولامڕەزا حەسەنی و ئاخوند قوڕیشی و سەرهەنگ زەهیرنژاد، فەرماندەری لەشکری 64ی ورمیٚ و سەرگورد تاڵەقانی بەرپرسی ئیستخاراتی روکنی دووی لەشکری 64 و سەرهەنگ فغاندەر جیگری ستادو سەرهەنگ تاجەدینی و کیٚ وکیٚ پەیوەندی نزیکی هەبوو لە خودی شاری ورمێش لەگەڵ گەلێک گەورە پیاوانی عەجەم لە پەیوەندی دابوو. کە نامەویٚ بە قوڵی بچمە ناو مەسەلەکە لێرە بە دیزە بەدەرخونە بەسەریدا تیدەپەڕم، بەڵام دەمەویٚ ئەوە بڵێم ئاخۆ ئەوکاتیش پیلانی ئەو کەسانەی دوایی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیابوونەوە بۆ کزکردن و بیٚ هیزکرنی حدکا، تێیدا نەخش نەبەستبوو؟ لەو هەلە ناسکەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداتێدەپەڕی و خەریکی گەڵاڵە داڕشتنی بەرنامەکانی بۆ چارەسەری مافی چارەنووسی گەلی کورد یانی خۆدموختاری بۆکوردستان و دیموکراتی بۆ ئێران بوو، دەیان حیزب سەری هەڵدابوو ئەوەی نەیدەزانی بیلامانیٚ بیلاتەشبی حیزب بەری چ دارێکە پەلات کارتێکی بە شەقلەیەک وەکردبوو لە کوردستان خۆی دەدۆزیەوە. ئەو چاخ کە برایانی کۆمەڵەش بە پیوەندی لەگەڵ تودە بۆ زێدەکردنی گیرو گرفتەکان کە خودا هەلناگریٚ چ درێغیان نەدەکردلە ڕایەڵکەی چەق و تەف دابوون کە سەرئەنجامیش قوێرەهاتن! و سەرۆک عەشیرەتەکانیش کە دەستیان لە کورسی حیزبایەتی گیرنەدەبوو بە دوای وەدەست هینانی پلەو پایە لەحکوومەتی ئاخوندی عەوداڵ بوون. بەڵام پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ چەکدارکردنی عەشیرەکان لە گرییەست لە گەڵ قیادە لە بەر دەست بوو، موحتاج بەرێک و پیک کردن بوو، دەجا گرتن و کوشتنی حاتەمی بە ناوی حدکا، یەکێک لە بەرنامەکانیان بوو چونکە ئەوان دەیانزانی ئەو کارە دەتوانی کارتێکەربیٚ و هەتا عەشیرەتەکان بە ئیکجاری دەهری بکات، هەتا جگە لە تەخت کردنی ڕێگای ڕاکێشانیان بۆ ناو کۆماری ئیسلامی و بە گژ حیزبی دێموکڕات کوردستانیان دابکات! دەبی بڵێم بەداخەوە دیسان دەستی خۆیی بەزەقی کاری خۆی کرد،تەون و بەستی توودەکان سەرکەوتنیان بۆ کۆماری مرۆڤ کوژ وەدەست هێنا،دەجا گرتن و کوشتنی حاتەمی لە لایان حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەیتوانی عەشیرەکانی دەڤەری بادێنانی لەحیزب دابیڕیٚ ،دیارە دەپێش داگەڵاڵەی بۆ دارێژرزابوو، بی حوڕمەتی بە گڵکۆی بارزانی لە لایان تەوون بەستی کۆماری ئیسلامی و ئەو دەستەو پەستەو ڕەنگی کردەوەی بە خۆوەگرت و بەشێک لەو سەینەبەینەیە شەقڵی دوژمنانی کوردیان پیوەدیارە!

چێچۆ بۆکوژرا؟ لەسەرچیؑ؟ ئاخۆ چێچۆ لە لایان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران گیرا؟ و بە دەستووری حیزب کوژرا؟ یان پیلان داڕشتن بۆ کەم هێزکردنی ئەو بوو؟ هەتابۆ بنەماڵەکەی وعەشیرەتەکەشی بۆتە مەتەڵ!

بێگومان حیزبی دێموکراتی ئێران ئاگای لەو تەون بەستەو ئەو داوە ڕاچاندراوەی پیلانەی ڕەحمان کەریمی نەبوو، چونکە ئەگەرحیزبی دێموکرات ئەو کارەی کردبوایە،بە ڕاشکاوی دەیکرد، یانی چێچۆ لە لایان دادگای شۆرش محاکمە دەکرا، ئەوکات لێکۆڵینەوەی لە سەردەبوو، کە وابوو ئەگەر ئێعدامیش کرابوایە بە پیی بەڵگە و دیکۆمینت لە سەرمسوگەر بوونی تاوانەکەی دەبوو، نەک بە ڕەشەکوژی! بۆیە دەڵێم ڕەشەکوژی ئەگەر وادانێین کە چیچۆ تاوانبار بوو، تاوانباری وی چ پەیوەندی بە کورەکەی هەبوو کە خوێنکاری زانستگا بوو! یان چ پەیوەندی بە کەریمخانی براکەی هەبوو! ئەمانە هەموو فاکتەری دەستەبەندی کۆماری ئیسلامی و ئاڵقە بە گۆشانی توودە لە قاو دەدات، یانی ئەوانەی بەرەوگۆمبەزی کۆماری ئیسلامی باوشکیان دێتیؑ و نوێژ بەرەو ئەو دادەبەستن لە مەسەلەی مافی نەتەوەیی بەهۆکان دوورن، ئەوەی دەیکەن بۆ شیرە ماڵین لە سەرخەڵکی ساویلکەو ناحاڵییە! تەنیا کەمتەرخەمیەک لە لایان حدکا هۆکاری قووەت بەخشین بەم دەنگۆیە بوو کە حیزب لە دوایی کوژرانی چێچۆو براکەی وکوڕەکەی چ داخۆیانی بڵاونەکردەوە کە ئاخۆ چارەنووسی ئەو کابرایەی ڕەنگە دەیان تاوانی هەبووبێت، بیؑ دادگاکردن یانی بیؑ ئیزن وئیجازەی حیزبی چلۆن شرت وگۆم بوو! دەجا بنەماڵەو عەشیرەتەکان و زوربەی خەڵکی کوردستان کە بیؑ سەروشوینی چێچۆیان بەدەستووری حیزبی دیموکرات دەزانی لێیان یەقین بوو کە حیزب کوشتویەتی! وەک بینیمان دەست وجیؑ حاجی جەوەر (2000)چەکی لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەرگرت وبەدوای ویدا گەلیك عە شیرە چەکدار بوون و ڕەگەڵ قیادە کەوتن کە لە بەرڕاوان ڕاوەستابوو، وەک دەزانن سیاسەتی ڕێبەرانی قیادە لە حاست کوردی رۆژهەلات لە هەوەڵەوە ناکامڵ بووە لە سەردەمی کۆماری ئاخوندی نەقوستان تربوو هەنۆکەش بە داخەوە هەردوو حیزبی کوردستانی باشوورلە سەرئەو سفرەنان دەخۆن، ئەوەش بانەشێرینەوە وەک ڕەخنە لە حیزبی دێموکرات بگرین کە ڕەحمان کەریمی کردبوو کەڵی گوندارو هەر چی کردبوایە لێپێچانەوەی نەبوو، هەرئەوەش وای لێکرد کە ڕەحمان غەڕە وغلووربیؑ و لە قابخی خۆی بچێتە دەرو لە کارەچەوت وخەیانەتەکانی بەردەوام بێت کە یەک لەوان تەحویل دانەوەی سەرگردە لە پیرانشار بە کۆماری ئیسلامی بوو، خەلاسە تودەکانیش بوون بەسەرو قون، کە هێرشی ڕێکەوت لە20ی ڕەزبەری 1360 هەتاوی بۆ سەرشاری شنۆ لێکەوتەوە کە قەبۆ قەبۆی کاک ئەحمەد عەزیزیش ئەو کات لە گەڵ قیادە لە هێرش بۆ شنۆ بینراو بیسرا!
ئەم قەیرانە هۆکاربوو هەتا کاک سنارمامەدیش لە حیزب بکشێتەوە،ئەوانەی ئەو داوەیان ڕاچاند دوژمنانی کورد بوون کە ماشەرکەیان لە سەر تەشی کۆماری ئیسلامی هەڵدەویزناو هۆرپەبیان بە دووتپلی خەیانەت بادەداو دەکردە گلۆڵە. هەرچەندڕەحمان کەریمی دەسەر پیلانەکەی خۆی گەراو بەدەستی کاک سنارمامەدی وەک بۆخۆی لە کتێبی(حملەواعدامهای) نوسیوە: لە دادگای شورش مەحکووم بە ئیعدام بوو، کوژرا. بەڵام بەداخەوە هەستی توودەکان والە ئۆرگانی حیزبی لووزەوی

بەست کە ڕەنگە هەنۆکەش شوێن پێیان لێرو لە وێ  بەنهینی وەبەرچاو بکەوێ قەبارەیان بەرزبێتەوە!

ئاخۆ چیچو،مراد شێریژی کوشتبوو؟
وەک لەکتیبی (کورتەباسیک لەسەررووداوی مێژوویی) ئاماژەم پێکردەوە، کێبەکە لە سەرماڵپەری پێشمەرگەکانە،بێگومان چێچو قاتل مرادشیرێژ نەبوو بەلآم  دەنگووبوو کە گویا چیچۆ مرادشیریژو عەلی عەجەمی کوشتووە، برایانی حەوتەوانە لەلای ڕەحمان کەریمی و بایزەکوری خەراپەی وکی وکێ کە مەعموری کوشتن حاتەمی و حاجۆی کوڕی و کەرۆی برای بە دەستووری ڕاستەوخۆی ڕەحمان کەرمی بوون، و ئەوانیان لە بیری شازوقازی لکبن هاویشتبوو، ئەو دەنگۆیەیان بەگوێچکەی خەڵک داسریواند بوو،بەلآم بەدڵنیاویەو وانەبوو، چیچۆ قاتلی شەهید مرادشێریژ نەبوو، وەک بایزەکوری خەراپەی لە زیندان ی گۆلی ورمێ دیگێڕاوە: سولیمان کەرقەشان و مینەشێریژ و مرادو  بایزەکویرو دەستەیک لە چیا دەبن و مراد لەگەڵ عەلی عەجەم بەرەو تاوڵی کاک عوسمان مەنگوڕ دێنەخوار،،وەک خودی کاک عوسمانی مەنگوریش لە زیندانی گۆلی ورمێ  دەیگێڕاوە: بەرلە هاتنی ئەوان کۆمەڵێک جاش کە بریتی لە  سەیدباپیرو و دەستەیەک ژاندارم و چەندکەس لە جاشی کاک عەولآی جەڵدیان دەبن لەگەڵ سیدباپیر، دەگەنە تاوڵی کاک عوسمان مەنگور، دیارە  بەپێی ڕاپۆرت ئاگاداری هاتنەخواری پێشمەرگەکان ببوون، بۆیەئیجازەی چوونە دەر لەتاوڵ بەکاک عوسمان نادەن، گویا لە دانەبەردی بەرتاوڵ  خۆیان لە بووسە دەنین! دەجا ئەو دوو گێڕانەوەی بایزە کوێر و کاک عوسمان  چ شک و گومان ناهێڵنەوە، لە ئاکامدا کە دەگەنە دانەبەردەکان تەقەیان لێدەکەن، عەلی عەجەم دەستەوجی شەهید دەبێ بەلآم گویا مراد شیرێژ کە دەئەنگاوترێ سمینۆفەکەی لە دەست دەپەڕی و سەید باپیر دەچێتەسەری،  مراد بە بریندارى بە سید باپیر دەلێت لە کوشتن بێ مننەتم بەلآم  با پێت بڵێم ئەمن قاتڵی کوڕی تۆنیم! سەرئەنجام پشتی دەشکێنن بە سەرپشتی گویدرێژی دادەکەن، هیلکۆپتر دێ هەڵیدەگرێ. بۆ پیرانشاری دەبات، بە هەڵکەوت ئەو ڕۆژیش چیچو لە پیرانشاردەبێت!
کە وایە دەبینن  کوشتنی چێچۆ بە دەستی ڕەحمان کەریمی لە سەربەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی بە داڕشتنی گەڵآڵە لە لایان حیزبی تودە بووە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاگاداری نەبووە دەجاپیویست بوو کە حیزبی دیموکراتی ئیران بۆ لە قاودانی ئەو پیلانە داخۆیانێکی بلآوبکردبوایەوە با بە کاری ڕەشە کۆژی کۆماری ئیسلامی وتوودە بە حیسابی حیزبێکی پێشکەوتووی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بوختان هەڵنەبەستن!

دەجا وەک ئاماژەم پیکرد مەبەست لەکوشتنی چیچۆ، پاڵ پیوەنانی  عەشایەری هەرکی سیدان و بەگزادەو هتد... بەرەو باوەشی کۆماری ئیسلامی و چەکدارکردنیان و بە گژحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران داکردنیان بوو. دەنا نە کاک مراد شیرێژ بەدەستی چیچو شەهید ببوو و نە کاک رەحمان کەریمی چ غەرەزو دوژمنداری لە گەڵ محەمەدەمین حاتمی ناسراو بە چیچو هەبوو بەلآم ئەمە  مامەلەیەک بوو لە گەڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گرێبەستی داڕژابوو. بە وەردانەوەئەم باسە نامەوێ دیفاع لە کردەوەکانی محەمەدئەمین حاتەمی(ناسراوبەچیچۆ) بکەم، چونکە ئەوەندەی کە ئەمن ئاگاداربم هەموو لاپەڕی ژیانی حاتەمی  هەڵدێنەوە خاڵێکی سپی تیدانییە، جگە لە ڕەشی

و لە تەواوی تەمەنی کارێکی ئەریتی بۆ نەتەوەکەی نەکردبوو جگە لە نەریتی، هەتا خۆ بە دەستەودانی خاوەنی ئەودێرانەو هاڤالانی بە ڕیژیمی جەلادی شاهەنشاهی لە1343هەتاوی بە وادەو بەڵێنی بە درۆی چێچۆ و ئەحمەدبەگی نیعمەتی لەو جەنگەیەی بوو کە بارزانی لە سەرپێشنیاری (شا)ی ئێران هەودای بە دەورەی سنوورەکانداکیشابوو هەر کوردێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە کوردستانی ئیراق لە تریاک قاچاغتر بوو هەتالە کوردستانی ئیرانیش ڕاویان لێدابەشیبوون، سەری گرت. کە ئەمن لە دادگای نیزامی مەحکووم بەئیعدام بووم لە دوایی بەپێی عافوو لە1367 لە لایان شابانوو فەرح، بوم بە (ئەبەد). ئەوچاخ حاتەمی ونیعمەتی دەیان پیگەی جاشەتیان لە ناوچە پێکهێنا بوو هەموو خزمەکانی هەتا ئەحمەدبەگ و جەمیل بەگ و فەرعان نیعمەتی چکداراکرابوون، ئەو چەکداربوونە، وەک بەرێ ئاماژەم پێکرد هەستی دەوڵەتخوازیان بۆ سەردەمی شەڕی شیخ ڕەشیدی لۆلانی دەگەڕاندەوە کە بە دژی شۆڕشی ئیلول سەردەمێک جاشی عەبدولکەریم قاسم لە1961و 1962بوون، کە بەداخەوە هەرکیەکانی کوردەستانی ڕۆژهەڵاتیش بە لاساکردنەوەی فەتاح هەرکی کوردستانی باشوور، ببوون بە جاشی شای ئێران.

بەڵام دەمەوێ خائین بە میژوو ڕاپەڕینی گەلی کورد لە هەموو جل وبەرگێکدا بناسرێن و ئیدی چیدی بە ماسکی حیزبی دیموکراتی ئیران زەبر لە بەدەنەی حیزب و نەتەوەی بەشخوراوی کورد نەوەشێنن.

دەجا بائەوانە لە ولای دانین و پشوەک بدین و بینەوە سەرەخۆو بزانین بۆ دوایی ئەو هەموو ساڵە ئەو هەنگاوە لە لایان بنەماڵەکەی بۆ دۆزینەوەو بردنەوەی تەرمی حەمەدەمین حاتەمی و حاجۆی کووڕی وکەریمخانی هەڵگیرا و بیری شازو قازی لکبن لە ئارشیڤی کۆماری ئیسلامی جێی بۆکراوە و هەزاران کەس لە عەشیرەتەکەی بەشداری تیداکرد، تۆ بڵێی ئەوەش ڕاچاندنی تەونی دەهۆیەک نەبێت؟ تۆ بڵێی دەستی خۆیی تیدا نەبێ و بە راسپاردەی کۆماری ئیسلامی نەکرابێ! تەنیا مەبەست کۆلانەوەی کوانەکەو وەژانهاتنەوەو داڕوشانی هەستی عەشیرەتەکەی و خەڵکی ناوچەو بادانی قسەی ڕاست و شێویەک لە نیشاندانی ڕەشەکوژی و کز بۆونی کەڕامەتی حیزبی دیموکراتی کوردەستانی ئیران نەبێت. و کوتەخۆران دەستیان تیدانەبێت! چونکە مابەینی نیوان لکبن لە گەڵ ناوچەیی زێوە هەر(50)کیلومیتردەبێ ئەگەربشڵین لە بەرحیزبی دیموکرات نەیانتوانیەوە،وەک دەزانن زێدە لە 12ساڵە حەکا چ پایەگابنکەی لە لاجان و پیرانشارنییە،دەجا بۆچ لەو ئەوهەموو ساڵە خۆیان گەنخاند،پێویست بە لێکۆڵینەوە بەسەرداچوونەوەیە ئەم گەرایە ناڵیم لە ڕژدو هەڵدێر بەڵام لە نەرمانی زۆردڵی بەپێچ و پەناو خوارەپێچە سەری چروی لە دوایی گنخانیش وەک پشکۆی بن خۆڵەمیش لە جرقە دا.

وەک دەزانن لە سەرەتایی ئەو رێژیمەگڵاوە کە دوژمنی قەستەسەری کوردە ولە هیچ هەلێکی بۆ فەوتانی نەتەوەی کوردو هەرنەبێ بێدەنگ و کپ کردنی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات یان کەم ڕەنگ کردنی بە ڕێبەری حەکا نەوەستاون، هەتا جگە لە پیکهێنانی تەون وبەستی پیشمەرگەی موسڵمان و جاش و جاش سەرباز ئاڵەدین کردنەوەی عەشایەرکان و تیرۆری ڕێبەرانی دریغی نەکردوە، بەداخەوە توانیویەتی لە ناوجەرگی حیزبی دیموکراتی ریشەداکوتێ وگەراداریژێ گەلێک لە ئورگانی حساسیش بەدەستی جیروخورانی خۆی پاوان کات و هەرس هێنانی ڕاپەڕینی

گەلی کورد هەرنەبێ بۆسەردەمێک مسوگرکات ! ناردنی جیروخۆرانی توودە بۆ ناو حیزب دیموکرات لە جل وبەرکی کارگێرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکێک لەو پیلان زەقەی کۆماری ئیسلامی بوو هیوادارم خوێنەران مەبەست لە شێکردنەوەی ئەم بابەتانە وا فکرە نەکەنەوە کە هەر ناکۆکێکی بیرو باوەڕ لە ناوحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران تۆمەتی سەر وەحکوومەتی وەپاڵ دەنرێ، چونکە جیابوونە لە رێگای مەشروع لە سەر شیکردەوەیەکی چڕوپڕ و بیروبۆچونیکی راست و دورست وبێ خوارەپێچە داودۆزی و لە چوارچیوەی سیستەمی دارڕژاوی حیزبی وپرینسیبەکانی و بە قازانجی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان لەهەڵ ومەرج وبارودۆخێکی ئاسایی تەوفیرێکی زۆری لە گەل دورست کردنی تەورەی دژایەتی و ئەو تەونە جاڵجاڵووکە هەیە کە لە ژیربالێ کۆماری ئیسلامی بە قەول وبەڵینی هەر وادەو بەلێنێک لە لایان حکوموەت، پیلانی بۆ دادەڕژرێت ، بێگومان بە هۆکان لێک دوورن! دورستکردنی حیزب لە ناوحیزب بە دەستی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بە دەیان پێچ و مەنگەنە پێکەوە گرێبەست و کارهاسانی بۆکراوە، کە دەستی خۆیی لە دامەزراندنی گەرای دیارە، یەک لەوانە بەرهەڵستکاریی و شەڕی ناوەخۆو بە جل وبەرگی حیزبی دێموکرات رەنگی واقێیەتی پێدەبەخشی و پێشینەی لەناوحکوومەت بە بەڵگەو دێکومینتی حاشا هەڵنەگر مەوجودە بەڵام بە هۆی هەل و مەرجی ناسک و بارو دۆخی کوردستان لە حالێ حازردا پەنجە بۆڕادەشتی لە زەرەربەدر قازانجی نییە! ئەگەرخوداحەزی کرد ئەو هەورانە لە ئاسمانی کوردەواری ڕەوینەوە، بیگۆمان ئارشیڤی کۆماری ئاخۆندی ئاچەری زورمەحفەرەی قفل لیدراوەی لێێ وەدەردەکەوێ کەلەمێژووی شەرمەزاریدا لینگەی کەمە. ئەوانەی کە زەبری گورچ وبڕیان لە شوڕشی حەقخوازی نەتەوەی کورد وەشاند و گەلێک رۆڵەی قارەمان لە هەردوولا بەهیچ وخۆرایی بۆ کورسی دەسەڵات وبەڕیوە بردنی بەرژەوەندی دەمودەزگای دەسەلات، بە فیتی ئاخوندی بە شەهید بووندا،کە بێگومان لە دادگای ویجدان گشتی قەزاوتیان لە سەرکراوە بە تەرازوی چاک و خەراپە هەڵکێشان دەسپیردرێن و دەبی چاوەڕوانی سوک و سەنگی وپارسەنگی وی بن.

حامیدڕەشیدی زەرزا
ئوستەڕالیا،شاری سیدنی،
8/3/ 200ی زایینی.

**(21)**

**کۆماری ئیسلامی هاربووه.**

ئەویش چ هارییەک! دەست لە چ جنایەتێک ناگێڕێتەوە و قەساوخانەی داناوە کەس ناپارێزێ مێرمندالان ئیعدام دەکات، ڕۆژنامەوان و هاوالدەران لە قەنارە دەدا، ئازادیخوازان بە سێدارەهەلداوەسی، کوردستانی کردۆتە گۆمی خوێن، دەگرێ و دەکوژێ، زوهاکە ئەژدهاکە، کوردخۆرە! لەو چەند سالی دوایدا هەموو سالێک زیدەلە( 400) کەسی بە تەناف ئیعدام کردووە، ئەوندەشی تیرەباران کردوە، دوو ئەوەندەشی لە ژێر ئەشکەنجە گیان لێ وەرگرتووەن، دەیان ئەوەندەشی بی سەروشوین و شرت وگۆم کردون. زیندانەکان تەژی لە ئازادیخوازانن، ئەمە سەر ژمێری لە کوردستان، جگە لە تورکمان سارا، خوزستان، بلوچستان شارەکانی تر،هارینی ئەوهەموو مخلوقاتە لە دەستاری تایبەتی ئاخوندی (صدرحمت برکفن دوزاول)م وەبیردێنیتەوە.

کوانی قانوون؟

هیچ کەس نابێ باوەڕ بە قانوون و یاسای کۆماری ئیسلامی بکات وەک پێشدا ئامازەیەکی کورتم پێکردبوو ئەوان ئەگەر پێویست بوو تاک تاکەی وشەی قانوون ئەساسییەکەی خۆیان دەجوون مرەکەبەکەی دەلێسنەوە هەتا مانای بە پێچوانە بگۆڕن، ئەوان لە هەموو ئەسلەکانی قانون ئەساسی ئەگەرێکیان لە کۆتایی گونجاندووە کە چۆنیان ئیشتالێبێت بەهۆی ئەم ئەگەرە ئەوهای مانا لێدەنەوە، ئەمە ناوەرۆکی بەسەرداچوونەوەی قانوون ئەساسی کۆماری ئیسلامییە!
ئەو جار لە حکوومەتێک کە رێبەر لە قانوون حوکمی پترەو لە شوێنێک کە ئەو لێی بێت قانوون باتلە، ئەو قانونە چ دێنێ! لە ولاتێکدا کە دانیشتوانی بەپێی قانوون بەگشتی سەغیرن و هێشتا بە بلوغ نەگەیون دەبێ ولایت فقییەی تەکلیفیان مەعلووم کات و سەرافەتیان بکات، کوا دەتوانێ کۆلەکەی راوەستانی عەدالەت بێ! لە ولاتیک کە ڕۆژێ دەیانجار جەستەی عەدالەت بە گوللەی هزری گەندل هەنجن هەنجن دەکەن قانوون چ مانا دەبەخشێ! ئەو ڕۆژنامە وان و هاوالدەرو نووسەرو هەستیار و ئازادیخوازانەی کە بە دەستی خوێن مژانی کۆماری ئیسلامی لە قەنارە دەدرێن، ناوەرۆک و کاکلی عەدالەتن، بە داخەوە هێشتا ئەو خەلکە ئەو حەقیقەتەیان بۆ لەبنی ئەو مەنجەلە ژەنگاوەیە هەلنەکراوە کە یاسای کۆماری ئیسلامی موومێکە بە دەست ولایەتی فقییە، چونیان ئیشتیا لێبێت وای لێدەکەن، هەر ئاخوندێک لە هەرئورگانێک بە ئارەزوی خۆی دەکات،یانی تاسەی خۆی هزرو بیرو بۆچوونی خوی پیادە دەکات و دادەبەزێنێ! قانوون لە کۆماری ئیسلامی ماناومەفهومی نییە! ئەوانەی پێیان وایە بە دەستەو داوین بە دیالۆک دەتوانن پشووی دێموکراسی هەلکێشن یان بە هێنانەگۆڕی قسەی عیلمانی سەری قسە لەگەل کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و پێیان وایە دەتوانن بە نووسین و دورشم لە مافی پێشل کراوی خۆیان بەرگری بکەن بەداخەوە دەبێنین بە سێدارە هەلداوەسرێن! تێکۆشانی مەدەنی لە بەرامبەر مێشکی خەرافات بایەخی نییە، بلوجەکان و کوردەکان هەموو نەتەوە کەمایتیەکانی ئیران دەبێ بزانن ئەو رێژیمە جەلادە. دەبی یەکیەتی و ئیتحاد و پێکەو پەیداکەین دەبێ یەکبگرین هەتا بتوانین پشتی ئەو غەدارە نەمژە لە هەرد بدەین، دەنا تاک تاکە هەمووان لە ناودەبات، ئەو کۆمارە فیلاویە وەبیرتان دێت، کە سەرتا تێکۆشانی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانی یاساخ کرد پاشان وردە وردە پێ یانداهات هەموو

یاساخ کران، هەمووی دەرپەڕاندن کە ئەو کات حیزبی پالاوان پەمووی تووده دەسمالی گەرێ سەرچۆپی بۆ هەلگرتبوو، دوایش کونە مشکی لێ ببوو بە قەیسەری و لە کودستان خۆی دۆزیەوە!

بەلام زاتی کۆماری ئیسلامی؟
کۆماری ئیسلامی دەولەت نییە بەلکوو باندێکی مافیایی مەزەبی گەندەل و عەزیایەکی تێنوی بڕنەشکاوو دەم هاوەلای خوێنی مرۆڤ لە سەرگوی زمینە، کە بە جل و بەرگی حکوومەت ئیسلامی خۆی داسپاندوەو دەسەلاتی بە دەست وەگرتوەو، ئابڕوی ئینسانیێەت و ئیسلامیەتی بردوە، درندەیەکی بێ بەزەو خوێنخۆرە مانای روحم و بەزەیی نازانێ و باوەڕی بە هیچ یاسایەکی نێو نەتەوەیی نییە، سەیتەرەی لە سەرخۆشی هەیە، هەرکەس لە چوارچیوەی بڕیارە بۆگەنێوەکانی بەقەد تالە مویەک لاڕێ بڕوا ئەگەر نووری چاویشی بێ دەریدێنێ دەتوانین لە رستەیەکدا بلێین کۆماری ئیسلامی چاوگەی بەشەریەتی کوێربۆتەوەو هار بووە کەس لە بەر قەپالی دەرناچێت! ئەوەش بلێیم فرێشی بە ئیسلام وەنییە، چونکە لە ئیسلامدا ئەوشتانە ئەوهانین، بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی لە کۆنەوە پەیوەندی توندوتیژی لەگەل کوردەکانی باشووری ئیراق هەیە، هەنۆکەش بە قازانج و بەرژەوەندی خۆی نەک بۆ دلسۆزی و داکۆکی لە ئەوان لێێ بەردەوامە،بەلام کوردەکانی ئیران کە زێدە لە12 میلیونن بە نەتەوە حیساب ناکات چش، لە جەزرەبەو گرتن و کۆشتنیان دریغ ناکات. ئەوهەی سریوەی لە دەم بێتەدەر و ڕەخنەی ئاراستەی قەباعەتەکانی بکات دەست وجێ گیراوە تۆمەتی بە درۆی زێدی ئینقلابی وەپالنراوەو دەوسیەی بۆ دورستکراوە لە ئاکامدا حوکمی ئیعدامی بە سەرداسەپاندراوە، لە هەرچوارپارچە پارێزگاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان سێدارەی بۆ چاوترسان چەقاندووە هەر ئیستا دەیان ڕۆژنامەوان و هاوالدەری کوردی بە تۆمەتی راستی گوتن و ڕاستی نووسین تەسلیم بە بێدادەگاکانی ئینقلابی ئیسلامی کردەوە بە چەسپاندنی درۆی پەیوەندی لەگەل فلان و بێهمان حوکمی ئیعدامیان بە سەرداسەپاندون، هەرچەند بەردی دلسۆزی لە گەل فەلەستینە عارەبەکان لە سینگەی دەدا زەرەزکانیان بۆ قەرەبۆ دەکاتەوە و هێزی حیزبو للەی بە پارەی ئیران لێ پیک هێناون و هەنۆکە پەنجاهەزار چەکداری بۆ ڕێکخستوون و موچەو چەک و چولی هەموویان لە لایان ئیران دابین دەکرێ، و لە گەل ئاخوند حەسەن نەسرولڵەیی لە پەیوەندی دان لە پڕوپاگەنەش چ ناهێلێتەوە بەلام عارەبەکانی خۆی لە ئەهواز، خوزستان، هەموو دەقایشی کێشاون ئەوەی سریوەی لە دەم بێتەدەر هەلپەستی زیندان دەکات بە توندی سەرکوتی کردوون، هەتا هەنۆکە بە دەیان کەسی بە تۆمەتی جاسوسی ئیعدام کردووە،کەس پشووی ئازادی بۆ هەلناکێشرێت دەیان پێگەی نیزامی و چەکداری لێدامەزراندون هەتا لە زبانی دایکیان پێشگیری دەکات! وەک دەبێنین تەواوی تڕوریست لە سەرئەو هەردە پان و بەرینە بە پارەی ئیران و دنەی ئاخوندەکان گێژاوی کارەسات بە دوای یەکدا پێکدێنن و لە سەریەک شوێنی کەرخی ترپانی بیرو باوەڕی نەزۆکی ئەو ڕێژیمە یاغییەیی فەساد خولقێنە هەموو کەلێن و قوژبنێکی دونیای تەنێوەتەوە، ئێستا (50)ڕۆژنامەی داخستووە دەیان رۆژنامەی وانی مەحکووم بە ئیعدام کردوە و چەندیشی لە قەنارەداون، و بە پێچەوانەی ئەو هەموو ڕەخنەیەی مافی مرۆڤ تۆزە قالێک لە کردەوە چەوتەکانی هەس نەبۆتەوە لە پاشەکشە دانییە، بەلکوو بە توندی لیی بەردەوامە. هەنۆکە دەیان ڕۆژنامەوان وهاوالدرو نووسەر و هەتاکارگێرانی حقوق بەشەری کوردستانی حوکمی ئیعدام بەسەرداسپاندروە

وەک فەرزانە کەمانگەر و... چاوەڕوانی بەڕیوەبردنی حوکمن! هاوارو بڕۆی خەڵکی ئێران بە گشتی دانیشتوان کوردستان بەتایبەت لە مەڕ ئەو کردەوە چەوت و جنایتکارانە گوێچکەی ئەو دڕندانەی کۆماری ئیسلامی پی نەلەقیوە!

.

کۆماری ئیسلامی فێڵاوییە.
یەکێک لە فیلەکانی بوونی ئیسلاح تەڵەبەکانن هەتا خەڵك بڵین ئێران دێموکراسییە و چەند حیزبییە
ئەون لە خۆیانن ئەرکەکانیان دیارکراون، کە بینیان کارپوچەل بوو بۆ ماەیەک دێننە ناو پانە گۆرا دادەڕنن و دادەبڕن، کە هەورەکان ڕەوینەوە وازی لێدێنن. بەلام یەکجارەکی وەلاناچن، سیاسەتی ڕەفسنجانی و (قەرائەتی تەمدنهای بزرگ)ی خاتەمی تەلقینێک بوو لە سەر تەرمی ئورۆپایی دەخوێند و کاتیان پی دەسوتاند، دەنا ئاخوند هەر ئاخوندە فەرقی ڕەش و سپی نییە! ئەگەر جارو باریش بە ڕەواڵەت واخۆ هەڵدێخن کە پێکەوە ناکوکیان هەیە شەڕە زڕینگرەیە! بە تایبەت لە کاتی دەنگدان،هەتا بۆماوەیەک دەنگەکان کپ دەکەن.. هەتا ئیستا قسەیەکی برژاویان بە دەمدا نەهاتووە هەرچی دەیڵێن هەمووخاوەو نەکوڵیوە چ پێوەرەیەکیان بۆ بەڵێن نییە، ئەوەی بە ئەوکیان دا دێ شێوە کاوێژە قووتی دەدەنەوە دەیهێننەوە.

ڕاستیەکان:
بەڵام دەبێ ئەمە بە سلمێنن نەک تەنیا ئاخوندەکان لە سەریەک کارگێڕانی ئێرانی، بریتی لە فارس و تورک لە پیلان داڕشتن و فیلاوی بوون خێبرەن و لە دونیا لێنگەیان نییە، نمونەکەی: لە 1947، ی زایینی بە پاش و پێشکردنی ڕێکەوتی وازهینانی زەرزاشاو لە سەرتەخت دانانی محەمەدڕەزا، بە چالاکی فروغی سەرۆک وەزیرانی کاتی، هۆکاری دەرکردنی هیزەکانای یەکگرتوو(متفقین) یان لە ئیران بەپێی دەنگی دادگای لاهە مسوگرکرد. هەروا بە قەول و بەڵێنی قەواموسەلتەنە بە شوورەوی لە1947زایینی بە وادەی نەوتی شیمال بارگەی پێی تیکنا، پاشان بە وازهێنانی خۆی لە سەرک وەزیران، بە وشەی باوی دەنگی پەرلەمان، دۆینە دۆینەی پێکردو تەنگی پێ هەڵچنی و دەستی لە تەختەی بەست و هۆکاری هەرس هێنان کۆماری مەهابادو حکوومەتی پێشەوەری لە تەوریز هەموارکرد، هەروا پەیمانی1975ی ئەلجەزیرە و ئاش بەتاڵی شۆڕشی ئەیلول!

کۆماری ئیسلامی یان عەزیای دەم بەخوێن:

کردەوەکانی دەموودەزگای ئاخوندی لە ژمارنایەن،لە مەر هەموو نەتەوەکانی ئێران هەڵویستی بەربەرەکانی بەرهەڵستکاری مافی مرۆف و تایبەت لە مەڕ نەتەوەی کورد بڕیاری ڕەگەز بڕینەوەی گرتۆتە بەر لە مەڕ دونیاش هەڵویستی پاوانی گۆی سەر زەوییە، لە راستیدا دەیانەوێ ئەمپەراتووریەکی شێعەگەری دامەزرێنن، ئەویش بە شیوەی ترس و لەرزو تەقینەوە و خوێن ڕشتن، هەموو کردەوەکانی لە کاتی هەڵسەنگان رێوو شوێنی سەدام حوسین لە مێشکدا زیندو دەکاتەوە بەڵام ئەوانە تڕوریشیان لێ زیدەکردوە! بێگومان ئەگەر دەستیان وەبومبی ئاتۆم رابگات، بەو شێوەیەش رادەگات! دونیاکاوڵ دەکەن، چونکە ئەوان گوێچکەیان بە خەڵک کوشتن نابزوێ هەر لەوەشیان کەلک وەرگرتووە، چونکە دەزانن ئامریکا و ئوروپاو دونیای پێشکەوتە بایەخ بۆ گیانی ئیسانەکان دادەنێن و خەڵکەکەیان لێیان قەبوول ناکەن ئەرتەشەکانیان مەگین لە کاتی زۆرئەستەم زەروری لە شەڕبگلێنن بەلام بۆ ئەوان کوشتن و بەکوژدان یەکێک لە نیعمەتەکانی خودایە! دەجا ئەو لیکدانەوە وای لێکردوون بیانهەوێ ئەمپەراتووریەکەیان داەمزرێنن و بۆمبی ئەتۆم، وە خۆکوژان بدەن بە ئاژاوانانەوە بیروبۆچوونی خۆیان سەقامگیر بکەن و داسەپێنن و بە سەر دونیا دا زاڵ بن، حکوومەتێک کە بەمە شانازی بکات لە(6000) خۆکوژی حاملاندووە دەبێ چاوەروانێ چێت لێ بێت! ئەوە نییە دەلێن ئۆباماش بە شەباهەت قەوارەو ڕەنگی پیست وە محمەدی مهدی دەچێت بۆخۆشی شێعەیە، بیگومان دوورنییە لەگەل دێموکراتەکان کاکە و برالەیان هەبێت، تەنیا دەیانەوێ بوش بڕوا، لە راستیدا وەخت کوژی دەکەن، ئەوەتا ئامریکای لاتینشێان بە پارە ڕەکیش کردوە، ئەوەی دەنکە جویەکی لە سەر ئاخوری شێعە خواربێت لە گەڵیانە، پێتان وانەبێ ئەوە هەر هەڵویستی ئەحمەدنیژاد و دەموودەزگای کۆماری ئیسلامییە، باوەڕکەن ئەوە لە مێشکی بەشێکی زۆر لە شێعەیەکان بە تایبەت ڕەجاڵە گوراوەکی زاتیی و سروشتیە! بۆیە ئەوەی لە دەرەوەی وڵاتیشن بە کردەوەکانی ئاخوندی بە دەماخەن، هەموویان گلۆڵەی سەرتەشیەکن، کردەوەی مەجاهیدن خەلق نیشانەیەتی! دەجا ئەگەر ئەو قودڕەتەی هەنۆکە لە سەرکارە تەمەنی درێژ بێ ئیدی نابێ چاوەڕوانی دوای هاتن بەتڕوریست بکرێت. زۆرکەس وافکردەکەن ئەگەر ئەو دەستەیەیی کۆماری ئیسلامی بڕۆن و دەستەیەکی دیکە بینەسەرکار، هەمووشت دەگۆڕێ. بەڵام جارێک لە خۆیان ناپرسن بەبێ گۆڕانی یاسای کۆماری ئیسلامی هەتا ئەگەر بە کودتاش ئاڵەگۆڕ رووبدات هەرئەو تاسەو حەمامەیە، بۆیش دەبێ نیگەران بین چونکە ئەم ڕیژیمە لەگەڵ ڕیژیمی شاهەنشاهی تەوفیرێکی زۆری هەیە چ لە مەڕ کاکڵ و چ لە مەڕ خۆداسەپاندن،ئەو کات پادشایەک بوو بە نەبوونی وی دەکرا هەموو شت گۆڕانکاری بەسەردابێت. بەڵام ئەو دەوڵەتە پێکهاتەی مافیایەکی ئاخۆندییە، یاسایەکە، بۆ هەموو ئاخۆندەکان کە سەرچاوە لە قانوونی ئیسلای شێعەی دوازدە ئیمامی وەردەگرن، هەبووی یەک کاکڵە. فتواکان هەموویان یەک شکڵن، خۆ ناکرێ گۆڕانکاریان بە سەردابێت. دەجا لە مەڕ ڕوخانیش ئەوانە شیوەی سەرتەتانیکە، ریشەی داکۆتاوە گەلێک گەنجیان مێشک بخەرافات شووشتۆتەوە، بەڵام ئەگەر لێی بدرێ لەوانەیە زووتر لە سەدام بڕوخێ چوونکە نێوە خۆی گەندەڵە. بەڵام پێویستە ئێمەی کورد زۆرمان ئاگا لە خۆبیت ئەگەرهاتوو بەچوکدا هات لێمان نەگۆڕێ وەک سەرۆکانی باشوور نەبینە گەسکە قوڵەی داگیرکەران دەسماڵی مام ناونجیان بۆ هەڵنەسوڕێنن، چونکە ئەوەی دوکتوراشی هەیە لە سیاسەتی دونیا وەک گیرفانی خوی ئاگادارە ئەگەر کەری مەزەبی شێعە لە قوڕ کەوت و حاسێ بوو لە کلک ڕاکێشانی لە هەموو ڕەجالەو خەڕافەتی وجاهیلێک بەقووترە! بۆیە پێم وانییە بەبێ هێزیکی دەرکی روخانی ئەو ڕیژیمە گلاوە

مسوگربێت! هەروا بۆ وردەحیساب لەگەڵ یەکتر کاتەکان بە فیڕۆ نەدەین، بەپێچەوانە هەموومان ببین بەگیانێک ! بەلام لە سەر ئەو هەمووش ئەو گەف و گووڕانەی ئیرانم لە لا وەک بلْقی سەرئاوە، چونکە ناوی کلْۆرە ئەوەی ئێمە دەیبینین ڕەواڵەتە، دەنا لە ناوە خۆی وەک دارێکی ڕزیوو هەزار مورانەی تێکەوتووە بە پشوبایەکی دەرەکی دەروخێ و ئاداری لە سەرپاداری نامێنێ! لەوانەیە ئەو ڕۆژە زۆرنزیک بێ بۆیە پێویستە حیزبەکانی کوردی فکر لە بەرەیەکی سیاسی و یەکگرتوو بکەنەوە کە بنەما و بنچینەی لە سەر ڕاستی و دورستی و لە بەر چاو گرتن و مسوگەر بوونی مافی گەلێ کوردو هەموو نەتەوەکانی ئیران بێت، هەتا ئەوانەی کە لالوتیش بوونە دەخیلە نەبنەوە کارگی هەڵتۆقیوی بەرهەڵستاکاری شاخاویەکانی کوردستان و پەڕی قوماری دەستی نەیار، مەرجیش لە سەر شیرو خەتی دەسەڵات و کورسی داپلۆسان نەبێت ! بێگومان ئەگەر دەنگی گشتی ڕیزی لێبگێرێ کورد دەتوانێ هەلێکی ئەوها باشتر بقوزیتەوە و زوربەی دیاردەکانی بە تەماڵ هەلنێت و گەلێک لە ئامانجەکانی بپێکێ، هیوادارین ئەزموونی کوردستانی باشوور و دەست تێکەڵاوی لەگەڵ نەیار تفی لێبکرێ. هەمووپێکەوە بۆ ڕزگار بوون لە دیلی بەگیان ودڵ تێبکۆشین هەتا بتوانین لە قەفەس دەرچین و پشوەکی ئازدی هەڵکێشین. بە هیوای ئەو ڕۆژە هەرچی زووتر.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/8/7ی زایینی،

**(22)**

**ئەمن پێموایە بارزانی دەست بەتاڵ لە بەغدا گەڕاوەتەوە**

وەک دەزانن ئەو هەلە زێراوەییەی کە بۆ کوردستانی باشوور، بە هێرشی ئامریکا بۆسەررژێیمی سەدام لە(2003)هەڵکەوت، ڕووداوێکی مێژوویی بوو. فارس گوتەنی(سالهامیگذردشنبە بەنوروز) کە هەموو کوردێک چاوەنواری دەکرد کە کەلکی بە جێی لێوەربگیرێ، بەڵام بە داخەوە هەلەکان زۆریان بە فیڕۆ چوون و ئەوەی کە دەبوو بکرێت نەکرا! یەک لەوانە مەسەلەی کەرکووک بوو کە سەدام بە ڕاونان و دەرپەڕاندنی کوردەکان لەو پاریزگایە بە تایبەت لە کەرکوک و خانەقین و مەندەلی پڕ کردنەوەی شوێنی وان بە هێنانی عارەبی دەشتەکی، ڕوخساری کوردستان بوونی ئەو پارێزگاییەی وەبن هەورەی ڕەش و چڵکن وپیلانی سیاسەتی بە تەعریب کردن خستبوو، دەجاپیویست بوو دەست وجێ هاوردەکان بناردرابانەوە ئەو جێیەی کە لێێهاتبوون و دەرکراوەکان بهانرابانەوە سەر ماڵ و سامانی خۆیان لە کەرکوک و خانەقین و مەندەلی وشارەکانی دیکە. ئەوەش دەبوایە لەو تەقەو لێکدانەو شەڕو هەراو پێکهەڵاچوون و چەق و تەفە کرا بوایە کە ئامریکا دەبەری ڕۆچووبوو،و ڕێشەی بەعس لە هەموو شوێنێک دەپساندرا و پەیکەری سەدام لە شەقامەکانی بەغداو شارەکانی تر وەبەر پیلاقە وتێهەڵدان سەرشەقی خەڵکی ئیراق کەوتبوو و ڕێژیم لە ئاویلکەی ئاوزینگاندا بوو، دیارە ئەو چاخ ئامریکا ئیکجار ئاتاج بە داکۆکی و یارمەتی کوردەکان لە هەموو بوارەکەو بوو، عارەبیش بە

زەبری گورزی ئامریکا ئەوها چڕژاوو زراو بردو ببوو تاسا بوو کە چاخی فیکر کردنەوەی نەبوو، بەڵام سەرۆکانی ئەو دوو حیزبە کە لە سەر داروبەشی دەسەڵات دەستیان بە خوێنی یەکدی سوور بوو، وەک گورگ نەدەوێران پشت دەیەکدی بکەن، هەریەکە بە شێوەیەک خەریکی خۆ قایم کردن و دەسەڵات قەبزەکردن و خەڵک بۆلای خۆی ڕاکێشان و گوپ گوپێن بوو، بە هەڵدانی دوو پەڕۆکی شین و زەرد ئەو پارچە کوردستانەی بێ کلک و گوێ کرابوو بە دوو بەش، و دوو سەرۆک و دوو حیزب سنوورو تخوبیان لێکێشابوو. سەعدی: گوتەنی(دوو گدا در گلیمی بخسبند، اما دو پادشا در اقلیمی نگنجند.) دەجا هەر دوو سەرۆکی حیزب، خەریکی کارسازی و پێکهێنانی زەمینە و ڕێگا تەخت کردن بۆ وەدەست هێنانی بەرژەوەندی و ڕاکێشانی دڵی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵ بوون و ئاگایان لە تەون و بەستی جیناری تورک و فارس نەبوو. لایەکی دیکە بە هۆی ئەوەی هەمیشە پێیەکیان لە ئێران و یەک لە تورکیە بوو زۆریان هیوا بەتایبەت لە سەر ئێران و عارەبی شێعە هەڵچنی بوو، پییان وابوو تەنیا سوننە نهی لە کورد دەکات! بێ ئەوەی ژیانی کوردکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ئیران وەبیربێنەوە کە چلۆن لە لایان شێعەکان دەچەوسینەوە، چلۆن تیلدڕۆی کۆیلەتیان بە دەوریدا کیشراوە، چلون خەزای ئیمام خومەینی کوشتنی حەڵال کردوون و هەنۆکە لە چ چارە ڕەشێەک دان هەناسەیان بۆهەڵناکێشرێ و ئەوەی سریوی لە بەر بێتەدەر لە ژیر ئەشکەنجەداو سێدارە دەستی ماچ دەکات، بێ ئەوەی ئەو هەموو زوڵم و زۆری ئاخوندی شێعە و ترۆری ڕێبەرانی کوردی رۆژهەڵات وەبیربیننەوە چاوی گەشبینیان کوێرببوو! کوردگوتەنی: (دەردێک لە من نەبێ لە هاڤاڵم بێ، پێم وایە لە جەواڵی کایە) دەجا خۆیان بە شیعە ئەسپارد،یانی(مەڕبەگورگ ئەسپاردن) بێ خەبەر لەوە ئەگەر داگیرکەرانی کوردستان دەیان ناکۆکی و ململانی ناوە خۆشیان هەبێت کە مەسەلەی کوردستان هاتەگۆڕ هەموو شت لەو لای دادەنین و لە بەرامبەرکورد یەک هەڵویست دەگرن و هەرکام لە عارەب سەدامێکە، هەر وەک عەجەمەکان لە بەرامبەرکورد هەموو خومەینی و تورکەکان هەموو ئاتاتورک!!! نازانم هەتا ئێستاش کەس لێی حاڵێی نییە بۆچ بەردی خۆشەویستی ئیران لە سینگیان دەدەن و ئیکلام کێشی بارەگای گڵاوی ئاخوندەکانی فیرعەونن! دوێنی دەگوترا پێیان ئاتاجن، دەرکراوەن، پەنابەرن، بەڵام هەنۆکە چی؟ ئەویش بە بوونی پشتیوانێکی مەزنی وەک ئامریکا! نەخیر هەرفرچکیان بە نۆکەری گرتووە،ئەمەیان ناولێناوە سیاسەت، بەڵێ ئەوان بەو سیاسەتە لە سەردەمی (شا)ش چیان نەهێشتەوە! بەڵام ئەمە سیاسەت نییە بەڵکوو خۆ فرۆشییە! دەجا مەکانیزمی فیدرالێ ئەو بەشە کوردستانە چ دینێ! ؟ ئەو جورە تێراوانینە لە مەڕ بەشەکانی دیکە ئەوها بێ هێزوپیزو کە دوور لە هەڵویستی ڕەچەڵەیی و سیاسین هیچ، دەبێ بەڕاشکاوی بڵێن پیلانی گڵاوی داگیرکەرانی کوردستانن لە پێش هەمواندا ئێران کە ئەوان بەداخەوە بەڕێوەیان دەبەن!! بێگومان دۆڕانی ناوچەکانی دابڕاو کە هەتا ئیستا نەگەراوەتنەوە بۆسەرکوردستان هۆکاری ئەو شێوە فیکرکردنەوەی نەقوستانی ئەم لێڕوانینە یە.

هەڵسەنگانەکان:

بە تایبەت قسە ناهەڵسەنگاوەکان و نەپاڵاوتراوەکانی مام جەلاڵ کە جاردەلێ: کەرکوک شارەکی هەموانییە،جاردەلێت: سێ بەشە کورد و تورکمان وعارەب! قەت دەمی بە بوونی کوردستان بوونی بی پێچ و پەنا خوارەپێچە دانەنا،بەڵام با بزانێ قسەی وی نەک وەک مام جەلال، بەڵکوو وەک سەرۆک کۆماری ئیراق حیسابی بۆ دەکرێت! ئەو ئاخاتنانە لە خانەی بەرپرسایەتی لە دەمی سەرۆک

کۆمارێکی ڕەچڵەکورد لە ئیراق دێنەدەر (قطرەقطرەجمع گردد وانگهی دریاشود) هەر ئەوشات وشووت ونهینیکاری و داودۆزی و پیلانەکانی جەعفەری لە گەڵ ئیران و تورکیە و حازرنەبوونی لە هیچ کۆڕو کۆمەڵ لە کوردستان و بەردانی گەڕی دۆی شایی کوردی لە کاتی هەڵبژاردن و دانانی سەرۆکی کوردستان و لستنەوەی دەستەواژی فیدراڵ، دەبوایە توانی بوایە ئەم سەرۆکانە لە خەوی کەرویێشکی وەخەبەر بێنێت، بەڵام نەیتوانی! ئاخۆئێستاش سەدی 30ی عارەب لە گەڵ فیدراڵی کوردستان دایە؟! دەجا ئەمە لە بارودۆخ وهەلومەرجێکدایە کە دەوڵەت کزو لەرزۆک و کەم دەسەڵاتە، ئاخۆئەگەر قودرەت بەدەست بێنن بێبەزەترو خوێنڕێژتر لە سەدام لە بەرامبەرکورد نابن؟ ! بێگومان پیس تروخەراپتردەبن!

بەپێچەوانە:

سەرۆکانی کوردستان لە جیاتی ماڵی خۆیان ئاوەدان کەنەوە کەلێن و قوژنبەکانی لە باگەڕو شەختەی بێ ڕەزای نکبەتی بگرن و بەرهەلێخەکانیان بە هیزکەن و خەسارەی وەبەر ستوونەکان و ئاڵەداروکارەیتانی بدەن و بە دوایی گەرانەوەی شوێنە دابڕاوەکان بن کە بیانگەڕێنەوە سەرکوردستان و کۆنە برینەکان نەهێڵن تەشنابن و بۆ پارچەکانی دیکەش ببنە مووروی قەبەزەی پشت و کاروباریان بۆڕاست کەنەوە، بە پێچوانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شوێنی سەدام بۆ سەدامیەکان دەست بەکاربوون! بنیات نانەوەی حکوومتی تەفروتونا کراوی عارب کە هەزاران کوردی زیندە بەچال کردبوو، بەهۆگان دوور لە ئاقلیەتی و هەست و سۆزی نیشتمان پەروەرییە! پەیمان و گرێبەست لە گەڵ داگیرکەران دەرمانی برینەی کۆلاوەی کوردنییە، کە ئێستا بۆ هەڵکیشانی چ پێوەریەک نادۆزمەوە پێی بشوبێنم.

بێ هەڵویستی:
وەک دەزانن لە سەرتای ڕووخانی ڕێژیم و حەولەو تەقەلای سەرۆکانی کوردستان تایبەت مام جەلال بنیات نانەوەی ئیراقێکی نوێ بوو، چونکە زۆر مگێزو ئیشتیای لە کورسی کۆماری بوو، ئەمن ناڵێم دیاردەیەکی خەراپ بوو بەڵام بەو کورسییە بەری لە کوردستان هیچ برا، هەرئاگای لە خۆشی برا، و لە بیری چوو دەبێ چ بکات! لە سەر ئەو هەموو فێڵاوییەی خۆی دەبوایە قەت فێڵی لێنەکرێ کەچی( نەقلی ڕێوی لێهات گونی کەوتبوو ناو تەڵە چاوی دەقوچاند دەیگوت: ئینشاللە خەونە، هەتا تاژی و تولە بەسەری وەربوون! نەک فیلێک بەڵکو دەیان فیلیان لێکردن یەک لەوانە مەسەلەی کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و شارەکانی دیکە بوو کە جێگۆڕی بەکورد کرابوو و عارەبی تیخزاندرا بوو، ئەوە یەکێک لە پیلانی گڵاوی سەدام حوسین و کوردستان بە عارەب کردن بوو، دەبوایە سەرۆکانی کورد بەر لە هەموو شت لەو جەنگەیەی کە عارەب تەخت و بەختیان وەرگرابوو، ئاداریان بە سەر پاداری نەمابوو و بە پێچەوانە کورد بە دەسەڵات و پرچەک و یەکگرتوو بوو، جێی خۆی بوو هێنراوەکانیان بەرەو شوێنی لێهاتوو بەرێ کردباوە دەرکراوەکانیان گەڕاندباوە، چونکە لەو گەرمە گەرمە دا هەموو شت دەکرا بەڵام وەنەبی نەزانن، ئەوان خەرابتر لە داگیران ئەو پارچە کوردستانەیان لە نێوان خۆیان کردبوو دوو بەرەباب، هەریەک بە دوای دەسەلاتی خۆی حەوداڵ بوو، ئاخۆ چون بتوانن خاوەن دەنگی زۆر بن، دەجا دەستیان بە لاواندە کرد یەک دەیگوت: عارب برامانە

و ئەویدی دەیگوت: برابەش و خاوەن پشکە بەشەو هانیشتمانین! هەریەک بۆ پارسەنگ راگرتن لای ترازوی خۆی قورس تر رادەگرت کە وای لێهات وردە وردە ئەو ترس و لەرزە ڕەوویەوەو بەسەرچوو، ئیدی مام جەلالیش کە کورسی دەسەلاتی وەرگرت ئەو جار خەریکی ناوبژکەری بوو، چلۆن عارەبی کوردکوژی سوننە بێنێتەوە ناو پرۆسەی دیموکراسی، چلۆن دڵیان چاکا تەوە. لە حاڵێکدا کە حکوومەتی عارەبی ئیراق فەرقی شێعەو سوننە لە نیویان ناکرێ، هەر دوو دەژمنی کوردن، هیچ کام ئەگەر دەستیان بڕوات سەبارەت بەکورد لە بێ بە زەیی و پێشل کردنی مافی کورد تەوفیریان نییە.

نموونەکان:

ئێستا با نموونەکانیان بێنینەوە: کاتیک لە سالی 2005 عەبدولعەزیزئەلحەکیم بەرپرسی ئەنجومەنی باڵای شورشی ئیسلامی لە ئیراق دێرۆکەی هەرێمی هاوشکلی، هەریمی کوردستانی لە میشکداگوراو خەرێکبوو لە دەستووری ئیراقیداجی بۆ بکاتەوە کە چەند پارێزگای شێعە نشینی پێکەوە گریدەدا نەک تەنیا سوننە عارەکان، بەڵکوو شێعەکانیش دژی ڕاوەستان، چونکە ئەگەر لە بیروهزری ئەو دوو دەستە ڕامێنین دەبینین هەر دووک بە تاسەی ئیراقێکی پتوون و پتەون و حازرنین ناوی فیدڕاڵ بێنن، کە بینیمان حیزبەکانی فزیلەو زورینەی بالاکانی دەعوە، لایانگرانی موقتەداسەدر بەر هەڵستکاری فیدڕاڵی ئیراقیان کرد،و دوو جار کاندیدەی عەبدولعەزیزئەلحەکێم بۆ سەروک وەزیران لە بەرامبەرکاندیدای پارتی دەعوە شکستی خوارد، دەجا دەتوانین بڵێین ئەوەی بە دەستووری ئیراقیان دەنگداموافیقن و ئەوی بە دەستووی ئیراقیان دەنگ نەدا لە دژکارانی فیدڕاڵبوون هەتا حازرنین هیچ کام لە پاریزگاکانیان ببن بە فیدراڵ، تەنیا ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێراق نەبێت ئەویش لە کەمایەتیدایە. دەجاهیچکامیان بە گەڕانەوەی کەرکووک و شارەکانی دی بۆسەرکوردستان رازی نین، ئەو گنخاندنەی مادەی 140 و دنەی تورکمانەکان نەک تەنیا لە لایان تورکیە بەڵکوو لەلایان عارەبی سوننەو شێعە پیلانی بۆداڕژاوە، ئیمکانی کردنەوەی گرێبەستی بەو زۆانە دوور لە ئاقلی سەلیمە،مەگین هەڵویستی هەر دوو سەرۆکی کورد زۆر بوێرانە وسیاسی و هەتا بە هەڕەشەی جیابوونە لە ئیراق بیتەدی، دەنا ئامریکاش کە بەرژەوەندی خۆی لەو هەموونەرم وحەلیمی کوردەکان تیدا دەبینی جێی باوەڕ نییە هەڵویستی توند وبە قازانجی کورد بگرێت، دەجاهاتووچۆی بەغدا لە لایان سەرۆکی کوردستان ناتوانی هیواداری دەست پڕ بوونی لێبکرێ، چونکە نمونەکانی زۆرن یەک لەوان پیلانی موقتەداسەدر ! ئاخۆ لەبیرتان چووە کە سەدر دووساڵ پێش چەند هیزی تروریستی لە عارەبی دەمارگرژ بۆ کەرکووک نارد کە لە گەڵ عارەبی هاوردەو تورکمانەکان بۆ بەرسینگە بڕینەوە لە کوردو ڕی پێ لێژکردن وبەردەوام لە ئاژاوەبوون و خۆ تەقینەو نەخشە داڕێژتن! ئەوهەڕەشەی موقتەداسەدرهەنۆکەش گرێبەستی لەگەڵ عارەبی هاوردەو تورکمانەکان کارتێکەرە، و خۆ بواردنی ئەو ماوە دوورو درێژەی سەرۆکانی کورد لە کەرکووک و شارەکانی دیکەی بە عارەب کراوو بەرەهەڵا کردنیان بنەمای هۆکاری ئەو گرێبەستانەی نهینی بوو، ئەگەر ئەوان لێی بە خاوەن ببوان و هەڵوسیتی توندتریان دەر بڕێبوایە کار نەدەگەیشتە هەنۆکە، قسەکانی کاک مەسعود بارزانیش چی تازەی تێدا نەبوو، لە کەرکوکیش دیاربوو گەلێک ئاگاداری قسەکانی خوی بوو،بە تایبەت لەگەڵ عارەب و تورکمان مبادا کارتێکەری تورەبونیان مسوگرکات! ئەوانە لەولاڕاوستن وەختێک مام جەلال بە ڕاشکاوی دەڵێ فەرقی بەغداو کەرکووک ناکرێ و هەر دووک ئیراقن ئیدی پێویست بە چ ڵیکدانەوە شێکردنەوەیەکی دیکە نییە. لە راستیدا باخۆمان فریوو

نەدەبین ئەوەی هەنۆکە لە سەرۆکانی باشوور دەبینرێ جێگای دڵخۆشی بۆ پارەچەکانی دیکە نییە، چونکە ئەوان کە بە چارەنووسی خۆیان ماندوونەبن چون دەتوانن گەرەتنی ئەوانی دیکەبن، هەڵویستی هەر دووک بە تایبەت مام جەلال ئیکجار لە بەرژەوەندی کوردستانەکان دوورە، کورد گوتەنی ناکرێ(خداو خورمات هەبێ) ئەوان زۆرتر خورماین دەوێ نەک خودا! دەبوایە سەرۆکانی کوردستان لە مەرگەلی کوردو کوردستان بیروبۆچوون و هەڵویستیان وەک ناوەرۆکی ئەم شێعرە بوایە کە شێخی بەهایی گوتویەتی:

هر درکه زدم صاحب آن خانه تویی تو
هر جا که شدم پرتو کاشانه تویی تو
در میکده و دیر که جانانه تویی تو
مقصود من از کعبەو بتخانه تویی تو
مقصود تویی، کعبەو بتخانه بهانه)

بەڵام بەپێچەوانە سەرۆکانی کوردستانی باشوور بەتایبەت مام جەلال کورسی دەسەلاتی گەرەگ بوو و کاتیک پرس و ڕایان بە خەڵکە بە قەولی کوردی: کە ( دەرپێیان کەوتە قاپان) دەنا رۆشنبیران وزانایان سیاسی و نووسەران و خەڵکی ئاسایی لە کارەکانیان بە تایبەت لە مەڕ کەرکووک دەیان جار ڕەخنەیان گرت بەڵام چش کە بە هیند نەگیران و پیی هەس نەبوونەوە ئەوانەی کە رەخنەی توندیان ئاراستە کردبوون گیران وسزادران! وای لیهات حقوق بەشەر لێیان لە هورە بدا، کە لیرەداجێی نابی پێویست بەنوسێنکی سەربەخۆیە!

دەگێڕنەوە:
دەگێڕنەوە دەڵێن: مام جەلال هەرامە 66 بوو لە ئێران بوو. شیخ محەمەد سەدیق کوڕی سەید تەهای شەمزینان ناسراو بە شیخ پووشۆ، پیاوەکی زانا و سیاسەتمەداری مەزنی سەردەمی مەلیک فەیسەل بوو، دوایی رۆخانی ڕیژیم پاشایەتی ئیراق لە1958پەنابەری ئیران ببوو کە لە کورتەباس دا ئاماژەیەکی کورتم پیکردوە، لە ئیران نەسرین کیژی سەرهەنگ کەریمی مارەکردبوو هەر چند دوو ژنی دیکەشی هەبوو و لە ئیراق بە جێ هێشتبوون، دیارە لە گەل مام جەلال ئاشنایی هەبوو رۆژیک مام جەلال مێوان دەکات گۆیا سەرهەنگ عیمادی زاواکەی دیکەشیان لە وێ دەبی، ئەوەش بەڵێم بەسەخانم هەستی کوردایەتی زۆربوو قسە لە ڕوش بوو، بۆیە شێخ پێی دەڵێت: خانم ئەوە مام جەلال مێوانە، دەخیلە لە زبانت وشەی جاش دەرنەپەڕی، ئەویش دەلێ: مەگین شێتم! بەلام کە سفرە ڕادخەن، بەسە خانم ڕووی لە مەم جەلال دەکات ودەڵێت: ئەرێ حەیف نەبوو ئابڕوی خۆت برد و بووی بە جاش، مام جەلال بە پێکەنین دەستی دریژکردە باخەڵ و هیندیک دیناری دەردێنێ و دەڵێت: خانم ئابرووە ئەمەیە، ئەویشم لەگەڵ خۆم هێناوە!! (دینارەکی ئەوکاتی ئێراق بیست دۆلاری ئامریکا بوو) دەجا ئەو پیاوە چون کەرکووک و کوردستان بە کورسی کۆماری ناگۆڕێتەوە!

حامیدڕەشیدی زەرزا
ئوستەڕالیا،سیدنی

2008/8/9ی زایینی.

**(23)**

## سێدارەکانی کۆماری ئیسلامی.

سێدارەکانی کۆماری ئاخوندی جەلاد لە خوێنی ئازادیخوازانی کوردستان گوڵیان کردوە، هەموو ڕۆژێ دەیان زاناو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوان و هاواڵدەرو نووسەرو مامۆستاو هەستیارو خەباتگێر، وەک هێشوەترێ پێوە شۆڕ دەبێتەوە!!

دەڵێی مامۆستا فیردەوسی ئەو شێعری بۆ هەنۆکە هۆندۆتەوە:

ابرکتف ضحاک تازی دو مار
برست و برآمد ز مردم دمار

ئێستا نەک دوو مار لە سەرشانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو لە سەرشانی هەموو کارگێڕانی کۆماری نائیسلامی و سەرجەم ئاخوندەکان و دەست و پێیەکانیان و هەموو جەلادەکانی ئیتلاعات (ئیستخبارات) و هەموو مێزەر بەسەرانی دادگاکانی ئینقلابی ئیران بریتی لە: ئەردەبیلەیەکان، بروجیردییەکان، لاجەوردییەکان، گیلانیەکان وهەموو دەسەڵاتداران بریتی لە: خامەنەیی و ڕەفسنجانی و خاتەمی و عەسکرئەولادی و لاریجانی و ئەحمەد نیژادەکان و هەموو ئاخوندەکانی قوم و کاشان و تاران و تەورێزو کرمانشاو ورمێ سنەوسەقزو مەهاباد و سەر جەم شارەکانی ئێران بە دەیان ماری ئینسان خۆر لە سەرشانیان سەریان هەڵداوەو ڕۆژێ بە سەدان لاوو گەنج و فرەزاناو مامۆستای قوتابخانەو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوان و هاواڵدەرو ئازادیخوازو خەباتگێڕ، دەرخواردی ئەو عەزیانە دەدن، لە ڕاستیدا هاژدیها لە کەڵێشەی هەموو ئاخوندەکاندا دەمی بۆ هەڵلوشینی خەڵکی ئیران تایبەت دانیشتوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات داپچڕیوە!

وەردانەوەو بەسەرداچوونەوە:

سەردەمی ڕێژێمی (شا) هەرچەند زوڵم و زۆری بە تایبەت سەبارەت بە مەسەلەی سیاسی و نەتەوەیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە بازێک شوێن دەگەیشتە ئەو پەڕی خۆی، و چەڵاخی و سەرکیشی حکوومت بە تایبەت لە مەڕ گەلی بەشخوراوی کورد تاوانەکانی دەبردنە خانەی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆڕی، بەڵام کاتێک بە سەر بارودۆخی هەنۆکەی ئیران دوایی سی ساڵ

حکوومەتی جەباری ئاخوندی دادەچینەخوار و دەمانەوێ لە تەرازوێ هەڵسانگان پێکتریان هەڵکێشین، بە ئینسافەوە دەبێ بڵێین لە بەرامبەررژێیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی زۆرکەمتر لە لۆچیک لە خەروار لە تەرازوی قیاس هەڵدەسنگێن. بەڵام ئاخۆ ئەو چاخ بە مێشکی هیچ کەس دا دەهات کە ئەو ڕێژیمەی کە بۆ دامەزران و سەقامگیر بوونی وی خەڵک ئەوها سەخاوەتمەندانە گیانی خۆیان بەخت دەکرد، زۆر لە ڕێژیمی شاهەنشاهی پڕمەترسی ترو دەم بە خوێن ترو مرۆڤ کوژ تردەبێت!؟ هەتا لە زوهاکی ئەفسانەش بەرەژورتر؟ بێگومان نا! زوحاک گویا ڕۆژی دوو کەسی بۆ پەتای نەخۆشیەکەی سەردەبڕی، مێشکی دوو لاوی دەرخواردی دوو ماری سەرشانی دەدا، کە لە ساڵێک دا دەبێتە (720) کەس !، کەچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ڕۆژێ (700)کەس پتر دەکوژێ ! جگە لە شەڕی ئێران و ئێراق کە ئاگرەکەی بە پڕوپاگەندە نێل دەداو بە درۆی گرتنەوەی قودس یەک میلیون کوژراو (700)هەزارنەقوستانی لێکەوەتەوە! ئابووری ئێرانی هێنایە سەرسفر! هەر ئەو متمانەیەش وایکردبوو بێ ئەوەی ئەو خەڵکە فیکر لە جێ نشینی پادشا بکەونەوە دەیان ویست بە هەرشێوەک بێت ڕێژیمی شا بڕوخێنن، جا دوایی "شا" چ دەبێت بابێت! دەکرێ بەڵێن ئەو خەڵکە هەموو جادوی لێکرابوو؟ دەکرێ بڵێین ئەو خەڵکە چاوگەی ئاقل و ئاوەزو شعوریان کوێرببۆوە؟ با ڕەجالە لەولا دانیین ئەدی ئەو هەموو زاناو پسپۆرو سیوادداره ئەو هەموو خوێنکاری زانستگاو مامۆستایان و ئەو هەموو بلیمەت و لێزانە! هۆکارەکەی ئەوە بوو چونکە هیچ کەس بواری حکوومەتی ئیسلامی ئەوها بیرلێنەدەکردەوە،ئەوەی فیکریشی بۆی دەچوو لە کەمایەتی دابوو کەس قەباڵەی قسەکانی نەدەخۆێندەوە. لە ڕاستیداهەر چەند لە فرانسە ئاخوندەکانی تێنۆی دەسەڵات، گەرای بەدەست وەگرتنی قودڕەتیان دارشتبوو بەڵام خومەینی لە تاقی کردنەوەی مێشکی ئەو هەموو خەڵکە لە شک و گۆمان دابوو، بۆیە دوایی سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئیران و دامەزراندنی حکومەتی بازرگان، گوتی: ئیدی ڕەساڵەتی وی تەواو بووە دەگەرێتەوە قوم ودەیەوێ دەسەڵات بە پسپۆران بسپێرێ! بەڵام کە بینی خەڵک خۆیان بەبلوغ نازانن وەک منداڵی ساوا دەیانەوێ ئیمامی ئۆمەت مەمکۆڵەیان بە دەم وەکات ئەو جارلە سەر کلک شین بۆوەو بوو بە ئیمامی جەماران!

هۆکاری وەپەلە کەوتن وڕێگابڕینی ئینقلاب:

ئینقلاب گەلانی ئیران چلۆن ئەوها بەتوندوتیژی هەموولایەتی تەنیەوە چلۆن لە سەردەمێکدا کە(شا)خۆی تاکەسواری مەیدانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕست دەزانی ڕۆیدا،ئاخۆ (شا)لە راستیدا غلوور غەڕە نەببوو؟ وئاگای لە وڵات نەبڕابوو؟

ئاخۆ ئینقلاب بە دستی گەلانی ئێران لە ڕووی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و حیساب لە سەر کراوەدارڕژابوو؟؟ بیگومان نا! چونکە ئەگەر بە هۆکاری پیادەکردن و دابەزینی دێموکراسی بوایە، لە پێشدافکری ڕیژێمەکی دێموکراسی دەکرا،

ئەوەی گەرای ئینقلابی دارڕشتبوو شات و شووتی ئاخوندی بوو،مەزەب بوو،شێوو وەردانەوەی بنەمای ڕیوایەتی قسەکانی پاش و پێشکراوی ئیمامەکانی شێعە بوو، دەبێ بشڵێن کەس بە ڕادەی خومەینی و مەلاکانی تر خەڵکی خەڕافاتی ئێران بە تایبەت شێعەیان نەدەناسی، ئەو ناسینە بوو وای کرد کە خومەینی بە قسەی تورەهات و شیکردنەوەی شەڕی کەربەلا وشەهید بوونی حوسینی مەزلوم جەماوەری دەگریان بخات و هەستیان وەکوڵ بێنێ و لێکتریان کۆکاتەوەو بەرەو خۆپێشاندان بۆ شەقامەکانی ناوشارەکان بەرێ کات! و مێشکیان بە چلۆنەتی حکوومتی عەلی و ئیمامەکانیان

زاخاوبدات! ئەو جۆرە بالۆرەنە بوون کە بنەمای سۆزو هەستی لە مەنجەڵی قژقژ کوڵیوی دەرونیاندا کە پەنگی خواردبوو وەهەڵچون خست! ئەوجار قەول ووادی پارەی نەوت، ئەو حیساب وکیتابانە کەهەرکەس لە لایەک و بە شێوەیەک خورجێنی بۆهەڵدرووبوو. کە ئیرانێکی وێنە (کەویت) دورست دەکەن کرێکار لە دەرەوەی وڵات دێنن، کە ئیستا کە ئەوە 14میلون کەس لە ژێرخاڵی برسایەتی دان، لایەکی دیکە مەترسی لە چەنگ چوونی ئیسلام ماشاالله ئەو دینە ممبارەکە! ئەوخەڵکە ئەوها هاندا کە لە تۆپ نەدەگەڕانەوە،لە گوللە نەدەپرینگانەوە کەسێک دەکوژراو بە کۆ بۆنەوەی بیری کەربەلای حوسینی لە حەوتویدا لەچلەی دا دەبۆ بە خۆ پێشاندان. ئەوش بڵێن هەرچەند ڕیژیم لێی کوشتن بەلام نەک ئەوها،هەتا ڕیژیم هیور دەبوو ئەوان توندوتیژتر،هەتا (شا) حازر نەبوو خومەینی لە فرانسە دەربکەن، مەترسی هەبوو نەمانی وی هۆکاری توندو تیژی پتر دەستەبەربکات هەر ئەو توانی هەمووگەلانی ئیران لە دەورەی یەک کۆکاتەوە،هەڵفریواندنی شێعە تەنیا لە ڕێگای دین و مەزەب مسوگربوو کە سوننەش کە بیانەوێ دەتوانن ئەوهابکەن! ئەو هەموو خۆ تەقینەوەی ئیراق و کلگۆ تەقاندنەوەکان،شایەتیێ دەدات. ئەوانەنموونەن بێگومان لەسەرتاش هەروا بەکوشت وکوشتاروتاڵان وبرۆ ئەودینەیان داسەپاندووە!

کاتێک حجت نائیسلام خەڵ خاڵی زنجیری،بۆیە دەڵێم زنجیری لە سەردەمی (شا)دەیانبەستەوە لە راستیدا کابراشێت بوو! دەجا ئەو شیتە کرا بوو قازی و بەرپرسی داگاکانی ئینقلاب،کە بەکوشت وکۆشاری ژەنەڕالەکانی (شا) دەستی پێکرد و تاوانەکانیان نادێموکراسی وزولم وزۆری و بێعەدالەتی و تاڵانی سەروت وسامانی ئەوخەلکە نەبوو بەڵکوو ئیسلام نەبوون بوو! بوویە. ئیستاش نەمزانی دەستەواژی ئیسلام یانی نەبوون بە موسلمان کە ڕۆژێ سەت جار شەهادەت دینن چ مانایەک دەداتەوە، بەڵام ڕیژیم دوایی بە دەرچواندنی حوکمی خەزا بۆکوردی ڕۆژهەڵات و تاشینی وشەی منافق بۆ مەجاهد، تێیگەیاندین ئەوەی باوەڕی بە خومەینی نییە بەکافری لە قەڵەم دەدەن هەتا ئێستاش دەستەواژەی محارب باخدا لە وی سەرچاوە وەردەگرێت!! چونکە ئەوان خۆیان بەجێگری ئیمام مێهدی دەزانن بۆیە بۆ تەوابوکانیش هەر ئەو دەستەواژە دەکاردەکرا، بێگومان مجاهد خەلق لەوان موسوڵمانترو بێبەزەترن، ئەگەرموسڵمان بوون بەمانای شادەو کەلیمە هێنان بێ هەموموسڵمانن بەلام ئەگەر مەرج کردەوە بێت کوا دەتوانین بە حکوومەتی ئیسلامی ئیران بڵێن موسڵمان! خودا لە قورئاندا دەفەرموێ: هەرکەس کەسێکی بی تاوان بکوژێ وەکوو مخلوقی هەموو دونیای کوشتبێت وایە. مەباست لە تاوان پیاوکوشتنە، هەروا ئەگەر کەسێکی تاوانبار ببەخشی وەک هەموو دونیای بخشێبی وایە. کە وابوو روحم و بەزەیی یەکێک لە چاوگەی ئیسلامی و ئینسانییە کە رێژیم بەهۆگان لێی دوورە و دەستی بخوێنی خەڵک سوورە دەجاناکرێ بەڕیژێمی ئاخوندی بڵێن موسڵمان!

هەڵسەنگانەکان:
ڕاستە (شا) ساواکەکی ئیکجار زاڵم و پیس و بێبەزەی هەبوو کە ئاگاداری ژیانی سیاسی خەڵکی ئێران بەتایبەت نەتەوەی کورد بوو ئەوەی لە سازمان و حیزبی سیاسی دابوان لە لایان ساواک

دەگیران بەڵام کوا دەکرێ لە گەڵ ساوەمای تەشکیلاتی ئاخۆندی ئیران بەرئاورد بکرێ، کە دەست لە چ بێ ویجدانی ناگێڕنەوە و کەس ناپارێزن کە بە سەر هەمووهەڵس وکەوتی ئیرانیەکان بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەلات زاڵ بوونە،هەتا ژیانی ئاسایی ڕۆژانەشیان لە بەرسێرەی چاوەدێری ئەواندایە، و ژیانیان لە هەموو کەسێک کردۆتە ژەهرەمار و بنەماڵەیەک نییە کە لێی نەکوژرابێ یان نەگیرابی و ئیعدام نەکرابێ کەسێک نییە کە تازیەدارنەبێت، دەستیان بە خۆین هەموو ئیرانیەکان بەتایبەت کورد هەتا ئانیشک بەخوێن سوورە! دەمموودەزگای ساواکی شاش کارگێرانی بیبەزە بوون زۆرئامێری ئەشکەنجەیان هەبوو بەڵام بی ئیسافییە ئەگەر لە تەراوزی کۆماری ئیسلامیدا هەڵیانکێشین! کە خەڵک کەوڵ دەکەن نوخا دەپسێنن بۆ ئیعتراف و دەم پێداهینان بەدرۆ تۆمەت پێکەوەنان، دەیان ئامێری ئەشکەنجەیان لە بەردەستە لە قاچ بڕینەوە، چاو دەرهێنان، نوخاهەڵبڕین، هەتا فەلەج کردن و گیان لێ ئەستاندن!! لە رێژیمی شاش ئازادیخواز دەگیران وتیرەباران دەکران بەڵام کوا دەکرێ لە گەڵ ڕیژیمی ئاخۆندی لە تەراوز دابنرێ کە وەتی هاتۆتە سەرکار زێدە لە پەنجاهەزارکەسی تیرەباران کردەوە وکوشتووە دەیان گوندی لە کوردستان سوتاندووە دانێشتوانی بە وردودرشت وەربەر ڕەگبار داون، هەر فتوای خەزای خومەینی بۆ میللەتی کورد نزیکەی 24هەزارکوشتەی لە کوردستان لێکەوەتەوە، جگە لە پینج هەزارپێشمەرگە. ولە (1360) نزیکەی 7000کەس و لەساڵی 1367زێدە لە دەهەزارمەجاهدخلق گولەباران کرد کە زوریان نابالغ بوون ومیرمنداڵ و بو دەستەیک کیژبوون و دەستدریژی بەکیژەکانیان کرد، کە زوربە لە14و13ساڵە بوون وەک ئاغای دوکتورمحمد ملکی دەگێرێتەوە کەلەزیندان بووە لە1360 دەلێت: ڕەگبارەکان وەک دەیان تیرئاهن باوێژیە ناوتریلی وابوون، گوللەکانی خەلاس ژمارەیان لە200هەتا 300تێدەپەڕی!!! دەجا ئەوکارساتە زۆردلتەزینتر لە جنایەتی کارادزیچ بوو کە ئەو دوایی 11سال لەدادگای لاهەبە هۆی جنایت محاکەمە دەکرێ! دادگاکانی زەمانی جەنگ و دادکاکانی نیزامی ئیرانی سەردەمی (شا)ش زۆریان ئازادیخوازانی حەپسی دووردریژ و ئیعدام بە سەرداسپاندن بەلام کوادەکرێ لەگەڵ دادگاکانی ئینقلابی کۆماری ئیسلامی بەرئاورد بکرێ! کە بێ پاریزەر بێ پەروەندە خویندنەوە دیفاع لە خۆکردن و بێ بەڵگە و دەلێل، لەگۆڕیدایە! (شا)ودارودەستەکەشی گەلێک سەروت وسامانی خەلکی ئێرانین پاشقول دا بەڵام کوا دەکرێ لە گەڵ تەخشان پەخشانی پارەی ئیران بە دەستی کۆماری ئیسلامی لە تەرازو دابنرێ. لە سەراسەری دونیا لە فەلەستین و ئاڕاژنتین و سعودیەو ئیراق و ئەلجەزایەرو وهتد بەهەزاران چەکداری تروریستی لێ پێکهێناوە هەمووی بەسامانی خەڵکی ئیران بۆ ئاژاوەنانەوە لە سەرگوی زەمین پڕچەک و تەیارکردوون دەیانژێنێ، جگە لە وەی بە میلیارد دولاریان لە بانگەکان دەردکی بۆ ڕۆژی مەبادا تاقەت کردوە!!! زیندانەکانی شاش بۆ زیندانیانی سیاسی گیروگرفتیان هەبوو بەلام کوا دەکرێ لەگەل زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کە وەک گوریچەی قەبرن موقایسەبکرێ! ئەمن وەک زیندانیەکی کۆنی سەردەمی شا،ئەوانە دەگێڕمەوە کە لە هەر دووڕیژیم محاکمەکراوم ومەحکوم بوومە و زیندانم کیشاوە.

شۆوو وەرد:
ئاخۆ کۆماری نائیسلامی چ ئابڕوو عیزەت و کەرامەت و کەسایەتی بۆ خەڵک هیشتۆتەوە،ئاخۆ هەتک پێکردن لەوە پتردەبێ کە بنەماڵەی تیرەباران کراو پارەی گوللەکان بداتەوە و سوپاس لە بکوژان بە شیرنی بکات، هەرهیند تەرمەکەی لە بکوژان وەرگرێتەوە. قەباعەت لەوە پتردەبێ لاوو مێرمندالی

14سالانە بە بۆڵدزیر ئەویش لە بەرچاوی خەڵک لە شەقامەکان هەڵاوەسن! و دەیان ژن بەبۆختان بەردەباران بکەن! نینوک دەرێنان و چاودەرێنان نوخا پساندن و توو کیشان بە پشتی ئازایخوازان و دەیان جۆر ئەشکەنجەو بە شەق و شەپ تێهڵدان و چاوبەستن و ترۆری کەسینی هتک نین! ئاخۆ حکوومەتی ئەوها گڵاو خوێنمژ لە سەرگۆی زەوی هەیە؟ بێگومان نا.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
شاری سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/8/12ی زایینی.

**(24)**

**شەهیدمحەمەد کوردنیژاد.**

کەم کەس هەیە لە حەوزەی شنۆ و بۆنگالی لاجان و مەڵبەندی نەغەدە و ناوچەی دوڵ و دەڤەری دەشتەبێل و بۆلگەی ورمێ و محاڵی زێوەو شەهید محمد کوردنژاد نەناسی، ئەگەر ئەوەی لە نزیکەوەش نەیدیبێ بێگومان ناوبانگی بە غیرەتی و چاونەترسی و پیاوەتی و قارەمانەتی وی گوێبیس بووە! شەهید محمد کوردنژاد یەکیک لەو پێشمەرگانە بوو کە لەو دیویش یانی کوردستانی باشوور دەیان حەماسەی خولقاند بوو،ناوبراو لە شەڕی چریکی پسپۆرو بە دەکارکردنی گەلێک لە چەکەکانی قورس ئاشنا بوو. ئەو رۆڵە قارەمان و نیشتمان دۆستە لە دوای رۆخانی ڕیژیمی شاهەنشاهی لەو دیو گەراوبۆوە، سەرتای دامەزراندنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری شنۆ1357ی هەتاوی- کە شەهید سەید ڕەسوی دهقان ناوسراو بە بابی گەورە نەخشی سەرەکی هەبوو- چەکی ئابڕوو کەڕامەتی گەڵەکەی لە شان کرد. وەک وەبیرم بێت ئەو چاخ جگە لە چالاکیەکانی کاک مراد قادری مامۆستای قوتابخانە کە هەستی کوردایەتی بەرەو خەباتی ڕاکێشابوو،و بە گوێری توانا لە ریزی پێشەوەی خەبات وتێکۆشانی سیاسی و نیزامی دابوو، دوو گرووپی دیکەش یانی ڕەمەزان عەجەم و کوڕەکانی سەید حوسینی شاوانە، بریتی لە سەید ئەنوەرو براکانی چەکی پێشمەگەکایەتیان هەڵگرت و بەداخەوە برایەکیان لە شەڕی دەشتەبێل بە دەستی یوسف لە جاشەکانی فەرعان نیعمەتی،شەهید بوو. شەهید محەمەد لە هەموو شەڕەکانی ناوچە وەک سەرلک لە هیزی سمکۆ مەنشورو دەنگین بوو، و چەند کەرەت بەرەنگاری هیزەکانی نیزامی و پاسدارە مرۆڤ کوژەکان و هێزەکانی دژی گەلی و بەکرێگیراوان لە گەڵی قاسملو بوو، شەڕەگانی گەلی قاسملو لە ئارشیفی حکوومەتی ئاخوندی خاڵیکی ڕوناک و گەشە بۆ دەستهەڵی و چاپکی و خۆ بەخت کەری پێشمەرگاکانی ئەوکاتی هێزی سمکۆ، بە تایبەت محەممەد کوردنیژاد، ئەمن ئاشنابوونم لەگەڵ شەهید لە شەڕی نەغدە لە سێ ڕێیان بە هەڵکەوت بوو، کە بە داڕژانی پیلانی سەرهەنگ زەهیرنیژادوفەرماندەری لەشکری 64ی ورمێ و غولامرەزا حەسنی ئیمام جومحەی ورمێ و مەعبودی نەغدە، تانگەکان و ێنەی ئایەتوولله تاڵەقانیان لێدابوون، و ئەو کاتیش ئایەتوولله تاڵەقانی

ناوبانگی ئینسان دۆستی و ئازادیخوازی هەبوو (کەپاشان بەدستی خۆیان کوژرا) وبەڵام گویا بە نزیک بوونەوەی جەماوەر دەست بە ڕەگباردەکەن و خەڵکێکی زۆر شەهید دەکەن، لەو شوێن شەهید قادرە سوریشی لەگەڵ بوو. سەرئەجام شەهید دوایی دەیان عەمەلیاتی قارەمانە لە شەڕێ حەڵب و کۆیکی ناوچەی نەغەدە لە گەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لە دەشتێکی ڕووتن وەک لەپی دەست لەگەڵ چەند تانگ ڕوو بەروو دەبن، هەرچەند بە ئارپیچی دووتانگ دەشکێنێ بەلام لە کاتێدا کە لەگەڵ ئەو کەسەی کە گوڵلە ئارپیچی بۆ هەڵگرتبوو لێک هەڵدەبڕێن، دەکەوێتە بەر سێرەی کالبر پەنجای تانگی فەرمانەهی، کە گویا سەروان سوسنابادی بوو، سەت حەیف و مخابن ئەو دڵە گەورەییەی بە گوللەی کاڵبر پەنجای دوژمنانی ئازادی حکوومەتی مێزەر بەسەران لە کوتان کەوت. هەزارسەڵاو لە گیانی پاکی شەهید محەممەد کوردنژادو هەموو پێشمەرگەکانی گیان لە سەردەست وسەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و مەرگ و نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان و کوتەخۆران.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/8/14ی زایینی.

**(25)**

**یەکگرتنەوەو تێکەڵ بوونەوە یان دووحیزبی سەربەخۆ**

**لە سەنگەرێکی هاوبەشدا؟**

باشێوو وردی گێڵگەی ئەوبەستێنە پەریزو جاڕە بە قوناوی بێخێر وەسەر زنەو باتلاخ نەگێڕین و کارێکی یەکچەلی بۆ دانانی پەرژێنێکی بەگوڵ وەڕێبێخین، یانی لە جیاتی کارکردن بۆ پێکهاتنەوەیەکی کەم بنیات و بن کلۆربوو باکوسپ و تەگەرەو لەمپەرە سەرەکیەکانی قولایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تەکبیرو ڕاویژی دڵسۆزان لە بەین هەڵگرین، پیمواية تێکۆشان بە ناوی دووحیزبی یەک ئامانج، لە تیکەڵبوونەوەیەکی بی مگیزو بنەما لە سەرپەلاری تەوس و توانج و بێ بنیات پتەوترە، کە بەرلەخم کۆڵینی داوەریان و دارمان و فەشەل هێنانی چاوەڕواندەکرێ:

چونکە هەر جیابوونەوەیەک لە حیزبی دایک وەک لکووپۆپ حیسابی بۆدەکرێ و پیویستە بەپاراستنی سەربەخۆیی حیزبایەتی بە دەوری ستوونی بڕبڕەی پشتی لە خوڵ وسوڕدابێ چونکە ئەگەربێ بە ئالادرایش پێناسەی لە وێ سەرچاوەیە، دەجابۆ ماک گەڕانەوە سروشتییە،وتام وخوێ وبۆن

وبەرامەشی بۆ نەتەوەی کورد لەمە چێژ وەردەگرێ کە چوزەی داکۆتاوی لە زەمینی کۆدەی ماک بێت،بۆیەپێم وایە هەڵتۆقینەوەی حیزبێکی سەربەخۆ لە تیکەڵ بوونەوەیەکی هەودا بەگرێگۆڵ وپس پس،کەجەمسەری ویکهێنانەوەکانی بە تکاکارییە.

وەک دەزانن دابڕان و لەت و شەق بوون و جیابوونەوەی حیزبی، بە وشەی باوی ئیستلاح، لە هەموو دونیا شتێکی سروشتیە، بەم مەرجە لە سەر بنەمایەکی دورست و هیوا بۆ هەڵچنراو بناخەیەکی دەستەمۆکراو لە چوارچیوەی پاوانی ئاوەز، لە پەرژینی نەتەوایەتی مەسلەحەتی گشتی و لە ناخی شفافیەتی بیرو بۆچونێکی سەرجەم خم بۆ دارێژرراو، کە کری لە سەردارتەونێکی ڕەنگین هەڵاوەسرابێ و گلۆڵەی هزرو فیکرەکان لە ماشەری بێ گرێوگۆڵ بە پەنجەی پسپۆرایەتی هەڵبوێزرێن، هەتا بەرژەوندییە گەلایەتیەکانی تێدا فەشەل نەهێنن!!، ئەم تابلۆیە تایبەتمەندییەکانی خۆی بۆ گرێبەستی نەتەوایەتی بە پاریزراوی تێدا نەخش دەبستێ! بەلام پێچەوانەکەی چنجرۆکی تیژی خومالی لە ئەوکی خەباتی چینایەتی گیر دەکات و بەرەو پشوو هەڵمالاوی دەبات کە لە خنکان نزیکترە!

دەجا ماڵکردن و یان بڵێن پەروازەی دەستەیەکی دیکە لە کارگێڕو هەڵسوڕێنەرانی زۆرکۆن و بە وەج و بە ئەزموون، لە بەدەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، بۆ هەڵچنینی هیلانەیەکی تر،شتێکی سەیرو سەمەرە نەبوو کە ڕوویدا، بەلام بۆ گەلی کوردستان بە هۆی پێکهەڵپەرژانی دابڕاوانی پێشوو جیگای داخ و پەکوو حەیف و حەسرەتێکی زۆر و تایبەت بە هۆی دووپات بوونەوەی ناوی حیزب کە مەترسی پێکهەڵچوون لە دواڕژدا مورەی ڕاستەخۆی لێدە بینرێ و هۆکاری بەستێنیکی ناڕون و بولێڵاوی لە ناوەخۆی ولاتیش پێکهیناوە، لە دەرەوەش بێگومان هەر نەبێ حیزبی دێموکراتی دایکی، بۆماوەیەک تووشی پەریشانی و نەهەسانەوە و بەسەرداچونەوەی شیوە بەرخوردی خۆی لە پانەگۆڕایی خەباتی گەلایەتی کردوە!!! بەلام بۆیە لە بەرچاو بەسەرسوڕمان دەبینرا چونکە ئەو ڕێگایەیی کە هەر حیزبێک بۆ جیابوونە(ئینشعاب ) پێویستە ببیڕێ، تێدا وەبەرچاو نەگیرابوو، هەتا بۆ ئەو کۆنگرەیەی کە بۆخۆیان متمانەیان پیدابوو چ ڕێزو حورمەت قایل نەبوون، ئەوەش لەویڕا دیاریدا کە بە بەستنی کۆنگرەی13 جوابە جەنگی لەگەل هەست و بۆچونی گوزارایی خۆیان و ئاڵەدین بوونەوەیان بە زورەملی بە سەرەخۆیانداسەپاند، کە سۆزی ڕق ئەستووری کەسینیان داڕوشاوتر و بە تەشاناتر لە کەلێن تێکەردن لە بەدەنەی حیزب لە لا بە گرنگتر دەزانی، بەولێکدانەوەیە کە هەمووشتیان لە مانەوە لە ناو بەدەنەی حیزب پێ باشتر بوو، بێ ئەوە چاوێک بە هەست و سوزو عاتیفەی خۆیان دا دابخشینەوە! سەیرتر لەمە هەر ئەو بڕگانەی بە قەڵەمی هیندیک لەو برایانە وەکوو قەباعەت لە مەڕ جیابونەوەکانی بەرێ سیێ گاسنە دەکراسەرکۆنەی تێداشی دەکراوە، لێرە بە ماڵوو کێشان بە سەر بڕیارەکان دا شیوو وەرد دەکران، بی ئەوەی بزانن ئەو تۆوە هەر بنە تۆی ئەو خۆیان و هەر ئەو خێرۆکە بوو کە هۆکاری خوێن ڕژانی تێدا کارهاسانی کرد،دەجا بە دوو پات بوونەوەی ئەوە لە مێشکی هەرکوردێکی ئاسایی ئەم گەرایە دادەڕیژێ کە ئەو برایانە پەکیان بە کورد پێک بە کوژدان نییە، دەنا هەرنەبوایە لە میراتی ئەو گڕنەیە لە حیزبی

دایک، چاوپۆشیان دەکرد، کە چ سوودی بۆ کەس تێدانییە هەتابۆخوشیان!! ئەو ڕەخنانە ئاراستەی ئەو بەڕیزانەی دەکرێ کە جڵەوی هەڵسورانی جیابوونەوەیان بەدەست بوو گەرای ئەوشێلەو بیلەیان لەمێشکی دا پەروەردە دەکرد،دەنا پێشمەرگە چ تاوانی لە سەرشان نییەو فەرمانبەرە! لەڕاستیدا ئەم ئیشنعابە ئەو گرێمانەییەی لە دەڵدا هێناکایە کە هێشتا کادرانی حیزب لە ئەزموونی تاڵی کەرەتەکانی پێشوو تەجروبەیان وەرنەگرتووە و دەیانەوێ ئەوکەرەتەش بە تاقی کەنەوە، کە بیرۆکەی گرێبەستی دابڕانەکانی دیکە و شەقڵی پەنجەی ئەوانی پیوەدیارە بەو مانایە کە لە سەر بنەما و بناخەو بیروبۆچوون و تێهەڵگەڕانەوەی هەتا هەرەس هێناوەی پێشووشی لە لێکدانەوەو شیکردنەوە و ئازەنتی هاتۆتە ئارا، کە بێگومان کارتێکەری ئەریتی لە سەردڵی هەموو کوردێکی دڵسوز داناو کۆنە برینەکانی جارێکی دیکە تەشەنا کردەوە کۆلاندنەوە لەو نیوەدا تەنیا خوزیاوو تاسەو بریای گلاوی دوژمنانی کورد یانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەڕش و بلاوی و لە بەریەک هەڵتەکان و هەڵوەشانی ڕێزەکانی حیزبی دێموکرتی کوردستان ئیران و بیروبۆچوونی ئالۆزی دەستەیک لە ئەندامانی بۆ جارێکی دیکە مسوگرکردوە، کە تەنیا چاوگەی خۆڕاگری وباشارکردن و پشوو درێژی و تابشت، دژی نەیاران بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی گەلی کورد لە مێژووی دوورو درێژی خەباتی بێ پسانەوەو پڕ لە هەڵس و کەوت لە بەرامبەر خوارەپێچەو باگەڕی بەرەنگاری و ئەنبازی دڕندانەی ریژیمی ئاخۆندی هەنگاوی بەگوردی گەلایەتی و بێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەژمێردرێ.!

ئیستا با ئەوانە لەو لادانین بێنەوە سەر بیروبۆچوونی جامینخوازان ودڵسۆزانی دیکە لە قەراخ و قوجاخ و لە ناوخۆوو دەرەوە هەتا لە ناو دەستەی هەڵبڕاوو دڵشکاوان،هەموو بەگشتی داواکاریان لە سەرپێکهاتنەوە وتیکەڵبوونەوەو گەڕانەوەی ئەو دابڕاوانە و جاریکی دیکە هاتنەوەیان بۆ ناوحیزبی دایک و یەکگرتنەوەی هەر دوو باڵی حیزبی بە دڵسۆزیەکی تەواو گرنە لێگرتووە، کە بۆخۆی جێگایی دڵخوشیەکی زۆرە! کەیەک لەوبەڕیزانە( کاک باباعەلی مێهرپەروەرە،)و بیگومان لایانگرانیان لە ژوورەوو دەروەی ولات زۆرن بە ڕەوالەتیش کارێکی ئیجابییە.

بەلام ئەمن پیموایە ئەگەر ئەو کارەش سەربگرێ هەرچەند لە گوین نییە بەلام جگە لەوەی ناتوانە زامین و گەرەنتی و دەستەبەری دابڕانی دیکە لە ڕێزی حیزبدا بکات، بەڵکوو زۆرزووش فەشەڵ دێنی،بەلگەم هاتنەوەی "رێبەرایەتییە" کە بە هەموو لایەک خەریکی تۆکمەو پتەوکردنی بوون کە ئەو کەلێنە واکونبڕبکەن و ئەو چڕژە واببەستن و ئەو برینە وا ساڕیژ کەنەوە کە ئیدی بەدەنەی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئیران جارێکی دیکە تووشی لێکدابران نەبێت و هەست بە کۆنە برینەکەی نەکات! بەلام وەک بینیمان جگە لە وەی پێشگیری پێنەکرا جارێکی دیکە بۆ زەدە هێنان و کلۆر بوونی بەدەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بە شێوەکی ئەریتی کار تێکەرێ بوو هەتا زەبری لە کاکلی چاوگەی پتەوی ئەو دا، یانی دەستەیەکی دیکەشی ڕەپێچەکی ناو بێرۆکەی شەقکردن و لێک هەلاوێردن کرد و لەگەڵ خۆی خست! کورد گوتەنی: دڵ کە شکا پینەناکرێ و پێکەوەنانوسێتەوە چونکە سۆزو عاتیفەکان چڕژی دیواری نین کەلێنان بەچەنگێک

قورِ بگێرین ئارزوو تاسە کەسینی و کەسایەتەی وردە حیسابی کۆمەڵاتی و هەسپی خودە خودوەو ئاواتی بەرزە فرِ و رەق و حەسادەت توانیویەتی ودەتوانێ زۆر دڵی پرِ ئاوەزیش کرمێ و گەندەڵ و نەزۆک بکات و زۆر بوخچەی نهینی بۆ ناحەزان بکاتەوە، چونکە ئەگەر زاخاودانەکە بەو پەرِی خۆی گەیی کە هەستی گەلایتی قوربانی سۆزی کەسایەتی بکات، یانی نیشتمانی پێشێل کردن، بەهۆی دەسمالێک قەیسەریەک ئاگری تێبەردەدرێ! چ بگابە بەرژەوەندی گشتی و گەلایەتی کە بە تاسەی کەسینی دەگۆرِدرێتەوە! بۆیەش پێموایە گەرِانەوەی ئەو برایانە بەو هەموو مخابنە،جارێکی دیکە ناتوانی پایدارو بەردەوام بێ، چونکە هەردووک لا، بمانهەوێ و نەمانەوێ بە چاوێک و تێروانێنێک ئیدی لە قلاّفەتی یەکدی و شیوە بیروبۆچوونی یەکتر نارِوانن و لە هەموو ئورگانەکان خۆیی و ناخویی بۆ یەکدی دێنە حیساب و دڵیان لەکارو کردەوەی یەکەی متمانەی پێ نابخشرێ و هۆکاری دڵنیایی لێی وەدەست نایە، بۆیە پێموایە هیچ کات ناتوانن وەکوو بەرێ ببنەوە دەنگێک و بەدەنەیەکی یەک پارچە! بەو دەلیلە وبەڵگەو هۆکارانە هەر شیوە دابەشکردنی کارو خەبات و هەر جورە هەڵس و کەوت و شێوازی مساوات ناتوانە لە بیزاری دەستەیەک بە دەستەیەکی تر دوور لە ئینساف حیسابی بۆ نەکرێ. کە وایە ئەو دەڵسۆزیە لە جیاتی مەبەست تێکەڵ بوونەو بێت، با مەبەست پێکەوە کارکردنی هاوبەش بێت! چونکە هەر تێکەڵ بوونەوەیەک جارێکی دیکە رِەنگە قەڵش و کەلینەکانی قوڵتربن و زەرەی زۆرتر لە قازانج بێ هەتا تاکە تاکەی خشتەکانی کۆشکی حیزبی دێموکرات بخاتە سەر بۆشاییەکی ناهیواداری کە لە رِمان نزیکتربێ هەتا دەوام هینان! دەجا حەول دەولەکان ئەوها وەگرِ خەن کە بە بەرەیەکی گشتی لە جیاتی تێکەڵکبوونە وەک دووحیزبی هاوپەیمان و برابەش خەباتی خۆیان لە دوو ئورگانی هاوبەش و هاومەبەست بە شێلگێری و دەست لە ناو دەست بەرەو ترۆپی هەستی نەتەوایەتی بۆ گەین بەفیدرِالیزم لە رِیگایەکی بێ گرێوگۆڵ بەردەوام کەن، ئێوە برایانی ئازیز لە هەموو کەس باشتر دەزانین کە ئەگەربێتو کۆسب ولەمپەری واقعی لە سەر رِیگا هەبگرن کە دیارە بە دەستە مووی هزری لایانەکان بەستراوەتەوە، هەنۆکەو دەپیشداش هەرمەرج پێکەو حەوانە بوو کە ئەگەر بو تەراز کردنی قۆڵ هەڵماڵن، بێگومان سەرکەوتنتان دەبێتە هۆی بۆرژانەوەی فیکروهزری هەموولایەک و دووحیزبی هاوبەش بەڵکوو چاکتریش بتوانن بی پلاری تەوس وتوانج لە سەربنەمایەکی پتەوی برایەتی بۆ وەدەست هێنانی ئامانجێکی هاوبەش لە رەخ یەکترتێبکۆشن و لە بەر چاوی خەڵکیش شیرین تر لە ئێستاگوڵ بکەن.

چونکە ئەگەر مەبەست مافی گەلی کوردبێ ئەویش سوور بزانن کەلک وەرگرتن لە ناوی حیزبی دایک کیشە هەلاسینەرە و هۆکاری دابرانی نەک تەنیا ئەو دوو حیزبە بەڵکوو لەداهاتوودا دەبی چاوەروانی دابەشکردن خاکەکەشی لە رِۆژهەلاتی کوردستان،وەک پارتی و یەکیەتی نشیتمانی کە هەنۆکەش چەند دەکەن برینەکەیان بۆساریێژناکرێ هەرخەڵکەکەیان بۆ نایتەوەسەرحاڵی ئاسایی خۆی هەر یەکە خۆیان بە بەرەبابیک دەزانن پەرِۆ شین وزەردەکەیان پی لە بیداخی کوردستان بەحورِمەترە!

هیوادارم ئەم نووسینانە بە مانای ئامۆژگاری شێکردنەوەیان لە سەرنەکرێ چونکە،ئەو برایانە لەمە مەزنترن کە بۆ ئامۆژگاری ورێنوێنی ببن، تەنیا بیروبۆچونی کەسینی لە بەستێنی دڵسۆزی وەک کوردێکی ئاسایی لە لایەک و بەسەرداچوونەوەی قەیرانەکانی شەڕی ناوەخۆ لە لایەکی دیکە، بەرپرسایەتی ویژدانی بۆ هەموو کوردیکی هەتا دووره پەریز لە ئەندامەتی حیزبی دێنیتە ئارا، کە لەو هەلە ناسکەدا ئەوەی وەک ئەزموون لە جانتای کۆکردنەوی داهەیە لەگوتنی دەم گرێنەدا و لەڕاستی گوتن ڕانەوەستێ و لەوە چاو بقوچێنە ئاخۆ وەبەر پلاری تەوسی ئەم و ئەو دەکەوێ! کێ بە ڕەحمەت یان بەلەعنەت ناوی دێنێ گەردنی ئازاد بێ!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
ئوستەڕالیا،سیدنی
2008/8/16ی زایینی.

**(26)**

**ئەڕێ ئەو خەڵکە بۆ لە کەس ڕازی نین و بە چ قایل نین؟؟،**

ساڵیانی ساڵ، تامەزرۆی دابەزینی دەوڵەتی ئیسلامی و گەرای نابی محەممەدی بووین و تاسەو ئارەزوومان ئەمە بوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان حکوومەتی ئیسلامی لە وڵات پێکبێ و سەقامگیربێت، ڕیشەی عەدالەت و یەکسانی لە هەموو کون و قوژبن داکوتێ و هەتا نەمردووین عەدالەتی پێهەڵاگوتراوی ئیسلامی بەو هەموو تاریف لێکردنە ببینین و لە بن نیسێ و سێبەری بەرایەتی و مساوات و بەرابەری ئیسلام بحەسینەوەو تامی بەهەشتی بەرینی لێبکەین و مەلاکانن بۆ ببنە فرشتەی ئاسمانی و لە کانی بیرو بۆچوونی ئەوان فەیزو بەرەکەت هەڵبینچین و هەناسی ئازادی لە سەرجوگەلەی ئاوی ڕوونی کەوسەری ئاوەزیان هەڵکیشین و بۆن و بەرامی گوڵاوی ڕەخ حەفتا حۆری تەنک و ناسک لە داوینی ئاخوندەکانی مل بە نۆ بیور نەشکاو بچێژین و بە بەڕیوەبردنی ئایەتەکانی خودا ناردوو سەرمەست بین و لە بن داری توبی فکرو هزری ڕێ نیشاندەرانی ئیسلامی شێعە بە ئاوات بگەین و ئیدی جارێکی دیکە ڕەکێشی بەستینی زوڵم زۆری و سەرەڕۆیی نەکرێن و دالاشی ئینسان خۆرمان لە تەشقی ئاسمانی چڵکنی لێکدانەوەی شەیتانی لوور نەبێتە سەرو عەزیای لانەوازی تەنگمان پی هەڵنەچنێ و لە کرۆسینەوەو چەوساندنەویی جەبارانی زەمان و دەرپەڕاندن بپارێزرین و چیدی تازیەداری شەهیدکردنی گەنج ولاوان نەبین و چاوی دەمۆڵەق وەستاون لە تەرمی بە ناحەق کوژاوان و ئازیزان بە دەستە وەستانی تیرانەمێنێ و زبانی حەق گوتن وڕاست بێژی نەبێتە هۆی لە سێدارە هەڵاوەسینی ئازادیخوزان و ڕۆشنبیران و هەستیاران و نووسەران و تێکۆشەران لە بەستینی دیاردەو تەماڵ هەڵێنانی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی، و هەست

وسۆزی سەربەستیمان لێ بەرتەسک وسنوردار نەبیتەوەو لێ بە ئوغڵەمە نەکرێ و دەمی راست گوتنن هەڵنەدڕوێ چاوی واقیع بینیمان دەرنەهینرێت و قەڵەمی ئینسافی زانایان نەشکیندڕێ و دەیان لێکدانەوەی ناودڵی شەقارشەقاریش لەولاڕەواستێ و کیسە هەڵدروینش بۆ پارەی نەوت لەجێگای خۆی!! هەربەوئاواتەش بوو کە خەڵکی ئیران لە هەموو چین و تویژیک لە حکوومەتی (شا)هەڵگەڕانەوەو بە ئیرادەی پۆڵایین بەگژ تۆپ و مەترِالوز داچوونەوە لە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجە چاویان نەترساو لە هەڕەشەو گوڕەشە نەسڵەمینەوە و لە گوللە نەپرینگانەوە، هەتا تەفرو تونا کردنوو ڕوخاندنی! چونکە ئەو نەقل و نەزیلانەی کە مامۆستایانی ئایینی لە مزگەوتەکان لە ئیمام و ئەسحابەکان و خولەفایانی ئیسلامی و جی نشینانی ڕاسپاردەی خودا دەیانگێڕاوە ئەویش بەو هەموو ئیشتاو ومگیزو تامەزرۆییەی کۆڕی مزگەوتیان پی دەڕازندەوە، شتێکی ئاسایی و ئەفسانە نەبوو، ئێساش لە بن گویم دەزرینگێتەوە! هەنۆکەش بێگومان گێڕانەوی ئەو جۆرە تەڕاویحانە بۆ ئینسانی جاهیل و ساویلکەو خەڕافاتی و مێشک شووراوە دوور لە فایدە و خەون پیوەبینین نییە و هەزارانی پێ هەڵدەفرێوین! کە ماشالله سەت ماشالله لە بەر ئەو شێرو پلینگانە کە ڕوحمیان بە هیچ کەس نەدەکردوو گەورەو گچە لە بن دەمی تیغی تیژیان دەرنەدەچوو، گۆمی خوێنیان وەڕیدەخست و جوقەواریان بە قسەی ئەوان لە(کافران)دەبڕی! بەڵام ئاخۆ کافر کێی بوون؟ ئەمە ئەوکات لە مێشکی چ کەسیک وەسوەسەی لێکدانەوەی نەدەگوراند بەڵام هەنۆکە، بۆ زۆرینەی خەڵکی تیگەیشتوو مەعلووم بووە کەهەر وشەی (کافر،یان گاور)دەستکردە بۆ هەر دەسەلاتداریک لە حکوومەتی ئیسلامیدا بۆ خۆ قایم کردن و خۆ داسەپاندن و دەسەلات قەبزەکردن بووە، و بەداخەوە توانیوەیەتی ئەو وشەیە بکاتە قەڵخان و سوپەری جنایەتەکان و نەزان و مێشک شووراوو کوتەخۆرانی پی هەڵفریوینێ!! قارەمانەکانی ئەو شەڕانە هیندیک جارعەلی بە شمشیری دوودم و یان عومەری بنی خەتاب و خالید بنی وەلیدوهتد... بوو!! کە لە مێشکدا سەت پات دەکراوە،سەرئەنجام خودا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندین کە خومەینی دەرکراوو تەرکە وڵات و لانەواز لە سەر شوێن تێکەری دین و مەزەب گەرای داڕیژێ و هومید هەڵچنێ و ئینقلاب وەڕیوەبخات. هەرخودا بە گەورەیی خۆی دەزانی خەڵک چلوون بە سەخاوەتمەندیەوە گیانی شیرینی خۆیان بۆ دابەزینی حکوومەتی ئێسلامی بە جۆگەلەی خۆین ڕژان مسوگەرکرد. بێگومان زوانی ئاخوندەکانی شێعە کە لە دیلەواری و دەماوەری هەزار جار لە مالاکانی کورد پڕ پیزوتر و سەت قات لە هی سوننە توندو تیژتروو کارتێکەرتربوو، چونکە ئەوان گەلۆو بالۆرەی کەربەلاشیان بۆ هەڵچوونی هەستی خەڵک لێ زێدە کردبووو بەو هەسانیان دەسوەوە! ئێستا ئەوە سی ساڵە حکوومەتی ئێسلامی بە شیوەی ئیمامەکانی بەرێ ئەوە لە ئێران دامەزراوە، ئەو ئیمامەی کە گەلێک لە مەلای دەنگین وینەیان لە ناو مانگدا دەبینی مریدی بارەگای بوون و هەن، و هەنۆکە هەرچی مەلای سەرگۆی زەویە بە شێعەو سوننەو عەلی ئوللەهی لە هەموو کەلین و قوژبێنیکی ئەو دونیا پان و بەرینە لێیهاڵاوەو لە سەرچاوەی وی ئیلهام و ەردەگرێ و خۆی پی بەرێدەبات و بەوشیوەیە مێشکی گەنجان زاخاودەدەن و بەرەو خۆ تەقینەوەیان دەبات ودەیانکاتە قەڵخانەی کردەوەکانی ڕێژیم، هەتا دەسەڵات لە دونیا بزمارکوت بکەن و ئەمپەراتوریەکی شێعەی پێدامەزرێنن و جیهان بکەنە پاوان خۆیان، بێگومان ئەگەربۆمبی ئەتۆمیش دورست کەن لە لێکدانەوە نایە! بەڵام هێشتا خەڵک ڕازی نین! بۆ ڕزای نین نازانم! سەری قسەم لەگەڵ ئەوانەیە رۆژێ هەر نەبێ سێ کەڕەت لە پشت مەلا لە مزگەوت نویژ دادەبەستن!

دەیانهەوێ بە جەستە حکوومەتی ئێسلامی بێ، بالاْم بەکردەوە دێموکراسی دونیای پێشکەوتوو! جاکوا شتی وا دەبێت! ئێسلام لەگەڵ دێموکراسی ڕێگای بە هۆگان دووره، چونکە ئەوەی ئەان دەیلێن و دەیکەن لەگەڵ قانوون و یاسای نێو نەتەوەیی لە تەراوزویکدا کێشی نایە! ئێسلامی ڕاستی هەر ئەوەیە کە ئاواتمان بوو ئەویش دابەزیوە!پێشتان وانەبێ ئێسلامی سوننە تەوفیری لەگەڵ ئێسلامی شیعە هەیە،ئەوە حکوومەتی تاڵەبان و مەلاعومەری سوننەی ئەفغانستانیشمان بینی!! کە ئەوهەی شۆڕەی لە بەرنەکردبوایە وردینی نەبوایە دژی ئێسلام لە قەڵەم دەدرا هەتاوای لێهات تەلەفزیونیان ئێعدام کرد! هەموو ژنەکانیان لە ناو تەلیسی نابوون ئیستاش زۆرینەی هەر لە ناو جەواڵ دان، چونکە ئەوەی لە مێشکی مرۆف بەمناڵی تێی پەستاوترا دەرهێنانی ئەوها سووک و هاسان نییە، کە بینیمان هەتا ئامریکای لە ئامانجی دیموکراسی بەرەوتێشکان برد! دەجا ماڵم قەبرە ئێسلامی ئەفغانستان ئێسلامی ڕاستەقینەی سەردەمی خولەفایەکانی ڕاشدین بوو!!

لەمە سەیرتر خەڵک دەیان هەوێ حکوومەتی ئێسلامی بێ بەلاْم ژن ئازادبن،لە ئێسلام ژن وەک کەرەسە دێتە حیساب، کاتێک دوو ژن بە شاهیدیەک حیساب دەکرێن و لە میرت بەشکردنیش دوو کیژ بە کوڕێک دێتەحیساب و حەقی ئاخافتن لەگەڵ خەڵکیان بەئازادی نییە، بەردە باروو سەنگەساریش لەو لای دابنێن! جگە لە فروشتنی کیژ بە شیربایی!

بەلاْم خەڵک دەیانهەوێ حکوومەتی ئێسلامی بێ، بەلاْم لە سەر دزی دەست و قاچ نەبڕن! حکوومەتی ئێسلامی بێ، بەلام قەساس نەبێت!! جاکوا وادەبێت کاکی کن فقییەچی لەگەڵ خۆی نەهیناوە ئەوانە هی ئێسلامن هەرچەند ئەم زڕڕە یاسایانە تەنیا بۆ هەژارو بێ دەسەلاْت و بەلەنگازانە، دەنا ئەگەربەڕاستی و بێ تەوفیر ئەو قانوونە بەڕێوە چووبوایە، دەبوایە هەنۆکە دەستی هەموو سەردەمدارانی کۆماری ئێسلامی ئێران ئەو دەستەی کە قەڵەمی دزی پیدەگرن بە تەورداس پەڕاندرابوایە، چونکە سەروەت و سامانی ئیران هەموو ئەوان دزیویانە!! ئەو جار زیندو کردنەوەی قانوونی 1400ساڵ پێش بە مانای بردنەوەی ئاوەزو شعوری ئەم خەڵکە بۆڕابردوو نەفامییە! دەجا یان دەبی دین تێکەڵ بە حکوومەتداری و سیاسەت نەکرێ یان پێوان بە گوریسی ئێسلام لەوە باشتر نابێت، مەگین دەسەلاْت لە نیوان ناوەندی و پاریزگایەکان دابەش بکرێت ئەویش لە قامووسی حکوومتێکی دیکتاتووری وەک کۆماری ئیسلامی ئێران بە خەونیش جێی بۆناکرێتەوەو مێشی باڵی خەیاڵێش بەسەرداهەڵنافرێ! چونکە خۆ قورئان ناگۆڕێ!! دەجاکاتیک بە پیی قورئان دارحەدو بەردەباران و کوشتن و دەست و لاق بڕین هەیە. دوو ژن پیاوەکەن لە شایەدی، لە میرات دوو ژن مرۆڤێکن، هەرمرۆڤێک دەتوانێ چوار ژن بێنێ و چادرو لەچکەش ئیسلامین،دەجا کوێی ئەو حکوومەتە نائیسلامییە؟! ئەوجاربابزانین کۆماری ئیسلامی ئیران بۆ ئەوەی سرتەی لە بەر بێتەدرە ئیعدام دەکات ؟ ئەو خۆی بە جێگری ئیمامەکان دەزانی و فتوای مەرجەع وەک فتوای خولەفاکانی ئیسلامییە، بەو پێیە ئەوەی لە قسەی دەربچێت بە کافری دادەنێ و بۆیە دەستەواژی محارب بە خودا، بەکار دەبات، یان (مفسد فی الارض). هەر وەک فتوای جهادی بۆکورد دەرچواند!

وەک دەزانن لە سەردەمی خولەفایەکانی ئیسلام داری حەدیان لیدەدا،دزیان لاق ودەست دەپەڕاند،ژنیان سەنگەسار کردوە... و دوژمنانی خۆیان محارب بە خودا ناو بردووەو کوشتووە! بۆنموونە تیموری لەنگ کە لە بواری زانیاری و عیلمی فقیە، وەک ئایەتوولڵەیەک بووە، قەت نویژی بە قەزانەکردوە مزگەوتی لە گەڵ خۆی گیراوە، هەتا لە جەنگەی شەریش دا نویژی نەچووە! بەشێکی زۆری لە دونیادەست بەسەردەگرت ئەو کلیساکانی دەمشقی هەموو کردنە مزگەوت، لە هەرشاریک

کە کەسێک بەرەنگاری کردبوایە  وەک ئەسحابەکان جوقەواری گەورەو گچەی ئەوشاری دەبڕین، لە کەلە سەری ئەوان منارەی دورست دەکرد،و هەزارجەلادی هەبوو. ئەو قارەمانی ئیسلامبوو، و مەبەستی لە شەرەکردن بەرفرەوانی بەستێنی ئیسلام بوو بۆخۆشی (حافظ القرئان) بوو. هەتا(سەدام حوسین)یش بە کەلک وەرگرتن لە ئێسلام جینوسایدی 180هەزارکوردی بە زیندەبەچاڵ کردو ئەو هەموو مەلا زلانەی سوننە هیچ کام لە لە وڵاتەکانی عارەب ڕەخنەیان ئاڕاستە نەکرد، چونکە بەحەقیان دەزانی! هەنۆکەش کۆماری ئێسلامی کردەوەکانی سەدامی لە مەڕکوشت و کوشتار گرتۆتە بەر وکردۆتە پیشە، هەموو ئەوانی دیکە بە گومڕا دەزانی هەتا شێعەی کوردیش!هەریەکەی بە تۆمەتی شتێک لە ئولکەی ژیانی دەرکردون و تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە هەتا بۆنموونە ئاخوندێکم نەبینی لە ئیران و دەروەی ئیران بەگژیدا بچنەوە چونکە دەزانن ڕەوڕەوەی ئیسلام ئەمەیە کە ئەو هەڵیدەسوڕێنی، ئێرانێکی کە هەنۆکە 14میلونی بەلەنگازە و12میلونی تریاک کێش لێیە! کە بۆخۆیان موعتادیان کردن! خولاسە ئەوانەی دوێنێ بۆ گولکێکی کوڕەگویی ون بوو، زاری هەزاران گورگیان بە(وەشەمسی وەلوعاهە)دەبەست ئێستا بۆخۆیان گورکەکانن، کەس ناتوانی لە مرۆڤ کوژیدا دەمیان گریدا ئەو ئایەتانەش لەوان کاریگەرنین ،دەجا مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە ئەمەیە لە حکوومەتی ئێسلامی دا نەمساوات و نە بەرابەری  هەیە و نەعەدالەت و نە ئازادی و نە حەقی ژن و نە مافی دێموکراسی دەستەبەردەکرێ و نە گەرەنتی هەقی نەتەوەکان! تەنیا دیکتاتۆڕیەکی ڕەق و تەق نەبێت!فەرموون باپیرۆزمان بێت!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئەستەڕالیا،
2009/8/21ی زایینی.

(27)

**یادێک لە سێ شەهیدی قارەمان لە سێ پێشمەرگەی بە ناوبانگ لە هێزی سمکو، کە هەرسێ برابوون و کۆڕی گەرمی بنەماڵەیەکیان پێکدێناو بریتی لە:  محەممەد و عەولا و خالید میرابی ناسروا بە(سێزدە) کە شوێنی دانیشتنیان لە گوندی گردکاشان لە ناوچەی شنۆ بوو.**

پێویستە سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە ناسینی ئەو بنەماڵە بکەین: باوکی شەهیدان کاک سمایل میرابی ناسراو بەسمایل سیزدە،سەرجەم تەمەنی لە گوندی گردکاشان بە سەربرد، چونکە کوێخای گوند بوو هەر بە کوێخا سمایل دەنگین بوو و پیاوەکی ڕەندو مەندو دەسکەرەوە ئاکار پیاوانە و سەخی تەبع و ناو بانگ خۆش بوو، کوڕەکانیشی بە نیشتمان پەروەر حاملاند بوو، هەرسێ برا، لە کاتی هاتنە سەرکاری ڕیژیمی ڕموزنەی کۆماری ئیسلامی هەڕەتی لاویان بوو، بەڵام باوکیان ئەمری خوای کردبوو، هەرسێ دەست و جێ بە سۆزو هەستی کوردایەتی کە هەیان بوو لە دوایی دامەزرانی

هیزی سمکو چوونه ڕێزی پێشمەرگەو چەکی ئابڕوو کەڕامەتی گەلەکیان هەڵگرت، محەممەدیان کە برای گەوەرە بوو لە کاتی گەمارۆ دانی پادگانی گردکشانە وپەسوە لە1357ی هەتاوی و تەقەولێکدان لە حاڵێکدا کە تەرمی شەهیدیکی بە کۆڵەوە وەبوو بەڕەگباری سەربازانی پادگان دەئەنگێوترێ و دەست و جێ شەهید دەبێ، دوایی وی خالید دەچیتە سەفی پیشمەرگە و گەلێک حەماسە دەخوڵقێنی و بەلام بە هۆی دڵ ئێشی لە سالەکانی 1363 خۆی تەسلیمی حکوومەت دەکاتەوە کە دوایی ماوەیەکی بە تیتاڵ بۆ هەڵدەبستن دەست بە سەردەکرێ و بۆ تەورێز بەرێ دەکرێ، دوایی ماووەیک زیندانی لە شاری تەوریز لە داداگای ئینقلابی ئەوشارە حوکمی  ئیعدامی بە سەردا دەسەپێنن هەر لە ویش ئیعدامی دەکەن و هەتا ئیجازەی تەرم دانەوەی بە بنەماڵەکی نادەن،ئەو جارعەوڵاش کە براگچە بوو چاڵاکیەکی زۆری نواند و لە ئاکامدا لەساڵی 1360کە هیرشی توودەکانی ڕەحمان کەریمی لە گەل قیادە بەرەو(شنۆ)هات و پێشمەرگە بە هوۆی ڕەشەکوژی لە شنۆ چۆدەر ناوبراو لە گوندی نەڵوس لە ماڵێک بە بەریندار لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بە دەستی خۆفروشانی ڕەحمان کەریمی و قیادە گەمارۆ دەدرێ، و دوایی شەڕیکی قارەمانەو بەردەوام، شەهید دەکرێن و خوێنی ئەوانیش تێکەڵ بە خوینی کاروانی شەهیدانی گەلەکیان بوو. بەپیویست دەزانم ئەمە بڵێم چونکە شەهیدانی رێگای ئازادی وسەربەستی کوردستان گەلێک زۆرن بێگومان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران ئەم دەرفەتە نالوێ کە  یادی ساڵهات و خەبات و خۆبەختکەری و چالاکی و گیان لە سەردەستی ئەو هەموو شەهیدانە بکات کە هەر ئەوەی لە شەڕی چەکداری گیانیان لەدەست داوە لە(5000)کەس زێدەترن، بەڵام دەکرێ نووسەرانی بەڕێز هەریەک لەو ناوچەو دەڤەر کە لێی شارەزان یادی ئەو کەڵە پیاوانە بکەنەوە و ئەو ئاگادریانەی کە لەمەڕ ئەوان دەزانن و لە زەین و هزریاندا ماوە بۆ لە بیرنەچوونیان بەسەریاندابچنەوە، ئەوکارە بێگومان جگە لە ڕێزگرتن لە بنەمالەی شەهیدان و ورە بەرزگرنەوەی هەموو خەباتگێڕیک لە تیگەین بە ئەمەگناسی کە خوێنەکەیان بە فیڕونەچوە،و  هۆکاری وەکوڵ هاتنی هەستی لاوەکانیش مسوگردەکات  کە دوایی شەهیدان لە دایک بوونە  و ئەو شیکردنەوەیەش دەداتە دەست کە چلۆن بە خوێنی ئاڵ و ڕەنگێنی خۆیان ڕەوڕەوی خەباتی کوردایەتی بەرزڕاگرتوەو نەیانهیشتووە  بکەویتە خانەی دەنگبڕی وهەروا بە چ  شیوەیەک لووتی و دوژمنانی ئازدیان لە قوڕ وەرداوەو چلۆن لە  مەجودیەتی کوردیان بەگیان شیرین بەرگری و دیفاع کردوە   و چلۆن ئالای خەبات بە پسانەوەیان لە گووڕەپانی کوردستان بەبەرەکانی مێرانە لە سارشانیان بە شەکانەوە ڕاگرتووە و هەتا هەنۆکە نەیانهیشتووە ئاوات وتاسەی کورد لە مەڕمافی ڕەوا لە بیر بچیتەوە و ئەنگاوتەی شەختەی فەراموشی بێ، هەزارسەلاو لە گیانی پاکی ئەوسێ شەهیدەو هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و کوردایەتی و مەرگ و نەمان و سەرشۆڕی بۆ هەموو داگیرکەران و بەکرێگیراوانی کوردستان و دەستوپیێ و جامیخوازو کوتەخۆرو خۆ دۆڕاوەکانیان.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
شاری سیدنی ئەستەرالیا-2008/8/23ی زایینی.

**(28)**

**مەترسی لە کوردستانی فیدراڵی باشوور هەڕەشە دەکات،**

بەداخەوە وادیارە پێشبینیەکان جلی کردەوە لە بەردەکەن و ڕەنگی واقعیەت بە خۆوە دەگرن!

وا وێدەچی ڕیژیمی بەغدا کە تازە لە سەربنچی بەرێ پنجی داکووتاوەو چەقەرەی داوەو شین بۆتەوەو بۆژاوەتەوە، دەیەوێ لک و پۆپی بەرەو شوێنەواری کۆلکە ڕزیوەکەی سەدام هەڵکێشێ و لە بەدەنەی کلۆری وی بۆنی تەعریب بە مگیزەوە هەڵدەمژێ و خەتی باتڵ و ماڵووی پاک کردنەوەو بێ ئیحتوباری بە سەرمادەی 140دادەکیشێ!دیارە پشوو حەسانەوەکەیان لە دوایی ئەو هەموو کوشت کوشتار و گڵکۆ تەقاندنەوەی یەکتر، ئەوە زەبروو زەنگی کەم بۆتەووەو تایبەت بە هاتنەوەی سوننەکان بۆ نێو پرۆسەی سیاسی وەدەست هێنانی چەند پۆستی گرنک گوێچی خۆیان پێبڕاوەو لە بەرامبەرکورد بۆنەتەوە برِبرەی پشتێک! دیارە ئەمە بۆ داگیرکەرانی کوردستان لە هەر چوار پارچە شتیکی ئاسایی و سروشتیە دەجاجێی سەرسوڕمان نییە، بەڵام لە سەر ئەو هەموو ئەزموونانە دیسان سەرۆکانی کوردستانی باشوور هەرخەریکی دیالۆک و تەشی خوڵدانی سیاسی خۆیانن و لە تەرازوی بی ئەزموونی خۆیان هەلدەسەنگێنن! لایەکی دیکەش موقتەداسەدر کە لە لایان ئیران بە تەواوی پرچەک کراوە لە گەڵ تورکمانەکان وعارەبی هاوردە پەیوەندی راستەوخۆی پتەوتر کردوەو پیلانەکانیان دژی کورد بە یارمەتی بەغداو تورکیە ودەست تێوەردانی ئێران مسوگرکردوە و دەیانهەوێ هەموو پێکەوە دژی دەسەڵاتی کورد ببنە هێزیکی یەکگرتوو، دەجا بە باروبنە تێکنانی ئامریکا، بە تایبەت ئەگەر دێموکراتەکان بێنەسەرکار! بێگومان ئەوەی سەدام کردۆیەتی ئەوان توندو تیژتر لە مەڕ پوچەڵکردنەوەی مافی کوردو کوردستانێکی بێ کلک و گوێ، لیی بەردەوام دەبن، ڕێگای دەرفەتیشیان هەنۆکە کە تەیار و پۆشتە بوونە زۆر لە جاران بۆ لە بارترە،ناردنی هیزی بەغدا بە ئەمری ڕاستەوخۆی ماڵکی بۆ گرتنەوەو دەست بەسەرداگرتنی ناوچە دابراوکانی کوردستان، ئەویش وابەڕاشکاوی بەهێزی عەسکەری، واردبوونی بە خانەقین بی گوێچکە هەلخستن و بایەخ دانان بە دەنگدان بە دەستووری ئیراقی شێوە دیکتاتۆڕیەکی سەدام حوسێنمان وەبیردێنێتەوە ! ئاخۆ ئەمە سەرۆکانی کوردستان لە شیرین خەوی دیالوک وەخەبەرناهێنێ!! دەجا هێنانە خواری ئالای کوردستان لە گوێ سوانەی بناوعیمارەتەکانی ناوچە دابڕاوەکانی بە تەعریب کراوەی کوردستانی باشوور لە لایان هێزی عارەبی و هەڵدانی ئاڵای حکوومەتی ناوەندی سەر لە نوێ لەو شوێن و دەڤەرانە بە دەسەلاتی نیزامی و تۆپ و دەبابە هەڕەشە لە مەوجودیەتی هەریمی فیدراڵ نییە؟ هەر وەک هینانەوەی ئالای بەعس بۆ پاڕڵەمانی کوردستان و بێ ئیحتوبار کردنی بەیداخێ کوردستان و بە سووک و چروک کردنی ڕێبەران کوردستان مانای لێنادەدرێتەوە؟ ئیستا دەبینین کە مانای دیالوک چییە! وەک بەرێ ئاماژەم پیکردبوو جگە لە وەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ کام لە حکوومەتەکانی سەرەڕۆ کە دەسەڵاتی بێ لەمپەری خۆیان لە نادێموکراسی و هەڵکوتانە سەر بی دەسەلات دەبین و تارمایی دیموکراسی لە هەرکون قوژبنێک بە هەستی بەرژەوندی ڕزیوی خۆیان دەنگێون هەتا خەڵکەکەشیان بە هۆی لێکدانەوەو شیکردنەوە و ئازاەنتی ئیسلامی و پڕوپاگەندەیی شیوە گەندەڵی ئاخوندەکانیان، ئەوها لە دێموکراسی دل کەرمێ کردون کە کەس نایەوێ دیموکراسی

بدینێ و بزانێ بەری چ داریکە! ئەوجار دابەزین دیالووک بە پشتیوانی هیزی چەکداری و دەسەلاتی سەرەکی گرێدراوە، کە وایە دیالووک بۆ کەسانێک کە نایانەوێ گوێی لێڕابگرن دەبی بە هیزی نیزامی دەگویچکەیان بسرێوێنن.

نموونەی یەکەم:
ئەوەتا ئێران ئەوە وەک دوو پشک کلکی لە سەرپشتی داناوەو گەفی پێوەدان لە هەموو هێزیک دەکات، و خەریکی بەرفرەوانکردەنەوەی دەسەلاتی خۆیەتی، ولاتانی سەرانسەری دونیای لە ئاژاوە وەرداوە! و لە هاوولاتیانی خۆشی بۆتە عەزیایەکی دەم داپچڕاو بۆچاوترسان لە هەموو شوێنێک سێدارە بەرپاکردوە! هەر ئەو ئیرانەی کە دوێنێ لە خودای دەویست کە ئامریکا لێیبگەرێ ئێستا کە شوینەکانی کلۆورکردون و خۆی بەهیزکردوە لە لایان شووڕەوی پرچەک کراوە، خەریکە ئامریکاش لە کەنداو دەربکات،هەر ڕۆژێ موشەکێک لە ئاسمان هەڵدەکات ژێری دەریایەک بۆ بن ئاوی کەنداوو یەکاوی عارەبان بەرێ دەکات هەتائێستا دەیان مانووری لە ئاوەکانی یەکاوی عارەبان کردوە! بێگومان ئەگەر بە هیزی نیزامی هەس نەدرێتەوە هەر بە شەپان لە دیالوک هەڵدەدا،ئەوە پینج ساڵە لە سەرسێ بڕیارنامەی کۆمەلگای نێودەولەتی، کەگوێچکەی پێ نالەقێ، ملهوڕی خۆی بەردەوام کردوەودە، و لوتی ئامریکاو ئوڕوپاشی لە هەرد هەڵچەقاندوە، هەڵس و کەوتەکانیش شایەدی ئەمە دەدەن کە بە شیوەی دیالوک دەستی وەبۆمبی ئاتۆم ڕابگات، ئەوکات ئەوانەی خەون بەدیالوک دەبینن دەبی بچن لەوی مانای وەرگرن! ئەوانە هەموویان دەبوایەسەرۆکانی کوردستانیان حاڵیکردبوایە کە بۆ گەرانەوەی ناوچەکانی دابراو، ئیدی ئەفسانەی دیالوک باوی نەماوە و خۆفریودانە!

نموونەی دووەم:
باهێرشی شوورەوی بۆسەرگورجستان وەک نموونە بێنینەوە کە هەتا دەستی زۆر لە گۆڕێ نەبوو گورجستان خەریک بوو خودموختاریەکەش لەو دوو بەشە لە هەرد هەڵبسوێ، هەرڕۆژێ بە بڕوبیانەو هێنانەوە و پەڵپ
وهەجەت هیرشی دەبردە سەر(اویستا)ی باکورو (ئابخار)! و ڕێزی لە چ تکاکارەیەک هەتا ڕووسیەش نەدەگرت! بەلام وەک بینیمان هیرشی ڕووسیە بۆ(ناوچە ئابخازو اوستیای باکوور) هەردووکی بەیەکچەلی لە خۆتێهەلقوتانی گورجستان ڕەزگار کردو هەتا زراوی گورجستانی برد، و بەدەنگی پاڕلەمانی رووسی سەربەخۆیی هەردوو بەشی مسوگرکرد، و دوو کۆماری سەربەخۆی لێ پیکهینا، هەرچەند بە دژایەتی ئامریکاو ئوڕوپا ڕووبە روبوو لەوانەیە لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەنگی بۆ نەدرێ یان بە ڤێتۆی ئامریکاو ڕۆژئاوا بەرەو ڕووبێ بەڵام بیگومان گەرانەوەولکانی بۆخاکی گورجستان لە هەتەری زەین و لێکدانەوە بەدەورە بێگومان زوو یان درەنگ سیاسەتی دونیا ڕیگایان بۆترەازدەکات کە هەنگاو بۆناسینیان هەڵێنن...

پەندلێوەرگرتن:
دەجا ئەوهەلومەرجەی کە بۆ کوردستانی باشوورهەڵکەوتبوو زۆر لەوانە لەبارتر بوو بەڵام سەرۆکانی کوردستان لە پێش هەمواندا مام جەلال دەستی پێ لە خوازۆکی و گیرەشێوینی لە تەواوی

تەمەنی پێ هەڵنەگیراو هەڵناکیرێت، هەنۆکەش هەربەحیسابی ئاوارەیی و چاو لە دستی و شیوە بە لەنگازی لە سەرکورسی کۆماری دانیشتووە بەداخەو لە بەرژەوەندی کەسینی زێدەتر هزرێکی نەتەوەیی لێ بەدی ناکرێ ولە دەربڕینی ڕاستیەکان بە هۆگان دوورە، کەچی شێوەی ئەو جۆرەسیاسەتە تەمەن کورت بووە یان هەر نەماوە. هەر لە سەرئەولێکدانەوەش قەت بە شەهامەتەوە لە بەرامبەر داگیرکەران هیچ، هەتا لە بەرامبەر هاوپەیمانی خۆشی کە ئامریکابێت قسەی دڵی نەدرکاند کە پێویستە کوردستان ئازادبیت و چیدی لە ناوچوارچیوەی سنوورەکانی دەستکرد ناتوانی ژیانی بەردەوام کات،قەتی بە دەمدانەهات!!،ئەمن پێم وایە هەر لە سەرەتاش کە دورشمی جیابوونەیان هەڵگرتبوایە ئەوەندەشەهیدی کە بە دەستی سەدام دایان کە جینوسایدو کوژراوەکان لەو هەمووشەڕانە خۆی لە (300000)کەس دەدا،مەسەلەکە یەکلا دەبۆوە! دەبی سەرۆکانی کوردستان بەباشی بزانن کە داگیرکەرانی کوردستان لەوان نەزانترنین وبەڵکوو زۆریش لەوان زیرەک تروخیبرەترن، دەجا خۆ دزینەوە و لەڕاستی و شێوەڕێویانی ڕۆیشتن و خۆبواردن وگرێمانەقووت دانەوە و خۆ دەباگەڕو خوارەپیچان ڕۆکردن هیچ کەس فریو نادا،بەڵکوو کەلە شەقتر هاتنە مەیدان کار هاسانی ترە وئامانج ئەگێوەتر و دۆست و دوژمنیش زووتردەناسێنێ! ئێستا ئاخافتنەکانی بەسۆزو تینی نیچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستانم دیتەوەبیر کە چلۆن بە دژی حیزبە کوردستانیەکان قسەی بەکەیف خۆشی دوژمانی کورد دەخوێ وەردەدا گوریسی دیالوکی بە کوردستانەکاندا ڕاکێشابوو، ودەیفەرموو: ئەوەی لەو قەپانچەلە بچیتەدەر دەیهاڕێ، بی ئەوەی فکر لە قسەکانی بکاتەوە و چەوساوەیی کوردەکانی پارچەکانی دیکە و هەتاهەرەس هینانی شورشی ئەیلول وەبیرەخۆی بێنێتەوە لەگەڵ ویژدانی پەرس ورایەک بکات وچیدی گونی نەیار لە جیاتی مەمکی دایکی نەمژی! دەڵێن گورک لە دەست مەڕسکاڵای دابوو دەیگوت: بەشەقۆنی لێیداوم! ئیدی نەیددەگوت: ئەمن شەونیە زگی سەدان پەز نەدڕم و نەخۆم! راستە دەڵین تۆبەی گورگی مەرگە! لەناو ئەو حکومەتانەی داگیرکەر تەوفیر لە نیوان سەرۆکەکانیاندا ناکرێت، ئەوە ئاویکە ڕژاوە هەرکەس ببیتە دەسەڵات دەبێتە باند، دەجا ئەوەی بوو بە باند، دەبیتەداگیرکەر، و ئەوەی بۆ بە داگیرکەر، دەبێتە کەمایتی کوژ! کوردیش لە هەر چوارپارچە لە کەمایەتیدا! بوونی مووجودیەتی هەمیشە لە مەترسی دابووە، چونکە خاوەنی سامانی خۆشی نیە کەس بە تەواوی داکۆکی لێناکات، ئەوە جاریک بوو لە مێژووی کوردی زلهێزێکی وەک ئامریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی، کورد گوتەنی: ڕێوی ڕەشی بە پیروە هێنا بوو. ئەویش سەرۆکانی کوردستان نەیانتوانی یان نەیانویست لەو هەل ومەرجە بوێرانە کەلکی بەجێ وەرگرن! و بۆپارچەکانی دیکەش ببن بەبڕبڕەی پشت، بەڵکوو هەموو هیوایەکانیان بۆ وەرگرتنی دەسەلاتی ناوخۆو بەرسینگە لێکتر بڕینەوە و جەلال و شکۆی بارەگای خۆیان تەرخان کرد و پارە وەرگرتن سەتی 17بودجە، ئاواتەکانیان بنچینەیی بەتیکڕایی کردە سەدەقەو دەسەر حەزی کەسینی خۆیان گێڕا!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئەستەڕالیا،
2008/8/28ی زایینی.

(29)

**شێوەخەباتی نوێ،**

وەک دەبینین دەموودەزگای کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژ لە ڕۆژ دیکتاتۆرترو دڕتر دەبی هەموو ئورگانەکانی هەتا ئەوانەی بە ڕەواڵەتیش نانیزامی وئاساییین بە کردەوە سەرجەم بونەتە نیزامی، ئەویش بە شێوەیەکی توندو تیژوو کەس نە پاریزاوو جەلادانە! هەرکەسێک لە هەر بارەوە ڕەخنەی ناڕازی بوون ئاراستەی حکوومەت بکات یان لە شێوە بەرێوە بردنی وڵات و سەپانی حوکمی ناڕەوا لە دادگاکانی ئینقلاب ئیعتڕازی لەدەم بێتەدەر، دەبی خەون بە سیدارە ببینیێ، چونکە لە پێشداچەقاوە! والیهاتووە هەتا ئەگەر لە شەڕووڕیی و بکوژی و قەڵاچووکردنی هاووڵاتیان لە هەڵسەنگان لەگەڵ سەردەمی چەنگیزخانی مغوڵ و تیموری لەنگیشایان بەراورد بکەین ئەوان لە کیشی تەرزاو پارسەنگیان دوێ،چونکە ئێستا ئیران بە شێوەیەکی سەیروسەمەرەو بە بارودۆخی سەخت و ئەستەمی نیزامی هەڵدەسووڕێ، یانی لە ئەحمەد نیژاد سەرۆک وەزیران بگرە کە بۆ خۆی بکوژە و پڕیشکی خوێنی ڕێبەرانی کوردو شەهیدانی دیکەی لە کەسایەتیەکانی ئیرانی بە نیوچاوان دیارە... هەموو ئەندامی دەولەتەکەی لە تیپی پاسدارانی مرۆڤ کوژو خوینخۆری عاشووڕای حوسێنین! دەجا ئەوە وەزیرانی کابینەی دەولەتەکێن! فکر بکەوە بزانە چ کەسانێک هەوساری نیزمیان بەدەستە! ئەو ژەنەڕالانەی کە لە بن عەبای ئاخوندی دەرچوونە دەبێ ماکەی چ تۆفان و باو بژێکی تۆزو خۆڵ هێنەر و گێژەلووکەو گەردەلوول بن و لە چ خاپەرۆک و بنە بێژینگی خۆیانی فەساد بە گەسکە قوڵە کۆ کرابنەوە! وەک دەبینین هەموو دەسەڵاتدارانی باندی ئاخۆندی سەرجەم سواری وشتری چەمووشی دەسەڵات بوونە و لە ئولکەی سیاسەتدا ڕکێف کوت داژوون...دەستەیەک مەتڕالوزبەدەست و نارنجۆک لە قەدو، تێپیک کفن لە بەرن کە هەموو ڕۆژێ ددانی تیژی زەبەڵاعی خوێنرێژیان بە هەسانی دەسوونەوە و دەیانەوێ پۆپچەرمووی پیس و گلای عیفریتی رووی خۆیان بە نکاحی دین ئیسلام دەربێنن و کارو باری پیرۆزی ئیسلام بە کردەوەی چەوت و ناحەزو کرێت نیشان بدەن، ئەو فاشیستانەی کە تێکەڵاویەک لە جەهالەت و نەزانینن، بەنی ناوەکیان بە دەسەڵات و کورسی قودرتی شەیتان گرێداوە،سەرجەم سەرەڕوو سەرکێش و هاوسار پساون، نە گوێچکەیان بە بەڵاو مسیبەت دەبزوێ و نەدەربەندی کوشت و کوشتارن و نە شەرمەزارو سەرکۆنەی یاسان. بە سووکایەتی و شوورەیی، شانی شەڕەفی زانستگاکانیان هینایەخوار و بەهێڕشی وحشی و حەیوانی خۆیان شوێنی پاراستنی بۆرەو بەیاری دانیشگاکانیان ڵەوەڕاند و وێرانیان کرد، بە دەست دەرێژی پردەی ناموسی فەرهەنگ وعیلمیان دڕاند و بە لە سێدارەدانی رۆشنبیران کارگیرانی مافی حقوقی بەشەر لەکوردستان و مروڤانی بێ تاوان و بێ پەنا لەعنەتی ئەبەدی خداوندە و نەفرینی جەماوەریان کڕی. هەڵس و کەوت وهەڵکردن لە گەڵ ئەو جانەوەرانە کە بەسەدارەت گەیون وەک ئامارەم پیکرد هەتا ناکرێ لە تەرازوی هەڵسەنگان لەگەڵ تەیمووری لەنگیان هەلکێشین، بۆیە دەڵێم تەیمووری لەنگ، چونکە ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرو هەستیارو شاعیری نەدەکوشتن هەتا

ئەوتاوانکارانەی کە ماڵی ئەوانیان کردبوایە پەناگا وحاشارگا، عافووی دەکردن! بەلام ئەم ڕیژیمەکۆنە پەرستە ئەوان پێش هەموان قەڵاچۆ دەکات و کەسێک نییە کە وەبەر جەنجەڕی ددانیان کەوتووبی بەسەلامەت دەرچوونی ببێ! دەجا زۆر بێبەزەترو سەرەڕۆ ترو دڵڕەقترو نائینسانتر و دەم بەخوینتر لە تەیمووری لەنگن!!

کە وایە دانیشتن و لەئاشتی دوان لەگەڵ ئەوڕیژیمە بێ ماناو مەفهوومەو ئاکامی نییە ! وەک هۆکارەکانم لە وتارەکانی پێشوو دست نیشان کردن و یەکێک لە بەرەبەستەکان و کارهاسانی بۆ کردنی ئەو کش و هەوایە، نزیکایەتی سەرۆکانی کوردستان بە تایبەت مام جەلال لە ریژیمی ئاخوندی و بەڕیوەبردنی وەسیەتەکانی وی بۆ لە قەپانچەلە کردن و خەساندنی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو کە بەداخەوە پیلانی کۆماری ئاخۆندی بەدەستی خۆمالی جێبەجی کرا، کە هۆی کرمێ کردنی بیروبۆچوونی گەلێک لەکارگیرانی کوردستانی باشوور لە مەڕکوردی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو. ئەو تەنگەژەی دوورکەوتنەوەوی دەسەڵاتی ئەوانی لە کزیدا و شانەزەرگەتەی سیخورانی بەهیزکرد و خەباتگیڕانی لە قایشی کیشا،دەجاهیچ کام لە حیزبەکان هەتا ئەگەر بشیانەوێ لەو دەموودەستەدا کاربردی چۆونەوەیان بی گیروگرفت بۆ دەستە بەرناکرێ چونکە لە شوینەکان گەلێک ناموو دورەپەریز بوونە لەو ماوەیە زۆرشت گۆڕانکارایان بەسەردا هاتووە ڕیژیم زۆر بواری نالەباری قۆزتۆتەوەو بە شێوەیک کە کەم شت لە سێرەی دەسەڵاتی ون دەبێ ئەمانە هەموو کارتێکەری هەتلەو هەڵوەدایکی دوورو دریژن کە هەتا لە سەردەمی (شا) کە کەڵ بەمووی بەند بوو ئەو جۆرە پاوانیخوازیە بەزەین وخەیاڵی ساواکی (شا)دانەدەهات، بۆیە بۆجۆڵانەوە بەرەگەو شێلەگە ئەوها بەرەبەست نەکرابوون و بەستینی جۆڵانەوە بەوشێوەیە سنوردارو بەرتەسک و لە ژێر سێرەی چاوەدێری دانەبوو، ئەویش بە شێوەکی دڕندانە هەڵس وکەوت لەگەڵ کردن وڕوحم نەکردن وکەس نەپاراستن!! دەجا ئەوانە هەموو بەری چەوتی سیاسەتی سەرۆکانی کوردستانی باشوورن کە بێگومان کارتێکەری لە دوا ڕۆژدا لە سەرخۆشیان دەبێ!،و هەرئەو ڕەوتە هۆکارە بوو کە هەنۆکە هەزاران سەگ وسیوان لەجل وبەرگی ئاسایی وموبایل بە دەست بە ئیشارەیەک کارەساتی دڵتەزێن دەخۆڵقێنن. چونکە لە قامووسی ئەواندا مرۆڤ کوشتن شتێکی ئاساییە،هەتا جنایت و کوشتارو ویرانی وخاپور بوون نەک هەرلە ناو ئیران بەڵکوو قەومانی جنایت و ئاڵۆژی و ئاژاوە نانەوە و خوین ڕەشتن لە سەرانسەری دونیا بە نیعمەتی خودا دەزانن و پێیان وایە هەتا بەستێنی دنیا خوێناوی تربێ، هاتنی ئیمامی میهدی زۆتر مسوگردەکات. ئەو جار لە ماوەی ئەو سی سالە ئەوەندە میشک شووراوی عاشوورا لێ زیدەکراوە هەرژمارەی خۆ کوژەکانیان کە شانازی پیوە دەکەن لە(6000)پترە،دەجادەربەندی تێکچوونی ژیانی کەسیش نین، کە وایە هەنۆکە ئەوەی دەتوانی ئەوان بە چۆکدابێنێ تەنیا زەبرلێدان لە ئابووری بە تایبەت ناوەندی شارەکانە ،ئەویش بە بەرەیەکی پتوون کە تەنیا ئامانج ئابوری لە ناوبردنی بێت کە ئەوان هیوای پاوانی دونیایان لە سەرهەڵچنییوە. ئەوانە ڕەنگە سەرەتا وەک تەخیولات لێکدانەوەیان لەسەربکرێ بەڵام ئەگەرپلانی بۆدابڕژێ گەلێک لەشەڕی چرێکی کەم خەرج ترە، وهۆکاری وێکهاتنی دەسەڵتی ئاخوندی ولێدابڕانی خەڵک وپتەوکردنی ڕێزی خەلک بۆ تەوژم و فشارخستنە سەرڕیژیم وەخێرا دەخات،ئەوە ناڵێم لە لایان دەرەکی لیبیدرێ و وەک ڕیژیمی سەدام تەفروتونابێ کە ئەگەری زۆر کەمبۆتەوە هەموو سیلەی چاوەکان لە مانگی (دەو یازدە)بڕاون کە ئامریکا بە گژیدابێتەوە،لێرە دوومەسلەی جیهانی سەرنج راکێشن یەک مەسلەی گورجستان و ناسینی دووبەش لەخاکی گورجستان بەدابڕان وناسینی فەرمی

لەلایان شوورەوی و دژایەتی ئامریکاوئوروپا وهاتنەگۆڕی ئەوقەیرانە وێدەچی کە بۆ دڵ راگرتنی ئامریکا وئوروپا ڕوسیەخۆی لەئیران بکێشیتەوە مامەلە لەسەرئیران بکات چونکە ئەوەی لەمەڕ دەخڵ ودان ڕووسیەدەژیێنێ گەنمی ئامریکایە! دەجائەگەرروسیە لە پاڵەپشتی ئیران بکشیتەوە لێدان و تیکچوونی وەک پشوو هەڵکیشانیکە و بێگومان زووتر لە سەدام دەڕۆخێ، ئەوانەی بە پیچەوانە فکر دەکەنەوە ئاگاداری ناو ئیران نین و گویزان لە هەمبانەی خۆیان دەژمێرن . ودەومین مەسەلە ئینتخاباتی ئامریکایە، چونکە ئەگەر خودابکات کۆماریخوازان دەنگ بیننەوە و(جان مەک کین) بیتە سەرکار گومانی تیدانیە وبیدەکەوێ بەڵام ئەگەر ئەستیرەی شانس وفول بکاو و (ئوباما)ی ئیسلامی ببێتە سەرکۆماری ئامریکا، شێوازی کوردستانی باشووریش گۆڕانکاریەکی قوڵی بەسەردادێت کە پێشبینی کردنی ڕەنگە زووبێ بەڵام چارەنووسی ئەوانیش تووشی گیرەشیوێنەکی پرگرفت دەبی وکەشتی سیاسەتی وانیش لە سەردەریایی شەپۆلاوی ئیراق وئیران وتورکیە تووشی فرتێنە دەبێ جا کەشتیوان چۆنی دەپەڕێنێتەوە لێزانێکەکی زور و ڕاستگوویی و پەیوەندی بە دەستی یەکیەتی هەمووکردەکان لەچوارپارچەیە، ئەگەر ئەومتمانەیە گەرنتی کرابیت! ودەبی ئێمەش چاو لە خەباتی توندوتیژی بە پەلەو خیرا بچوقینین و ئیکجار پشوودرێژوو بەتەحەمول بین و دەست بە دواین سەبر بگرین وچاوەروانی قەزاو قەدەربین!هەرچەند ئەزموون نیشانی داوە تەواوی لێکدابڕانەکان لە کاتی مشەوەشی و نالەباری لە بازنەی بێ دەرەتانی و دەستەوەستانی دەسەڵات کەمبوونەوو شپرزیی سیاسی ڕوویانداوە، بەداخەوەش هەتائیساش هیچ کام لەم ئەزموونانەش کەلکی بەجێی لێوەرنەگیراوە،هەرچەند بە قەولی کابرای گۆرین، خودا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئەستەڕالیا،
2008/8/31ی زایینی.

**(30)**

## دەڵین: کوردهەمێشە لە مەیدانی بەربەرەکانی بردۆتەوە بەڵام لە ئولکەی سیاسی دۆڕاندویەتی!

ئەگەر شێوە سیاسەت ئەویش لە مەڕچارەنووسی گەلی کورد لە گەڵ شیوە دەسەلاتی کەسینی حیسابیان لە تەراوزیکدا بۆ بکرێ، سوک و سەنگیان بە زەرەرە، چونکە مەسەلەی مافی چارەنووس مەسەلەیەکی گشتی و بنەڕەتی و نەتەوایەتییە، کەچی ئارەزوی کورسی دەسەڵات تاسەی کەسینی یە! ئەو دووە لە بەرە جۆیەک ئاو ناخۆنەوە بە گەزو نیوگەزەکیش ناپێورێن. بە واتەیەکی دیکە چارەسەری چارەنووسی نەتەوەیی بۆخۆی دەسەڵات هێنەرە،ئیدی حەوجێ بە بارمتە گرتنی دەسەلات نییە! دەجا کاتێک مەسەلەی چارەنووس بە کردەوە جێبەجی کرا لەو چوارچیوەدا دەسەلات مسوگەربووە!

ئەو جار دوایی ڕوخانی سەدام ئیدی چ ڕێژیمێکی  خاوەن قودڕەت لە گۆڕێ نەبوو کە بە زارە خوارە داوای وەرگرتنی دەسەڵاتی لێبکرێ، چونکە کوردیش دەسەڵات بوو، ئەمە سەرنج ڕاکێشە کە لە حکوومەتێکی تێک تەپیوی بە سەریەکدا ڕووخاوی  دار لە سەر بەردی نەماو کە لە خم داڕشتنەوەی هەتا هەڵچنینی  دیوارو پایەکان و بە کۆشک کردنەوەی سەر لە نوێی بە دەستی سەرۆکانی کوردستان بوو، دەجا دەبوایە بەو شێوەییەی کە لە دامەزراندنەوەی شەریک و هاوخەم و چالاک و ماندوو نەناس بوون، لە دابەشکردنی دەسەڵاتیش گەرنتی  هاوبەش بونیان لە دەستووری ئیراقی لە پاشقول گرتبوایە و چەسباندبوایە و هەموو شت بە مساوی پشکی لە سەر هاویژرابوایە! بەڵام ئەوان بەدەستی خۆیان بوتیان دورست کرد،ئەوە ئیستا لە بەردرگای بە ملکەچی  دەپاڕێنەوە کە دوعای پشکەبەشی فیدڕاڵێکی خاون دەسەلاتدارەیان بۆ بکات، ئەویش شتێکی لە کردن نەهاتوو محاڵە!

 لەوانە سەیر تر دوایی پەنجاساڵ خەبات و مرخێش مرخێش و پەیکار لە گەڵ حکوومەتەکانی سەرەڕۆیی نیزامی ئیراق کە یەک بەدوای یەکدا بە کودتا دەهاتنە سەرکارو دەسەڵاتیان بە دەستەوە دەگرت، و هەمووش لە ئاست کورد هەبووی یەک هەڵویست و لێک لەیەکتر دڕەندەتر بوون وبی تەفیر خوێنی کوردیان بەخەزا دەزانی و بە تێکڕایش لە قڕ کردن و قەڵاچۆکردنی کورد بە یەک مەبەست هاو هەنگاو وشەریک بوون، بەڵام دیسان ئەزموونیان وەرنەگرت! جارێکت تر لە سەرقەول و بەڵێنی بی بناخەی عاڕەبی بەغدا هیوایان هەڵچنی!

 با ئەوش نەشێرینەوە ڕاستە سەدام دڕندە بوو خوێنرێژ بوو بەڵام هێندە خوێڕی نەبوو کە خۆی لە باوەشی ئیران باوێ بە دەستی وان هەوێنی پیلانی هەڕەشە لە مەوجودیەتی کوردستانی باشوور کارهاسانی بکات،ئەو تۆپباران و بۆمباردومانەی  ئیران هەموو تاکتیکی بە دواداهاتنی دواڕۆژی ڕەشترو بەڕیوەبردنی کزەوفێڵی سەرۆکانی بەغدا لە قاو دەدەن! لەراستیدا سەرۆکانی کوردستان کە مەبەستم زۆترمام جەلالە  مگیزی لە دەسەلات وەرگرتن و کورسی سەدارەت بوو هەتا بەرزم کردنی نوێنەرانی پچڕپچڕی ئیراق  و وادار کردنیان بە مەسەلەی چارەنووس!

سەرنج راکێش ئەمەیە... یاسایەک کە لە دارشتن و پێکوە نانوو دورست کردنی وشە بە وشە و پاڕاگراف بە پاراگراف بەشداربوونە لە سەرخاڵی دەزەق وەجواب نەهاتوون!  ئەرێ دەکرێ بڵێین سەرۆکانی کوردو سیاسەتمەدارانی کورد کە بە کۆمەڵ لە بەغدا خەریکی تاو تووبی دەستووری ئیراق بوون دەیان مجادەلەو شەڕە دندوکیان بۆ هاتە پیش، هێندە ناکامڵ و گەمشۆبن نەزانن نییەت و مەڕامی سەرۆکانی بەغداچییە!؟ هەرمانگرتن و غەزرینەکەی جەعفەری و کاکەو برالەی لەگەڵ تورکیەو ئیران و پەیوەندی بە تڕوڕیستان و بی سەرۆشوینی ئەو هەموو چەک و چۆڵە لە بەغدا کە بێگومان لەلایان جەعفەری و کاربەدەستانی شیعە بۆ ڕۆژی مەبادا لە ئیختیاری موقتەداسەدر نەرابوو وهەروا دەزینی ئەو هەموو پارەیە  و بەرەللە کردنی ئەو هەموو تڕوڕیستەی ئیران لە زیندانەکانی ئیراق و هەروا دەرکردنی دەیان فەرمان بۆ لە سەرکار لابردنی پۆلیس و ئەفسەرانی کورد لە کەرکوک و ناوچەکانی دابڕاو گێرەشێوەنی لەسەرهاوەردەکانی عاڕەب و بەحیساب نەهینانی دەنگەکانی کورد ئەو هەموو کێشەوهەراو جوابجەنگی و پێشگیری لە بە ڕیوەبردنی مادەی 140 و کاری تڕوڕیستی و بۆمب تەقاندنەوە دەنەی تورکمانەکان و پاڵپشتی کردن و داکۆکی  لە

هاوەردەکان بە ڕاشکاوی، دەبوایە سەرۆکان کوردە وسیاسەتمەدارانی کوردستانی باشووری لە پیلانی زەقی ڕیژیمی تازە بنیات نراوە و دەمارگرژی بەغدا لە بنچینەی چەوتی دوارژیکی نزیک ئاگادارکردبوایە، بەلام هەر بەکەیفە و بە ئەنقەست فیلْیان لەخۆکرد، لە ڕستیدا لە بەر لاواندنەوەی سوننەکان قورسایی خەرەکەی لابارەکەیان بەلای خۆیانداسەنگین کرد، پییان وابوو بە هێنانەوەوی سوننەکان بۆ نیو پرۆسەی سیاسی حیسابیان بۆدەکرێ بەڵام دەبوایە زانیبوایان بەپێچەوانە دەبێ چونکە وەک مێژوو نیشانی داوە داگیرکەران لە مەڕ کورد لە خاڵی بەرژەوەندی هاوبەشن و هەموو لە زاری یەک تفیون و هەرکات مەسەلەی کورد لە شوێنێک هەڵتۆقیتەوە ئەوان هەموو ناکۆکی خۆیان لەولا دادەنین و لە بەرامبەرکورد دەبن بە هاودەنگ،و بە دریژایی میژووی هەتڵەو هەڵوەدای کورد لە هەر چوار پارچە هەروایانکردەوە، ئەو مۆرەیان بە نیوچاوانیوە دیارە!

ئەوجار سەیر ئەمەیە بۆچ لە جیاتی ڕۆڵی مام ناونجی بەریوانچی لە نیوان عارەبی سوننەوشێعە، داوای سێ کوتکردنی ئیراقیان نەکرد کە لە نیوان شێعەو سوننەو کورد بەسێ بەشکرابوایە ئەو کات تالخ و تخووب و سنوورەکانی جوغرافیایی بە تەواوی دیاری دەکران،وەک وەبیرم بێ یەکێک لە سیاسەتمەدارانی ئامریکا ئەوپیشنیاری کردبوو کە بە تەواوی بە قازانج کورد بوو بەلام کورد بەهۆی بەرژەوەندی سوننەکان ڕەتیان کردەوە،ئەوجار بۆ سەربەخۆیان لە ئامریکا داوا نەکرد کە لەگوین تربوو بەو دەلیلە ئەگەربڵێین کوردستانی ئیران و تورکیە دابشکردنەوەکەی دەگەریتەوە شەڕی چالدران 1514ئەوەپینج سەدەی بەسەرداتیپەڕیوە ڕەنگە لە کردن هاتوو نەبێت، بەڵام لکانی ئەو بەشە کوردستانە لە شەڕی یەکەمی دونیاگر هیشتا90سالی بەسەرداتێنەپەڕیوە زورمرۆڤ هەر ماون،دەجا داوای لکانی خاکی کوردستان بە ئیراق بەچ شیوەیەک مەعقول نییە بەڵام سەرۆکانی کوردستان هەنۆکەش دەڵیی لە چیا دانیشتوون وخۆیان لە بەرامبەر حکوومەتی ئیراق بە زەلیل و خوازۆک دەزانن.

ئێستا ئەوە بە قەولی کوردی شەڕ قوونی لە دەرکەی ناوە دەبێ چ بکەن! باپێتان بڵێم نە ئیران لەگەڵ ئێوەیە نە تورکیە،ئەو تەشی ڕستنەی ئیوەو خۆیی بە قوربانی بیگانە کردن جگە لە وەی کارتێکەری بۆ نییەو کارەسات هێنەریشە، نەمر دوکتورقاسملو دەیفەرموو: ئەگەر پارچەیەک لە کوردستانەکان ئازادبی وسیاسەت وان پتەوبێ پارچەیەکی دیکەش پیوەبلکێ خەونی کوردستانی مەزن دێتەدی. خەونی پارچەیەک هاتەدی بەلام ئەوپارچەیە دەیەوێ پارچەکانی دیکە بکاتە قوربانی دەسەرە خۆی بگێڕێ! هەر ئەوەند کە سەرۆکانی چیانشین لە سەرکورسی دانیشن، دیارە ئەوە بۆچوونی خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرو زاناو پسپۆرو هەتا کاک مەسعودیش تەقریبەن نییە تەنیا بۆچوونی مام جەلال و کاک نیچیرڤان بارزانییە، بازیک لە وانی دەستیان بە دەسەلات وپارە گیربووە، هەمووکوردستان بە بەستەیەک دولار دەگۆڕنەوە، هیوادارام ئەو گف و گوڕانەی ئیراق و شەرێکی نیوەچڵیش کە خەریکن بیکەن سەرۆکانی کوردستان بینیتەو سەرهۆش و لە جیاتی کزکردن و لیک پەرش بلاو کردنی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە پیش هەمووانداحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، بەپیچەوانە بۆ پتەوکردنی ڕیزی وان و تەیارکردنیان هەنگاوی ڕاستەوخۆ هەڵێنن

و تف لە خەیانەت و نۆکەری و خۆفروشی و دەسیسە بازی لەگەڵ ئیران وتورکیەوسوریە بەکەن لە تاریفاتی وان کە ئاخۆ بۆ بەرژەوەدی خۆیان رۆژیک پەنایان داون لە پێهەلاگوتن بەس کەن!

بێگومان لەگەڵ عارەبی ئیراق ریکەوتنتان موشکلە، چونکە ئیران هەتا بۆی بکرێ بەرەبەست ولەمپەر دورست دەکات، پێشی دەکرێ چونکە شێعەی ئیراق هەموو بە شیوەیەک فیکر دەکەنەوە یانی میشک شووراوەن و تەوفیریان لە نێوان ناکرێت. بەلام بە داخەوە سەرۆکانی کوردستانی باشوور زۆرساویلکانە بەهۆی گویزتنەوەی دەسەلاتی سەرەکی لە سوننە بۆ شێعە، حکوومەتی تازەبنیات نەراوەی ئیراقیان بە پشت و پەنای خۆیان زانی، ئەو سەفەرانەی مام جەلال و نیچیرڤان بارزانی بۆ ئیران کە زوربەی لە مەڕ کوردی رۆژهەڵات گوماناوی بوون،سەری گوریسی دەگەیاندەوەهیچک! ئەوەبڕیاری کەلەمەڕ مەجاهد خەلق بە ئاشکرادە دراو گوترا،دڵنیام حیزبەکانی کوردی ڕۆژهەلاتیشی بەنهینی گرتۆتەوە! ئەوانە هەموو فاکتەری سیاسەتی سەرۆکانی کوردستانی باشوورن.

کە لە سەر ئەو شیوە بەرژەوەندییە بینیمان هەر لە پیش نووسی پێکهاتەی بەرێ دا لە جیاتی بە شەهامەتەوە بەرەڕووی مەسەلەکە ببن بە ترس و لەرزو شەرمەگیلاخەوە گرنەیان لە شت دەگرت بۆیە هەموو کاتەکانیان کە دەبوایە بۆ مەسەلەی یەکلاکردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان تەرخان کردبوایە بۆ پیکهێنانەوە دامەزراندنی دەمموودەزگای تەفرو تونابوو خستە کایەو بە فیڕۆ دا کە کورسی سەرکۆماری ئاواتی دیرینەکای مام جەلالی لێکەوتەوە. بەڵام ئاخۆ ئەم سەرکۆمارە دەسەلاتی چۆن وچەندە یان پەیکرەێکی دەستەوەستانوو شیوە داوڵەو چی لەدەست نایە لێکدانەوەی لەسەرنەکرا! هەتا بۆجاریکیش بە فیکرو زەینیان دانەهات دەسەلاتەکانی سەرکۆماری لەگەڵ سەرۆک وەزیران بەراوردبکەن،هەرچەند بە باشی دەیانزانی کە کورد دوایی شێعە دەنگی هیناوەتەوە ئەو کورسییە پشکە بەشی ئەوە، هەتا لە شێوەی تەوافقیش دا هەربە منەمن گازندەیان دەکرت قەت راستەوخۆ نە چوونە ناومەسەلەکان کە ڕەمزی تەوافق بە چ شیوەیەک بێت لەراستیدا پشت لە کوردستان ڕوو لە بەغدا لە دەلینگانیان وەرێناو لەو زریایە چ شوێنی بواریان بۆ پاشە ڕۆژ دەست نیشان نەکرد کە ئەگەر تۆفانێک هەستا لە کوێ شوێنی بوارەکە بدوزنەوە هەتا نوقم نەبن و نەخنکێن هەر بە هیوای گرتنەوەی خۆیان بە دەستی عارەبی بەغدا بوون دەجا ئەوەی بێبوار لە دریابدا و مەلەش نەزانێ لە خنکان نزیکترە هەتا دەربازبوون!

حامیدڕەشیدی زەزا،
سیدنی ئوستیڕالیا،
2008/9/1ی زایینی.

**(31)**

**بە ڕاستی حکوومەتی بەغدا زۆر لە سەدام حوسین دیکتاتۆڕترە،**

ئەویش وەک سەدام دەیەوێ بە پێشلکردنی مافی کورد، مەڕەکەبی بڕکەکانی قانوون ئەساسی خۆی بلێسێتەوە هەتا ناوەرۆکەکانی بەڕیوە نەچن. ئەم لەشکرکێشیەی بەغدا بۆ سەرخانەقین شایەدی ئەمە دەدا کە بەغدا ناوچە دابڕاوەکان بەخاکی کوردستان نازانێ! دەجا کێ پێیخۆشە خۆی فریودا کەیفی خۆیەتی!

وەک دەزانن ڕێکەوتن لە نێوان پیکهاتەکانی ئیراق بریتی لە: شێعەو سوننە و کورد، دوایی دەیان دانیشتن و هەڵلاو بگرو چەقەو گوڕەو لێک هەڵچەرخینەوەو ئاشتی بوونەو چوونی دەیان کەرت لێژنەی کورد بۆ بەغداو شێکردنەوەی باس و خواسی ئەو سەفەرانە بۆ خەڵکی ئیراق بەگشتی و بۆ دانیشتوانی کوردستان بەتایبەت، و دەیان جار سەفەری سەرۆکی کوردستان بۆ بەغدا لە مەڕ چەق وتەفی حکوومەتی ئیسلامی هاوشیوەی ئیران یان دیموکراسی، هەروا دەیان دانیشتن و دل ئێشی لێکتر لە سەر ناوی فیدراڵ و شێوەی هەڵسورانی پاریزگاکان و مەسەلەی دابەشکردنی نەوت و گازو بەرهەمی ژێرزەوی هەتا والیهات تاقمانە جوتیشیان لە سەرتاقی کردەوە بەلام لە سەر ئەو هەموو خۆ شیرین کردنی ڕێبەرانی کورد و ملکەچکردن بۆ خزمەت، ئێستاشی لەگەڵ بیت متمانەیان بە کورد نەکرد!

وەک دەزانن برایەتی کوردو عارەب لە 14ی ژوئین1958ی زایینی یانی ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێراق بە کودتای ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم سەری هەڵدا، هەربەو برایەتییە هەزاران و هەزان کورد کوژرا و کوردستان سەدان جار بۆمباردومان کراو دەیانجار خاپۆر بوو هەتا کارگەیشتە شمیایی باران و زیندە بەچاڵی 182هەزار کەسی بی تاوان، بێ هەڵاواردن بە گەورەو بچوک و جینوسایەدەکەشیان بە ناوی (سورەی انفال) وەک کافر حیساب بۆکرد و سەرئەنجام لە سایەی دیموکراسی حکوومەتی برایەتی هیشتا بکوژی گەورە عەزیایی ئەوجنایەتە یانی (عەلی شمیایی) هەر زیندوە بەسزای خۆی نەگیوە کە بەحەق دەبوایە هەموو کارگێڕانی نیزامی ئەو کارەساتە دڵتەزین و وەحشەتناکە بە خڕوپتوون حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپاندرابوایە. برایەتی کوردو عەرەب وەکوو برایەتی کورد عەجەم ئیحتوباری هەیە.

بەڵام سەرۆکانی کورد کە قەولیان بەخۆیان دابوو دەبی بە حکومەتی تازەبنیات نراوی دەستکردی خۆیان وەفاداربن و لە دەنگۆی پرش وبلاوی وڵاتی کوردکوژ بەرگری بکەن، بە هیواوئاوات ملیان بردەبن نیری دیلی بۆ ئێراقێکی پتەو هەموو لەمپەر وتەنگ و چەڵەمەیان هەڵگرت سەرئەنجام

بەڕیککەوتن لەسەر ئەمە هەموو شتیک بەپیی تەوافق بیت، بێ لە بەرچاوگرتنی زۆرینەو کەمینە و یاساحاکم بێت، لەئاکامدا ئەو بڕگانەی کە داڕێژراون ناوی قانونیان لە سەردانرا، کە بێ دەست تیوردان و گیروگرفت بە ڕیوەبچن کە یەک لە وان بەڕیوەبدنی مادەی 140 بوو بۆ چارەنووسی بەشە دابڕاوەکان کە بە دەنگی خەڵکی بسپێرن، ئاخۆ دانیشتوانی ئەو ناوچە دابڕاوانە دەنگ بۆ هاتنەو سەرکوردستان دەدەن یان بە ناوەندی دەلکێن یان کوو سەر بە خۆ دەبن! لە سەرئەوشرا هەموو کەس دەیزانی هەر نەفسی کارەکەیان فیڵ و دەهۆیە چونکە حکوومەتی دیکتاتۆر کوا دەتوانی پێشوازی لە یاسا بکات و بایەخ بۆ دەنگی خەڵک دانێ، ئەوجار حکوومەتی ئیراق دەست پەروەردەی ئیرانە بۆ خۆیان پەیکەریکی بێ گیانن دەجا هەر بۆچوونێک ئێران پەسەندی بکات زێڕی 24عەیارە!

وەک دەزانن یەکێک لە خاڵەکانی قانوون ئەساسی ئیراقی نوێ ئەوەیە کە ئەرتەش مافی هیرش بردنی بۆ ناوەخۆ نییە، دەجا سروشتیە هجوم بۆسەرخانەقین هەموو مەرجەکانی دەستە بەر بێ بایەخ دەکات و لە ئیحتوبار دەخات. کە وایە سەرۆکانی کوردستان کە دەیانجاربۆ خەڵکیان شیکردەو لە بنی کۆلەکەدا کە دەوڵەتی ناوەندی دەستەبەربووە هەرکات لەیاسالادا دەتوانن لێی جیاببنەوە، ئەوە دووپات بۆوە چونکە دەیان جار لە لایان تورکیە و ئێران بۆمباردومان کراون بەڵام ناوەندی بەغدا هەرگوێچکەشی پێ نەبزوتووە. ئاخۆ بەفکری هیچ کام لە سەرۆکانی کوردستان ئەو لەشکرکێشیە دەهات؟ بیگومان زوربەی خەڵک و بەشی زۆری رۆشنبیرانی کورد دەیانزانی کە ئەو ترەتەڵەکەیەو سێ بەگایە سەرناگرێ ئیستاش بسازێ کە بەهیز بوون تخ لە کورد دەکەن. ئەوە خودا ڕوحمی کرد زوو دیاریدا،.وەک دەزانن چرۆکی سەرئەژمێری ناوچە دابڕاوەکانیش لە لایان ناوندی بەغدا لە دەهۆ وێوەتر نییە. با بە ڕاشکاوی بڵیم بەڕیوەبردنی سیاسەتی سەدام حوسین بوو!

مەگین لە بیرتان نایە لە موافیقەتنامەی 15ی مادەکەی سەدام لە گەل بارزانی لە1970 کە مادەی 14 بۆ سەرژمیری ناوچە دابراوەکان بوو، دوایش نەیانکرد، هەر وەک کاک ئیدرسی ڕەحمەتی لە مانگی مارسی 1974 بۆمەسەلەی کەرکووک و سنجارو خانەقین لەگەڵ لێژنەیەک دەچێتە بەغدا،عبدالجلیل لەلایان سەدام ڕاست پیبدەڵی سەر ژمیری لە ناوچە دابڕاوەکان لە گەڵ ئیوە ناکرێت، هەڵبەتە ئەوکات 40000کەس لەکورکووک وخانەقین و مەندلی و سنجار دەرپەڕاندرابوو و بە عارەبی هاوردە جێیان پڕکردبوونەوە، بەڵام دیسان وەک بە مێژوو دا دەچینەوە دەبینین هێشتا سەدام لە حکووکەتی شێعەی هەنۆکەی بەغدا بەئینسافتر بوو چونکە پیشنیاری سەدام ئەبەمجۆرەیە: کە لە کتیبی جبنش ملی کورد نوسینی کریس کوچرا لەلاپەری 370 ئەوهاهاتووە کە ئەمن کردوومە بەکوردی: (لەمەڕ کەرکووک دەبێ یەکیک لەم دووپیشنیارە قبوول بکەن: 1- کەرکووک لە ژێرچاوەدێری دەموودەزگایەکی تێکەڵ،، بەڵام لە ژێرحوکم ودەسەلات وئیختیاری حکوومەتی ناوەندی دابێ،2- یان دوو بەشی وی بکەویتە سەرناوچەی خودموختار،ماباقی لەئیختاری دەوڵەتی ناوەندی دابێت). بەم شیوەیە دەبینین کە سەدام ڕازی بووە بێ سەرئەژمێری کەرکووک و شوینەکانی نەوتی بکات بە سی کوت دووبەش بکەوێتە سەر دەوڵەتی خودموختار و بەشیک بۆناوەندی. بەلام دەوڵەتی بەغدای نوێ حازر نین هەردەم بە کوردستان بوونی کەرکووک و ناوچە دابڕاوکانی دیکەی

دابێنن. دەجا ئەگەر ئەو حکوومەتە وەک سەدام حوسین خاوەنی هەموو جۆرەچەک و چۆل و فرۆکە بیت ئاخۆ زۆر لە سەدام کورد کوژ و سەرەرۆ ترنابی؟

حامیدڕەشیدی زەرزا،
ئوستەڕالیا،سیدنی
2008/9/2ی زایینی.

**(32)**

**سەیرە گەلێک لە زاناو ڕۆشبیرانی کورد کە لە بەندیخانەکانی سەرانسەری ئێران مانیان لەخواردن گرتووە لە هەڵویستی فارس و تورک سەبارەت بەکورد نەگەیون!**

فارس و تورکی ئێران نەک تەنیا برایانی کوردی شێعە،بەڵکوو ئەگەر کوڕی حەسەن و حوسێنیش ڕەچەڵە کورد بن،لە گڵکۆیان دەردێنن و ئاگر لە تەرمەکانیان بەردەدەن!

بە درێژایی مێژووی پڕ لە هەورازو نشیویی کورد و ئەو هەموو لەشکرکیشانەی دەرەکی کە بۆسەرئێران کراوە زبرەکە سەرتا وەکوردو کوردستان کەوتوە، لە هێرشێ ئەسکەندەر مەکدونی 334ی بەرلە زایین شەڕلەگەڵ ئاشۆرپەکان، سکاکان، و لە گەڵ ڕۆم و بە دیل گرتنی (والرین) ئەمپەڕاتووری رۆم لە244 پاش میلاد و شەر لە گەڵ هرقلیوس، لە سەردەمی خوسرەوپەرویز لە 626ی زایین، و تیموور لەنگ چەنگیزی مغول بگرە هەتا عوسمانیەکان ودەستە بڕاوەکانی (ساروبیرە) ئەمیرخانی لەپ زێرین و دڵی قەڵشاوی (جەجوخان ) لەشەڕی چاڵدران 1514ی زاینی ئەو هەموو پەیکاروو پێکدادان و کوشتارانە لە خاکی کوردستان بووە لەڕاستیدا کوردستان کراوەتە گۆڕەپانی ڕەمبازی و هەزاران هەزار کوشتاری لێکراوە و کاول بووەو هەتڵەو هەڵودای کوردی لێکەوتۆتەوە لە هەموو ئەو شەڕانە کورد پێشەنگ بووەو گیانی خۆی بۆ نەجاتی ئیران و بۆ پتەوبۆنی یەکیەتی و سەربەخۆی حکوومەتەکانی کاتی بەخت گردوە، کە میژووکانی (تەبەری ،مەسعودی، یەعقوبی، بەلاذری. دینوری، وابن مسکویە، وهمزەئیسفەهانی، وابن اثیرە وهتد.... باسی لێوەدەکەن. بەڵام کە تەنگانە دوایی هاتووە بەهاری فەرعانە ئاوڕی لە ئیران داوەتەوە کوردو فارس پێکەوە کەوتوونەتە خۆمانە ئەوەی بە کوردیان کردوە با بە دەواری شڕی نەکردەوە، هەرجارێ بە تۆمەتێک تەماعی سەروماڵیان لە کوردستان کردەوە ئەوەی بۆنی پیاوەتی لیهاتووە گرتوویانەو شرتوو گۆمایان کردەوە لە هەمزئاغای مەنگور بگرە هەتا سمایل ئاغای سمکو،هەرس هینانی کۆماری ئاگری بە ڕێبەری ئیحسان نوری پاشا وهەرس هینانی کۆماری مەهاباد بەرێبەرایرتی شەهید قازی محەممەد و لە ئاخروئۆری سەدەی بیست داتیرۆری ڕێبەرانی کوردی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران شایەدەتی! بەڵام کورد ئەزموونی لێوەرنەگرتووە ئەگەرهەلیشی بۆ رەخساوە هێندیک

ماستاوچی لێی بوونەتە کولوو سەبەب دیسان  هەودای بنۆکی برایەتی کوردو فارس و تورکیان بۆ بەشانە داکردوون و هۆرپەی گشت  کراوایان بۆ هۆندۆنەتەوە، بەڵام ئەوان لەمە بیبەزەترو بی ئینسافتر بوونە کە دەست لە دەهۆ وفیل هەڵگرن و دڵیان لەگەڵ نەتەوەی کورد خاوێن بکەنەوە، هەر لە سەرئەو بیئینسافی و دڵ کەرمێ بوونە، بە بێشەرمی نەتەوەکی ئەواها مەزنی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە قەوم ناو دەبەن، دەلینگیان بۆ فەوتان و ڕیشەکێشی وی هەڵماڵیوە.

مرۆڤ کاتیک  مێژوو دەخوینتەوە هەر واقی وڕدەمێنێ! چونکە هەموو فەتحەکان لە ئیران بەدەستی کوردەکان بووە (ماد)ەکان کەکورد بوونە هۆکاری سەر بەرزی ئیرانیان مسوگەرکردوە ئەشکانیەکان کە کورد بوونە سەدان ساڵ پاشایەتیان کردوەو سەلتەنەتیان هەبوو، شەدادیان کورد بوونە، هەتا کورش مەزن کەیخوسرەوکەیقوباد  کێ وکی هەمووکورد بوونە، هەمووگیان فیداییەن کردوە، کوردەکان ئیسفەهان، ئەهواز، خوراسان، و هەمەدان وشارەکانی دیکە چلۆن سینگی خۆیان بۆ سەربەرزی برایانی فارس کردۆتە قەڵغان، هەتا ڕۆستەم وسام و زال و گیو گۆدەرز وگورگین و  بارام چوبینەو کێ وکێ و هەمووکوردبوونە هەتا زەڕدەشتیشیانان بۆیە قبوڵ نییە چونکە کوردبووە، ئەوانە دوژمنی قەستە سەری کوردن.

بەلام هەنۆکەش گەلێک کۆتە خۆرهەن کە خۆیان بەفارس وتورک دەزانن، ئەوەش بڵێین کورد (ماد) بووە دەجا ئیمەئارایایین، نەک ئیرانی، تەوفیرە ئەمە زۆرە پێویستە فەرقی پێبکەین.

بە تایبەت لە حکوومەتی سەرەڕۆی ئاخوندی کۆماری ئیسلامی شمشیری تیژی دوودمی سەربڕین بۆ کورد دایم دەرهەم لە بن هەسانی سوانەوەیە! دیارە زۆربە لە سەرۆکانی کوردیان بە دەهۆ گرتن و بەتلاندون یان لە زیندان ڕزاندون، ئەوە  دەرسیکە کە نەدەبوایە قەت لە بیر چووباوە بەڵام بەداخەوە هەنۆکەش گەلێک لە برایانی کورد هەتا رۆشنبیرەکانیش ئەو قسانە بەلاسا کردنەوی ئێرانیەکان، لە  تەرزاوی هەڵسەنگان بە پارسنگیش قەبوول ناکەن و بە دنەی دەرەکی لە قەڵەم دەدەن! ،هەتا لە ئینقلابی گەلانی ئیرانیش لە1357بە چاوی خۆمان بینیمان، هەر نموونەکەی لە ورمێ بە زەقی لە بەرچاوە: کە هەموو چالاکیەکان بە دەستی کوردان سەری گرت تایبەت کوردەکانی بەگزادە کە لە شەقامەکانی شاری ورمێ بەرەو ڕووی ئەرتشی شاهانشاهی دەبوونەو ئەو چەک و چۆڵەش هەموو بە دەستی وان ڕژایە نیوشارەکان و غولامڕەزا حەسەنی حاکمی هەنۆکە، لە ترسی ئەرتەش کونە مشکی لێیبوو بە قەیسەری دایم ودەرهەم لە باوەشی کوردەکانی بادینی دابوو، ئەوان مزگەوتی ئەعزەمیان کردبوو سەنگەری بەرگری و بەقەولی خۆی حەسەنی لەگەڵ ئەوان شەوانە بەپێخەفێک دەنووست. بەلام کە ئینقلاب سەرکەوت کۆگای ترس لە بەریەک ڕەویەوەو  پشکە بەشی کورد، گرتن وکوشتن بوو، هەتا خورشیدبەگی بەگزادە کەبەردەوام لەگەڵ حەسەنی بوو ساواکی وەرمێش  ئەوگرتی، دەپیش هەمووواندا کەوتە بەرلووتی بەرازی حەسەنی و ماشینەکەی بینزی

"سەیادی" سەرۆکی ساوک کە لە بن وی بوو، لیی وەرگرتەوەو زیندانیش کرا،و رەشیدبەگی ماوانە لە زیندانی گولی ورمێ مردو تیرۆری تیللی بەگی بە گزادە بەدەستی بیزادی قاتلی شەهید سەرگوردعەباسی ئەنجامی گرت.

ئەوانە لەولا ڕاوەستن کاتیک کە شەهید دوکتورقاسملو دەیەویست بچێتە مەجلیسی خبرەگان خومەینی بە(مفسد فی الارض)ی ناوبرد مانایەکەی لەعرفی ئەواندا ئیعدامە. پاشان لەشەڕی سی مانگەچون خومەینی فتوای (جهاد)خەزای بۆکورددا بەچ شیوەیەک ئەوهەمووڵاوانی فارس وتورکیان مێشک شوشتنەوە بۆ کوشتنی کورد ئاچەری بەهەشتیان بەگەردن وەدەکردن،وکوردستانیان کردەگۆڕەپانی نیزامی و سەدان دادگای ئیقلابیان لێدانا و هەزاران لاوگەنج وڕۆشبنری بەتاوانیانی کوردیان بەناوی ئەندام بوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تیرەباران کرد.

هەتا بە وانەش ڕانەوەستان بینیمان حەسەنی وەک دووپشک کلکی لەسەرپشتی داناو چلۆن لەگەڵ سەرهەنگ زەهیرنژاد فەرماندەری لەشکری 64ی ورمی هۆکاری ڕیگاتەخت کردنی شەڕی نەغەدەی سازکردو بە چ شیوەیەک نێوان ناخۆشیاین لە نیوان ئەو دوو برایە کەساڵها پێکەوە لەو شارە بە خۆشی تیپەڕ کردبوو بەپیلانی دەمارگرژی دارشت، چلۆن بەچ جۆر بێبەزەیی و شیوەجەلادی دانیشتوانی گوندەکانی قاڕنێ قەلاتان و دیلان چەرخ و... بە درشت وورد لەماڵی خۆیان بی غانی غەرز شەهید کردن.

و ئەوەسی ساڵە کارویپیشەی لە ئازەبایجان ڕۆژئاوا بۆتە کورد کوژی بەڵام زورجار هێندیک کەس بەتایبت برایانی کوردی شێعە،پێیان وایە دوژمناتی حکوومەت بە هۆی مەزەب بووە بەلام ڕەنگە ئەو هەلە بۆیان ساخ بێتەوە ئەوەی ڕەچەڵە کوردبێ ئەگەر کوڕی حەسەن وحوسێنیش بێ لە دەست حکومەت ڕەزگاری نایە.

ئیستا کە کۆمەڵە کوردێکی ڕۆشنبیر بێ سوچ و تاوان و تەنیا بە شڵتاخ تیهالاندنی ساواماکەکانی ڕیژیمی جەهالەتی ئیسلامی ئیران حوکمی ئیعدامیان بەناوی محاڕەب بەسەرداسپاندوون ولە زیندانەکانی سەرانسەری ئێران مانیان گرتووە کە حەقی خۆیەتی هەموو ئینسانیکی واقعی لە گەلیان هاودەرد بێ و داکۆکی لە ماناگرتنیان بکات بەڵکوو پیشگیری لە حوکمی ئیعامەکانیان بکرێ بەڵام ئاخۆ ئەو هەموو فارس و تورکە لە ژوورەوەو، دەرەوە هەن هەربەقسە داکوکیان لێکروون بێگومان نا،بەڵام بۆ کابرایەکی وەک (گەنجی) کە بە تەنیا مانی گرتبوو هەر رادیوکانی دەرەوە بەردەوام رۆژوشەو سەروبنی قسەیان ئازادی نابراو بوو و دەیانجار فارس و تورکەکان لە دەرەوەی وڵات ڕژانە شەقامەکانی شارەکانی ئامریکا وبریتانیا و لە پێش باڵویزخانەکانی ئیران خۆ پێشاندانیان کرت، کە وایلیهات ئامریکا ڕاستەوخۆ داوای بەردانی کرد لە ئاکامدا حکوومتی ئاخوندی زەختی کەوتە سەرشان و ناچار بە ئازادبوونی بوو. بەلام بۆ ئەوهەموو ئیعدام کردن و گرتنەی کەسایەتیەکانی رۆشنبیرومافی حقوقی بەشەر کورد هەتا ئۆرگانیک لە فارس وتورک لە

دەروەی ولات حازرنبوونە چ خۆ پیشاندان ڕیکبخەن دەلیی هەموو گۆلەیان وەزمانی کەوتووە لغاوەیان لە بەریەک هەلناپچڕێ و زبانیان ناگەڕێ یان کەڕو کوێر بوونە!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/9/4ی زایینی.

**(33)**

**کاکلی سیمنارەکەی کاک خالید عەزیزی،**

لە سەریەک پاشقول و قسە بادانوو ڕەنگ کردنی وشەو پاش و پێش و بەراوژو نیشاندان و هێندیک خوارەپێچەو تێهەلگەڕانەوەو خۆ لە باگەڕان بواردن و نەبان لە ڕاستی گوتن و بەرجەستە کردنی قەوارەی نامبارکی ئاخوندی و ئاکامەکەشی(هرچندوراندازبراندازش میکنم ... میشود) بوو. دەبائەو قەلەمانە بشکێن و ئەو پەنجانە هەلوەرن و ئەو زوانانە گۆلەیان وەێکەوێ کە پاکانە بۆ حکوومەتی ئاخۆندی ئێران دەکەن.

یێکەم پیمخۆشە دەپێشدابە کاک خالید بلێم ئێوە سەردەمێکی دوورو درێژە کوردستانی ڕۆژهەلاتان بەجێ هێشتووە، ڕەنگە ئەوکات ڕادەی زانیاری خەلک ئەوها نەبووبێ بەلام هەنۆکە خەلکەکەی لەمە ئاگادارترن کە موحتاج بە دەرسی میژوو بن، بێگومان هەموو ئەوانەی لە سیمنارەکەش بوونە لەوانەیە لە جنابت باشتریان زانیبێ کە ئامریکا لە دوایی شەڕی دووهەمی جهانی لە ئیران نزیکبۆوەو زۆرتر ئاگاداری ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست بوو،دەجا حەوجێ بەو هەموو چەند پات کردنەوە نەبوو، دووەم ئەگەر مەبەستی لیکدانەوەت لە سەرئیران و ئامریکا بوو پێویست بوو خودتان دەولەمەندتر کردبوایە چونکە ئەوەندەی ئەمن گوێبیس بووم سەرو بن تێکردەوەیەکی دوورو درێژی سەرئیشە هێنەربوو، نەک ئەنگوست دانان لە سەرخالی حەسل و بە وەچ، و لە هەموو شوێنێک بە لایانگری لە ئێران خەرەکەی بارەکەت لاسەنگ دەکرد قورسایەکەت داویشتە سەر ئامریایکا!
کاک خالید باسی 14مادەکەی سەرکۆماری ئامریکالە1919دەکات، بەلام لە لێکدانەوەی راستیەکان شوێنە ونکە دەکات خۆی دەخزێنێتە ناو هەزارە، هەتا شوێن پێی دیار نەبێ، دەنا ئیستاش هەرسیاسەتی ئامریکا بە دوا داچوونی ناورۆکی 14مادەکەی ویلسۆنە، بەلام رۆژهەلاتی ناوەڕاست هەرخاوەنی ئەوئاقلیەتەی 1919یە.
کاک خالید ئاماژە بە ڕۆژنامەکانی ئامریکا دەکات و دەلێت زوربەیان جولەکەن یانی ڕاستیەکان دەرحەق بەئیران دەشارنەوە، و درۆی بۆ هەلدەبەستن، وئامریکادێنەسەرزاران، کاکی من کردەوەکانی کۆماری ئاخروندی بۆ حاشالێکردن نابن، دەنا ڕێژیمی جەلادی ئێران بەم هۆیەوە سەدان

ڕۆژنامەی ناوەخۆی هەتائێستا داخستوون سەرنووسەرەکانی هەڵەپەستی بەندیخانەکان کردوون و قەڵەمەکانی شکاندون، هەرئیعدامی سیاسەت وانان و ڕۆژنامە نووسان و قەلەم بە دەستانی حقووقی بەشەری کوردستان شایەدی لە سەر نەمژی و دیکتاتۆڕی حکوومەتی خوینڕێژی ئاخۆندی دەدن، کە دەیەوێ بەم زەبرو زەنگە گەندەکاریەکانی لە دونیا بشارێتەوە. بەلام کوشتن و گرتن و ڕاونان و لە قەناره دان و ئەشکەجەو جەزەرەبە بۆهیچ دیکتاتۆڕیک نەبۆتە سەرمایەو پەرژێنێکی ئەوهاقایم،دەجابۆکۆماری ئیسلامیش نابیتەدیواری پۆلاین! ئەوجار کوشتاروقەلاچۆکردنی هاوولاتیان چون دەکرێ بە تەبلیغیات و پڕو پاگەندە بۆکردن و پێ هەلاگوتن حاشای لێبکرێ. باوەڕکە کۆماری ئیسلامی لەمە زورخەراپترە کە پاکانەی بۆ بکرێ چونکە جێ ناگرێ هیچ، ئەبڕوشی لە گەڵی دەدۆڕێ!

لە لێکدانەوەکانی کاک خالید ئێران حکوومەتێکی مەزلوم و خاوەن مافەو بە هەڵە کەوتۆتە بەرخۆرتومی ئامریکای ! کە بیگومان ئەو جۆرەشیکردنەوە جگە لە کەمکردن لە کەسایەتی کاک خالید لە بەرژەوەندی هیچ کوردێک نییە و چ یارمەتیش بە زانیاری وتیگەین و حاڵێکردن و ڕوونکردنەوە ناکات چونکە قسەکان لە ڕاستی بەدوورن،دەجا دەمەوێ لە نیو وەلامدانەوە بە بەشیک لە قسە بە توێلک و گیژەڵوکەکانی کاک خالید، هەڵەکانیشی بۆ دەست نیشان بکەم:

1-کاک خالید دەڵی: ئەمریکا دەیەوێ بەهێنانەگوڕی مسەلەی پێتاندنی ئوڕۆنیوم یان تێکنۆلوژی هەستەیی ئوروپای لێهاندا،دەنا ئەوەتا پاکستان کە دەوڵەتێکی ئیسلامییە و بۆمی ئاتۆمیشی هەتاهەیە، بەڵام چونکە دۆستی ئامریکاو لە بەرژەوەندی ئامریکادایە باسی لە سەناکرێ،بەلام ئێران چەند پلە دواتریشە ئەوە تیتالّی تێهالاندراوە! کاک خالید هەر پێیخۆشبووە ئەوها قسە بکات دەنا وەنەبێ نەزانی کە پاکستان یان هندوستان هەتا (ئیسرائیل)یش کە خاوەنی چەکی ئاتۆمین هەڕەشە لەدونیا ناکەن و زەرەریان بۆکەس نییە، بەڵام ئێران بە کردەوە سابیتی کردوە سەلماندویەتی کە دژی بشەریەت دەجۆڵێتەوە، کە قانوون ئەساسی ئیران دەلێت: حکوومەتی ئیران حەق بەخۆیدەدا لە هەرقولینچکەکی دنیا لە (موستعضفان لەبەرامبەرمستکبران) دیفاع بکات، ئاخۆ ئەمە دەخالەت لە چوارچیوەی دەولەتاندانییە؟ کە ئەوەشی بە کردەوە وەڕاست گەڕاندوە، بەڵام نەک بۆ دیفاع لە مافی نەتەەکانی ژیردەست بەڵکۆو بۆ بەرفرەوانکردنی دەسەڵاتی خۆی و پیکهێنانی هیزی گەندڵوو فەسادی مرۆکوژ و تێکدانی ژیانی ئینسانەکان لە سەرگۆی زەوی، دەنا ئەگەر ڕاست دەڵێت بۆچ چاوێک لە نەتەوەکانی وڵاتەکەی خۆیدا ناخشنێتەوە کە لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ لە سەدەی بیست ویەک هەموو نەتەوەکان مافی چارەنووسی خۆیان پێبڕاوە،بەلام دوازدە میلیون کوردی ئێران مافی خوێندن بەزوانی خۆشی نییە،دەجا حەولی ئێران بۆ توانەوەی ئەو نەتەوەیە ئەوەندە پەرەی گرتووە لەگەڵ داگیرکەرانی دیکە وەک سورییەو تورکییە کە هاو بەرژەوەندییە بە کردەوە هیچکی گیاندۆتە قڕقڕۆچکە! و لە کوشت و بڕین دریغ ناکات یان هەر ئەسلی 15ی قانوون ئەساسی خۆی کە ئامازە بە زوانی کوردییە دەلێستەوە، ئەوە خەریکە، ئەوەی دەستە بەریش بووە لە کوردستانی ئیراق ئەگەر بۆی بلوێ هەر نەبێ ئالۆزی کات و چەتی تێهاوێژێ و هەتا لە ئاوی شلوێ ماسی بگرێ، ئەمە بوو مانای دیفاع لە مستعضفان لە بەرامبەرمستکبران، بەلام لە ڕاستی دا بە لێکدانەوەی کۆماری ئیسلامی موستەزعەف یانی تڕوریست، کە بەحەق لە تەوای دونیا پشتیوانیان لێدەکات! کاک خالید دەلێ: دەسەلاتدارانی ئیران زیرەکن چونکە چاخێک

ئامریاکا بۆ ئیراق هات، ئەوان پشتیوانیان لە ڕۆخانی ئیراق کرد، دوایی کە سەدام ڕوخا، بە دژی ئامریکا هەستانەوە، بەڕاستی زۆرم لە لا سەیرە کە کاک خالید ئەوها ساویلکانە فیکربکاتەوە... ئیران بەخوێنی سەری سوننە تێنوە، ئەگەرئەویش لەو لای دابنێین، ئەو گروپانەی ئیراقی کە دەهات بین بەدەسەلات، هەموو لە سەردەمی سەدام لە ئیران بوون، هەر ئەو کات ئیران حکوومەت لە(تەبعیدی) بۆ ڕیکخستبوون، بەلام کە قووەی بە ئیراق نەشکاو جامی ژەهری فڕکرد، شتەکان بێئاکام مانەوە،ئەوجار سروشتییە کە ئێران دەیەویست حکوومەت بکەوێتە دەستی شیعە، کە دەبوون بو بە پاشکۆی ئێران، هەر واشی لێهات. ئەو جارشێعەکان ئەو هایان دەویست کوردەکانیش ڕەگەڵ شعیە کەوتبوون، دەنائیران دەیەویست ئیراقیەکان حکومەتێکی وێنە کۆماری ئیسلامی ئیران دامەزرێنن. بەلام سوننەکان لەلایەک و فشاری ئامریکا لە لایەک، و کوردەکانیش لە لایەک، پێشگیریان لێکرد، ئەوهەی لییدەرچوو دەیبینین کە بە کەیفی ئیران نەبوو، بۆیە موقتەداسەدری هانداو کردی بە تڕوریستی دەست پەروەری خۆی، دیارە سناریویەکەش هێشتا دوایی نەهاتووە چونکە ئیران دەیەوێ کوردەکان ئیراق لە پەرۆ پۆ بخات، بۆیە لە سەرمادەی 140 ئەو چەقەو گوڕەسازبووە لەم بارەوە لە گەڵ تورکیەو سورییەش هاو بەرژەوەندین دەجا ئەمە شتێکی ڕوون وئاشکرابیە بەڵام کاک خالید چونکە بۆ پەزی زەرەری هەبوو خۆی لێبوارد،لە جاتی وی چێرۆکی کۆمەڵی کارشناسانی دونیایی لەشوین پەستی و لیکدانەوەی وانیشی وەسوکر گرت کە دەبێ مەزەب لە ناوسیاسەت دابێت کە ئەو ئاخافتنانە بە هۆگان لێکدری دوورن چ پەیوندیان پێک نییە،زوو یان درەنگ مەزەب دەوری نامێنێ و هەرکات ئیران بڕوخێ ڕیسەکە دەبێتەوە خۆری! دەتوانم لەو هەموو قسانە هەر ئەمە لە کاک خالید بەڕاست وەرگرین کە ئامریکا بە هۆی هەڵبڕانێکی دوورو درێژ لە سیاسەتی ئیران نامۆ بوو، بۆیە لە لێکدانەوەکانیشی تووشی هەڵەی زەق بوو، دەنا ئەگەر ئەوکات لە ئیرانیانی دابوایە ئاو بە ئاگر دا دەکرا. دەنا ئەو قسانەی دیکە نە لیکدانەوە شیکردنەوەنەوەیان گەرەکە و نەتاس و لوسی ئازەنتی چونکە،لە بەرچاون و شعێەکانیش پاشکۆی ئیرانن،سپی رەشیان تەفیرناکات، بەڵام لە بیرمان نەچی شێعەی رەچەڵە کورد لە سیلەی چاوی ئێران مەحکوومە! چونکە ئەوان بەکورد دەزانن تێکەڵ خۆیان ناکەن بۆیە لە گرتن و کوشتن و ڕاونانیان لەگەل کوردەکانی دیکە لە ئیران وەک یێکەن و تەفیریان لەنیوان ناکات.

کاک خالیددەڵێ: میژووی حکوومەتی شێعەهەزاران سالە هەرمەزەب لە کاردابوو هەتالەسەردەمی قاجارەکان و پهلەوی، بەلام ئەمن عەزری دەکەم هیچ کامیان وانین، هەوەڵەن میژووی دامەزرانی حکوومەتی شێعە کە لە شا سمایل، نەوەی شیخ صفی الدین اسحق دەست پیدەکات لە(1500)زایین بوو کە دەویشدا مەزەب ڕاستەخۆ لە هەڵسوڕانی حکومەتی دەستی نەبووە هەتا لەسەرەمی قاجارەکانیش جگە لە مشت ومڕ ئاخوندەکان دەسەلاتی سیاسی نەبوون لە ئاخرۆئۆخری حکومەتی قاجار 1303ی هەتاوی لە لەسازدانی کودتا بە دستی (سەیدزیای تەبا تەبایی) کە رەزاشا بە دەرجەی سەرهەنگی لەگەڵ بوو هەرسبەینەکەی کودتا (تەباتەبایی) بۆ فەلەستین دوورخستەوە(تبعید) کرد،دەجا لە سەردەمی (ڕەزاشا) هیچ ئاخوندیک مافی قسەکردنیشی نەبوو لەحکوومەتی (محەممەرەزاشا)ش کە رەنگە کاک خالید وەبیری نەبیت هەتا والیهاتبوو خەلک پێیان شوورەییی بوو بچنە ناو دەستەی عاشوورا، هێندەی بێ ڕەنگ کردبوو کەم کەس دیزانی کەنگی محەرەم دێ و دەڕوا! بیگومان کە ئەگەر(شا)مابوایە لە مەزەب تەنیا ناوەکەی دەماوە (قانون اساسی سەردەمی (شا) شایەدی بۆ دەدا). کاک خالید دەبێ بزانێ ئەوە جنجاڵی فەلەستینیەکان و

چەکدارکردنی (50000)حیزب الله لە لبنان وبەرێچوونی ئەوسوپایە بە پارەی ئیران وەقەرەبۆی زیانەکانی لە کاتی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل . جگە لەیارمەتی نهێنی (100) میلیون دولار بە ئاشکرا و هەڕەشەی ئیران بە هەڵگرتنی ئیسڕائیل لە سەرنەخشەی دونیا، نەجاریک دەیانجار ئەویش وتەی سەرکۆماری دەوڵەتیک! دەجائەو شیوە حکوومەتە کوا دەبی ئیجازەی بدەن چەکی ئاتۆمی هەبیت،ئەمە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە، ئیران نەک هەر لە فەلەستین و لوبنان و سعودییە بەلکۆو هۆکاری ئاژاوە لە سەرانسەری دونیایە،هەمووش بە پارەوچەک وچۆڵ و دنەی ئێران و یارمەتی راستەخۆی دەسەلاتدارانی ئیران بەڕیوەدەچن!دەجا ئەمە ڕۆژنامەکانی ئامریکا نین کە دەنگۆی بۆسازکات،بەڵکوو ئەوە کردەوەی خۆیەتی کە دێتەوە ڕێی، ئەگەر مەبەست دەست وێراگەین وەچەکی ئاتووم نییە بۆ18ساڵ بەنهینی خەریک بوون ، ئەوش بڵیم ئیسڕائیل لەمە ناترسێ کە ئەگەرئیران خاوەنی چەکی ناوەکی بێت بۆمباردومانی دەکات ئەو سوپەری قەڵغانی هەیە بەڵام مەترسی لەمەدەکات بەدەسستی فەلستینیەکان بەشیوەی خۆتەقینەوە زەبری وێکەوێ کە دیارە ئیران ئەمە بە واجبات ئیسلام دەزانێ کە بۆی هەڵکەوێ دریغ ناکات! دەجا دەگەینە ئەوقەناعەتە کە کەس ناتوانی لە سەرحکۆمەتێکی ئەوها پڕمەترسی شەرت ببستێ. ئەو جارکاک خالید دەلێ: پیتاندنی ئۆرانیوم لە پێناوسولْح مافی هەموو ئەو دەولەتانەیە کە لە کۆمەڵگای نیونەتەویی ئەندامن! بۆ مەگین دەیان وسەدان جار ئوروپاو ئامریکا حازر نەبوونە کە هەتا یارمەتیشی بدەن بەلام ئەو لە گەلیان ناسازی، مەگین چەند جارسەرۆک بوش نەیگوتووە ئیران مافی خۆیەتی لەوزەی ئاتۆمی لەمەڕسولح بەردەوام بێ! کاک خالیددەڵێ: دەورانیک مەسەلەی تروریزمی دەوڵەتی ئێران لە گوڕێ بوو بەلام بە جۆلانەوەی تالەبان و ئەلقاعیدەو دواکەوتوویی سوننەکان لە ئیراق، ورەدە وەردە تروریستی دەوڵەتی ئێران نەما، مەگەر ئەو ئاژاوو خوینڕێژییەی کە لە ئیراق هەنۆکەش جاروبار بەردەوامە دەستی ئێرانی تێدا نییە؟ ئەدی موقتەدا سەدر کێ یە؟ بێگومان کاک خالید لە ئێمە باشتر دەزانی هەموو ئەوچەق و تەفانە ئەو گڵکۆ تەقاندنەوانە دەستی ڕاستەو خۆی ئیران تێدابوە و دەیان تروریستی ئیران بە دەستی هێزەکانی ئامریکایی گیراون هەزاران چەکی ئیران بە دەستی ئامریکاکان زەوت کراون و پاسدارەکانی ئیران کەوتوونەدەدەست، سەدان کەسیان هەر جەعفەری لە زیندان ئازادی کردن، کەوایە حەولدان بۆ داپۆشینی ئەو جنایەتانە بۆ کەسانێک کە لافی ئازادی دیموکراسی لێبدا گەلێک عەیب وشوورییە! چونکە حکوومەتی ئیران بۆ وەی نابی قسەی لە سەربکرێ.
کاک خالید عەزیزی لە سیمنارەکەی دا لەمەڕ هەڵسەنگان لە سەر ئیران لە تاراوزی هەڵکێشان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەندەی قورس دەکات کە لە کێش نایە هیچ، ئەوجار سەردەمدارانی حکوومەتی عەباو مەندیل کە خوڵقینەری جنایات و مرۆڤ کوژی لە سەر گۆی زەوین بە کەسایەتی دەئاقل و لێزان و زیرەک لە قەلەم دەدا بەڵام ئەمن پێموایە کاتی خاوەن دەسەڵات بوون عەیبەکانیش دەبن بەهونەر و لە چاخی بی دەسەڵاتی و دەستەوەستانی پیچەوانەکەیەتی. یانی هونەرەکان دەبن بە عەیب! وەنەبی ڕێبەرانی ئێران لە خەڵکان ئاقل تر بن بەقولی خۆیان هەڵبژاردەی خودابن، بەڵکوو خاوەنی دەریای نەوتن، سامانێکی باهینەرو خەلاس نەبووی، بێ ڕەنج و کویرەوەریان هەیە و لە سەرخزینە ودەفیە دانیشتوون، دەنا کوا پیاوی ئاقل و زاناو نیشتمان پەروەر بە ناوی پشتوانی لە( مستعضفان دژی مستکبران) ئەویش بە درۆو دەلەسە،دەنا تەنیا بۆ قەبزەکردنی دەسەڵات و دامەزراندنی ئەمپەڕاتووری شێعە و بۆ بەرفرەوانی دەسەڵاتی شێعەگەری گویزتنەوەی ئینقلاب بۆ وڵاتانی دیکە کە دژی یاسای کۆمەلگای نیونەتەوەییە بە چوارنال دەکوتن و

هۆكاری ئەوهەموو كاول بوون نائاسایش لە سەرگۆی زەوی دەنێتەوە، هەرئەو پیلانە هۆكار بوو كە شەر لە نێوان ئێران وئێراق سازبێ و ئابووری ئێرانی هێنایە سەرسفر ویەک میلیون كوژراوو نزیکەی 700هەزەرنەقوستانی بۆ ئێران لێکەوتەوە بێگومان هی ئیراقیش لەمە کەمتر نەبوو،و ئیرانی هەشت سال تووشی نەهاتی و ویرانی وقەیران کرد. دەجا پیاوی زیرەک کوا بە دورشمی گرتنەوەی قودس ئەو چارەڕەشیە ساز کات. ئەوجاربەسەرەڕۆیی لە بڕیارنامەی کۆمەڵگای نیو دەوڵەتی خۆی دوورە پەریزدەکات کە گەرنەتی قەرەبۆی زەرەرەکەی وەسوکری سەدام گرتبوو،کەئیران قبووڵی نەکرد، دوایی ساڵێک بە ملکەچی ژەهر دەخواتەوە! پیاوی زیرەک و سیاسەتمەدارکوا حازرە خەڵکی وڵاتەکی خۆی لە برسان بکوژی و لە هیچ و خۆرایی قڕیان دەکات و پارەکەی خۆی بۆ ئینسان کوژان و خەراپکارانی دونیا سەرف کات، ئەوە کوێیی بە قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی ئێران بوو ئیستاش هەر قوڕەکێڵکەی وییە کە دەیشێلن و لە هیچ و خۆرایی خۆی دەکاتە سەرۆکی ئاژاوخوازانی جیهان! کە نە لەسەرگوی هەرد مەخلوقات پییخۆشە! ونە لەئاسمان خودا لێیڕازییە! ئێرانێکی کە هەنۆکە 14میلیون کەس بۆ نانی شەو موتاجن، ئیرانێک کە هەنۆکە نزیکەی سێ میلیونی هۆگری تریاک وهیرۆئینین!، ئیرانێک کە زیندانەکانی دارماڵ و پڕ لە ئازادی خوازانن و ڕۆژ نییە دەیان کەس لە بەرچاوی خەڵک بە بۆلدزیر هەڵناوسرین و بەرەی شەرو ناکۆکی لەگەڵ هەموو دونیا ناوەتەوە، بێ ئەوی هیچ کەسیک هەڕەشەو گەفی لیکردبێ و لێبکات، دەیەوێ ئیسرائیل لە سەرخەریتەی دونیا هەڵگرێ، دەیەوێ لبنان بخێوکات و کەچی کیلۆی گوشت لە ئیران بە7هزارتومەن ونان دانەی 10تومەنە وتەنەکەی ڕون لە70هەزارزیدترە لە حالێکداڕۆژی (نزیکەی پینج میلیون بەرمیل نەوت دەفرۆشی لە ماوەی سێ ساڵ( 247 )میلیارد دۆلار پارەی نەوت بووە! کە دەبوایە ژیانی خەڵکەکەی وەکوو کویت و دوبەی بوایە؟ ئەو جورە لێکدانەوانە ئەویش بۆ دوژمن لە سیمناریکدا و پێهەهەڵاگوتن و تاریف لێکردن شیوەی گەڕە لاوژەی گروپی لێدەکەویتەوە، دەجا خاوەنی ئەو سامانە خودا پێداوە ئەگەر زەڕەیەک ئاقڵی لە مێشکیدابوایە حیسابی لە سەر دەکرا، زیرەک بە کەسیک دەڵێن لە ئولکەی سیاسی هەموو شت بەکات بقۆزیتەوە ئەویش بۆسەرۆک کۆمارەک نابی مەبەستی قەبە کردنەوەی خۆی ناونیشان بێت بەلکوو ژیانی خەڵک وئاسایش خەڵک وئاوەدانی وڵاتەکەی دەبێ لە بەر چاو بگرێ! دەجاکوێیی ئەوکردەوانەی کۆماری ئیسلامی ئاقل و زیرەکیان لێ دەبینرێ، مەگین کاک خالیدەکان بۆ بەرژەوەندی کەسینی خۆیان بەئاقل وزیرەکیان لێکدینەوە! زیرەک کوا تروریستی دونیا بەخیودەکات و مللەتی خۆی تووشی چەرمەسەری و بیکەسایەتی! ئەمە لە چ فەرهەنگ و ئەدبیاتێکە کە تەنیا کاک خالید لە دەرەوەی وڵات بینیویەتی، ئەو جۆرەزیرەکیە هۆکاری نەزانی ناشی گەری و ناپسپۆری لە یاسا و نەتوانین و بێ دەسەڵاتی لە هەڵسورانی وڵاتەکەیەتی کە سەردەمیک خاتەمی بەناوی قەرائەتی (تەمدنهای بزرگ) دەیەویست دەرخواری ڕۆژئاوای بدا. کاک خالید هیوای لە سەرقسە کانی بێتام بێ هیم و بی بناخانەی خاتەمی ورەفسانجانی هەڵچنیوە بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێ: لە سەردەمی خاتەمی دەهات ڕێگا خۆشکەربێ بۆچی ؟ بۆئینسان کوشتن وەک گوتت ئەوقسانەش بەقولی خۆت مەسەرف ڕۆژانە بوون، دەنا هەموو ئاخوندێک وەک یەک فکر دەکاتەوە ئەوەش تاوانی وان نییە، ئەو قوتابخانەی ئەوان لێیان خویندووە، فکرو بەرژەوەندیان لێوەرگرتووە، نە دیموکراسی تێدایە نە ئازادی ، خۆ دەبی کاک خالید بزانی فقیە چی لەگەل خۆی بەدیاری نەهێناوە ئەوە یاسای ئیسلامە خۆ قورئان ناکرێ بگۆڕێ! هەتا ئەگەر سەرۆک کۆماری دەوڵەتانی ئوروپاش کە بە دیموکراسی دەنگینن لە ئیران ئەم یاسایە بەریوە بەرن هەرئەویە کە

دەبیینین، بەپیچەوانە دەبی بلێین سیاسەت نابی تێکەڵ بە حکومەت بکرێ دەبێ قانوونی ئەساسی ئیران بەتەواوی بگوڕدرێ، ئەوەی لە قانوون ئەساسی دەوڵەتانی پێشووی پیش کۆماری ئیسلامی جێی بۆ کراوەتەوە کە شەقڵی ئیسلامی توندو تیژی پێوە دیارە تەنیا( ئەسلی دوازدە لەمەڕ 12ئیمامی پاریزراوە)دەنا لە حکوومەتەکانی پێشوو بیروبۆچوونی ئاخوند دەوری نەبووە، نالێم ئیمام جومعە ریزی لێنەگیراوە بەڵام لە قانوون دا دەسەلاتی نەبووە بەڵام لەسەردمی کۆماری ئیسلامی مەزەب بۆتە قانوون و قەساس لە گۆڕێیە سەنگەسارو بردە بارو چاو درێنان و دست بڕین و لاق لێکردنەوە و هەلاوەسین و( دستەواژی محارب ومفسد فی الارض) ئەگەرئیران ئاقل بوایە نەشەری ئیراقی دەکرد و نە دەستەبەر وگەرەنتی ژیانی سەرانسەری تڕوریست. بەڵکوو لەجیاتی ئەوانە بەملەتەکەی ڕادەگەیی !ئەوشیوە تاریف کردن و پێهەڵاگوتنەی بێجێ ولەراستی بەدوور هۆکاری مەشوشکردنی فکروزکری هەرنەبێ خەڵکانی کەم سیواد پێکدێنێ و یارمەتی بە دوژمن دەدات کە پیلانەکانی نادادپەروەری و کوشت و کوشاری هاوولاتیان پتر پەرەپێبدات دەجا تەبلیغات بۆ دوژمن خەیانەتە. ئەگەر ئەو شێوە ئەدبیاتە بۆ حکوومەتێکی ئەوها ئینسان کوژی بیبەزەی ئەوها سەرەرۆ لە لایان کەسیکی کە خۆی بە سیاسی دەزانی لە ناوحیزبیک لافی سیاسی لیدەدا ڕێزی لێبگیرێ دەبی گۆڕی هیتلیەر ببێتە شوێنی زیارتگاو پێوێستە ئێرانیەکان بچن گڵکۆی تەیمورلەنگ و چەنگیزی مغول زیارەت کەن، ئەو شیوە ئەدبیاتە نابێ ببیتە بنێشتە خۆشکە، کوا ئەوە زوانی قسە پیکردنی کەسیکە کە دەم لە زانیاری و ئاگاداری لە سیاسەتی جیهان دەدا، بۆ ئەوجۆرە لیکدانەوەیە کاتی خەڵکانێک دەگری وتالاریک دەچەوسێنیتەوە!،بادانی قسەکان لە لایان کاک خالید مرۆڤ دینیتە سەر ئەو ئاقیدەو بۆچوونە خودا نەخواستە کەینەو بەینەیەکی لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێ نەبێت کە لە ئیستاوە شیوە پاکانەی بۆ دەکات، ڕەحمان کەریمی دووەم سەر هەڵنەداو زیندوو نەبیتەوە، ئەگەر وابی بیگومان پێویستە زۆری ئاگالەخۆ بێ چونکە لەوانەیە بە دەستی کۆماری ئیسلامی دەسەرپیلانەکەی بگەڕێ! کاک خالید بۆ ئەوەی هیچ شک وگومانیک لە قسەکانی نەکرێ بە حاشەکردن لە راستی و زەق کردنەوەی چەوتی هیچی تێدا ناهێلیتەو لە هەڵسەنگان لەگەڵ سەدام دەڵێ: داموودەزگای سەدام ئیلەو بیلەوکوشت وکوشتاروو فلان و بێهمان...بێ ئەوی خوێنڕێژی و فتوای جهاد خومەینی بینیتەو ناو قسەکانی و ئاماژە بە قەتڵەکانی زنجیرەیی بکات لەراستیدا ئەوەی پیویست بەگوتن بوو خۆی لێبواردووە، ئەوسەروقوون تیکردنەوەیە هیندە قەبە و بەرجەستە دەکات پیاو پییوایە خەون دەبێنێ! کاتێک سیمنارەکەت لە سەرمەسەلەی ئیران و ئامریکا بوو دەبوایە شێکردنەوەکانی هەمووڵایەکی گرتبوایەوە. کاک خالید بێ ئەوەی ئاماژە بەو هەموو جنایەتانەی دەسەڵاتدارانی ئێران بکات هەر نەبێ تیروڕی ڕێبەرانی کورد و وسەربڕینی بەختیار و... مەسەلەی بەبارمتە گرتنی ئامریکایەکان لە باڵویزخانەی ئامریکا444ڕۆژ، و شیوەی ئاژاوەسازدان بەڕاشکاوی کردەوە چەوتوکانی بۆ پینەو پەرۆ دەکات ...قسەکانی کاک خالید وەک جەلالی پوردەچن کە دەڵێت حیزبی دیموکرات ئەوکەرت (مەبەستی دوایی سەرکەوتنی گەلانی ئیران لە1357) (250)ئەندای هەبوو کەس ناڵێ فلان فلان کە وایە ئەو فتوای خەزای خومەینی و ناردنی ئەو هەموو لەشکرانە بۆ کوردستان ومولڎانیان لەدێهات وشارەکان و هەزاران پاسدارو بەسیچی بەچیاوشاخاوی وەکردن و ئەوهەموو شەڕە هەر خەلکی ئاسایی 15 هەزار کوژراوە. کە وایە ئەوخەلکەتان لە سەرچی کوشت مادام 250کەس بوو، ئەویش تاریخ نووسی ئیرانە! بۆیە نابی لە سەرهیچ قسەیەک لە تاریخی ئیران ئەوەی ئیرانی بە تایبەت تورک وفارس نووسیویانە بکرێتە

بنەمای ئاخافتن و نووسین، کە بەشی هەرە زۆری درووو دەلەسەو بیروبۆچوونی کەسینی خۆیان تێداجێکردۆتەوە: هەرئیتسا ئاقای ئینساف پور لە کتیبی (تاریخی سیاسی وجوغرافیایی مردم کرد )قسەکانی جەلالی پوری بەبەڵگەی هیناوەتەوە)

کردەوەکانی کۆماری ئاخوندی لە سەرانسەری دونیا تەقاندنەوەی دەیان پایگاکانی نیزامی دامەزراندنی تیم تیرۆر و دادگای میکۆنووسی و تیروری نەمر دکتر قاسملو لە سەردەمی ڕەفسنجانی وسەرکۆماری ئیستا ئەحمد نیژادەکان و لە پانە گۆڕایی سیاسی ئیران بوو. کاک خالید بەداخەوە کە هەرهێندەماوە قسەکانی خاتەمی بۆ قەرائەتی (تمدنهای بزرگ) بکاتە نوشتە بە تەپەی کڵاوی هەڵاوسی!

کاک خالید کە زۆری کەیف بە شێوەحکوومەتی ئاخۆندی دێ وەدیارە مەگیرانی لێدەکات لە خۆرا قەزاوەتی بێ جێ لە جیاتی ئامریکا دەکات و دەلێ: هەموو چاوەڕیبون کە خاتەمی دەنگ بێنیتەوە کە ئەودەنگی نەهێناوە حەزیاندەکرد مستەفاموعین یان ڕەفسنجانی دەنگ بیننەوە... مەگین ئەوجنایەتی رەفسنجانی کردنی کەم بوون! پاشان دەلێ: پیمخۆشبوو مستەفاموعین ببێتەسەرکۆمار! باشەبا ئەمن لە کاک خالیدبپرسم ئاخۆ ئەگەر ئەتۆش ببیە سەرکۆمار بەو شیوە قانوونە چیت پێدەکرێ، کاکی من بچووماددی (110)ی قانون اساسی ئیران بەوردی بخوینەوە، لە قانوون ئەساسی ئیران سەرکۆمار چ دەوری نییە، یانی چەک کراوە هەموو دەسەڵات لە دەست ڕێبەردایە،سەرکۆمار وەرگێڕکەی ڕێبەرە! بۆیە کەپیویست بووقانوون ئەساسی خۆشیان دەلیسنەوە، هەتا بەڕیوە نەچیت، هەرچەند دەبێ بزانی لەحکومەتێکی دیکتاتوری ئینتخابات ماناو مەفهومی نییە،بۆپیت وایە ئورۆپا هیندە گەوجە نازانی هەمووشتەکانی ئیران فۆڕمەلیتەن بەڵام ئەوان بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا هەڵدەسوورین ئیمەنابێ گلییەی لەوان بکەین، مەبەستم ئوروپاوئامریکایە، ئیستاش دەگەڵ بێ دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی نیوراست باجی وحشیگەری دەدن، ئەگەروانەبوایە کوا ئەحمەدنیژادێکی کەچە پاسدار بە سەرخەڵکی ئیران دا دەسپاندرا هەر چەند ڕۆژ پێشتر، کە لێژنەی وەزیران چونە لای خامەنەیی و گوتیان سالەکیان ماوە،خامەنەی گوتی: ،ئیوە(پینج)ساڵتان ماوە، یانی چوارساڵی دیکەش! دەجا بەوە دەڵێن حکوومەت بەمەدەڵێن ئینتخابات بەمەی دەڵێن ڕەقابەت!!! کاک خالید دەلێ: وەک ئامریاکا پارلەمان وچی وچییان هەیە! دەجا ئەوانەی کە جڵەوی هەڵسورانی ولاتی ئیرانیان بەدەستە بریتی لە مروڤی گەوج نەزانن و بە کویرە کویرە ولات بەرێوەدەبن ئەگەر ئەوان بە زانا، ناوبرین و بەزیرەک، دەبی بەروپیری دێوانەو وئینسان کوژان بچین! تەنیا ئەمەت حەق گوت کە ئامریکا چ ئاگداری لە سەرئیران نەبوو ئیستاش لە گەڵ بی بە تارێکەشەوێکی ئەنگوست لەچاو دا دەڕوات. دەنا قسەی خۆمان بێ خوێچێژی ئەو سیمنارە پاکانە بۆ سەرۆکانی مرۆڤ کوژی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەوەیش تەشی رستنێکی ڕاستی بادان و شاردنەوەی کردەوەکانی پڕ لە قەباعەتی کۆماری ئیسلامی لە بن لەفافەی قسەی چەوروشیرینی ئەدای خزمەت گوزاری بە بارەگای فیرعەونانی زمان بوو. کاک خالید دەلێ: نابی دروشمی بروخێ هەڵگرین کاکی من مانای ئەوەنییە چونکە کورد ناتوانی ڕیژیم بڕۆخێنی نابی قسەش بکات، و شەی بڕوخێ مانای ئەوە نییە کە کوردهیزی کەمە لەئیران بە قسەی جنابت 16لە سەدە بەڵکوو مانای ڕەت کردنەوەی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامییە، یانی ئەوحکوومەتە ژێهاتوویی هەڵسورانی وڵاتی نییە،دەجاپێویستە

ئەو وشەیە لە زمانی هەمووکەس بێتەدەر هەتا جێدەگری بە کردەوە دەڕووخێ، کاک خالید دەلێ زوربەی رۆژنامەکانی ئامریاک جولکەن حەولدەن کە ئامریکا لە سەر زارو زوانان بێ، ئەوقسەیە منداڵیش نایکات بەلام ڕەنگە ئەنجامدانی بۆکاک خالید ئەرکی سەرشان بێت! چونکە ئامریکا هێزێکی نەناسراوە و کز نییە تەبلیغاتی بۆبکرێ ئامریکا زلهێزێکی سەرپانە گۆڕایی دنیایە، دەجاهەمیشە لە سەرزارو زوانانە ئەو جار ئەوئیرانەی کە جنابت ئەو هەموو تاریفاتەی لێدەکەی لە زوربەی شەڕەکاندا هەرتێشکاوە هەتا لەگەڵ ئەفغانەکانیش. بەڵام بۆ لە جیاتی ئەوهەمووخوارەپێچەیە ناڵیی ئیران بۆ بەرژەوەندی خۆی سیاسەتی رووسیە بەڕیوەدەبات و خۆی لە بن سیبەری وی پەناداوە، ئەویش بە تەخشان و پەخشان کردنی سەروت وسامانی ئیران و کڕینی چەک وچۆڵ، کە وەک بەرتیل دیتە بەرچاو، دەنا لە هەڵسەنگان لەگەل ئیسرائیلیش بۆهەڵسەنگان نابێ چ بگا بە ئامریکا، و بەو هەموو تاریفاتەی کە جنابت لیتکرد لە سەردەمی خومەینی کە زۆرکەسی ماستاوچی وینەیان لە ناو مانگ دەدیت لە بەرامبەرئیراق بە چۆکداهات و ژەهری خواردەوەو جگەلەوی لە شەرێ هشت سالە هیچ پینەکرا کە دورشمەکەیان بیست ساڵ بوو وەخت بووسەریشی تیدابچی کە ئێستا لە ئیران ئەو تین وگووڕەی سەردەمی خومینی لە خەویش نایە! بەلام ئەتوو لێی بوو بە فیردەوسیی شانامە:

زسم سواران دراین پهن دشت
زەمین شد شش وآسمان گشت هشت.!

ئەگەر دۆزو کەڵەک و دەهۆو مرۆکوژی و جنایەت و پیلانی تیرۆرستی بە زیرەک و زانا و پیتۆڵ لە قەڵمدین پیویستە هەموو خوینخورو دزو جەردە سەربڕێک بە زانا بقەبڵێنین و پێچەوانەکەی پیاوی تیگەیوو مەندو قول خاوەن کەڕامەت بە ویجدان پپسۆرو غەمخۆری ئینسانیەت بەشیت حیساب کەین!ئەو ئەدبیات و تۆرەڤانە لەکویی دونیا هەیە داخوا دەبێ ئەو هەلسەنگانە چەندە لەڕاستی نزیک بێ. زیرەک لە ئولکەی سیاسی دا بە پیاوەکی سیاسەتمداردەڵێن کە وڵاتەکەی ئەوها هەڵسوڕینێ و شیوەی کردەوەکانی لە مێژوودا ڕەنگ بداتەو هۆکاری ئاسایش و ئارامی و ئاوەدانکردنەوە بێ وبنەمای کارەکانی بە پیی یاسای پێشکەوتوو بەرێوەبەرێ لە سەریەک چاوگەی پیشکەوتووخوازی ودێموکراسی وتەرازبوونی سەرانەی مللەتەی لە ئابووری وڵاتدا بۆسەرێ بەرێ چاودیری لە سەرژیانی خەلک و نەچەوسانەوە بەرە بەستی بیکاری پەر پیدانی دەرمانی و بە هیزکردنی زانستگاکان و پەرە پیدانی خویندەواری ودابین کردنی ئاسایش گەرنتی خوینکاران وچی وچی بێ ، نەک بەکشت و کوشتار زەبرو زەنگ پێکهێنانی تیمی تیڕورو خۆکوژی دەسەلاتی خوینخۆری خۆی داسەپێنێ و دایم ودەرهەم سێدارەی چەقاند بێ ئەوەی ڕەخنەی ئاڕاستەکرد بیگرێ ولە قەنارەبدا، لە ئێرانەکی کە هەنۆکە هاوولاتیانی بە دوو دەستەخویی وناخۆیی بە ئیسلامی خودایی و مەلعون، فاسق، مورتەد، منافق، کافری موتڵەق، دابەشکراون هەریەکە مۆری خۆی بە نیوچاوانی وەیە، کورد کە خەزای بۆ درا، بەهایی محاربە، کافرە خوێنی حەڵاڵە ، ئەرمەنی و ئاسوڕی خاچ پەرستن کوشتنیان زەرەی نییە، هیندیک لە فارسەکانیش ئەوە بەناوی مەجاهید کردوونی بە منافق بە هەزارانی لێ کوشتن و گرتوون هەنۆکەش لە ژیرسێبەری نەوت کە دونیا

حەوجێی پێیە، لەناو لیستی تروریستیانن ، تورکمان خیانەت کارەن، عارەب خوزستان جیاوازیخوازن نۆکەری ئینگلیسن محاربن. هەنۆکە (چوارمیلیون ئیرانی هەتڵەو هەڵوەدایە کە (30) ساڵ بەسەرئینقلابی 1357تێدەپەڕێ ئەگەرحکوومەتی شەیتانیش لە سەرکاربوایە لەو ماوە دوورو درێژە لێبوردنی گشتی ڕادەگەیاند. ئەوەسی سالە دادگایەکانی ئینقلاب لە ئیران لە سەرکارن! کە نیشاندەری ناڕەزایەتی خەلک ونامتمانەیی ڕیژم لە دانیشتوانیەتی! دەنا ئەو ڕێژیمانەی هەتا بە کۆدتاش هاتوونەتە سەرکار دیسان دوایی ماوەیەکی کورت دادگاکانی نیزامیان هەڵوەشاوە راگەیاندوون بەمانای بارودۆخ گەڕاوەتەوە سەربواری ئاسایی! بۆیە دەبی کاک خالید بزانی ئێران پڕ لە نەتەوەیە بنی کلۆرە ڕاوەستانی بە حوکمی سەرنیزەیە! بنەماڵەی (شا)ش نیو سەدە سەلتەنەتی کرد کە لێی قوما بینرا کەسی پیوە نەما، دەماڵم قەبرە هەزار جار چاکتر و بە ئیمانتر و موسڵمانتر و بە بەزەتر و ئینسانتر لە ڕیژیمی مەلایان بوو. دەجا با کاک خالیدەکان بزانن ئەو پاکانەیە بۆ کوماری ئیسلامی جیالە شیوە نۆکەری شەرمەزاری چیتر نییە. دەبا ئەو قەڵەمانە بشکێن، ئەو پەنجانە هەڵوەرن، ئەو زوانانە گۆڵەیان وەێکەوێ، کە پاکانە بۆحکوومەتی ئاخوندی ئێران دەکەن. دیسان با بڕوخێ کۆماری ئیسلامی و تفوو لەعنەت لە خۆیوو خۆفرۆشان و کۆتەخۆران و خەیانەتکاران بە نەتەوەی کورد.

حامیدڕەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/9/11ی زایینی.

**(34)**

**یادێک لە شەهید عومەر قەیتەران و هاڤاڵانی،**

شەهید مرۆڤێکی ڕوگەش ولە سەرخۆ و ئاکار پیاوانە و هەست وسۆزێکی ئیکجارکوردانەی هەبوو کەڵە پیاوەکی بەتەواو ماناوو خاکی بوو، خۆی لەگەڵ پێشمەرگەکان بە یەکسان دەزانی دوور لە تەکەبوور و جاڕز لە دەحیە و ئیفادە بوو،لە سەرهەڵویستی کوردانە سوورو بە دەمارو دەروێش سیفەت بوو، دەکرێ بڵێم پیشمەرگەیەکی بەغیرەت و کۆڵەنەدەرێکی زیخ و چالاک و گیان لە سەردەست و ئازادیخوازێکی بە هەڵویست و چاونەترس و بە سەبرو حەوسەلە و نیشتمان پەرور و شایی بەخۆ بوو.

ئاشنایی من لەگەڵ شەهید لە گوندی کێلێ لە دەڤەرەی سەرشاخان ڕێکەوت خەزەڵوەری1361 هەتاوی بوو، ئەوچاخ شەهید جێگری فەرماندەری هیزی ئەفشین بوو ئەمە سەردەمێک بوو کە بە

هۆی خەیانەتی توودەکان لە پێش هەمواندا ڕەحمان کەریمی کە سەرگردەی ناوچەی پیرانشاری تەسلیمی کۆماری ئاخوندی کردبۆوە هیزی ڕەجاڵەی کۆماری ئیسلامی بەرەو مێراوە تێکشاند بوو، هەرچەند شەهید سەیدڕەسوڵ دەهقان ناسراو بە سەیدڕەسوی بابی گەورە ئەمیرهێزی ئاوارە، بە حەق فەرماندەیەکی لێهاتوو پسپۆری شەڕەکانی چەریکی بوو زۆر خێراو بە تەڕدەستی بەرەگەی لەشکری فیتنەو فەسادی گرتبوو بەلام بە هۆی خەیانەت هەموو ڕێبازەکان دەست نیشانکراو بوون و دەجا بۆ بەرگری لە ڕەشەکوژی، پێشی بەردرا و بەروە میراوێ مەلاخەلیلی گۆڕئۆمەری چوو،بەڵام چونکە کالبر پەنجاکانی کوردکوژانی ئاخۆندی بە ڕەش ئاوێژ کەسیان نەدەپاراست چەند مرۆڤی ئاسایی یەک لەوان برای مەلامستەفا لە میراوە شەهید بوو. و لە ئاکامدا هێزەکانی سمکۆ و ئەفشین کە لە1360 بە هۆی هێرشی قیادەو توودە، ناوچەی شنۆو مەڵبەنی نەغەدەیان بە جێ هێشتبوو لە میراوێ جگیرببوون بەرەو سەرشاخان گویزرانەوە،ئاوارەیەکی زۆریش کە لێیقەومابوو لە میراوێ مەلاخەلیلی گۆڕئۆمەری بوون جارێکی دیکە لێک ترازان و بەشێک ئاوای ئەودیووی کوردستانی باشووربوون، من وخیزانیشم بەرەو گوندی کێلێ لە ناوچەی سەرشاخان گەڕاینەوە کە هێزی ئەفشین لێی سەقامگیر بوو دیارە هێزی سمکۆش لە بابکراوە بوو ئەوکات شەهید فەتاح عەبدولی لە بەشی ئینتشارات و کاک تەهاکەرمانج کە لە1994 لە تورکیە بەدستی کۆتەخۆرانی ئیران شەهید بووئەوچاخ لەگەڵ کاک حوسین کرمانج لەوگوندی کێلێ بوون،بەداخەوە دوایی بەدرەنگەو ئاگاداربووم کاک عەمەر قەیتەران لە (گوندی گەرگوولی سەرێ)ی دەڤەری نەغدە، لە لایانی جەردەکانی بەکرێگیراو گەمارۆ دەدرێ لە گویا چەند خۆ فرۆیشی خۆماڵی کۆتە خوریش، لەگەڵ پاسدادارەکان دەبن، ناوبراو لەو شەڕە نابەرامبەرە دا لە گەڵ چەند پیشمەرگە شەهیددەبێ و خوینی سووریان تیکەڵ بە خوێنی ڕەنگینی شەهیدانی کوردستان دەبێت. هەرچەند شەهیدو هاڤاڵانی سەردمێکە مالئاواویان لێکردوون بەڵام ئەگەر بە شکل و هەیکەل و قەڵافات لە بەرچاوامان نین، ناوی پیرۆزیان ناوبانگی خەبات وتێکۆشان و شەڕەف و ئابڕوو کەڕامەتیان بۆ هەموو نەتەوەی کورد لە قوڵایی دڵدا کارتێکەرن وگڵکۆ کانیان موقەدەس ترین شوێنی زیارت و کڕنۆش بۆبردنی گەلی کوردن . هەزارسەلاو لە گیانی پاکی شەهید کاک عەمەرقەیتەران و هاڤاڵانی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان. مەرگ و نەمان و ڕوو ڕەشەی بۆ نەیاران کورد کوردستان و بروخێ کۆماری فاشیستی ئاخوندی ئێران.

حامیدڕەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەڕالیا
9/7/ 2008ی زایینی.

**شەهید دۆکتورقاسملو،**

درطول تاریخ جهان بەندرت وبەاندازه پەنجه یکدست رادمردان خوشنام و برجسته درمیان بعض ملتها بادست پرتوان و با ارادەراسخ بپا خواستەاند که قامتشان بەاندازەاستقامت کوەها و عزم واردەشان استوارتر له فولاد آبدیده و خدماتشان بەجهان انسانیت تابناکتر از ستارەهای آسمان و بالاخره گامهایشان محکم تر ازعزم ملتهای زجرکشیده بوده که هنوز هم افکارو کردارو رهنمودو پیش داوری و خط مشی آنان دراذهان وافکار اکثریت مردم عالم ماندگاراست . لذا بەجرئت میتوان گفت شهید زندەیاد دکتر قاسملویکی از همین نخبەگان وبرگزیدگان تاریخ بشری بود که درمیان ملت کوردپابعرصه سیاست نهاد، گویی حکیم سنایی این شعررابرای شهید زندەیاد دکترقاسملوسرودەاست:

سال ها گردد کەتایک سنگ اصلی زآفتاب
لعل گردد در بدخشان یا عقیق اندر یمن

که چشم اهریمنان و دژخیمان حکومت آخوندی تحمل دیدن آن فرشتەرحمت رانداشت،سرانجام به دست همان کوردلان دیو صفت و با تزویر و حیلەو نیرنگ و روپوشی سیاسی ازخدا بیخبران شەهید گردید.

اما نام و خط مشی و رهنمونهای زندەیاد دکترقاسملو آن بانی و مؤسس سیاستهای افتخارآمیزحزب دموکرات کردستان ایران درفرازو نشیب های پرهیبجان و برخورد باناهنجاریهای ددمنشانەی حکوومت آخوندی تابد بر صفحات تاریخ کردوکردستان درخشان وتابناک و جاوید خواهد ماند.

وجدانهای بیدارخلقهای زیرستم درمبارەزه حق طلبانەخود تازیانەی نکوهش و شەماتت برپیکرهای این قلدران و کوردلان خواهند کوفت وبه بذلک دلان خواهندگفت که ازخون نابحق و پاک آن رادمرد و دیگر شهدای راه آزادی که درخت پربار انسانیت رابەخون خودآب دادەاند که با استقامت وپایداری دردل هرکردچنان ریشه دمکراسی رادوانیدەاست که هرشاخەاش سربەاوج آسمانها میساید،و با اهداف انسانی یکصدابه سردمداران نابخرد و دست آغوشته بەخون و یاوەگویانشان خاطرنشان خواهندکرد که مطمئا دیری نخواهدگذشت که خون نابحق آن رادمردبزرگوار و خونهایی شهدای دیگر راەآزادی درایران و کردستان بجهت پیادەکردنی دموکراسی و کسستن زنجیر بیداگری وظلم وخفقان ودەرهم پیچیدن طومار ننگین حکومت جلاد آخوندی تدریجا تبدیل به سیلاب خواهد گشت و سرانجام کاخ قدرت فرعونان و طاغوتیان تاریخ راااز بیخ بن کندەو به گنداب خواهدریخت.

ناگفتەنماند هنوز هم این رویدا وحشتناک اذهان بعضی از قلم بەدستان را درموردنشست دکترقاسملو باسران رژیم مشوش وبخودمشغول داشتەو دچارسردرگمی نمودەاست و حتی گاه حیزب دموکرات کردستان ایران رازیرسوال میبرند که مثلاچگونه چنین سیاستمداری آزمون دیده باچشم جهان بینی به خوداطمینان داده که با سرسپردەگان یک رژیمی جلادا آنهم در خارج ازکشور و بدون محافظ یالااقل نظارت پلیس اطریش که اگر هر چند کرو لال هم میبودند میتوانیست مانع این واقعه

شود،ازمداقەوباریک بینی ایشان وسابقە تاریخی حیزب دموکرات و فرازونشیبهای تحولات بالاخص شیوه برخورد دوڵەتهای گدشتەایران بخصوص سەردمداران نابخردو بیکیفایت و خونخوارومتعصب آخوندی باسران وپیشەوایان کردتجربە نگرفتەاند واینقدرسادەلوحانە بدام افتادەاند! میخواهم این رابابعرض برسانم اطمینان شەهید زندەیاد دکترقاسملو بە گفتاروگرنتی دوستانی بود کە طرح این ملاقات ونشستهارا با رفسنجانی ددمنش پیشتر فراهم کردبوو نەباحکومت و سرسپردەگان ڕژیم! وازکجامعلوم بود کە دوستان درخفابا دستگاه جوروفساد درساخت وپاخت بودەواین دام رابرای او گستردەاند بالاخره دست خیانت باز از آستین پیراهن خودی بیرون آمد ولی این بارکعبەآمال کردهاراآماج قرارداده بود . بەقول معروف:

گر بد آید هر چە آید بد شود
یک بلا ده گرددو ده صدشود
آتش ازگرمی فتد مهرازفروغ
فلسفە باطل شود منطق دروغ

لذا اگراز ناحیە ڕاهزنان قرن 21 و ئەهریمنان تاریخ برای واژگون نشاندادن چهرەکریە وچرکن رفسنجانی خامنەای وامثال آنان کە انسان نماهایی بیش نیستند دست افسوس سایدەمیشود، تنهابرای گول زدن وبە بیراهەکشاندن ذهن مردم ایران است و بس، وگرنە بەقول آیت اللە طاهری" آنان کە بر شتر چموش قدرت سوارند و در میدان سیاست دو اسبە می تازند ... و مشوق عده ای چماق بە دوش و فرقە ای کفن پوش کە دندان تمساح خشونت را تند و تیز می کنند و می خواهند عجوزه تندخوی و عفریتە زشت روی خشونت را بە نکاح دین در آورند و امور مقدس را ملوث جلوه دهند یعنی رجالە ها و فاشیست هایی کە معجونی از جهل و جنونند و بند نافشان بە مراکز ثقل قدرت متصل است و مطلق العنان و افسار گسیختە اند نە ملوم معاقب قضا هستند و نە محکوم معاتب قانون."

آری چنین اند این شیاطین کەاعمالشان جزفساد فتنە دراین سرزمین نمتوانددباشداینها کە زیرلوای عنصر نامطلوب خودبینی و انفاس شیطانی بەکرسی مقام و منصب صدارت تیکەنمودەاند بە هیچ نحوازانحا حاررنیستند دست ازاین قلدری وخون مکیدن مردم بکشند و بدتراز استعمار گران باڕیختن خون پاک هم میهنان وبەدارآویختن ساکنان این مرزبووم بازی میکنند،لذا برای ازصف بدرکردن وپایمال نمودن حق تعیین سەرنوشت ملت کرد، ازهیچ گونە بیدادگری دریغ نمیکنندو هزاردرغ واراجیف وبهتان میتراشند قانون فقیەشان مومی بیش نیست کەبالحن کثیف بەهمەشکل درخواهدآمد زیرا از موضع قدرت حتی با همفکران خودنیز با ناشایستەترین الفبای رکیک کە زیردندانهای خوینخوار آنهالە میشود درعمل باآن ڕووبەرو هستند، دریک جملە میتوان گفت تفالە همگی آنان خورش دست پخت خامنەیهاست!
بازبەقول طاهری: شعبان بیمخها با هتاکی و سفاکی، ننگ عنیف کوی دانشگاه را آفریدند و با تهاجم حیوانی، مرتع دانشگاه را چریدند و با تعرضات شنیع، پرده ناموس فرهنگ و علم را دریدند و در قتلهای زنجیرهای مظلومان بی گناه و قربانیان بی پناه، لعنت سرمدی خدا و نفرت ابدی خلق را خریدند."

حامیدڕەشیدی زرزا
استرالیا،سیدنی
2008/9/12ی زایینی.

**(36)**

**دەڵێن سیاسەت باوک و دایکی نییە!**

ئامریکا، یان دەبێ لە کەنداوو، سەرجەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست هەڵبگرێ، یان دەبێ لە گەڵ ئێران حیسابی خۆی یەکلا بکات.
دەڵێن سیاسەت باوک و دایکی نییە ڕاستە، هەرچەند ڕەنگە هەموو شت لە دونیای سیاسەتمەداراندا فیکری
لێبکرێتەوە بەڵام زۆر شتیش دوور لە هەتەری چاو بە پێچەوانە ڕەنگ دەدەنەوە! لە دوایی هێرشی (11سپتامبەری 2001)ی زایینی کە "دەبلیو بووش" سەرکۆماری ئامریکا، ئێرانی بە ناوی (تەوەرەی ڕەوشت خەراپی و ئاکار چەوتی) ناو برد، هەموو کەس پێی وابوو ئیدی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەرەوتواو بوون دەڕوا! بە تایبەت (لە2003/3/20ی) زایینی کە "دەبلیۆ بووش" فەرمانی هێرشی بۆ سەر ئیراق دەر کرد،و بەرنامەی ئامریکا وابوو کە ڕەوڕەوی دێموکراسی لە ئیراق دەست پێبکرێ و خێرا هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتەنێتەوە، ئەو کات هەموو لێکدانەوەکان لە سەر ئەمە سوور بوون کە ئیدی دوایی ئێڕاق نوورەی ئیرانە، ئیرانیش بە تەواوی مانا ترسی ڕێنیشتبوو چونکە ئەو کات هیچ کاکەو برالەیەکی ئەو تۆی لەگەڵ رووسییە نەبوو ئەگەر هەشی بوایە شتێکی ڕەواڵەتی بوو، ڕووسییەش هێشتا کارتی بەرەندەی لە ئیران بۆ مسوگەر نەکرابوو، چونکە ئێران هێشتا لە سەر دورشمی نە شەرقی نەغربی سوورو پێداگربوو. هەتا مەسەلەی حیزب اللەش هێندە زەق نەبۆوە و ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جێ پێی لە "سوورییە" نەکرابۆوە، کەسیش نەیدەزانی شتەکان بە پێچەوانە دەگۆڕێن. بەلام بۆچ وایلیهات؟ پیویست بە لێکدانەوەیەکی چڕوپڕە، ڕەنگە لە هەتەری هزری نووسەری ئەم دێرانە هێندێک شت شاراوە بن. بەڵام ئەوەی زەق و بەرچاو بوو یەکیان هەڵەی

سەرۆکانی ئامریکا و لە مەڕ نائاگاداری لە شیوەی کردەوەی ئێران و ئەویدیکە خەتێکی خوار لە بن سەری سەرۆکانی کوردستانی باشوردابوو. ئەوان بە ئامریکا و بە کوردەکانی پارچەکانی دیکە و هەتا بە خۆشیان خەیانەت کرد، ئەوەش دەگەڕاوە سەرتەون و بەستی سەرۆکانی باشور لەگەڵ ئیران و بە شێعە وەنووسان و چی و چی .... کە لە ئاقڵییەتی سیاسی بە هۆگان دووربوون،دەجا بە پیی توانا پەنجەبۆهێدێک خاڵ ڕادەدێرم:
وەک دەزانن ئامریکا دوایی ڕوخانی حکوومەتی ( "شا" 1979زایینی بەرامبەری 1357ی) هەتاوی ئیدی لەگەڵ ئیران پەیوەندی بەکردەوە پسابوو، بە هۆی توندو تیژی کردەوەی ئێران و هەڵگرتنی دورشمی مەرگ بەر ئامریکا کە ببوو بەبنێشتە خۆشکە هەمووکاناڵەکانی ڕۆناهی بەرەگەیان گیرابوو وشێلەگەکان بەرەبەست کرابوون،ولەکۆی خۆیانی جاران جگە لە داڕوجان نەدەبینرا! لە دوایی مردنی (خومەینی)ش دورشمی نە شەرقی و نەغربی لە سەر زاری جڵەو دارانی کۆماری ئاخۆنەی ئیران بوو، ئیدی زەویوزاری سیاسەتی نێوانیان قوناویشی لینەدەکەوتەوە، لە شەری ئیراقیش کە ئێران لە ئاکامدا بەچۆکدا هات ئیدی کاریزەکەش بوو بە قاقڕو ویشکایی، کە لە سەرە ئاوزینگاندا جامی ژەهری نۆشی، دیسان هەڵویست گرتن لە بەرامبەر ئامریکا و ڕۆژئاوا بە ڕەواڵەت نەگۆڕابوو هەرچەند گەلێک جار چەک و چۆڵیان بە دەستی شەریکەکان لە ئامریکا و ڕۆژئاوا دەکرێ لەم بارەوە هەموو ئاخوندەکان هەتا ڕەفسنجانی و کێ وکێ لە زاری یەک تفیبوون، هەر ئەو گەڕە لاوژە بە شێوەیەکی دیکە لە ناو(قەرائەتی، تمدنهای بزرگ) ئاغای خاتەمی چەند پات دەبۆوە کە ئیرانی بە تەواوی لە دنیا لاتەریک و گۆشەنشین کردبوو، دەجا ئەوانە هەموو هۆکار بوون کە ئامریکا لە سیاسەتی ڕۆژی ئیران و کارو کردەوەکانی دوورپەریزتر بێت،چونکە ئەگەر وا نەبوایە، ئامریکا دەبوایە زانیبوایە کە دانانی حکوومەتی شێعە بە زەرەی خۆیەتی و بێگومان ئێرانی ئیسلامی بە هەموو هێزەوە لە شێعە پشتیوانی دەکات، ئیرانێکی کە بنکەی تڕوریست بوو ئێرانێکی کە دایکی ئاژاوانانەوە لە سەرهەرد بوو، بەلام غروری ئامریکا بە هیزەکەی نەیهێشت ئامریکا هەرنەبی دوایی دەست بەسەراگرتنی ئیراق وەهۆش بێتەوە... دوایی شێواندنی بەغدا بەدستی ئیران و سورییە و تێپەستاوتنی تڕوریست لە ئێڕاق و پێشە بڕەو پێشگیری و بەرەبەست کردنی ڕەوڕەوی دیموکراسی ئامریکای خستە تەنگەژە ئەوجار لە جیاتی هیرش بۆ سەرئیران وبە گژ ئەو دا چوونەوە، شیوە ئاخافتن لەگەڵ ئێران بوو بە سیاسەت! دەجا لەو کاتەوە مەعلووم بوو کە دەستی سەرۆکانی کوردی باشوور بۆ تێشکانی ئامریکا و سەرکەوتنی ئێران لە گۆڕیدا! بێگومان ئامریکا لە درێژخایان ئاگاداری مەسەلەکە بوو،چونکە گرتنی ئەو چەند کەسی ئێرانی کە بە ناوی کونسولی ئێران لە لایان ئامریکا لە(هەولیر)گیران و قسەڕاکێشان لەوان تەونوو بەستی سەرۆکانی ئێڕاقی لە گەڵ ئێران ئاشکرا کرد.

،
کوردەکانی باشوور، کە لەکۆنەوە دەست پەروەردەی ئێران بوون، لە خوش خزمەتی هێندە چوونە پێش کە قازانجی خۆیان فیدای بەرژەوەندی ئیران کرد، و شێعەیان بە پشت و پەنای خۆیان زانی، بۆ دەرپەڕاندنی ئامریکا لە چ نهینی کاری و فیڵ و تەڵەکە غافل نەبوون و لە چ پیلانێک دریغیان نەکرد و زۆر ساویلکانە لێکیاندابۆوە کە ئیدی هەموو شت تەواوە، هەر ئەوەندە سوننە لە گۆڕێ نییە، کارەکان هەموویان لە لایان ئیران و بە ڕاسپاردەی ئێران جیبەجێ دەکرێ و ڕێگا بۆ فیدڕاڵەکەیان تەخت دەبێت، ئیدی ئامریکا شتێکی زیادییە! وەک دەزانن ئێرانیەکان کە لە درۆتاشین و دەهۆ و

پیلان دارشتن ئیکجارپسپۆرن،دەجائەوان دوو شیوە سیاسەتیان لە نێوان کوردەکان و کارگێڕانی شێعەی ئیراق بەڕیوە دەبرد،یەک ئەوە بوو کوردەکانیان قانع کردبوو بەمە کە مەسەلەی چارەنووسی خۆیان بە گەرەنتی ئێران بە حکوومەتی شێعەی ئێراق بسپێرن، یانی ئیدی لە حەول ودەولی و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان دانەبن بەڵکوو لە جیاتی وی بۆ بە هیزکردنی بەغدا حەولبدەن و کارسازی دەرپەڕاندنی ئامریکا تەخت کەن! دیارە بە شێعەکانیشیان گووتبوو هیچ هەنگاوێک بۆ مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان هەڵنەهینن بێگومان لەم بارەوەش لە گەڵ حکوومەتی تورکییە لە پەیوەندی ڕاستەو خۆ دابوون کە بە داخەوە کوردەکان ئەنجامی وەزیفەیان کرد، یانی ئەرکاکانیان بەڕیوەبرد، دەجا سەرۆکانی باشووری کوردستان بە متمانە بە ئیران لە هەمووشت پشت ڕاستبون و لە بەرنامەیاندابوو کە کوردەکانی ئیران وسورییە و تورکیە ببنە سەدەقەی فیدڕاڵی تازەدامەزراو کە پێویستی بەسەرداچوونەوە شیکردنەوەیەکی دوورودریژە کە لەم وتارەداجێی نابێتەوە! چونکە ئەگەر کوردەکان مەبەستی وەرگرتنەوەی ناوچە دابڕاوەکانیان لە بەرنامە دا بوایە! نەدەبوایە ڕۆڵی بەڕیوانچیان لە نێوان ئامریکا و ئێران وەسوکر گرتبوایە بەڵکوو دەبوایە ئامریکایان بە تەواوی لە پیلانی ئیران کە ئەوان لێی نامۆ نەبوون یانی ناردنی تروریسیت بۆ بەغدا ئاگادارکردبوایە، ئامریکاش دەبوایە گرێبەستی پەیمانی لەگەل سەرۆکی بەغدا لەکاتی تەنگەژە بەجێ هێنابوایە نەک پاش ئارامبوونەوە و هێنانەوەی سوننەکان بۆ ناوپرۆسەی سیاسی هەڵگرتبوایە! دەجا هەڵەی ئامریکا بۆ بە هۆی سەتان میلیارد دۆلارو هەروا ئەو هەموو کوژراو بریندارەی لێکەوتەوە! و جێشی پێ لێژکراوە کە ئیراق بەجێ بهێڵێت! ئەگەرسەرۆکانی باشوور لە هزرو فیکری ساخ و سەلیم بەرخورداربوان دەبوایە هەستی ئامریکایان بە گرێبەستی پەیمانی دۆستی و گرێبەستی نەوتی کوردستان بانگێشتن کردبوایە و داواکەیان سەربەخۆیی بوایە و بۆ ئامریکایان شیکردباوە کە دەوڵەتی بەغدا لە ژێر تەوەژمی ئیران حازر بە هیچ گرێبەستێکی سیاسی و ئابووری لەگەڵ ئەونابێت، هەروا ئامریکایان لە مەڕپیلانی دواڕۆژی ئیران کە ئەوان ئاگاداری بوون دڵنیا کردبوایە، چونکە ئامریکا بە متمانە و ئالیکاری ئەوان پشت ئەستووربوو دەنا وەتی لاقی لە ئێڕاق نابوو بە کویرەکویرە دەڕۆیی، دەبوایە سەرۆکانی کورد گرێبەستی نەوتیان پێ قەولدابوایە لە بەرانبەرسەربەخۆیی. دەبی ئەوە بزانین ئامریکا و ڕۆژئاوا باوکی کەس نین،لە کوێ بەرژەوەندی خۆیان ببێنن وەک میش هەنگوین لەوێ دەنیشن! دەجا بە هیزکردنی بەغدا هۆکاری کز کردنی کوردستان بوو، کوردستانیک کە چی لە دەست دانییە، دەجا ئەمە سروشتیە کە ئامریکا و ڕۆژئاوا لە بەغدا داکۆکی دەکەن هەر وەک لە سەدامیان دەکرد، کوردەکان هەتا نەیانتوانی مەسەلەی فیدڕاڵی کوردستانی باشووربۆ ناو کۆمەڵگای نیو نەتەوەیی بەرن! بەڵام ئەگەر سەرۆکانی کوردی باشور بەڕاستی دلسۆزبوانە، دەبوایە بە پارەی ئامریکا ئیرانیان شەڵەقاند بوایە، یانی نارازیخوازانیان لە تورکمان سەحرا و خوزستان وسیستان و کوردسیان و تەوریز بە هیز کردبوایە بە تەوایی ئیرانیان شیواندبوایە کە توانیبوایان لە نیو ئاوی شلوێ بە قازانجی کورد کاربکەن.

کوردەکان ئەوهەلەش دۆڕاندیان!

دەجا هەنۆکە کە حکوومەتی ئیراق لە تەنگەژە ڕەزگاری بوو سوننەو شێعە یەکتریان گرتۆتەوە، و ئێران وەک دوو پشک کلکی لە سەرپشتی داناوە و بەڕاشکاوی بۆتە سەر وەسیەت بۆئێڕاقی شێعە، لە هەموو خەراپتر ئامریکاش بە هۆی ناکۆکی لە گەڵ ڕووسیە لە ڕێگای ئابلۆقە چی لە گەل ئیران پێ ناکرێ و هەتا مەجبوور بوو(2011)ئیراق بڕوات، دەجا کوردیش چی بۆ نەکراوە و ئەو ڕیسەی لە حکوومەتی جەعفەری مابۆوە نەبوو بە هەودا، هەر چێرۆکی کوردستانی بی کلک و گویی شیخ موحموودە، تەنیا ڕێگایەک ئەویش لە شانس چاوەڕواندەکرێ، کە نێوان ڕوسییەو ئامریکا و ڕۆژئاوا لە مەڕ دوو پارێزگای "اویستای باکوورو"و" ئابخار" کە هەنۆکە بە دوو کۆمار لە لایان روسیە بە فەرمی ناسراون،مەگین لە قەباڵ واندا لە سەر تەرمی ئیران مامەلە بکرێ! دەنا ڕۆناکاییەک بەدی ناکرێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە بە شیوانی ئێران هەموو ڕیسەکان ئێڕاق دەبن بە خۆری! بەڵام ئەو بۆچوونەش زۆر کزە چونکە دەست هەڵگرتنی ئامریکا لە مەجاهد خەلق لە ئیڕاق و جاریکی دیکە بە تڕوریست ناسینیان بۆ خۆی زێدەپارو(امتیاز) بە ئیران بوو ،هۆکاری نیگەرانێکی زۆرترپیکدێنێ هەرچەند سیاسەت باوک و دایکی نییە!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەرالیا،
2008/9/20ی زایینی.

**(37)**

## ئێران زوو یان درەنگ دەسەر چەڵاخی و نەحاملاوی خۆی دەگەڕێ،

سەرۆکانی ئێران ئەوەندە باخ بوونە و ئەوەندە بە خۆیان دەخوڕن، کەیسی پاڵەوانەتی خیاڵاوی خۆیان لی وەڕاست گەڕاوە، وەک هەسپی جەنە گرتووی سەرکێش بە دانەی چەڵاخیش هەرلاجڵەون،بەتایبەت بەداکۆی ڕووسیە لە خۆباییتر بوونە سەرەڕۆییان گەیاندۆتە ئەو پەڕی خۆی، نە قانوونی نێو نەتەوەیی کارتێکەریانە و بەرزەمیان دەکات و نە ڕێنوێنی ئینسانییەت شوێن تێکەریانە!

بۆشایی و کلۆری هەڵویستی ویرانکەرو بێبەزەی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوور لە قامووسی ڕوحم وشەفەقەت و مرۆڤایەتییە لە وەسوەسەی شەیتانی سەرچاوە وەردەگرێ، کە مەبەستی لە ناو بردنی هەموو نەتەوەکان بە تایبەت کورد لە پێش هەموانە، هەرنەبێ سەرکوتکردنێکی بەرفرەوانی کپ، کە بۆ ساڵانی دووروو درێژ لە بەرنامەو کارنامەی گڵاوی کۆماری ئاخوندی پیلانی بۆ دارژراوە و شوێن پێی لە مەڕ بادی هەوایی لە سەرگۆی زەوی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام هەر وەک شەیتان ڕۆژێ

دەیانجار چاوی لە تۆقی لەعەنت دەکردو فیکری بۆ نەدەچوو بۆ وی سازدراوە، ئەوانش نازانن سیاسەتی زلهێزەکان، شەیتانێکی وەک کۆماری ئیسلامی بۆ تەوەرەی سێهەم قەبوول ناکات، سەرئەنجام ئەو تۆقە لە گەردنی کۆماری گەندەڵ ئیسلامی دەخرێ و دەبێتە گۆشتی سەرچەپەر و مامەلە لە سەرتەرمی وی دەکری، ئەو شات و شووتی ڕووسییە بۆ بەرتیل وەرگرتن و زێدە پارو(امتیاز) لە ئامریکاو ڕۆژئاوایە، هەر کاتێک هەڵویستەکانی خۆی بۆ ئەنجام بدرێ، ئیران قوربانی نێوان ئەو دوو سیاسەتە دەبێت! چارەنووسی شەڕی شەش ڕۆژەی عارەب و ئیسرائیل و لە دەست دانی دەشتی سینا و بەرزایەکانی گۆلان، شێوە سیاسەتی نەقوستانی ڕووسیەیە دەخاتە بەرچاو، دەجا ئەوانەی هەنۆکە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست لێی بوونەتە ماستاوچی هەرئەوەندەی لە گەڵدانە هەتا لێی دەقەومێ دەنا کورد گوتەنی: بە بابە کەماڵی دەسپێرن) بەڵام ئەوهەی جێگای داخە نەتەوەی کورد لەو هەلەو مەرجە نالەبارو ناسکەدا لە کوردستانی رۆژهەڵاتی ئیران بۆتە گوشتی بەر لوولەی تۆپی ستەمکارو بێ ئینساف و دەمو دەزگای فیتنەو فەسادو زێروسیفەتی کۆماری ئاخۆندی، و لە هەموو شوێنیکی ئیران تایبەت چوارپارێزگای کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆنەتە جەلاد و بە پێی بەرژەوەندی ڕێبەری ئیران خامەنەیی و دارودەستە کەی لە سەرکوتی خەڵکی کورد لە چ زوڵم وستم دەست ناگێرنەوەو ڕۆژنییە دەیان ئازادیخوازی پارێزگاکانی کوردستان بە دەستی چەتەکان و ساوەمایەکەی بێشەرم ودوور لە کەڕامەت و درۆزنی کۆماری نائینسان بە تۆمەتی هەڵبڕینی دەنگی ئازادی قۆڵبەست و ڕەوانەی زیندانەکانی جەهەنمەمی نەکرێن و ڕۆژنییە لاوگەنجانی ئازادیخواز لە شەقامەی شارەکانی ئێران بە تایبەت کوردستان و خوزستان و سیستان بە دەستی مرۆڤ کوژانی کۆماری ئیسلامی هەڵبر هەڵبڕیان وێنەکەوێ و نەکەونە بەرئەشکەنجەو جەزرەبەی نامرۆڤانی عەباو مەندیل، و رۆژنیە دەیان ئازادیخوازی ئیران بە تایبەت کورد بە دەست خۆ فرۆشان و کاسەلیسان و گروپەکانی کفن لە بەرو قەمە بە دستی کۆماری ئیسلامی شرت و گۆم نەکرین، وەک پێشێ ئامازەم پیکردسیدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئیعدامی ئازادیخوازانی کورد گوڵیان کردوە! هەنۆکە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری ئێران بە تایبەت لە کوردستان تەژی و دارماڵ لە ئازادیخوازانن، و خەریکن بە شیوەی زەبرو زەنگ دەنگی ئازادی لە گرووی هەموو ئازادیخوازانی ئیران لە پێش هەمواندا گەلی کورد کپ بکەن و بخنکێنن، لە لایەکی دیکە بە شیوەیەکی بەرچاو بە پیی داهینانی ڕێبەرانی فاسدی ئاخۆندی بە بەراوژوو کردنەوەی مێژووی دورودرێژی کورد و دەست تێوەردان لە کتێبەکان لە قوتابخانەکان و دانیشگاکان دەر خواردەی لاوانی کوردبدەن،کە گۆیا کورد بە دنەی دەرەکی خۆی لە ئیرانی بوون دەشواتەوە سەرنج راکێشە!! ئەمانە نموونەی سیاسەتی سەقەتی کارگێڕانی کۆماری ئێرانن کە پێویستە لێی لە قاوبدرێ چونکە گەلیک لە چڵکاوخۆرانی کۆماری ئیسلامی بە نووسینی بابەتی براوەژوو ودەست تێوەردان لەسەرچاوەی مێژوو بەناوی لێکدانەوە بە تایبەت لە مەڕ پارێزگای ئازەربایجانی (ورمێ) لێ وەبەرچاودەکەوێ کە دەیانهەوی دەرخواردی خەڵک بدەن ،دەجا لە بیروبۆچونی کۆماری ئیسلامی شتێک بەناوی نەتەوەکان و مافی ڕەوای نەتەوەیی لەئیران شوێنی نییە و لە ئارشیڤی هەستی گەلاوی وان جگە لە شێعە ئەویش نەک شیعەی ڕەچەڵە کورد هیچ نەتەوەیەک هەتا بە هاووڵاتیش نایێتە حیساب، ئەوەی ئەوانیش بە قەوم ناوی دەبن دەبێ لە دوو سێ بنەماڵە زیدەترنەبن کە بریتین لە جاشەکان و سەرقوونی ئاخوندی هەرچەند ئەو جۆرەشیکردنەوەی لە دونیا شتێکی بی بایەخ و هەر بۆ قسەلە سەرکردن نابێ بەڵام چونکە هەستی لاوو گەنجەکان زۆرلە

پەڕی گوڵ ناسکترە زووگەردی لێدەنێشی بۆیە پیویستە ئەوانەی کە کیتب وەردەگیرنەوە یان دەنووسن وەڵام بەوشتانە بدەنەوە،و بەداخەوە دەستەیەکیش بۆ ئەوەی کتێبەکانیان چاپ کەن لە هەڵپاچینی شوێنەواری مێژووی کورد لەگەڵ نەیاران لەکێ بەرکێن و بە ئەنقەست خۆیان دەبویرن کەبێگومان کەسایەتی نووسەرکان دەخاتە بەر پسیار! چونکە نووسەر لە مەرشێواندنی مێژووبەرپسیارە!

دیکتاتوری بە درێژایی مێژوو نەبۆتەسەرمایە
ئەگەر ئاخوندەکان لاپەڕەکانی ڕابردووی بابردووی کەسانی سەرەڕۆی وەک خۆیان لە نزیکەوە هەڵدەنەوە، چارەنووسی بنەماڵە و ڕیژیمی محەممەد رەزاشاو وسەدام حوسێن و ڕێژیمی بەعس و هەتا پاشایەتی فەیسەل لە ئێراق لە بەرچاو گرتبوایە، دەبوایە هاتبوانە سەر ئەو قەناعەتە کە سەرنیزە نەیتوانیوە بۆ هیچ دیکتاتورێک ببێتە سەرمایە، وەک بۆخشیان دەزانن سەدام و شا زۆر لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە زۆرشت بە ئینسافتر بوون، بەڵگە بەمە لە ئیراق خویندن بە زوانی کوردی بوو لە ڕیژیمی شاش داجیاوازی نەتەوەیی بەو شکل و شەمایلە کە لەکۆماری ئیسلامی دەپێورێ لە گۆڕی نەبوو وشیوەی خەڵک گرتن و محاکەمات و ئیعدام کردنیش (بە هەموو تەمەنی نیوە سەدەی پەهلەی) لەگەل ساڵێکی کۆماری ئیسلامی لە تەراوزی هەڵسەنگان بەراوردناکرێ! ئەوهەی لە ڕێژیمی عەبا و مەندیل کوشت وکوشتار لە کوردکراوە لە سەردەمی چنگیزو تەیموری لەنگ نەکراوە، بەڵام گومان لەوەدا نیە ئەو ڕێژیمەش دەروخێ، ئەوش تەفرو توونا دەبێ،ئەوانەش ئەوکیان بە تەنافی سزادان ئەو خەڵکە هەڵداوەسرێ، بەلام پێویستە نەتەوەکانی ئیران یەکبگرن لە بەرەیەکی پتەودا بە گژ ڕیژیمی جەلادی ئاخونديدا بچنەدوە چونکە هەر تەفرەقەیەک لە نێوان نەتەوەکانی ئێران دەتوانی تەمەنی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی درێژبکات و بە پیچەوانە یەکیەتی نەتەوەکانی ئیران ڕوخانی کۆماری ئیسلامی وەپەلە دەخات ! دەجا بە هیوای بەرەیەکی قایم و کونبڕ لە دەلان!
حامیدرەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
/22

(38)

**نەعرەتەی دەنگی خۆتان تێکەڵ بە دەنگی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان بکەن،**

با لە بەرامبەر لەسیدارەدانی قارەمانان و چالاکانی سیاسی لە ژوورەوەی ئیران بەدەستی دوژمنانی ئازادی گوڕرەو ناڕەتەی دەنگی خۆمان دەربڕین.

وەک لە دەرەکی و دوورە وڵات گوێبیسی جنایەتەکانی کۆماری ئاخوندی دڕندە دەبین کە چلۆن و بە چ شیوەیەک ڕۆناک بیر و چالاکانی سیاسی و پسپۆران و ئازادیخوازو نیشتمان پەروران و فرەزانایان و هەڵبژاردراوانی نەتەوەی کوردو شۆڕشگیرانی بە وەرو زیپک و خیرخوازانی گەلی بەشخوراوی کوردستانی ڕۆژهەلات و گەنج و لاوەکانمانی لە کۆت و زنجیر کیشاوە و چلۆن قەمچی زوڵم و ستەمی لە چەکمەی پێشیلی عەدالەت هەڵکیشاوەو بە پێچەوانەی ئاقڵیەت و ئینسانێەت، کپ کردنی دەنگی ئازادی کردۆتە ئەرکی نەحسی ڕۆژانە و چلۆن جەستەی شەرعی موبینی ئیسلام و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سیدارەداوەو بە گوللەی ئەندیشەی پۆچ و چەوتکاری کونکون کردەوە و مرۆڤ کوژی کردۆتە پیشەی خۆی، ئینسان مێشکی دەتاسی واقی وڕدەمێنیّ! بیگومان ئەو جەستانەی شەمزاوو تیرەباران کراوەو ئەو دڵە مەزنانەی هەنجن هەنجن و شەقار شەقار کراوی کەڵە پیاوان لە سەر ویژدانی هەموو کوردێکی بە شەڕەڤ حوکم دەکات بە ڕادەی توانا لە بەرپەرچ دانەوی سەرەرۆیی دیکتاتووری ئیسلامی ئێران هاو بەش بی و دەنگی خۆی تێکەڵی دەنگی دلێرانەو قارەمانانەی شۆڕەسوارانی مێژووی سەربەرزی کوردستان بکات. چونکە بە پێی ڕابردووی دوورودرێژ، چەوتی کارگێڕانی کۆماری ئاخوندی بۆ هەموو کەس مەعلوومە کە هەڵس و کەوتی نۆکەران و چڵکاو خۆران و خۆ فرۆشانی ئیدارەی ئیتلاعات(ئیستخبارات)ی ئاخوندی، لە گەڵ زیندانیانی سیاسی چەندە دوور لە مرۆڤایەتی و نائینسانییە، کاربەدەست و کارگێڕانی ساوامای کۆماری ئیسلامی بە پێی ڕێنوێنی سەرۆکانی خوینخورو جەبار و لە خودا نەترس و مەزەب شەیتانی، بەڕیوە بردنی هەرجۆرە ئەشکەنجە بە ناوی ئیسلامی نابی محەمەدی بە واجب دەزانن و بۆ ڕاگرتن و پاراستنی کۆشکی ستەمی حکوومەتی دڕندەی ئیسلامی لە تیک و چرژ و قەڵشت بردن و کەلێن تێکەوتن دەست لە چ خوینمژی و مێشک خۆری و لە قەنارەدانی هاووڵاتیان کورد ناگێڕنەوە و بەتەواوی مانا لە ناوی دین و مەزەب کەلکی نابەجێ وەردەگرن، بە داڕشتنی ئەم پیلانە بۆ هەموو ئازادیخوازیک لە سەرانسەری ئێران دەستەواژەی (محارب باخدا) و(مفسد فی الارض) بە کاردێنن، و لە سەرئێعدامی بەکۆمەڵی زاناو ڕۆشنبیرو گەورە پیاوان وئازادیخوازانی ئیران بە تایبەت کورد بە قانوونی جەنگەڵی خۆیان سوورو پێداگرن و قەڵمەکان دەشکێن و قەلافەتەکانی گەورەپیاوان بە تەوری جەور قەڵت و بڕدەکەن ، دەبیّ بە ڕاشکاوی بڵیم بیّ ئابڕویی بەدین ئیسلام و خودانەناسی ئیرانە، هەتا ڕێووشوێنی ئیمامانی خۆشیان بی پەروا پێشیل دەکەن! ئەگەر ڕاست دەڵێن و ئەشکەنجە میراتی دین و ئیمانی ئیمامەکانە دەبوایە لە قانوون ئەساسی ئامازەی پێکرابوایە، کە چی لە قانوون ئەساسی خۆیان هەموو جورە ئەشکەنجە هەتا بۆ وەرگرتن و ڕاکێشانی قسە، یان ئیخفالکردنی تاوان وەپاڵنراو بە قەباعەت دەزانی و لێی دەپێچێتەوە و دەڵێت هەرجۆرە ئەشکەنجەیەک بۆ وەرگرتنی ئیقراربیّ ئیحتوبارە و بەڕیوەبەرانی

ئەشکەنجە دەبێ بە توندی سزابدرین! بەڵام ئەوان نەک بە پێی قانوون کە خەڵکی ئیران دەنگی بۆ داوە، بەڵکوو بە پیی فتوای ئاخۆندەکانیان کە چ ڕێز بۆ دەنگی خەڵکی ئێران دانانێن، لە گەڵ زیندانیان بە شیوەیەکی بیشەرمانە دەجوڵینەوە بی حورمەت ولێدان و کۆتان و جەرزەبە لە کارنامەی واندا بە ئیمان قایم بوون لێکدەدرێتەوە! یەکێک لە بیشەرمی ئەوان دەستدریژی بۆ سەرعافرەتان لە سەردەمی خومەینی لەگەڵ جامینخوازانی مەجاهد خەلق، لە بەندیخانەکانی ئیران بوو، کە لە دوایی مردنی خومەینی و بە سەردا چوونەوەی قانوونی ئەساسی پتر پەرەی ئەستاندوەو دەسەڵاتی بە هەواوهەوسی ڕێبەری لە سەرخەلکی لە قەپانچەلە کراوی ئیران بە تایبەت کوردستان بە هیزترکردوە، بە شیوەیەک کە رێبەر لە قانوون مەزنترەو ئەو دەتوانی بە پێی قانوونی بەسەرداچوونەوە لە هەرکات و زەمانیکدا بی ڕەوانەکردنی پارڵەمان ڕاستەو خۆ قانوون بگۆڕێ! دەجا ئەو شیوە حکوومەتە گەندەڵە، چ پەکی بە بریاری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و یان ڕەخنەو گازەندی خەڵکی ئێران کەوتووە، بێگومان هەتا ڕوخانی لە سەرئەوم هەڵویستەن، کە ئیعدامی بە کۆمەڵ نەتەوەکانی ئیران بە تایبەت کورد بە ناوی خۆیان پێناسەبکەن، لە سەری یەکدەندەوە موکوڕ دەمیننەوە! و دادگاکانی ئینقلابی سەردەمی شەڕ کە هیشتا دوایی سی ساڵ لە سەر کارن بە دستی ئەو ئاخوندە هیچ و پوچانە هەڵدەسورێ کە ئەوەی تێینەگەن قانوونە! مەلایەکی رەوزەخوانی عاشوورا دەبێ چەندە خیبرە لە قانوونی جەزایی ومەدەنی وڵاتێک بێت! بەڵام لە حەق لانەدەین ناوەرۆکی قانوون ئەساسی و جزاییەکەشیان هەر ترو تەوێڵەی ئیسلامی شێعەی داوازدە ئیمامی سەردەمی جەهالەتن، دەجا محاکەمەی ڕۆشنبیرانی سەردەمی سەدەی بیست و یەک بە پیی فتوای شەرعیی سەردەمی شاسمایل سەفەوی (1500)زاییینی ڕەچەلە کورد لەمە زێدەتر چاوەڕوانی لێناکرێ، هەرچەند کۆماری ئیسلامی لە هەمووبارandا لە وەشی تێپەڕاندوە و لە تەرازوی هەڵسەنگان لەوانیش دواکەوتووترە، کە مریدانی شاسمایل سەفەوی گوشتی ئەزبگەیان بە دەستووری شاسمایل بە خاوی خوارد وهی شیخی بلباسیان بە کەباب!تئێستا کە هەڵویستی قارەمانەی زیندانیانی سیاسی بویرانیە و رۆناکبیران لە بەرامبەر ڕەشەکوژی بە کۆمەڵ بە تورەهاتی محارب لە خواردن مانیان گرتووە، پیویستە بە هەموو لایەک پشتیوانیان لێبکرێ ئەو میدیانە دەنگیان بە دونیا ڕابگەیین،باشە ئەدی ئەموو زاناو گروپانە، ئەو هەموو نارازیانەی ئیرانی و کوردستان لە دەرەوەی وڵات وەک ئەرکێکی پیروز لە سەر شانیانە کە لە بەرامبەر دەست درێژکەرانی کۆنە پەرستی ئاخۆندنی کە لە سەدەی بیست و یەک بەرەو وحشی گەری دەگەڕیتەوە پەیمانی یەکگرتوویی نوێکەنەوە هەموویان بە گیاندنیکی برایەتی دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی شۆڕشگێرانی ناو بەندیخانەکانی جەهەنەمی ڕەشەکوژی کۆماری ئیسلام کە زۆر لەکورەی بەشەرسوتێنەری ئالمانییەی نازی بەشیدەتترن بکەن و بۆشەرمەزای ڕیژییی فیتنەو فەساد پێکەوە دەنگیان هەڵبڕن.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
200/9/23

**دەمهەڕاشی و قەرەچەناخی و زۆربڵەیی و چەقەسویی و چەڵتە چەڵتی ئەحمەدنیژاد سەرکۆماری ئاخوندی لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی،**

ئەو پەیڤین و ئاخافتن و دمهەڕاشی کە ئەحمەد نیژادی بکوژ لە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی بە ناوی سەرکۆماری وڵاتێکی وەک ئیران، بەرەڵلای کردن دەسکە توریکی تەڕی نەدەهێنا. بێگومان بکوژو تروڕیستێک کە دەمی بکرێتەوە ئەو قەرەچەناخ بیەی، زاتەن لە کەلیشەی دایە، شاعیر گوتەنی: (از کوزه همان تراود که دراوست)

ئێران ئەو وڵاتەیە، کە هەر چەند گەلێک دیکتاتۆر حوکماتیان بە سەرداکردوە، گەلێک خوینڕێژ شیوەی جنایەتی خۆیان تێدا تاقی کردۆتەوە، گەلێک ستەمکار بە ناوی (پاشا) لافیان لە سەرلێداوە، بەتایبەت شاسمایل سەفەوی هەتا دەگاتە قاجارەکان و دەورەی پهلەوی زۆر بە ناحەزی لە گەڵ نەتەوەکانی ئیران جۆلاوەتنەوە و لە بێ عورزەیی ئەون بووە کە کوردستان ئەوها بە پێنج بەش دابەشکراوە. بەڵام ئێران بە هۆی مێژووی دوروو درێژی، لەلایان دەولەتانی دونیا بایەخ بۆ فەرهەنگ و دانیشی دانراوە و ڕیزوحورمەت بۆ خەڵکی نەجیب و لێهاتوو ئینساندوست و فرەزاناکانی قایل بوونە، لە سەریەک و لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمیش بە دووڕگەی ئارامی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەر زاروزوانان بوو، ئیستا لە ژێرسێبەروی بوڵیڵ و تەماوی ولایەتی فقییە وەک شیتخانەیەکی لێهاتووە، ئەوی دەرگای چوونە ژووریشی لە سەر بکرێتەوە ئەگەر نەخۆشی شێتیش یەخەی نەگرێ و ماخولیا نەبێ، بێگومان سەردەمێک گیژ وهوڕ دەبێ و دەتاسێ! ئێرانێکی کە بە درێژایی مێژوو لانک و بێشکەی زانیاری و شوێنی فرەزانایان و هەستیارو نووسەوران بووە، گەلێک زانایۆخی وەک ئەبوعەلی سینا،فیردەوسی،حافز،سعدی ،نیزامی، شیخ عەتارنیشابووری،موولەوی بەلخی،خانی ،هەاژاری موکریانی، هێمن، قارەمانەکانی وەک کاوەی ئاسینگەر،شەهیدان قازی محەمەد، قاسملو، شەرفکەندی، لە هەربارەوە پێگەیاندووەو تەسلیمی کۆمەڵگای دنیا کردوە،و دایکی سەدان و هەزاران گەورە پیاوانی وەک سەلاح ئەدین ئیوبی کورشی مەزن، پاشاکانی وەک کەیکاوس وکەیقوبادو برام چوبینە و ساسانیەکان و ئەشکانیەکان وپاڵاوانای بە هیبەت وەک زال و ڕوستەم و توس وگیو گۆدرزو تهمورس دیوبەندو بە تێکڕایی ڕەچەڵە کوردبووە، کە لە سەرگۆی زەوی دەنگین و مەنشورن، هەنۆکە وێرانەیەکە کە لە سایەی کۆماری ئیسلامی و ئاخوندە کوندەبۆیەکانی لە سەرکاول و وێرانەکانی دەخوێنن، وبە دایکی تروریست ناوی دەبن، بە وڵاتی مرۆڤ کوژ و ئاژاوەساز وشوێنی خوینڕێژی و قەتل وعام گۆڕەپانی دەهۆ و شەڕ و پیلان نانەوە و ئاگرخۆشکەری فیتنەو فەساد و بنکەی گیژاوەی کێشەکان، وسەرۆکانی هاودەمی سەمەبن لادەنەکان و تالەبانیەکانی ئەفغان و کۆگای تۆقان و ترسان لە سەرڕووی زەمین و دژی ئازادی و ئینسانییەت و دوژمنی خۆشی وشادی لایانگری ویرانی و

خەراپی وخوینرێژی  و سەروەستای ئاوەدانکەرەوەی گۆرستانەکان! وایلیهاتوو مرۆڤ شەرم دەکا و خەجالەت دەیگرێ کە بێژێ خەڵکی ئێرانە! چونکە وڵاتێکی خەفەقان و سەرزەمینی ئیعدام و تیرەبارانی گەنج و لاوەکان بە حیساب دێت! سازمانی حقوقی بەشەری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئێرانی لە ریزی خەراپترین و بکوژترین ولاتانی دونیا دادەنێت،  قەڵەم بە دەستان دەکوژێ و زاری ئازادیخوازان هەڵدەدرۆێ، هاووڵاتیانی وەک مەڕ دەباتە سەلاخانەو هەڵانداوەسی، وڵاتیکی کە سەرکۆمارەکانی وەک ڕەفسنجانی و ئەحمەدنیژادەکان، بۆخۆیان جەلادو بکوژی هاووڵاتیانی خۆیانن و  دەستیان هەتا ئانیشک بە خوێنی هاووڵاتانیان سوورە، دەجا لە سەرئەو هەموو قەباعەت وبێ ئابڕویی لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بە زۆربڵەیی و چەقەسویی دەم لە ئازادی مافی بەشەر دەدات! کوڕە ماڵخەراپ ئەتۆ ئەگەر مانای ئازادیت زانیبوایە نە دەبۆیە بکوژ! ئێرانێکی لاتەرێک و دوژمنی ئاشتی و ئارامی، لە سەر ئەو حاڵەش بۆ باشقولدانی ئەو هەموو جنایەتە پێناسەی جولەکە بە سهیونیست ناودێنی، ئەگەر مانای سهیونیستی  زانیبوایە وای نەدەگوت، دەم لە مافی فەلەستین دەدات، ئەدی بۆچ لە مافی نەتەوەوەکانی دیکەی ئیران بە تایبەت کورد قسەناکات، ئەدی بۆ لە مەڕ خوزستان  و تورکمان سارا، زبانی گۆڵە دراوە، ئەوە چ جورە دەستەبەری ئازادی مافی مرۆڤە کە ڕێبەرانی شەیتان سیفەت ئیران گرتوویانە بەرو بۆ مافی خەڵکی دونیا تووتەک و باڵەبان لیدەدەن، خۆیان لە کاری هەموو دەوڵەتانی دونیا هەڵدەقوتێنن بەلام کە باسی نەتەوەکانی ئێران هات زوانیان گۆڵەی لێدەدرێ ! باشە لە ماوەی سی سال حکومەت ودەسەڵاتداری چ ئازادیت دراوە بە نەتەوەکانی ئیران؟  ئەوە نییە زوانی خۆیان لێ بەرەبەستە! ئەوەنییە بەسەتان و هەزاران ئازادیخواز لە زیندانەکانی جەهەنەمی ئیوەن! پێتان وانەبێ لە ئاڵمانی نازی باشترن، بەڵکوو خوێنخۆرتریشن،بێگومان  ئەگەر ئەو دەسەلاتی ئەوکاتی ئالمان هی ئێوەبوایە سەگ و پشیلەتان لێکدەبەست. ئەوجار بە چەڵتەچەڵت دەم لە عەدالەت دەدات، ئەگەر مانای عەدالەتی زانیبوایە لێم یەقین بوو ئەو قسە قۆڕیات و بێتامانەی نەدەگوت، عەدالەت مەگین بەمە بلێ کە سێدارەی لە کوچە و کۆڵان و راستە بازارو گەرکەکانی هەموو شارەکان بۆ ئازادی خوازان چەقاندوە، سێدارەکان هەموو ڕۆژێ لە هەلاوسینی ئازادیخوازان گوڵ دەکەن!  ئەوسیفەتانەی ناشیرین کە لە مەڕداگیرکردنی خاکی فەلەستینیەکان لە وەڵامی هاواڵدەران بۆ جولەکەت دەهێناوە،سەرجەمی کردەوەکان سەبارەت بەکورد و نەتەوەکانی دیکەی ئیران، ئاوینە باڵانوێنی ئاکاری چەوتی ئێوە سەرۆکانی کۆماری ئاخوندی ئیسلامین.
لە کۆتایی دا دەمەوێ بلێم لەراستیدا نەدەبوایە ئیجازەیان بەو بکوژە دابوایە هەردی ممبارەکی سازمانی ملل گڵاو بکات، بەڵکوو دەبوایە لە زیندان تورەکەی ئالیکیان بەدەم وەکردبوایە!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەراليا،
2008/9/25ی زایینی.

**ئاخوندی شیعە فێڵەزانتر لەوەن کە سیاسەتمەداران بتوانن خۆیان لە قەباخ ڕابگرن،**

تەوەرەی دین و مەزەب کە بە پێچەوانەی کەلک لێوەربگێرێ، مەترسیدارە، چ بگا بەوەی کە لە گەڵ سیاسەت تێکەڵ بکرێ و ببێ بە ماست و دۆشاو!!،

چونکە زوربەی خەڵک بە تایبەت شێعەی ئیران لە مەڕ زوانی عەرەبی هەڕێ لە بەڕێ ناکەن، بە مناڵیش خیرو حەسەناتی فتوای مەلاکانیان لە گوێچکە سریواندوون بە بەرەکەتی ئیمامەکان فرچکیان گرتووەو زاناکانیشیان لە کاتی بیرو بۆچوونی مەزەبی لە ڕەجاڵەکەی گەڕەک و کۆڵانەکان ناحاڵیتر و گێژو هورتردەبن، ئەمانە هۆکار بوون ئەو قسە چەورو شیرنانەی خومەینی و ئەو داخۆیانانە، بە (اناالحق) بقابڵێن، سەرئەنجام ئەو قسە قەڵەوانە، کەڵیانگرت و خەیاڵ ئاوس بوو، بەرلە نۆمانگ ونۆڕۆژ بێچوە شەیتانی کۆماری ئیسلامی لە دایکی ئینقلابی 1357ی هەتاوی وەپاشکەوت! خومەینی کە لە هەموو مەلاکان باشتر ئەو خەڵەکی ناسیبوو لە ڕێوەی سیفەتیش تاک و بێ هاوتابوو سیاسەتمەدارانی لە "نوفل لوشاتۆ"ی فرانسە بەهەڵە برد نموونەکەی:

کاتیک لە فرانسە هاواڵدەران فرانسەوی لە ئیمام خومەینی پرسیاردەکەن کۆماری ئیسلامی تۆچیە بۆمان شێکەوە؟ خەمەینێ دەلێت(وەک کۆماری ئێوەیە کە لە فرانسە هەتانە، بەڵام هی ئێمە ئیسلامییە!)
دکتور یەزدی لە دوایی ئاماژە بەمە کەس لە سەرەتا نەیدەزانی یان نەیدەگوت: ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی چییە؟) ئاکام وەردەگرێ کە ئەم وەڵامە سروشتیە بەس نەبوو پیویست بوو لە دوو بژاردە: یەک پێکهێنانی سیمناریک لە پاریس یان لە تاران لە خاوەن نەزەران و حقوق زانان بۆ لێکدانەوەی و شیکردنەوەی سێ جورە حکوومەت" کۆماری ئیسلامی" کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامی" کۆماری خالص" دووەم سازدانی قانوون ئەساسی شەفاف کە بە خۆی قسەکەری ماناو مەفهومی"کۆماری ئیسلامی" بێت،بژاردەی دووەم هەلبژیردرا. ڕەشنوسی قانوون ئەساسی ئامادە کرا و لە کۆڕی دەوڵەت هاتە گۆڕو پەسەندکرا، بۆ شووڕای ئینقلاب ناردرا، بە بۆچوونی یەزدی ئەم گەڵالە ناوەرۆکێکی بە تەواوی دێموکراتی واقع بینانەی هەبوو،بەڵام گۆڕانکاری تیداکرا، یەک لە وان پیشبینی ولایت فقیە لە قالبی دەنگدان و مقام ڕێبەری لە پێشەوەی دەوڵەت وهەروا گۆڕانی مەجلیسی مؤسسان بە مەجلسی خیبرەگان!ئیدی ژمارەیەک لە حقوق زانان خیبرەو پسپۆر لەکمیسیون قانوون ئەساسی لاتەریک بوون و کارەکان بە تەواوی بە دەستی عمامە بەسەران کە تاسەی ڕێبەری لە دوایی ئیمام بوون و ئەمەی ئەمرۆکە بە ناوی قانوون ئەساسی ئیسلامی ایران بەڕیوە دەبردرێ کە بەشیکیشی سەبارەت بەخەڵکی ئیران بەڕیوە ناچیت(بەرهەمی ئەوکمیسیون و دەست پوختی ئاخوندەکانە).
ئەوجاربازرگان پێی وابوو ئینقلاب وەک میوەیەکی کاڵەو نەگەیوەو پیویستە کامڵ بێ وچوارخولی بۆدانابوو کە خومەینی ڕازی نەبوو پێیوابوو کە هەنۆکە هەست وئیحساس خەڵک وەک مەنجەڵ دەکوڵی دەبێ کەلکی لێوەربگیرێ، کە لەکول چۆوە نایێتەوەکوڵ! سیاسەتمەدارانەی کە تێکەڵ ئینقلاب ببوون یەک لەوان ئاغای یەزدی و بازرگان نەیاندەزانی هەڵویستی خومەیەنی ئاخوندەکانی

دیکە وەک ڕەفسنجانی، بەهەشتی وخامەنەیی، چییە! یەزدی کە شیوەڕێنوی ڕێبەری خومەینی بە دوو خول یانی(خومەینی مەکە و خومەینی مەدینە)دابەش دەکات و ئاکام وەردەگرێ کە خومەینی لە پاریس نەک ئەو کەسینیە بوو کە لە ئیران لە سەر کورسی دەسەلات پاڵی دابۆوە! بە دەستەواژەیەکی دیکە دییەوێ بلێ کە ئەوەی خومەینی لە" نوفل لوشاتو" دەیگوت لە گەڵ ئەوەی لە ئیران دەیلێ بە تەواوی تەوفیری هەبوو،دەڵی: ئاخوندەکان لە جیاتی هاوکاری و داکۆکی لەگەل بازرگان لە شیخ سادق خاڵخاڵیان داکۆکی دەکرد هەتا کاندیدەی تودەکان بکوژێکی وەک خەڵخالی بە سەرکۆمارپیشنیاردەکرد! دەڵیت بەهەشتی دەیگوت ئیمام (امیرالمومینینە)لە گەڵ خەڵگ ڕاویژدەکات بەڵام چۆنی پێێخۆش بوو وادەکات! یانی گوێیان لێڕادەگرێ بەڵام بە قسەیان ناکات!یەزدی لە پاشان دەڵی: نەمانتوانی لە گەلیان بسازین،بەلام لەمەڕ زرەنگی خومەینی دەلێت: کە بینی سیاسەتمەدارانی پێکەوە دانیان ناکولێ بەخۆی گوت: من وڵات بە دەستی ئەمانە بسپێرم کە دۆستایەتی چل ساڵەی خۆیان ڕیز لێناگرن! وەباشە لە گەڵ ئاخوندەکان بم هەرچەند کۆنەپەرستیش بن، چونکە تاران سە هەزارمزگەوتی هەیە، هەر ئاخوندی 150منالی گەرەکەی لە گەل بیت دەبیتە (150000) کەس، ئەمە بوو ڕەمزی شەیتانی مەزن کە سەرکەوت،یەزدی دەڵێ: هەر لە پاریس بە یاسا ناڕازی بوون دەیانگوت قانوونن ناوێ، دوایش کە چوونەسەرکار چەتیان تێهاویشت لە جیاتی دەولەت شوورائینقلابیان کردە کەڵەگا، و لە جیگای مەجلسی مؤسسان خیبرەکانیان پێکهێنا، ئیدی هەموو سیاسەتمدارو قانوون گوزار کشانەوە مەیدانیان بۆ تەخت بوو. ئەوشمان لە بیرنەچیت خومەینی کە هاتووە بەپێچەوانەی قەوڵ و قەرار کە دەبوایە لە دانشگاه،قسە بکات یەکسەرە بۆبەهەشتی زەهرا چوو،بۆ ڕەجالەی قسەکرد ئەو قەولانەی کە دای هیچ کامیان وەڕاست نەگەران و ئەوەی کە ئەوحکوومەتی شای پێ تاوانبار دەکرد وەک زوڵم وستەم و سانسۆڕ و ئیختناق بەڕیوەنەبردنی حقوقی بەشەرو سنووردارکردنی ئازادی قەڵەم و فەساد و فەحشاو ئەشکەنجەی زیندانیان و ئێعدام وچی وچی ئیستاهەزارجارخەراپترە، ئەوەش بڵێن کە یەزدی یەکێک لە جەستەی ئەو رێژیمەی بوو لە کاتی خومەینی دابەزی لیستی سی ژەنەرالی بۆ ئیعدام ویدابوو بەلام ئیمام هەر لە بن ناوی ( 4)ژەنەڕاڵ خەت لیدا و گوتی: کاریان تەواوکەن کە ئەو فەرمانی رێبەری بە مەسەلسەل بە دستان ئاخوندی داو بەبێ محاکمەمە لەشیان کونکون کردن،ئیستائەورێووشوینەی ئیمامی جەماران بۆ هەموو ئەحمەدنیژادەکانی تڕوریست وەک میرات ماوەتەوە و سپی و ڕەشیان تەوفیری نییە.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئەستەڕالیا،
2008/9/26ی زایینی.

**هێنانەخواری وێنەی شەهیدان،**

کاتێک بیستم،مانگیان لە ئاسمان هێناخوار دەست و پەنجەی گشت شەیتانم بە لەعنەت کرد،کاتێک بیستم بە قامووسی بەشەریەتیان خەیانەت کرد، هەموو ئەبوو سوفیانەکم وەک یەک زانی کە بۆم کرا! کە مانگم دی خوینی رژا بەری چاوم هیند تاریک بوو داوڵ ببوو بە شەوچرا، بەلام کە چاوم کردەوە لە شەوەزەنگ خۆی گۆڕیبوو ناسینمەوە زرمۆڵەکانی پێشوو بوون ئاگری بن کای هەر دوو برا! حامیدڕەشیدی زەرزا،

ئەوانەی قەڵافەتی لە خوێن شەلاڵ بووی ڕێبەرانی شەهید، جارێکی دیکە بە گوڵلەی بیرو بۆچوونی پووچ و گەندەڵ و ئەندیشەی بەکرێدراوی خۆیان دەشەمزێنن و بە لێکدانەوەی چەوت بی بنیات و دوور لە مەفهوم لە ناو گێژەڵوکەی تارمایی باردوخی کاتی بە شێوەیەکی پێچەوانە بەڵام بەڕەواڵەتی سیاسی دەپێکن، یانی بە هێنانە خواری وێنەی شەهیدان لە بەرزاییەکان ،دوژمنانی گەلی کوردسەرخۆش ومەست دەکەن دەبێ چ تەوفیریان لە گەڵ بکوژان هەبێ؟ ئەوەی لە پاشخانەی خوێنرێژانی کۆماری ئاخوندی بۆگەن دەرسی تیکترنجان و ئاژاوەنانەوی هەل و مەرجەکانی سەخڵەت هێنەر فیردەبن و بە مەبەستی کاوێژ بۆ سەولە ڕفاندن ئەنجام وەزیفە دەکەن و ئەرکی خەیانەت بەجێ دێنن، دەبێ خەجاڵەت نەیانگرێ بەڵام ئەگەر مانای خەجالەت و عەیبەیان زانیبوایە هەتکیان بە ئابڕوو کەڕامەتی خۆیان نەدەکرد! چونکە ئەو کردەوە بە خەیاڵیش کە بە مێشکدابێ تاوانەو پاکانەی بۆ ناکرێ!

لە مێژووی هەموو دنیا ڕیزگرتن و حورمەت لێنان لە سەرۆکان و قارەمانان و ئازادیخوازن و شۆڕە سوارانی خەباتی چینایەتی و سیاسەتمەدارانی ئولکەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکانی چەوساوەی مل لە بن نیری کویلەتی و یەخسیر و بن دەست و بە تایبەت لە سەرۆکانی شەهید کە گیانی پاکی خۆیان سەخاوەتمەندانە لە پێناوی مەسلەحەت و بەرژەوەندی گەلەکەیان بەخت کردەوە بە شێوەیەکی گشتی باوە، بە تایبەت لە سەرۆکانی بەر جەستە و هەڵبژاردەی سیاسی و دێپلۆماسی، کە لە مەیدانی کارزاری کردەوە بێ پشوودان ڕەوڕەوەی خەباتی میللەتەکەیان بۆ تێشکانی کۆت و زنجیری دیلی و زاڵبوون بە سەربواری چەوساوەیی و وەدەست هێنانی سەربەستی لە ژێر زوڵم و ستەم و نکبەتی وکۆستکەوتن و کارەسات و فەتەڕات و کۆڵەمەرگی بەرەو ترۆپی ڕزگاری دەبن، ئەوان بە قوبڵەی نەتەوەکانیان دادەنین و دەقەبڵێنن و لە پێشگایان سەری ڕیزو نوازش و دڵۆڤانی نەوەی دەکەن چۆکی ئەمەکناسی و پێزانی دەچەمینین و لە بەرامبەر گڵکۆیان کڕنۆش دەبەن. جگە لەوەی شانازی و فەخریان پێدەکەن و ێنەکانیان لە قاپی زیڕو زیوو لە تابلۆی گران بایی دا لە پشست میزی سەری خۆیان هەڵداوەسن، هەتا سیاسەت و کردەوەو ڕێنوێنیەکانیان بۆ نەسلەکانی داهاتوو ببن بە سەرمەشقی دوارۆژ و کەلکیان لێوەربگرن و ڕەچکە شکێنی ڕیگای تەنگەژە لە دوارۆژی مەبادا ببەن و خوو خەدەکانیان بە ئاوی زێڕ لە قاقەزی ئەتڵەس دەنووسن و مامۆستایان بە خۆینکارانیان لە

قوتابخانەو زانستگاکان بە دەرس دەڵێنەوە ، دەجا ئەو جورە نەتەوانە لە مێژووی سەرانسەری دونیا ڕیزیان لێدەگیرێ بۆ ژیهاتوویی و لێوەشاوەیان عافەرین دەنێردرێ.

بەڵام بە پێچەوانە هی واش هەن بۆ هۆی دەستەو پەستە لە گەڵ نەیارانی گەلەکەیان و ئیشتای موگیزو مەگیرانی دەسەڵات و بەستنەوەی هەسپی چلیسی کەسینی کە ببن بە تاکە سواری مەیدان ، بە گەزو نیوگەزی خەیانەت دەپیون و لە خۆفرۆشان خەراپتر دەرحەق بە سەرۆکانی نەتەوەکانیان بی حورمەتی دەکەن، وینەکانیان لە بەرزایی دیوارەکان دادەبەزینن و دەیانهێننەخوار! ئەگەرگەنج ولاویک ئەو هەڵبکات ردین سپیەکان تێی دەقولێنن بەڵام ئەوەی لاقیان لە سەر لێواری قەبرە ها ئەو چرکە نا ئەو چرکە بەرەو دەمی گۆڕ خەڵخلیسکین و غلۆربینەوە بۆدەبێ وابکەن! مرۆڤانی بە کەرامەت کە لە سەرگۆی زەوی پاڵاوتراوەی ئاوەزو هزرو فیکرو لێکدانەوەی ئینسانەکانن و دوایی مردنیش لە سەر زارو زوانی خەلکانی ئەمەگناسی وەک خۆیان لە بەردڵ وشیرین دەمیننەوە و هەیکل و قەڵافەتیان بە شەمایلی بۆنخوشی بە شەر دۆستی و ئەمەگناسی لە پەشتەماڵی خەیال و ئەندیشەی گوڵاوی وەردەگیرێ، لە ناو پەڕی قوی هزری زانانیان بە خاکی دەسپیردرێ،و خزمەت و کردەوەکانیان بە دونیای ئیسانییەت و گەلەکەیان لەمێژوو زیندوون!دەجا شەهیدی نەمردکتورقاسملوو شەرفکەندی و هەموو شەهیدانی ڕیگایی ئازادی فاتحانی سەربەرزی گەلەکەیان لە بەرچاوەی هەموو کوردیکی بە شەڕەف بە وێژدان و هەموو ئازادەیەکی ئازدیخواز لە سەرگۆی زەوی نەمرن! ئەوانە بە هێنانە خواری وێنەوی شەهیدان، فەرمانی قەرەچەناخانی کۆماری ئیسلامیان پیادە کرد و هەتکیان بە حەیاو ئابڕوی خۆیان کرد و ئەنجامی خزمەتیان بە بکوژانی ڕوو رەشی ئاخۆندی کرد و شەشەمە کویرەکانیان وەکەیف و شایی هینا سەت قات لەوان کورتە ناموسترن!

کاتێک بیستم،چەنگ ڕەشەکان تۆی پیلانیان داڕشتووە،نەفسی ڕاستیان کوشتوە، دەیانەوێ بەهزری هەوری ڕەشپوشی، ڕۆژی ڕۆشن بە پەرژینی شوێنی پیوار دابپۆشن، بە ئانیشکەی سیبەری ڕووی کوندەبۆیان لە شەوەزەنگ بەخرۆشن، هەتا توانیم بە ئاوەزی کاڵ و خاوی ڕەنگ و شێوە کۆنە پەرست تیرپێکەنیم، سەیرە هیشتا تێنەگەیون ڕۆژ و مانگی کوردەواری پڕ لە کوڵی تەژی کلۆڵ، هەموکوردو خاوەن ژیرو نیشتمانخواز لە ناو تابلۆی دلیاندایە، لە ئاسمانی بەرزەفڕی ڕوناکایی تێشکی شەبەق لەوێرایە، خۆشەویستی لە بنەمادا کارەی ڕەوشتی ئینسانی و شەوبای فینکی سروەڕۆژی بەهاری گەڵ، شوێن تێکەری ئەبەدییە، و کاری خوایە. چەنگ ڕەشەکان بابزانن ئەو پیلانەی داگیرکەران سەرناگرێ دەسکیسەکان بە دەسکیسی دەمێننەوە وسەرناکەون،وێنەی حەسڵی خوشەوستی لە ناوکلی سەرچاوەکان لە سەردڵی گوڵۆکەکان هەڵقەنراوە، لە ناوسۆمای گشت گلێنەی چاوی هەتەر لە گەڵ نەخشەی گشت کوردستان پیکەونە دوور لە جیاوازی و جیایە!

کاتیک بیستم دەلاڵەکان سەری بەرخی خۆشەویستی گەلی کوردیان هەنجن هەنج لە شیشەدا، فرمێسکی کوڕی شەهیدیان دەریا دەریا کۆ کردەوەو قەتیس کردو لەگیشەدا،خەرمانی هەموو گوفتاروئاخافتنیان لە کتێب ودفتەر بگرە هەتاسوڕەی ئایەتەکان لە ئاگرناو گڕتێبەردا،بەخۆم نەبوو

تیرتیرگریام، بەڵام کە ڕۆژ سەری هەلداو کۆگای سەهۆڵی ڕامالّی،لەت و پەتیان دەستوبردبوو بۆهەڵاتن، بۆ ئاوەزی دەڵاڵەکان فیتووم لێدا.

چاخێک هێنانەخواری وێنەی شەهیدانم بیست تیگەیم کە پیلانی ئەحمدنیژادەکان کاری خۆیان کرد! جاریکی دیکە جەستەی ڕێبەرانی کورد بە شەهیدی بە گوڵلەی هزری دارزیوی نۆکەران و ئالّقە بە گۆشانی بیرچەوت ئەنگاوترا! جاریکی دیکە قەڵافەتی کەڵە پیاوانی مەزنی کورد لە دوایی شەهید بوون لەبەر چاوی خەلکی کوردستان بە تیرباری ئەندیشەی تێکەڵ بە خەیانەتکارانی تینوی کورسی دەسەڵات گەردی ئەهانەتی لینیشت! ئەوانەی هاو پارووی چەوری کاسە لێسی ئاخوندین و ئەوانەی تێنوی دەسەڵاتی شەیتانین، هەویرترشی گەمەی گزەوفیڵ و داوو دەهۆن، وپەنجەی قەباعەتیان ڕەشتر لە ڕووی دۆژمنانی ئازادییە، نابی پێتان سەیربێ کە بێ حورمەتی بە وێنەی شۆڕە سوارانی کورد کە دڕکی تیژی سۆمای چاوی دوژمنانی کوردن، بکەن! ئەوان ئەرکی خۆیان لە بەرامبەر دوژمنانی گەڵ کە بۆنەتە گەسکە قوڵە بەجێ دێنن. نەمر هەژاری موکریانی گوتەنی : (ئەوەی بەعاسمان دەوەڕن--- لە ئاست لۆمەی وجدان کەڕن )ئەو زۆڵە کوردانەی کە بوون بە کالانی دۆخی خەنجەری دوو دمی خوینڕیژی کۆماری ئیسلامی، جارێکی تر پەنجەی نگریسی جەعفەری سەحراڕودییەکانیان کوشی! جارێکی تر ڕۆڵی بکوژانیان بەڕیوەبرد! کە ئابرو شەڕافەتیان لەماڵی کەوانی ناوو بەرە نەدیوو پیوارانیان هەڵداشت، بێگومان زۆر لە جاشەکان جاشترو لە بکوژان بکوژترو لە پاسداران پاسدارترو لە خەیانتکاران خەیانەتکارترن و کردەوە چەوتەکانین لەبازنەی کۆماری گڵاوی ئاخۆندی جلی چەوساوەیی بۆ گەلەبەشخوراوەکی کورد دەدروێ، پیوستە وەبەرتفوو لەعنەتی هەموو کوردێکی بەشەڕەف بکەون! ئەوان ئەو کەسانەن کە لە نیوبازنەی ستمکارانەی ئاخوندی نقیمی ئەنگوسیتلەن، ئەوان سەلماندیان لە خۆفرۆشی لە داوەڵ ومەترسەگی گروپی حەوت کەسی چەند هەنگاویک وەپێشکەوتن و بانی ماڵی بێ کەڕامەتیان چەند نەهەم لە خوینخوارانی بڵێندترکرد، ومێژڕەوی کاخی ئاخوندیان بە پەرژینی ئابڕو فرۆشی بنەمادانا، ئاڵدارەکانی هەریەک جەمسەری خۆیان بە دەستی بکوژان بۆ لیستنەوەی سمی ڕەفسەنجانیەکان چەند قەدم وەپێش خست، گەلۆ ئەوانە دەسنویژی خۆدۆڕاوی و چاوساخیان بۆ کۆماری ئاخۆندی لە کۆنەوە لە ژیرچەتری ئازادیخوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە نهینی بە فووی شەیتان هەڵدەگرت، بە فیتووی نەمەچێتر بەرەوپیگەی زوحاکانی زەمان لە حەرەکەتدان ، دەستیان بە کلکی کەری دەجال وەگرتووە،نەقابیان لە سەرخۆیان هەلگرت و ڕووی چڵکن و ژنگاوی و قرپژاوی خۆیان نیشاندا،ئاخۆ دەبێ چ وەلامێ گەلی کورد بدەنەوە ئەوانەی بە بنکڕی مەنجەڵی ئاشپەزخانی نەیاران چرو چاوی خۆیان ئارایشی پیداوە، دەبێ چلۆن ڕۆییان هەڵێ لە بەرامبەرخەڵکی بەشەڕەفی کوردستان دەم بکەنەوە. ئەوانەی ئەو تەونی بەستەیان پێکهێنا، هەرئەوانن کە سەدان پێشمەرگەی قارەمانیان کردە قوربانی و دەسەرکورسی دەسەڵات گیرا،ئەوانە بە بلەمیش بەرزم ناکرین.
ئەوانە لە ناو قەلبەندی خۆیان دارزێون پەنا بۆ دەهۆ دەبەن کە لە ناو دڵی کەرمێان هۆکاری دەسەلات بدۆزنەوە، دەجا بە هەر شیوەیەک بیت،هەتا بە بایی لە دەست دانی کەڕامەتی نەتەوەی وقوربانی کردنی جەوهەری سیاسەتی خوشبەختی گەلەکەیان، کە نزیک لە شیوە فەلسەفیەوە هەموو شت فیدای بەرژەوەندی و بەرزەفری خۆیان دەکەن بەڵکوو نەوسێ چلێسی دەسەڵات شوڕتمە داخراو، سواری هیستری چەمووشی دەسەڵات بکەن.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/9/27ی زایینی.

**(42)**

**نوسینی غولامرەزائینساف پور،وەرگێردراوی،حامیدرەشیدیزەرزا،**

**مێژوو:**

ناوەکانی هاو ڕیشە لە گەڵ پەیڤی کورد
(جۆراوجۆرای ناوی کورد لە زبانەکانی حکوومەتەکانی دێرین)

ئەگەر وادابنێین، هەرسەرهەڵدان و بدیهاتن و پەیدابوونێک لە سەرەتا بێ گۆڕانکاری بوو لە تەوای گشت و گوزاری مێژووش، شکلی هەوەڵی خۆی دەپاراست و هەتا دوایین هەروا بێبزوتن وتەکان بەچەقین وپتەو پشتدار دەماوە، ئیدی چ ناکوکیەکی بیروبۆچوون و ناکۆکی ئاقیدە بە پێچەوانەی سەبارەت بە وی لێ نەدەکەوتەوە.
بۆ هەمووکەس ئاشکراو ڕوونە کە هەر هاتنەدی و وەدیهێنان و مسوگەربوون لە تێپەڕینی زەمان گۆڕانکاری بەسەردادێ وبارەوبارقەبووڵ دەکات، لە شێوەی رەفتاروپڕۆسەی گۆڕین بە قۆناخێک دەگات، کە بە چەتوونی لە گەڵ ئەولیەکەی بناسرێتەوە.
متاڵاو تۆژینەوە لە مەڕناوی جۆراوجۆری بەڵام وێکچوو هاوڕیشەی کورد،ئەم پسیارە دێنێتە ئارا، کە ئاخۆ ناوی ئەمڕۆی کورد لە سەرەتاش بەم شکلەی پێ گوتراوە ئەگەروابووە ئەدی چلۆن لە ناوی کورد ئەم هەموو کلیمە بە لەبزی جۆراوجۆرگۆڕاوە. ئەگەروافکربکرێ لەهەوەڵەوە ناوەکی ئەوها نەبووە دەبی بوونی ئەم نەتەوەیە لەسەرەتای مێژووی پێکهێنانی کۆمەلگاکەیان حاشا لێبکەین.
بەقەولی مەولەوی: (هیچ اسمی بی مسمادیدەای؟ یا ز گاف و لام گل، گل چیدەای؟)

ڕاستییەکە ئەمەیە کە مەعلووم بوون و بەڵگەی ڕاستی ناوی کورد لە سەرەتا لەگەڵ بوونی خودی کورد بووە، هەتا دەکرێ بگوترێ بەر لە کۆچکردن لە سەر زەمینەکانی ساردوسڕی باشووری، هەر لە وێ لە شکل و قەوارو هەیکلەکی نەتەوەی گەورەی ماد،یان(مارد=مەرد) کۆمەڵگای عەشیرەتی تەنیاو تاقانەیان هەبووە و ئەم ناوە بەو شکڵێک بە سەر زوان داهاتووە بەڵام لەو سەردەم کە خەت نەبووە چلۆن بە سەر زوان داهاتووە وتەلەفزکردوە قسەی پێکراوە لەوانەیە ئەمڕۆ نەتوانرێ ئەوی بناسی بەڵام بووە.

لە متاڵاو بەرسەرچوونەوەی سەرچاوەکانی دێرینی ناسی وا دیاریدەدا کە کۆچکردن وئاوارە بوونی مادەکان،دوو هەتا سێ هەزارساڵ کێشاوە. ئەم کۆچ ودەربەدەریەی دوورودرێژ لە دوو سەردەم و لە دوو بەش بووە،یەکێکیان بە نوسینی "دیاکونف" لە سەدەی بیست و سیوەم بەرلە زایین، کە باوک و باپیرانی کورد بە ناوی "کوتی" و کورتی" و "کاردو " لە گۆڕەپانی مێژوو سەروەدەردەنێن ودەست بە سەر"سومر"دادەگرن و دیسان دیاکونف دەنوسێ: ( وشەی کوتی تەنیا لە هەزارەی سێهەم و دووەمی بەر لە زایین ماناو مەفهومی هەبووە(ل 138)
کوردەکانی دەربەدەروهەتڵەوکۆچەری بەشی یەکەم یانی کوردەکانی ڕۆژئاوا،هەرئەوکوردانەی کوتی(کاردوکان)یان کوردەکانی (ئاڕاڕاتی) ئاگرین،کە دیاکونف ناوەکانی ئەوانی لەدەڤەری نیشتەجێ بوونیان لەسەرنەخشەکانی ئیران بەرەدیف لەباشووربەخوارەوەی ئاگری،کوتی،لولوبی نووسیوە کەسەرجەمی ڕۆژئاوا وباشووری ڕۆژئاوای ئێران دەگرێتەوە. لە سەرەتای هەزارەی ئەوەڵ بەرلەزایین هەموو"اورارتوییان" وخەڵکیماننا و مادەکانیان(کوتی)ناودەبردن کە جاروبار لەکتێبەکانی(سارگونی دووەم)ش ناوی "کوتیان" دەبینرێ.(ل 138)

دیاکونف دەنوسێ: (دەورانی سەلتەنەتی پاشایانی "کوتی" کورت بووە،چونکە کوتیەکان دایم و دەرهەم پێکەوە لە ناوەخۆ خەریکی شەربوونە و هەریەک لە پاڵشاکانی ئەوان هێشتاپاشایی نەکردبوو دەڕۆخاندران. کوتیەکان دانیشتووی کێوەکانی "زاگروس" لەعەینی حاڵدا کەپێکەوەبێ لێبڕانەوە لەشەڕدابوون بۆ دەڤەری دەوروپشتی خۆشیان هێرش دەبرد و شارەکانی دووچۆمانیان(بین النهرینان) تاڵان دەکرد( ل 140و141) ئەو دیسان دەنوسێ: (تێکەڵ و ئاویتەی ڕەچەڵەکی یان حەسل و ڕەتەوەی نەتەوەی ماد بەڕادەی پێڕەوابوون وپیویست بۆ ئێمە ڕوونە بەم بۆنەوە دەکرێ بڵێن کەم تەڤلهەڤ کرن، بەناویەکداچوونی ڕەچەڵەیی لە سەریەک لە هەزارەی سیوەم هەتا سەرەتای هەزارەی ئەوەڵ بێ گۆڕانکاری بووە. خەڵکی سەرانسەری ئەم دەڤەرو مەڵبەندە لە"گۆلی ورمێ" هەتا بەشی سەروی "دیالە" لە تۆرەمەی "کوتی" و "لولوبی" بوونە. لولوبیەکان (لوڕەکان) لە خالێ ڕۆژئاواتر،و "کوتیان" و(کوردەکان) لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتتر سەقامگیربوون(ل 178و179).

کوردانی بەشی دووەم بەکوردانی ڕۆژهەلات،مادایانەکان نووسیون کەئەمانەش وردە وردە بەبەشی هەولیە لکاون یان لە ئێران لەنێوەڕاست وباکووری ولات جێگربوونە.
هرووت نوسیوە: "دیااکو"یەکەمین و هەوەڵین پاڵشای ماد،هۆزەکانی جامینخوازو شوێن کەفتەی خۆی بریتی لە"مادەکان" "مادەکان،بوسییەکان،پرتکینی یەکان، ئاستروختەکان، ئەریە زنتیەکان(ئاریا زندییەکان) بودیەاکان،مەغەکانی لە ژێر پەرچمێکی تەنیاکۆکردەوە) (ل 61)وەرگێڕاوەی وەحیدمازندەرانی) چاپ فەرهەنگستان)

دیاکونف ئاویتەو تێکەڵاوی ڕەچەڵەی مادەکانی بەنزیکەی هەزارساڵ بەرلەزایین ئەوها نووسیوە:
"کوتی یەکان، لولوبیەکان، مێهرانیەکان، کاسیەکان (کاسپینەکان) ئیلامیەکان، هوریانیەکان.
هرودت مادەکان بە یەکێک لەو هۆزانەی بە حیساب هێناوە کە پەیرەوی"دیااکو"هەوەڵین پاڵشا، یانشاهەنشانی مادبوون لە حاڵێکدا کە مغەکانیش لە سەردەمی پادشاکانی هەخامنشی و پاشان بە مادەکانیان ناو لێهەڵدەدان. هەڵبەتە یەک یان دوو هۆزی دیکە،

بودیەکان(کوتیەکان)بوسیەکان(کاسەکان)دەکرێ لە ڕووی وێکچوونی ناوبۆچوونی دیرین ناسان لە ڕەدیفی مادەکان بە حیساب بێنین، بەڵام ئەم ناوەکانی دیکە کە هردووت هێناونی لەوانەیە بە قەومەکانی دیکەی ئیرانی پەیوەندی هەبێت و کوو پارسەکان، پارتەکان (پرتوەکان)باکتران(بلخیان)کە لە سەرزەمینی پاشاکانی دیکەی ماد، یانی خوراسانی گەورەو ئەفغانستانی هەنۆکە،بلوچستان هەتاسند وئیقلیمی فارس بڵاوبوونە. بەڵام هۆزی ماد لە سەر زەمینەکانی باشووری ڕۆژئاوو ڕۆژئاوای ناوندی هەتا باکووری ئیران یانی پاریزگای فارسیش بە پرۆچڕ نیشتەجێ بوون.

ئەم پرو چڕی کوردان یان مادەکان لە ئیقلیمی فارس زێدەتر لە سەردەمی هەخامەنشینیان و ئەشکانیان لە سەردەمی ساسانیانیش بە ڕادەیەک بووە کە چاخی سەرهەڵدانی ساسانیەکانی کورد ڕەچەڵە، گەلێک لە هۆزو تیرو عەشایەری کوردکان لە ڕوو بەڕوو بونەوە،یان لە ڕەخ و قەراخ شەرکەرانی ئەردەشیری بابەکان دەکرێ ببینین و ئەم چڕوپڕی و زۆری هەتا جێگایەکە،کە لە سەدەی چوارمی کۆچی لە فارسنامەی "ئیبنی بلخی" ئەوها لە زورایەتی کوردان لە فارس قسەگوتراوە کە بیروبۆچوون وایە کە ئەو پارێزگایە جێگایەک جگە لە ئاخیزگەی کوردان ناتوانێ ببێت.

کۆنینەناسان و دێرینەناسان و ڕەچەڵە ناسان لە دوو- سێ سەدەی زوو ئێرانیەکانیان لە لێکۆلێنەوەتوژینەوەی خۆیان بە سێ هۆزو بەرەباب بریتی لە مادو پارس وپارث ناو بردووە. بەڵام لە تۆژینەوەکانی دوایی لەوانە لە دایرةالمعارف ی بریتانیا چاپی1892 و کتێبی قەبەی مرۆڤ ناسی هنری فیلد، و شوێنی زوربە لە ڕەچەڵە ناسانی دەنگین،
ئەم چاخە دەبینین خەڵکی ئێرانیان بە سێ نەتەوەی کوردو باجیک و بلوچ ناساندوە.

لە سەرەوە سەبارەت بە بەشی هەوەڵ کوچکردنی کورد یان کوردەکانی ڕۆژئاوا یان کوردانی ئاگری(ئارارات)هەر ئەو کوردانەی کوتی(کاردوکان) لە هەزارەی سیوەم ودووەم قسەکراوە لە بەر دەوامبوون بە کۆچکردنی بەشی دووەمی کوردان کە بەئەوان کوردانی ڕۆژهەڵات یان مادایانەکانیان گووتوە،باسی لیوەدەکرێت.

بە قەرێنەو بەڵگەو متالایی و بەسەرداچوونەوەی کۆنینە ناسان وا وەدەردەکەوێ کە کۆچکردن و دەربەدەری کوردەکانی دەستەی دووەم بۆ دوو لایان بووە دیسان لە دوو بەش،یەک بۆ لای زاگروس و نێوان رودان و ئەوی دیکە بەپرۆچڕی لە سەرزەمینی نوێ بۆ لای ڕۆژهەلات و باکوور کە بۆ ئەو شوێنان چوونە و ماوەتنەوە.
هەروەک دێرینەناسان نووسیویانە گەلێک لەکۆچەرانی دەستەی دووەمی کوردان بۆ مازەندەران و خوراسانی گەورە چوونە نیشتەجێ بوونە و گەلێکیش لە ماوەی هەزارسال،سەردەم بەسەردەم لەگەڵ پارسەکان تیرەتیرە کۆچیان کردوە لە باکووری ئێران سەقامگیربوونە. لەڕاستیدا بەگشتی کوردەکان هەربەمجۆرەی کە هۆزەکانی دیکەی ئێرانی، لە تیپی ئەوان لە هەموو شوینی وڵات نیشتەجێ بوون.
بۆ نموونە کاتی هاتنی دوایین پاشماوەی بەشی دووەمی مادەکان بۆ باشووری ڕۆژئاوا،ئەو تیرەو هۆزانەی لە قەومی"پارسوا" کە لە نێوەڕاستی سەدەی نوهەم هەتا سەرەتای سەدەی بەرلە زایین لە

دەڤەرەکانی ڕۆژئاوای زاگروس دانیشتووبوون لە بەرامبەرپڕوچڕی مادەکان،ئەوناوچەیان بەجێهێشت ولە دەشتەکانی"ماهیدەشت" و "چیاکانی بەختیاری" و"شوشتەر"دانیشتووبوون.

مژینەناسان وکۆنینەناسان نووسیویانە کۆچکردنی بەشی دووەمی مادەکانی کورد،بۆلای ڕۆژئاوای ئێران بۆ زاگروس و دەوروپشتی دەجلەو فەڕات نزیکەی هەزارودوسەت ساڵ بەرلە زایین جلی کردەوەی لەبەرکردوە. مادەکانی کورد هەرچەند لەدوای دەیان سەدەنیشتەجێ بوون و مانەوە و لەو ناو دەڤەرانداخەڵکی هاووڵاتی وێیان لە خۆیانداتواندەوە بەڵام ناوی ئەوانیان لەخۆناو بەناوی ئەوان دەنگین بوون. ئەو هاو وڵاتیانەی کە ئەوکات وسەردەم بە"گاردو" و"کاردوا) ناویان دەبردن وبەرلەوان ئاشوریەکان لە وانیان باسکردبوو،چاخی واردبوونی مادەکانی بەهێزودەسەلات،ئیدی سەردەمی بەتوانایی ئەونەتەوە دوایی پێهات بوو کزببوون و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاران مادەکانی کوردیش و کاردوکانی مادی پێکەو ئاویتەی نەتەوەکانی کوردی ڕۆژئاوای ئێرانیان پێکهێنا. لە حاڵێکدا زوربەی هۆزەکانی دیکە لە قەومۆکانی کوردهەروا لە سەرانسەری ئێران نیشتەجێ ببوون و مابوونەوە.

هەڵ ومەرجی تازە لە ئیقلیمەکانی دوور لە یەک، لە سەر زمینەکانی نوێ کە مادەکانی مهاجری کۆن و نوێ هەزاران ساڵ بوو لە سەرانسەری وی مابوونەوە هۆکار بوو هەتا لە هەرجێ و شوێنێک لە پەیفینی ناوی کورد گۆڕانکاری و جۆراوجۆری لێ وەدێبێت.

هۆکاری دیکە بۆ گۆڕانکاری و بارەو بارپێکردنی ناوی کوردانە کە لە ماوەی سەدەکان و هەزاران ساڵ ئەم ناوە لە سەر زوانی هۆزەکانی دیکە وەکوو سومریەکان،ئاشۆڕیەکان، ئارامیەکان، و یۆنانیەکان، لە گەڵ پەیڤینەکانی جۆراوجۆر دەگوترێ کە وێنەکانی وێکنەچووی وی لە خوارەوە دەکرێ لە کۆ کردنەوەو هەڵسەنگان و شوێنی پێنوسی تۆژەران نیشان بدێن،ئەویش بە شێوەی لێکۆڵینەوە بە سەرداچوونەوە لەم کتێبە بە هێنانی ناوی هەر نووسەریك لە مەڕ هەر بابەتێک کە لە هەریەک لەوان بە لێگێڕدەراوە دواوین.

حامیدڕەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/9/28ی زایینی.

سەرچاوە:
وەرگێڕاو لە کتبی تاریخ سیاسی و جوغرافیایی خەلکی کورد.

**(43)**

## ئاخۆ بڕیارنامەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئیرانی تاساند؟ یان شاگەشکە، کرد؟

هەر چەند ئەگەر ئەو بڕیارنامە، شێوە فیڵی ڕووسیە و ئیرانیش بێ، یانی بۆ پێشگیری لە زەختی زۆتری ئابلۆقە بۆسەرئیران، ڕووسیە ملی بۆ ڕاکێشابێ، دیسان کەسایەتی سەرکۆماری ئیرانی لەمەڕ قسەکانی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەرپسیاردەکات، چونکە هەموو لیکدانەوەکان وادەنوینن کە قسە کانی توندو تیژو نەپالاوتراوی ئەحمەدنیژاد لە کۆمەڵگای نیو نەتەوەییی هۆکاری بڕیارنامەی ژمارە 1835ی 2008/9/28ی مسوگەرکرد، دەکرێ بە ڕاشکاوی بڵێین ئەمە وەلامدانەوە بە چەڵتە چەڵتەکانی ناوبراو بوو. یانی بابزانی ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەست نویژی قەست ونییەتی بۆشوشتووە، لە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی پێشتر حیسابی بۆ کراوە و دانەولغاوی تایبەتی بۆ هەسپی چەلاخی ئاخوندی دورست کراوە. دەتوانم بلێم ڕووسیە ویستی بە ناڕاستەوخۆ پێی بلێ بەرژەوەندی ڕووسیەو چین لە گەڵ لێکدانەوەکانی ئیران بە هۆگان دوورن و لە تێک وچڕژ بردنی بانی ماڵی ئوڕوپا، هاودەردن!، دەجا پێویستە کارگێڕانی ئێران ئەمە بزانن زلهێزەکان هەرچەند بۆخۆیان لە نیوان خۆیان دەمەتەقە و گیروگرفتیان هەبێت لە بەرامبەر سەردەمدارانی ڕۆژهەلاتی نیوراست لە پێش هەمواندا ئێران کە ئیستاش باج و خەڕاجی پاشکەوتوویی دەدن، خاوەنی یەک هەڵویستن! ئیدی پێم وایە وەختی ئەمە هاتبێ کە ڕیژیمی دیکتاتۆری ئیران بە سەر ڕابردوی بابردووی خویدا دابچێتەوە و لە کەلە ڕەقی و نەمژی و سەرەڕۆیی واز بێنێ و چیدی لە ئاشی سەرەوە زەوەڕ لێنەکات!

لە ڕاستید کارگێڕانی ئیران بە داکۆکی ڕووسیە ئەوها هاویشتوویانەتە سەرکەڵپان کە چ دانەولغاوێکی سەرکێشی پێی ناگەڕێتەوە، دەیانەوێ لەم هەلوو مەرج و بارودۆخەی هەڵکەوتوو یانی نیوان ناخۆشی ڕووسیەو ئامریکا و ئوڕوپا دەرفەت وەربگرن و لە ئاوی شلوێ ماسی بگرن،و بەرنامەی هەستەی خۆیان بە ڕاشکاوی بەردەوام بکەن، هەتا بتوانن ئامانجە گلاوەکانیان بە سەرەڕۆیی لە ڕۆژهەلاتی نیوەڕاست بە شیوەی تۆقینەری گەشتی و بۆسەرانسەری دونیا ڕەکێش کەن وبیروبۆچوونی خۆیان هەرنەبێ بەسەر شێعەکانی دونیا دابسەپێنن.

ولەلایەکی دیکە ئیران خەریکە بەوشێوەسیاسەتە لە ناوەخۆی ئیران بۆ وەتەنگ هێنانی بەستێنی سیاسی سێ چوقڵەی تەنگەژە بهۆنێەوە، و کەمایتیەکانی ئیران لە پێش هەمووان دا نەتەوەی کورد بە چاوو ڕاوو ترس و وەحشەت و سیدارە لە مافی ڕەوا هەرنەبێ بۆ سەردەمێک لاتەریک و دوورپەرێز ڕابگرێ و یان بە شوێن تێکردن لە بنەماڵەی سیاسی موزڕەت بەرن و لە کاکڵی حەسڵ زەبر وەشین بن، یان هەرنەبێ بارودۆخەکە ئەوهابشوێنن لە ناو فەزای خەفەقان بەرسینگە لە خەباتخوازانی ناوخۆی ئیران ببڕنەوە، ئەوانە هەموو خەیاڵی دەستەچنی داخ لە دلانی ئاخوندین لە پیلان، کە لە بەرنامە دایە، و بەم تەون وبەستە دەیانەوێ گورزی کاریگەری خۆیان لە بەدەنەی حیزبەکانی سیاسی بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوەشینن .

ئاخۆ ئەوبڕیارنامەیە فریودانی ئامریکایە؟ یان گورزلەئیران وەشاندنە؟

کارگێرانی ئیران، هەریەک بە شێوەیەک بیروبۆچوونی خۆیان کردۆتە هەوێنی گەرای داڕێژراوی شێوە ڕاگرتنی هەستەیی، مەسەلەن لە لێدوانی ئاغای سەعیدجەلیلی دەرەوی والێکدەدرێتەوە کە ئیران چاوەڕوانی دانیشتنی لە گەڵ 1+5بوو یانی مەبەستی وەخت کوژی نەبووە دیارە لاریجانیش بەبارێکی دیکەدا بۆنی گلەوگازەندەی لە1+5 هەبوو. بەڵام ئەوەی ئیکجارهۆی سەرسوڕمان بۆئیران بوو بەرخوردی ڕووسیە بوو کە هەتا دوێنی بە توندی دژی هەرجۆرە بڕیارێکی نێونەتەوەیی بۆسەرئێران بوو هەرچەند لە بڕیارنامەکەدا ئاماژە بە ئابلۆقە نەکراوە بەڵام نەفسی بڕیارنامەکە،ئەگەر لەڕاستیدا چ خزیو بزیەک لەنێوان ڕووسیە وئیران سەبارەت بەم بڕیارگرتنە تێدانەبێ دەبێ ئیران زورترخوف بکات کە بۆچ دەوڵەتانی 1+5 لە نەکاو ئەوکارەیان کرد،بەڵام ئەگەر ئەمەشوێنە ونکە بێ وبەواتەیەکی دیکە پیشگیری لە ئابلۆقەی قورس تربۆسەرئێران بێ، ئامریکازەبری زۆرتری وێکەوتووە! بەڵام ئەو بۆچوونانەش لە بەرچاو دوورنین چونکە لەزۆرشوێن سیاسەت یانی هوشیاری زەین و لەعەینی حاڵدا فیڵ لە لایانکردن و گەمە براوژو نیشاندان و دەست نەخویندرانەوەیە. دەجا دەبی بەینێک ڕاوەستین هەتاخۆیانی لێکدانەوەکان لە چەت و چاڵ پاک دەبێتەوە و بەردە بژێردەکرێ.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/9/29ی زایینی.

**(44)**

**ڕیژیمی گەندەڵی ئاخوندی،**

لە حاڵێکدا کە ڕێژێمی گەندەڵ و کورد کوژی کۆماری ئیسلامی بە زەق و زیندویی رۆژێ دەیان چالاکی سیاسی و هاواڵدەروو نووسەرو هەستیار دەگرێ و لە سێدارە دادە، هەتا ڕوحم بە کارگێڕانی حقوقی بەشەری کورردستانیش ناکات و زەبروزەنگ و ستەمی گەیاندۆتەو ئەوپەڕی خۆی و هێچکی گەیاندۆتە قڕقڕۆچکە، ئەو کوردانەی کە لە مەجلیسی کۆماری ئیسلامی ئاخوندی بێ چاو خشاندن بە کۆمەلکوژی و جنایەت و تاوانەکانی ئاشکرای ئاخوندی، داوای ئازاد کردنی بکوژێکی کورماری ئیسلامی بە ناوی (سەرتیپ پاسدارفەرهاد)لە مام جەلال سەرکۆماری ئیراق دەکەن،لە هەموو ئابڕوو کەڕامەتی ئینسانی بێ بەشن،پێویستە لێیان لە قاو بدرێ.

وەک دەزانن ئابڕوو کەڕامەت یانی خۆشناوی، ئیحتوبار، شەرەف ، بۆ ئینسان،کە بەرزترین پلەی ئینسانیەت و ترۆپێکی بڵیندو لوتکەیەکی سەر لە کەهکەشان خشینە، کە مرۆڤەکان بە گشتی بە دواییداعەودالن بەلام هی واش کەم نین کە لە هیچ و خۆرایی ئابڕوی خۆیان فیدای ماڵ و سامان و چەند ڕۆژ خۆش گوزەران یان مەگیرانی کورسی دەسەڵات و عافەریمی داگیرکەران دەکەن، دەجا ئەوانەی نەتەوەکانیان دەکەنە گۆشتی سەرچەپری مامەلەی ئەم و ئەو، بێکەڕامەت ترین کەسینی دێنە حیساب و سروشتییە مرۆڤی بی کەرامەت، شوێن تێکەری لە سەر بنەماڵەکەشی دادەنێت کە خەڵک بە چاوەکی بێ حورمەت ی وسوک و چروک هەڵسوو کەوتیان لەگەل بکەن و لێیان بڕوانن، پیچەوانەکەشی ئەو ئینسانانن کە ماڵ و ژیان و هەتا گیانی شیرینی خۆیان لە ڕێگای وەدەست هێنانی حسیبیەت و بەرز ڕاگرتنی شەرافەتی  خۆیان و نەتەوەکەیان بە سەخاوەتمەندیەوە بەخت دەکەن،  ئەوانیش جگە لە خۆیان ئەم ڕێزوحوڕمەت و ئیحتڕامە وەک میرات بۆ بنە ماڵ و نەتەوەکەیان بجێدەهێڵن و لەمێژوو دا بە نەمر حیسابیان بۆدەکرێ و خەڵکان بە ڕیز وئیحترامەوە لە بنەماڵەکەیان دەڕوانن.

کە وایە ئەو کوردانەی کە لە مەجلیسی کۆماری ئیسلامی داوای ئازاد کردنی کەچە پاسدارێکی بکوژ بەناوی فەرهاد یەکێک لە خوێنرێژانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکۆماری ئیراق دەکەن کە گۆیا ساڵێک بەرێ لە لایان ئامریکاوە لە سولیمانیە گیراوە،تکاکاریان بۆبکات، لە کەڕامەت و ئابڕوی کۆمەڵایەتی بێ بەشن، ئەوانە لەڕاستیدا نەک بێ ئابڕویی لەگەڵ خۆیان بەڵکوو لە گەڵ بنەماڵەو نەتەوەکەی خۆشیان دەکەن،،وەک نەمر دوکتور قاسملوو فەرمویانە: ( هەتامرۆڤ نەمرێ دورست نیە زەم و تاریفی بکرێ) بەڵێ ئەمە ڕاستە چونکە ئیمە بە چاوی خۆمان بینیمان زورکەسی خاوەن کەسایەتی کە خەڵک سویندی بەسەری دەخواردن و وایانلیهاتووە هەنۆکە لە پارەی چرووک بی بایەخ تر بوونە، هی واش هەبوون کە ناویان لە کولەکەی تەڕیش دانەبوو بەلام بە هۆی خزمەت بە نەتەوەکەیان و خووخدەی خۆشناوی و هەست و سوزی ڕاست بێژی  و بێ گرێوگوگۆڵی کوردایەتی، کەسایەتێکی هەرە بەرزیان وەدەست هێناوە، لە ناو جەماور کەسینی و شەخسییەتێکی بەرزن، دەجا بەو قەناعەتە دەگەین هەرچەند وەدست هێنانی کەسایەتی گرینگە بەلام پاراستنی لە وی گرینگترە، بۆیە نابێ خاوەن کەسایەتی گەمە بەو کەسایەتییە بکات کە وەدەستی هێناوە ئیدی هەسپی خۆی بە سەرەڕۆیی دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەکی تاو بدات،چونکە ئەو هۆکارانە کەسایەتی کەم نرخ و بێ ڕەنگ و هەتا بە یەکچەلی کاڵ دەکەنەوە،لە راستیدا ئەوانەی ئەوینی نەتەوەکانیان مەبەستەو پشت ئەستووریان بە بیروبۆچوونی خەڵک گریداوە لە سەردەنگی جەماوەر حیساب دەکەن بە مردوویش هەر زیندوو خاوەن کەسایەتین بەلام ئەوەی بۆ هەواوهەوس و کورسی دەسەلات و فەرمانڕوایی  سەرمەستن و لەمە کەلکی ناحەزوەردەگرن و شیرەشوانە بۆ داگیرکەران دێننەوە ئابروو کەڕامەتی خۆیان لە تەرازوی دەسەڵات ناوەو  مامەلەی پێدەکەن، جگە لەبەر پرسیار بوون لە بەرامبەر ویجدان،  بەدەستی خۆیان ئاگر لە کردەوە باشەکانیشیان بەردەدەن، دەجا ئەو فراکسیونەی کە لە مەجلیسی کۆماری ئیسلامی لە پاسداریکی لایانگر و پاکانە دەکەن و بۆ ئازادی وی لە جەلال تالەبانی سەرکۆماری ئیراق داوای ئازادی دەکەن، ئاخۆ دەبێ خاوەنی چ شێوە کەسایەتیەک بن، بۆچ داناڕزن و ناتوڵێنەوە نازانم!! (از کوزه همان تراود که دراوست.)ی

لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ئەوانە خاوەنی ئابروو کەرامەتی نەتەوەیی بوان، دەبوایە بە دەنگ هاو ڕەچەڵەکانی خۆیان وەچووبان کە لە بەندیخانەکانی جەهەنەمی ئاخوندی ڕۆژوشە لە ژێرئەشکەنجەدان و رۆژنیە دەیان و سەدان لە سیاسەتمەدار رۆژنامەوان و چالاکی سیاسی ودەمپاراو خەباتگیری کورد لە لایان کۆماری ئاخوندی گەندڵ و فاشیست بە تاوانی راست بێژی لە سێدارە نەدرین هەنۆکە بە سەتان و هەزاران لەئازادیخوازانی ئیران وکوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لەژێرئەشکەنجە جەلادانی ئاخوندی دان، ئەوە نزیکەی مانگیکە مانیان لە خواردن گرتووە بەڵام چ وەڵامێکیان پێنەدراوەتە! ئەمەیە مانای ئیسلامی شێعە کە بەداخەوە لە ئینقلابی 1357 هەزاران کەس بەو درۆو دەلەسانەی ئاخوندی  لە پیش هەمواندا خومەینی و ڕەفسنجانی و خامنەیی، گیانی خۆیان لەهیچ وخۆڕایی بەخت کرد و حکوومەتی شەیتانیان لە سەرگۆی زەوی دامەزراند زوحاکیان زیندوو کردەوە، دەجا ئەگەر ئەو نوینەرانی فراکسیون بەقەت زەرەیەکیان ئابڕوکەرامەت و خوێنی کوردایەتی  لە دەمارآندا جۆڵابواوە، دەبوایە قسەیەکیشان لە مەرئەو گرتن وکوشتنەی نیشتمان پەروەران وچالاکانی سیاسی و ئەو هەموو کەسایەتی و رۆژنامەنوس و هاوالدەرو کارگیڕانی حقوق بەشەری کوردستان کردبوایە، کە لە زیندانەکانی ئیران لە ژیرئەشکەنجە دان و هەروا دەستە دەستە لە لایان دادگاکانی نازی کە بە دەستی ئاخوندە گڵاوەکان هەڵدەسووڕێن و بە تاوانی راست بیژی حوکمی ئیعدامیان بەسەردا دەسەپیندرێ بەسێدارەهەڵداوەسرێن لە دەم هاتبوایەدەر!،ئەگەر پیشیانوایە کە ڕێژیم جەلادە ناکرێ قسەی لە گەڵ بکرێ، نەدەبوایە لەگەڵ ڕێژیمکی  ئەوهاخوێنرێژ هاودەست بوانە و سەخمەراتی ژەهرەمار کردنی  ئەو موچەیەی  بخور نەمیر، کە لە بەرامبەر بە ڕەوا زانینی خوێنی ڕۆلانی کورد وەدەگیرێ، چاوپۆشی کردبوایە، دەجابێگومان لەدواڕۆژدا پاکانە بۆ ئەو خەیانەتە گەورەیە ناکرێ! هەرچەند ئەوانە زۆریان دەگەرینەوە سەرفیڵبازی سەرکۆماری رەگەزکورد، و ئەمە فیتی ئەوە کە لە دوایی کۆبوونە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئەو گەلاڵەی دارشتووە هەتا لە لایان کوردەکانی فەراکسیون ئەوداوایەی لێبکرێ و خەڵک فیکری بە پێچەوانەی نەکەنەوە و گلەو گازندەی لێنەکەن، بەلام ئەوانەی مام جەلال دەناسن هەموو پیلانەکانیش دەناسنەوە. ئەوانە ڕاوێژو تەکبیری مام جەلە  بۆ ڕازی کردنی دڵی ئاخۆندەکان بە قەولێ شاعیری گەڵ مامۆستا عەولا پەشێو، کە" مەبەستی مام جەلالە لەبەرامبەر ڕاسپاردەکانی میرێ" کە فەرموویانە:

(چ مانەیکەم؟!
پێتان گوتم: شین بە! شین بووم
زەردبە - زەرد بووم
پان بە- پان بووم
خڕ بە- خڕ بووم
خاو بە- خاو بووم
دڕ بە- دڕ بووم
بقیرپێنە- قیرڕڕڕڕڕڕ... قیڕاندم
کڕبە- کڕ بووم
هێشتابەس نیە؟!......)

سەیرە مرۆڤ لاقی لە سەر لێواری گۆڕبێ هێشتا لە داو دۆزی و خەیانەت بە نەتەوەکەی لە دەهۆ وپیلان دانانەوە نەگەڕیتەوە! بەڵام کەسێک ڕوحم بەخۆی نەکات و شوێنی ژیانی خۆی لەگەڵ داگیرکەران بکاتە گەمەی مامەلەی بن دەست، چون دەکرێ چاوەڕوانی لێبکرێت! دەجا ئەی زانایان و رۆشنبیران و ئەی فرەزانایان و پسپۆرانی سیاسی ئەی کەڵە پیاوانی کوردستانی باشورکە بێگومان هیچ کامتان وەک وی فکرناکەنەوە بۆچ لێی ناپێچەنەوە هەرمەسەلەی نەگەڕانەوەی ناوەچەکانی دابراو، هەڵویستی سەرۆکانی کوردستان لە پێش هەمواندا ئەو کابرایە، دەبێ ئێوەی هێنابیتە سەرئەو قەناعەت کە لەمە زێدەتر بێدەنگی!! لەوانەیە کوردستانەکەتان لە پەڕو پۆ بخات، ئەوانەی کە شێعە بە پشتیوان و بڕبڕەی پشت دەزانن هەڵبژاردنیان بە سەرۆکایەتی کوردستان لە بەغدا،بەمانای پەز بە گورگ ئەسپاردنە!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
2008/9/5ی زایینی.
سیدنی ئوستەڕالیا،

**(45)**

### لێکدانەوەکی سیاسی لە مەڕهەڵویستی ئامریکا و ئیسرائیل سەبارەت بە ئێران،

ئێستا کە ئەوە دێ سەردەمی بووش دوایی پێ بێ، و زەخت و فشارلە سەرشانی ئێران کەمبۆتەوە هەرچەند هەڵس و کەوتەکانی رۆژئاوو ئامریکا بە شیوەی تیئۆری لە هەموو بارەو چڕو پڕو خێرا بوونە، وا دیارە شتێک بقەومێ یان خەریکن لە قەومانی شتێک پێشگیری بکەن، یان هەر نەبێ بە هەلوو مەرجی بسپێرن ،وەک دەزانن ئەو دانیشتنانەی دوورو درێژی "خاویارسولانا" بەرپرسی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکیەتی ئوروپا، کە هەودای بۆ ریسەکی گشتکراو بە دەست بوو، بە هۆی داکۆکی ڕوسییەو چین لە ئێران، هەر وا بە خاوی ماوەتەوەو هەتا بە هوریەی سەرتەشی سیاسەتی هیچ کام لە خوازیارانی هەلاوەسێن(تعلیق)ی پێتاندنی ئۆرانیوم نەگۆڕاوە، هۆکارەکانیش دەگەڕێنەوە سەر سیاسەتی ڕوسییە،کە دەیەوێ دەستی ئامریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کورت کاتەوە و "بەرگن و لوای" ئیران بۆ خۆی خاوەن بێ! دەجا وا ئاکامی لێوەردەگیرێ جگە لە تەفرەدان و وخت کوشتن چی تری بەرهەم نەداتەوە،کە پیکانی ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئیرانە، کە هەرجارێ بە شێوەیەک گنخاندویەتی و دەیگنخێنێ! چونکە ئەگەر زەبروو زەنگی کۆماریخوازان بۆ هەڵوێزرانی پێتاندنی اورانیوم لە بستووی دەسەڵات نەدیوە بکەوێتەوە، ئێران کە لە سیاسەتی چەورو شیرینی دێموکراتەکان دڵنیاترە بە تایبەت بە "ئۆباما" کوڕی کابرایەکی موسڵمان پشت ئەستورتردەبێت، کە ئولکەی ڕەخساوی بۆ هەموو تەقڵەو ڕمبازی و جلێت لە بەر دەستە،ئەوسناریوی

ئیرانیش بۆ ئامریکاو ڕۆژئاوا ڕۆن بۆتەوە بەلام بۆنی نەوت هیشتا لە بن لووتی ئوڕوپا دێ و نایانهەوێ ئیران بە یەکچەلی بکەوێتە باوەش ڕوسییە، بەلام مەسەلەی کەلک وەرگرتن لە هیزی نیزامی هەرچەند بە هەموو لێکدانەوەیەک مونتەفی بووەوو لاچووە بەلام ئیسرائیل لە مەترسی دایە، چونکە گومانی دورست کردنی بۆمبی ئاتوم لە ئێران دوور لە هەتەری چاونییە، هەرچەند لێکدانەوەکانی فرانسەو ئیسرائیل وهەروا دەزگای موخابیراتی ئامریکاو وەک یەک نایخوییننەوە، دەجا ئیسرائیل یان دەبێ حازر بە لە ناوچوون بێ، یان دەبێ بەر لە وەی ئیران ببیتە حکوومەتێکی ئاتومی پێشدەستی بکات، ئەگەر قسەی هیندیک لە کارگێڕانی پایە بەرزی ئیران لە ڕێکەوتی 9/4 2008ی زایینی هاوکات بە وردی شۆوو وەرد دەینەوەو سێ گاسنە بکەین بە ڕاشکاوی دەمیان بەمەدا هیناوە ئەگەر هیرش بۆ سەرئیران بکرێ شەڕی سێهەمی دونیاگری لێدەکەوێتەو، مەسەلەن "مەسعود جەزایری" جێگری فەرهەنگی و پرو پاگەندەو بەرگری ستادگشتی هێزە چەکدارەکان گوتوویە: هەر دەستدرێژیەک بۆسەرئیران دەست پێکردنی شەڕی دنیاگرە! هەروا "ڕەمەزان شەعبانی" جێگری ئیدارەی سیاسی سوپاپاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی دەلێت: (300)هەزارکەس لە هێزەکانی ئامریکاو ئوڕوپا لە سیرەی چاوەدێری کۆماری ئیسلامیدان و ڕۆژئاوا دەزانی ئەگەر دوژمنایەتیەکە بەردەوامکەن و مافی میللەتی ئیران لە بەرچاونگرن چارەنووسێکی نکبەتبار چاوەڕوانیان دەکات. بە دەمداهاتنی ئەم قسانە لە زەمانێکدا شتێکی لە خۆڕانییە ئەمە مانایەکی تایبەت دەبەخشی و وا دەنوێنێ کە لە لایان رووسیە ئەو متمانەیە دێنیتەئارا کە ڕووسیە بەلێنێ پتری بە کردەوە بە ئیران دابێ یان بۆمبی لە ئیختیارنابێ،و مەسەلەی موشکی 1س (300) بۆخۆی شایەدی لە سەرئەم مەسەلە دەدا،بە تایبەت لە بەردەست نانی موشکی رادارب‌ەئیسرائیل لە لایان ئامریکاوە لەگەڵ پسپۆرانی سیاسی نیزامی ،شێوەی شەڕەکە دەگۆران، دەبێ بڵێین شەڕی نێوان ڕوسیەو ئامریکایە! نەک ئیران وئامریکا!!،کە ئیسرائیل بۆتە ئامانجی پێشەکی ئیران،بەلام لە ئاقل بەدوورە ڕوسییە خۆی تووشی شەڕ لەگەڵ ئامریکابکات چونکە بارودۆخی روسیە لە مەڕ ئابووری لە هەڵ و مەرجێکی ئەوهادا نییە، دەجا شەڕە زرینگەرکەیە بۆ زێدەپارو،ئەوە ئیستا رووسییە کە کارتی بەرەندی ئیرانی بە دەستە بەلام چلۆن بەچ شیوەیەک لەگەل ڕۆژئاواو ئامریکا پێکدێت و ئەوگویچەی ئەو دەیهەوێ دەبی زۆرمەزنتر و زیدەترلەو مامەلەی لە گەڵ ئیران، نەک بۆ سالێک بەڵکوو بەسالانی دووردریژ لە بەرچاوگرتووە، ئەو جارئەو مادەییەی کە لە لایان ئیرانەوە ئیجازە بە ڕووسیە دەدا کە پێ لە خاکی ئیران بنێت بە قوەتی خۆی باقییە،قسەکانی ئەحمەدنیژاد کەلک وەرگرتن لەو مادەیە، ئەمە دەسلمێنن کە دەستچنی ئەو بابەتانەن کە ئیستا لە بەرچاوەن،و بی ڕازی بوونی ڕووسیە ئیمکانی هیرش کردنی بۆسەرئیران ڕەنگە بەرەبەستی زۆربن،چونکە بە پیی لێکدانەوەی کارشناسانی نیزامی ئەگەر ئیران ببێتە خاوەنی اس300 لیدانی زەحمەتە ،ئیستاکۆی ئەو قسانە کە لە بەردەستن ئیران بێ هیچ مەترسی وتەوەژمی هیرشی نیزامی خەریکی پێتاندنی ئورانیومە. بەلام بۆ وەشاردنەوەشی بە پڕوپاگەندەی ئیسلامی بە دوایی شوینە ونکەدا و دەیان دوولایی دەکات زورشوێنی هەزارەی پێکهێناوە کە هەتا پێشوینی بۆ تەماڵ لە سەرلیدان نەدۆزریتەوە. چونکە ئیسرائیلیش جیالە ئاسمانی تورکیەو ئیراق و ئازەربایجان شوێنی تر بۆ هیرشی عاسمانی شک نەبات کە دیارە ئامریکاش بەهۆی هیرشی موشکی ئیران بۆ سەرپایەگاکانی ڕیگانادا، شیعەکانیش لە هەموو لاوە هاوپەیمان ئیران و هاو بیرو بۆ چوونن ئەو هیرشەیان نامکین کردوە. دەجادوایی تەواو بوونی حکوومەتی بوش،پەیمانێکی سێ قولی لە نێوان ئیراق و سوریەو ئیران هەست پێدەکرێ، دوورنییە

تورکیەش بەشداری تیدانەکات، چونکە ئەو پەیمانە بە کوردەکانی ئەو ولاتانیش مەترسیەکی گرنگی بۆ سەرکوتێکی دوور و دریژ خاین لێ چاوەڕواندەکرێ کە دەربڕینی ڕەزامەندی کوردی باشوریش تیدا وەبەر چاودەگیرێ، چونکە سەرۆکانی کوردستانی باشوور وایان نەدۆڕاندوە جێ پێیەکیان بۆ دەسەڵات هەڵس و کەوت و بیروبۆچوونی ئازاد لە دەستووری ئیراق هیشبێتەوە، هەرچەند هیوادارم ئەو لێکدانەوانە جلی کردەوە لەبەر نەکەن بەلام لە چاوگەی هەتەری چاودا نزیک دەبیندرێن!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/10/8ی زایینی.

**(46)**

## سەت ڕەحمەت لە کفن دووزی هەوەڵم لێ بۆتە خەیاڵێکی ڕۆژانە:

لە سەردەمی پاشایەتی کە خەڵکی چەوساوە و بێ دەرەتانی ئیران، بە تایبەت خوازیارانی ئولکەی سیاسی و ئەویندارانی ئازادی لە پیش هەمواندا نەتەوەی کورد، لە بەر زەبروزەنگی ڕیژیمی پەهلەوی پشوویان بۆ هەڵنەدەکێشرا، بە درێژیایی زیدە لە نیوسەدە بوغزو کینەیان پەنداوی داوەو لە پۆنگژاویدا شەپۆلی لێهەستاو سەر ئەنجام بەرەگەکان شکان و بوو بە لێشاوێکی مەزن و لێمشتیکی بەرفرەوانی وەڕێخست کە دوایی تێک وەرپێچان و هەڵویزانی تۆماری پڕ لە نگبەتی حکوومەتی سەرڕۆی شاهەنشاهی و دەرپەراندنی فیرعەونی سەردەم و ئێعدام کردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەنگە جۆیەکیان لە سەر ئاخۆری پاشا چرتاند بوو و تەفرو توناکردنی هەموو شێلگەو بەرەگەو تیکدانی ئۆرگانەکان و گۆڕانکاری داهێنان بەسەرهەموو بانوو و باویشەو هەورازو لێژو خڕو دۆڵ و گەووەو بەرپاڵ نیزار و بەرزایی و نەویایی و پانەگۆڕاو گەوو پێچ و ڕەندۆڵی سەرەرۆیایی شاهەنشاهی، ئینقلابی پاوانکراوی ئیسلامی خۆی تێدا دۆزیەوە، کە هۆکاری توندوتیژی ساواک و هێندیک کارگێرانی ناوچە و غلۆربوونی (محەممەدڕەزاشاه) بوو. ئەگەرساڵەکان دابەش کەین لە نێوان رۆژکانی سەخت و سەخڵەت و ئارام یان خەفەقان و تەنگە نەفەسی و پشووهاڵماوی بە سێ ئاکام دەگەین:

مەسەلەن سەردەمی ڕەزاشا: وەک دەگێڕنەوە توندوتیژی بەوپەڕی خۆی گەیووە بەلام نەک هەڵسەنگان لە تەرازوی کۆماری ئیسلامییدا، تەنگەژە لە سەردەمی ڕەزاشا کە(پاڵشای) ئیرانێکی پاشکەوتوو بوو بە کودتای (سەیدزیییائەدین تەبەتەبایی ) دەستیی پێکرا، بەلام ڕەزاشا،خیرا بەرهەمەکەی قوزتەوە یانی ڕۆژدوایی کودتا ڕیکەوتی سێهەمی خاکەلیوەی

1299هەتاوی،(سەیدزیائەدین تەباتەبایی) بۆ فەلەستین دوورەخستەوە و خۆی بەسەرۆک وەزیران فەرماندەری گشتی ناساند لە ڕاستیدا ڕەزاشا،دەیەویست شوێنی پاشایەتی لە ناو بەرێ و ئیران بە شیوەی کۆماری بەرێوەبەرێ بەلام بارودۆخی ئیران خوازیاری بارەگای پاشایەتی بوو.
سەرئەنجام وڵات لە ژێرپێی چەکمەی نیزامی ڕەزاشایەکی نەخویندەوارو گەلحۆ کەوتە لەرزین،ڕەزاشایەکی کە ئەلف و بێتکەی نەدەزانی! و مانای قسەی نەرم و دیموکراسی لە جولبندی ویدا شوێنی نەبوو. ئەوجار ئیرانێکی ڕووت ڕەجاڵ و پادەگانەکانی نیزامی لە ژێرچاوەدێری ئینگلیز، بەلام ئەوەی ڕەزاشا،توانی بیکات سەرکوتی شوڕشگیران لە سەرانسەری ئیران لە سەرداری جەنگڵ بگرە هەتاسمائل ئاغای سمکۆ،هەژاری و بێ دەرەتانی خەڵک و ڕوتاندنەوە و زەوت کردنی مڵک و ماڵ و تاپۆکردنی بەناوی خۆی، بە تایبەت کورد لە ژێر تەوەژمدابوو چونکە سیاسەتی ڕەزاشا، کۆپی سیاسەتی "کەماڵ ئاتاتورک" بوو یانی قەڵت و بڕی ئازادیخوازان و سەرکوت و هەتا تواندنەوەی نەتەوەی کورد بوو، بۆیە پێچی و کلاوو جل وبەرکوردی یاساخ کرد بەلام بەر لە بە ئاکام گەین دەسەر پیلانەکانی خۆی گەڕا، دوایی شانزدەساڵ خۆداسپاندن بە هۆی شەڕی دووەمی جێی پی لێژ بوو لە25ی شهریوەری 1320 وازهێنان لە سەلتەنەتی ئیمزاکرد، بۆ "دوورگەی مۆریس" ولەویڕا بۆ" ژوهانسبورگ ئافریقای باکوور" دوورخرایەوە،شەهنازی کچی و جەمی زاوی کە دوایی بوو بە ئەرتەشبود لەگەڵ بوو لە ئاکامدا دوایی ساڵ و نیوەک لە وێ مرد.

محەممەد ڕەزاشاش کە کوڕی ئەو دیکتاتورەبوو یەکەمین گوزری لە بە دەنەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران وەشاند یانی هەرەس هێنانی کۆماری مەهاباد لە سیدارەدانی ثیشەواقازی محەمەد و قازیەکانی تر، و هەر واهەڵس و کەوتی کارگێرانی حکوومەت لە گەڵ خەڵک، بە ڕادەیەک ناحەز و توندو تیژ بوو کە ژیان لە هەموو کەس تاڵ بوو، دوایی کودتای شا دژی موسەدیق لە1332ی هەتاوی زۆرتر وەتەقڵە کەوت بە هۆی کودتای ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم لە1958ی زایینی و گەڕانەوەی بارزانی لە یەکیەتی سوڤێت وسەرئەنجام شوڕشی ئەیلوڵ بارودۆخ گوراو دابەزینی "ئیسلاحات ئەرزی" و دانانی" ساوک" وحیزبی "ڕاستاخیز" هەل و مەرجێکی دیکەی هینا ئارا، هەتا ڕووخانی،لە1357ی هەتاوی. بەلام لە سەرتاسەری حکوومەتی محەممەدڕەزاشا،لە سەرئەوهەموو دەنگۆی توندوتیژی پیموانیە ژمارەی ئیعدام کراوانی سیاسی و شرت و گۆم و بە پیلان کوشتن خۆی لە هەزارکەس دابێ! هەتا ژمارەی زیندانیانی سیاسیش نەدەگیشتە(5000).

بەلام کارنامەی کۆماری ئاخۆنەی لەماوەی (30)ساڵ:

ئەو ڕیژیمە چەپەڵە نگریسە دەو پەلە پەلەدا کە هەستی خەڵک وەک ئاوی قژقژ کوڵیوی مەنجەڵی لیهاتبوو بەلێواریدا دەڕژا، قانوونی سەدەکانی قرونی وستای، بە ناوی ئیسلام لە پارڵەمان گوزراند، وەک ئامازەم پیکرد چونکە کەس هەستی بە قەبزە کردن و پاوانکردنی ئیران بە دەستی ئاخوندەکان نەدەکرد بەتایبەت زورایەتی ئیران بریتی لە شیعە سەڵاوتیان لە بەژن و باڵای خومەینی لێدەدا و بە محەمەدی مەهدیان دەزانی بە هەموو جۆرە شیکردنەوەو گۆڕانکاری و پڕوپاگەندەیی ئیسلامی و شیوەی بەریوەبردنی مەملەکەت لە ژێرسێبەری خومەینی ملیان ڕادەکێشاو لە بەیکیان

دەگوت،دەدجالەکاتیان کەلک وەرگرت و بۆ دەست بەسەرداگرتنی هەموو ئورگانەکانی گرینگ دەست بەکاربوون، ئەوەی کەسانەی کە لەدوارۆژ لێیان دڵنیا نەبوون هەریەکە بەرچسپاێکیان لیداو بە تاوان جۆرەمارکیکی نائیسلامی لەولات دەرپەڕاند، ئەوحیزبانەی کە بە ڕەوالەت ئازاد کرد بوون لە ئولکە حزوریان هەبوو یەک یەکوو دوو دوو هەڵوەشاوەڕاگەیاندن و بە وەرێخستنی شەڕی ئیراق ونیڵ دانی توندوری خەرافات و دەستەواژی (ئیسلام لە مەترسیدا) هەموو ئامانجەکانی گڵاوی خۆیان پێکان، دوایی دەرپەراندنی سەرکۆمار بنی سەدەر،ئاخوندەکان ئورگانیکیان بەتەواوی پاوان کرد، هەر لەو گەرمە گەرمەدا بۆ پێشل کردنی مافی گەلی کورد پیلانیان داڕشت کە گێرانەوەی لە حوسەلەی ئەم نووسینە دانیە، هەر لە هاتنە سارکاری ڕیژیمی فەسادی ئاخوندی لە شەڕی نەغدە 360کەس کوژرا و زیدەلەو ژمارەیە لە گوندەکانی قەڵاتان وقارِنە و... لە مالی خۆیان بێغانی غەرەز شەهید کران،لە گەمارۆ سنەو سەقزو بەهەزاران کەس شەهیدو هەزاران دەست بە سەرو کاول و ویرانی کوردستانی ڕۆژهەلات بە تایبەت لەکاتی شەری سێ مانگەو فتوای جەهادی خومەینی زۆرلە(25) هەزار خەلکی ئاسایی وەبەرهیرشی ڕەجاڵە کەوتن و بە شیوەی شەرتووگۆم و بێ سەرشوێن و تیرور لە سەردەمی رەفسنجانی زیدەلە(500)کەس،لە دوایی وی ئیعدامەکانی زنجیرەیی هەروا لە مجاهد خالق زورترلە(10000) ئێعدامی بە کۆمەڵ و جگە لەمانە هەمووسالێک (350)هەتا(400) کەسی ئێعدام کراوە، کە رەقەمی( 11000) پێکدێنن، ئەوانەی لە ژیر ئەشکەنجە گیانیان لێ ئەستاندراوەکراوە بێ سەرۆشوین بوونە زیدەترلە(2000) بووە دەجالەشەڕی ئیراقیش یک میلیون کوژراو(70000)هەزار نەقوستان، ئیستاش (هەر بە قسەی ئەحمەد نیژاد(6000)کەس خۆی بۆ تەقینەو ناونووسی کردوە، نزیکە(300)کادری حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئیران لە قوڵایی کوردستانی باشوور بە دەستی ئیستخباراتی ئیران تیرور کراوە،هەنۆکە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شارەکان بە تایبەن چوارپاریزگای کوردستانی ڕۆژهەڵات بریتی لە" کرمانشاە" ئیلام" سنە" وورمێ"دارمشت و لە زیندانیانی سیاسی جمەی دێت، ئیعدامەکانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەلاتیش هەموورۆژ بەڕیوەدەچێ! بە وانەش بڕیان نەشکاوە دەیانەوێ بە وەدەست هێنانی بۆمبی ئاتۆم،شێوە و ڕەوشتی کوشتاری خەڵکی کوردستان زۆر دڕندانەتر لە سەدام حوسین بەریوەبەرن. ئەوانە لەجێی خۆیان تیرۆری ڕیبەران کورد زەبرەکی گورچوو بری لەگەلی بەشخوراوی کورد دا. هەنۆکە لە ڕیژیمی ئاخوندی زیدە لە چوارمیلیون ئیرانی هەتڵەو هەڵوەدان و لە سەرانسەری دونیا بەشیوەی پەنابەری سیاسی لە دوورخراوەیی داژیان تیپەڕدەکەن!!! لەماوەی (30) ساڵ هەتا تاقە جارێکیش لێبوردنی گشتی ڕانەگەیاندووە. وکوردستانیشی بە یەکجاری کردۆتە شوێنی پایەگاکانی نیزامی هەتا پەلوو پۆی بە ناو خاکی جینارەکانیش هاتیشتووە لە ولاش ڕاوی ئەم نیچیرانەی بۆ دەکەن، جگە خۆتێهەڵقوتان لە ناو هەموو حکوومەتەکان و پیکهینانی تەشکیلاتی تروریستی لە سەرانسەری دنیاو بەخیوکردنی هەموو ئیسنان کوژوخەراپکاریک، هەرسالانە(300)میلیون دوڵار موچەی (50)هەزار چەکدارانی حیزبووڵای لنبانە،کە گویا بەناوی داکۆکی لەئیسلامە، بەلام عەرەبی هاولاتی خۆی لە خوزستان بە تەووای سەرکوت کردەوە وسێدارەی بۆچەقاندوون!! ئەمانەن ڕەمزی خۆڕاگری حکومەتی خوێنڕێژی ئاخوندی!

حامیدرەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەرالیا 0

2008/10/9ی زایینی.

**(47)**

**ڕەوەی گورگە شینەکان،**

بە تێکڕایی کارگێڕانی، یانی ئاخوندە شێعەکان، ڕەوەی گورگە شینەکانن! چاوەڕوانی کشانەوەی گزنک دەکەن! کە هەڵویزراو تاریکان و بولێڵی ڕەش زەفەربڕ بوو! کۆمەل کۆمەڵ لووت لە ئاسمان دەلورێنن، بە هەرلورە، بەژنی تاسەو ئاواتەکان لە بانی عەرشی رووی ئەوین، لە دڵی بێگەرد، دەتارێنن! بەسیفەتی شەیتانیان هەست و بڕی ئارزوەکان بە دوژمن خۆ دەزانن،پێ لە سەرجەم بوچوونەکانی ئینسانی خودا پێداو، دەخشینن!!!

شەمەندەفەر، لە ڕێدایە، قەتاری ڕووی چەوتەکاری و دەستی نگریس، کۆمای هەموو لۆدەکانی بەبادا‌کرد،لە ناو مێشکی ڕزیو پتر لە گەندەڵی، تیانی خوێن لە سەر سێ کوچکی ئاخوندی بە فووی شەیتان لە کوڵدایە، پڕیشکی بیبەزە دەدا و ئاورینگ دەپڕژێنێ، دنیا لە شەڵتانی خویندا، هێشتا دەڵێن کەمە،کەمە! چونکە بەخوین لەڕۆیندا کە خوین نەبێ ڕادەوەستێ! سروشتیە لە کارگای بۆچوونی وان، لە هەریمی دستکردی وان، بە ئەجمەعین هەتا کوو دێ کە بوەستێ!

دەجاکۆماری ئیسلامی ڕەوەی گورگە شێنەکانن،هەنۆکە بەڕەواڵەت، جلوو بەرگی مرۆڤانیان لە بەرکردوە، دەنا یەقین نە ئینسانن، سەرشوانەکانیان هەموو لە بستوویی پاوانخوازیدا، هەستی گورگی ڕۆژ تارانی شەوهەوێنن،ڕاست بە شێوەی گورگەکانی برسی وهاربوو لە زستانی زەمهەریری بە جلورە، بە شەو ڕۆژ دەم داپچراوی سویی خوێنن و لەو دیوی بەستوەکانیش دەیان گورگی دەچاوزیتی ددانگڕی لێی مەڕبۆوە دەمڕێنن، ئەوەی ئاوای بەستوو ببێ لە سێرەی چاوی زیتی وان قوتاربوونی نییە ،هەموو شەوێ زەگی دەیان ڕۆڵەی ساوا هەڵدەدڕن، سەری سەدان گوڵی هیوای گەنج و لاوی باخچەی سەوزی ڕووی ئازادی لە کوردستان بەهەڵپسان هەڵدەبڕن! ئۆلکەیەکی بەرفرەوان، بەلام هەمووڵایەک، هەویزی پاسەوانانی گورگە ددان تیژەکانن، بە تێڕۆ هاتن و گرتن، بە قەڵت وبڕ، ڕوحم بەکەس نەکردنیش، بێ هاوتایە، کە شەوهات و زرینگاوە،ئەوان بەکۆ سەماکەری داخ لە دڵی ڕەنگ ئاسانە، گویچکەی چ دەنگ بۆ ڕاگرتن بەدی ناکەم، لە هیچ قوژبن لەم دنیایە،،کەس یاری بارکەوتوو نییە، شیوەن و شەپۆر هیندە زورە کەس لە بەردەردی خۆی ئاگای لە دەردی دەروجیران و هاوسێ و دۆست و هاڤاڵ نییە، داری خوێنڕێژ گولی خوێناوی کردوە، بە سوزە بایەک گەڵای تەری هەمووداریک هەڵدەپروکێ،لە دڵۆپەکان دەشت ودەون شەپۆل دەدەن، بە سیاقە جەمەد دلی ئازادیخوازان بە تەختە سەهۆڵ دەبەستن، ئەمە بەکۆ کارەساتی دڵتەزینی شیوەی گورگەشینەکانن، ئیستا ئەی گورگی چیاو دوڵ، من مەبستم ئێوە نەبوو ئەنگۆوانین! ئێوەی وحشی لە قاقڕەو لە

بەرەهۆت، لە ئاخوندەکانی خوین خۆر و دەست بەدەستنویژ بە روحم تر و بە کەڕامەتترو هێورترو لە بەدڵپاکترلەشەوێنن!

وەک دەزانن هەمووکارگیرانی ئاخوندی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مەڕ کوشت وکوشتارو بی بەشکردنی خەلکی ئێران بە تایبەت نەتەوەی کورد بێ تەوفیر وەک یەک فیکردەکەنەوە، چونکە هەموویان خوینکاری قوتابخانەیەکن، ئەو قوتابخانەیە، باسی ئازادی و سەربەخۆیی تێدانییە، هەموویان دابەزاندنی بەرمانەی خوشبەختیان بۆ ئیرانیەکان بە قسەیە، نەک بەکردەوە، ئەگەر بە سەر ئاخافتنەکانی خومەینی دابچینەوە ئەگەر وتەکانی بە ئیستلاح ئیمامی ئۆمەت بە وردی سنگ وسوژن بکەن، ئەگەر بەرژیەوەندییەکانیان لە داشگیرو بێژینگ بدەێن، ئەگەر لە سەرتەتەڵەیان دارو بەش کەین، هەمموو کۆی قسەی ڕووتن(مامۆستا قانع گوتەنی: ئەو هەموو مەجلیسە بۆ کورد دەیگرن - هەرقسەی ڕووتە قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە) بەڵێ ئەو دەمهەراشیەیی کە ئاخوندەکان عادەتیان پێگرتووە و بۆ گوێدرانی بەرەڵلا دەکەن و دەیان لکی لێدەکەنەوە دەیهێننەوە سەر ڕیوەشوینی ئیمامەکان و شێعەی مەزلوومی پێ دەگریان دەخەن، جیا لە پرو پاگەندو فریودان و شیرە لە سەری ڕەجاڵە هەڵسوتن، بەرهەمەکەی بە کردەوە لێ نەکەوتۆتەوە، بۆیە وەک ئامازەم پێکرد هەموو ئاخوندەکان لەم بارەو بی تەوفیرین و ڕەش وسپی لە کاویژ کردنی ڕیوایەتەکانی کۆنی ئیمامەکان و شیکردنەوەیان چەنە درێژ و زۆربلێن! هەر بەوقسە بێتام و بێ ناوەرۆکانش توانیویانە بە درێژیایی میژوو جامینخوازانی شیعە وەک گۆلکی شیرخۆر لە دورەی خۆیان کۆکەنەوە،هەرچی بیانهەوێ پێیان بکەن، جار کورە گوێیان بکەن جار ببنە بانۆک و بییانبانننەوە، ئەو قسانەی ئەوان کردویان ودەیکەن هیچ کامیان ڕیگابەرەوە ڕەوتی کردەوە نابن و دەرگای عەمەل پێکردن ناکەنەوە، کەسیش لێی نەپێچاوەتەوە، ئەگەرئەو قسەانە 20لەسەت جلی کردەوەیان لەبەرکرابوایە، دەبوایە ئەوئیسلامەی شیعە هەنۆکە یەکەمین وڵاتی پێشکەوتووی جهیان بوایە، خەڵکەکەی لە ئاسایش و تێروپڕی لە زارو زوانی دانیشتوانی دنیا بوایە!
ئەوەتا خامەنەیی دورۆژ پێش لە مەر فەلەسەتینیەکان قسەی کرد، چەند جارئیسلامی ئیسلامی گوت ئەدی بۆچ لە عەرەبی خورستان نادوێ! دەبا ماڤی ئەوان بدات ئەگەرخەمخوری عارەبە، بالەکوشتن وگرتن ولەسێدارەدانیان دەست ڕابگرێ،هەروا لە مەڕ سوننە قسەی کرد ئەگەرراست دەکات چاوپۆشی لەمە کە لە قانوون ئەساسی هەمموو شت پاوانی مەزەبی شێعە یە، ئاخو لەو هەموو ئورگانانە لە مجلیس خەبرەگان تەشخیشی مەسەحەت و لێژنەی وەزرا،و پاڕلمانتاران بە تێکرای مێشک شۆراوی ئاخوندی شێعەن،هەتا تاقە ئایەتوللەیەکی سوننەی تیدا وەبەرچاو ناکەوێ! کە وایە ئاخافتنەکانی خامەنەیی ودەست ودەیارەکەی فریوودانی خەڵکە!!

ئەوجار با بزانین ئاخونەکان لە ماوەی سی ساڵ دەسەڵاتی بێ ئەم لا ئەو لاو و دەست بەسەرداگرتنی ئێران و وڵات پاوان کردن، بە کردەوە چیان کردەوە، چاو بە شارەکان دابخشینین، بە دێهاتەکاندابخشێنین، بە شەقامەکاندا بچینە خوار، بە کوچەو گەڕەک و کۆڵانەکانی خۆڵاویی و تۆزاویی و قوڕو چڵپاو کەنداڵ کەنداڵ و جادەکانی شەقار شەقار و پینەو پەڕۆ کراو بچینەخوار، لە قوتابخانەکان و دانشگاکان و لە قوتابیەکان بڕوانین، لە بیمەی خەڵک لە بەڕیچونی خەڵک و لە هەرزانی و گرانیێ بڕوانین! پیمان ناڵێن بەو هەموو پارەیە چیتان کردوە،ئەو پارەیە هی میللەتی

ئیرانە نەک هی کۆمەڵە ئاخوندیکی خوێنرێژ کە بە ئیشتاو مگیزی خۆیان تەخشان پەخشانی پێ بکەن ! لە بیمارستانەکان بڕاوانین کە بۆ هەمووەردیک قورسیکی هەیە، لە نەخۆشەکان بڕوانین کە لە سەر زیلووشڕەکانن لە پەتوە کۆنەکانی چڵکن دەخەون، لەکەل و پەلەکانی پیشکەوتووی، دەرمانی نەخۆشان بڕوانین، هەموو ژەنگاوی بوونە،لە پارکەکانی بۆگەن و ناوشارەکان،لە کاوڵ و وێرانەکان لەزگی برسی و سەف و ریزی مەعتادەکانی لە هەمووشارەکان لەزیندانەکانی پڕو لە بەرفرەوانی گۆرستانەکان! ئاخر چیتان کردوە بە کوێتان هەڵبڵێین نازانم چلۆن خەجالەت نایانگرێ لە شەرمان نامرن کە خۆیان لەگەڵ دەرەکی هەڵدەسەنگێنن! لە موچەی پیروپەکەوتەو منالان قوتابیان، بیکاران لە بە خێوکردنی مەڵان لە بەسەلاچووان! کامەکارتان کردوە! ! کە خودا پێی خوش بێت جگە لە کوشتن وبڕین! بۆدەبی زوان یاساخ بێ؟ بۆ دەبی قسەکردن یاساخ بێ؟ بۆدەبی ڕاستی بێژ لە سیدارە بدری؟ ،ئیستا ئەو ئاخافتنانەی من هەموویان وشە بە وشە ئیعدامیان پیوەیە، بۆ لە بەرچی؟؟!!
ئەمە کەیی کەلامی خودایە بۆ بوختان بەخودادەکەن، ئەمە کەی قسەی پێغەمبەرو ئیمامەکانتانە!
بۆ بوختان بەوانیش دەکەن!!
دەجا ئەوانە خڕوپتوون درۆی پەتین،بێگومان داری پیلان و درۆش گوڵ ناکات بەرهەم نادا. دەتوانین لە رستەیەکدا بڵیین ئەوڕێژیمە لەڕێژمی شا بەدەسەلاتتر نییە سەرئەنجام دەڕوخێ و سەرمدەمدارانی ئێران جگە لە ڕوو ڕەشی چیتریان پێ نامێنی!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
2008/10/10ی زایینی.
سیدنی ئوستەرالیا.

**(48)**

**سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی دوایی سی ساڵ،**

ئەوە سەر ئەنجام کۆماری ئیسلامی دوایی (30)ساڵ خۆداسەپان بە سەرئیراندا گۆیا شەنگلێکی لە خۆیداوەو دەم لە بڕینەوەی مووچە و یارانە بۆ هاوولاتیان دەکات،(سەت میلیارد دۆلاری) بۆ تەرخان کردوەو، دەجا ئاخۆ ئەم ئاخافتنەی ئەحمەدنیژاد چەندەی ڕاستەو چەندەی درۆ، پێویستە بەسەریدابچینەوە!

ئەحمەد نیژاد سەرکۆماری ئیران لە وتوویژێکی تەلەفزیونیدا ڕایگەیاند کە ساڵانە "سەت هەزار میلیارد تومەن" بەرامبەری "سەت میلیارد دوولار"ی بۆ یارانە(سەرانەی) خەڵکی ئێران تەرخان کردوە کە مانگانە بە جەماوەر بدرێ و گویا لە(70) میلیون ئیرانی (53)میلیون کەس دەگرێتەوە، کە هەرکام لە(45) (50) هەتا(70) هەزارتومەن دیاری کراوە، ئەگەربە هەڵە نەچووبم ئەو پارەیە بە شیوەی مساوی لە نیوان (53)میلیون کەس هەریەکێ لە سالدا(1886)دۆلاری وەبەر دەکەوێ کە

بنەماڵەیەکی پێنج کەسە، لە سالێکدا (9430دۆلار) و سەرانەی مانگانەکەی دەبێت (159)دولار، نەک 45هەتا (70)هەزارتومەن!! کە هێشتا هیچ نەبووە لە (سەت میلیاردۆلار) (پەنجامیلیاردی) پاشقول دراوە، هەرچەند ئەمەش جێگای متمانە نییە! گویا ئەم گەلاڵەیە بۆ دەرچوونی خەڵک لە نەداریی و تەنگەژەی گرانی کەل و پەلە، بەلام دوایی قسەکانی هیندیک لە ڕەخنەگران پێیانوابوو ئەو قسانە پێشەکی پڕوپاگەندەی دورەیەکی دیکەی دەنگدان و هەڵبژاردن بێت کە وەک خوراک دەرخواردی مێشکی خەڵکی ئیرانی دا، و هەروا چەند کەسیک لە نوێنەرانی پەڕلەمان ڕەخنەیان لێگرت و گوتیان شتیک کە هێشتا لە لایان مەجلیس قسەی لە سەرنەکراوە گەلاڵەی بۆ دانەڕژاوە سەیرە سەرکۆماری ئەوا بە ڕاشکاوی بەخەڵکی ئێرانی رادەگەیێنێ ! هەتا هیندیک لە پاڕڵەمانتاران لەم مەسەلە نارەزایەتی خۆیان دەربڕی! ئاغای ئەحمەد تەوەکەلی نوێنەری تاران و بەرپرسی بەسەرداچوونەوە و لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس گوتەیەتی: " سەرکۆمارهەڵە دەکا،نابی بەر لە وەی کە لە پاڕڵەمان دەنگی پەسەندی وەربگرێ ئەمجۆرە بڕیارە بەخەلک ڕابگەیەنێ! چونکە ئەگەر قەرارە گۆڕانکاریەک ڕووبدا بێگومان دەبێ قولایی لایانەکانی لە نەزەربگێرێ چونکە هەرچەندە گوڕانکاریەکە مجدتربی پێویستی بە هاوکارییە! " وهێندیک شیوەی بەرێوەبردنی یارانەیان بە شیوەی پارەی نەقد بەزەرەر زانی، خەلاسە هەریەک دەستە گولێکی ڕەواڵەتی بە ئاودادا،هەر چەند نوێنەرانی مەجلیس لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە لە ئیران هەموو دەموو دەزگاکان هەتا دەگاتە مەجلیس، شتیکی فورمەلیتەو تەشریفاتین چونکە فەرمان لە دەست ولایەتی فەقییە دایە، قسەی ئاخر ڕێبەر دەیکات، دەجا ئەحمەد نیژادیش لە ڕێبەر لە هەمووکەس نزیکترە، چۆنیان پێخوش بێ وادەکەن، ڕەخنەگرتن و قسە بەرەڵلا کردن جەگەکی سوتاو ناهێنێ! بەڵام ئەو شێلەوبێلەیە تەنیا بۆ شیرە هەڵسون لە سەری خەڵکە دەنا لە ئیسلام و شەرع دا شتیک بە ناوی قانوون نەبووە نابێ، تەنیاقسەی ڕێبەرو فتوای ڕیبەرکامڵترین ڕێگایە! هەتا کاتێک لە ساڵی 1357ی هەتاوی بەرلە ئینقلاب کە هێندیک لە ئاخوندەکان بریتی لە ڕەفسنجانی ،خامەنەیی ،بەهەشتی،لە لای خومەینی لە فرانسە لە (نوفل شاتوو) بوون، ئاغای بەهەشتی بەڕاشکاوی بە ئاغای یەزدی دەڵێت: ئێوە سیاسەتمەدارەکان گەلالەی قانوونتان بە سەر ئێمەداسەپاند، دەنا لە شەرع دا قانوون نییە! ئیمام خومەنی ئەمیرالمومینینە) دەجا هەنۆکەش پێویستە هەر لەو ڕەوانگەوە لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڕوانین، بەلام ئاخۆ ئەو قسەییەی کاک ئەحمەد نیژاد چەندەی ڕاستە! ئاخۆ بودجەی ئیران ئەوەندە هەیە کە( سەت میلیارددولار)زیدەی هەبێ کە ئەوان بەیارانە بە خەلکی بدەن، یان هەر شتێکی ئەوها لە مێشکی ئاخوندەکاندا گەرای بەستووە! بێگومان ئەوەی هەتا ئیساش بە ناوی یارانە شتومەک کە گۆیا دەوڵەت پاشەکەوتی کردوە کە دەلێن(سەت میلیارددولارە) بە ناوی میللەتی ئیران خوراوە، پێموا نییە هەتا تاقە تومەنێکی بە خەلکی ئیران درابێت، بێجگە لەوەی ئەوهەی لە نێوان خۆیاند داروبەشکراوە دەنا بۆ بەرفرەوانی دەسەڵاتی خۆیان ئاژاوانانەوە لە سەرگۆی زەوی، تەخشان پەخشانی پێکراوە لە بەردەست تڕوریستان دانراوە، زۆری بەچەک وچۆڵدراوە، ئەو قسە چەورو شیرنانە چ زگی برسیان پی تێرنەبووەو نابێت! بەلام ئەگەر دەیانەوێ لەم بارەوە لە مەڕ ئینساندۆستی خودا نەخواستە لاسای دەرەکی بکەنەوە ببن بەئینسان و بە میللەتی هەژاری خۆیان ڕابگەن و لە جیاتی دەرسی خۆ تەقینەو ئاژاوەسازی بەرەو ئاسایش بگەڕێنەوە لە جیاتی کاری چەوتی شەیتانی بەرەو خوداپەرەستی بادەنەوە، هەودای گشت کراوی گرتن و ئەشکەنجە کردنی هاووڵاتیان هەڵویزنەوە و دەست لە شەڕو کێشەو خوین ڕێژی هەڵگرن و بە نەتەوەکانی ئیران بێ

فەرق و جیاوازی ڕابگەن دەست لەسێدارەدانی هاولاتیان هەڵبگرن و موچە بۆ خەڵک ببڕنەوە، ئۆستەڕالیا وەک نموونە دێنینەوە:

ئوستەرالیا کە خاوەنی نەوت و گازنییە ئەگەر هەشێبی سەر بەموری هیشتۆتەوە،سیستەمێکی ماڵیاتی هەیە کە لە هەموو کەسیک کە کاردەکات وەردەگیرێ، نەک هەر لە کریکارو کاربەست و کارهەڵسوڕینەر بەڵکوو لە هەمووبازرگان و مامەلەچی وسەرجەم دوکاندارو بازاریان، ئەوەی دەنکە جۆیەکی بە هەرشیوەیەک کڕین فروشتن بکات، ماڵیاتی لێوەردەگیرێ لەو ماڵیاتە بەشیک بۆ موچەی قوتابیان و بیکاران عەلەم قەلم و زانستگاکان و زارۆک و بێکارو پێرو پەک کەوتەو نەخۆشخانەو دەواو دەرمان و کار پزیشکی و بیمەی کۆمەلاَیەتی دورست کردن و خاوین ڕاگرتنی پارکەکان و موچەی منالانی باخچەی ساواو خاوین راگرتنی کوچەوکۆلان و گەڕەک خەرج دەکرێ یان بۆ دەورانی تەقاوی وسەردەمی بازنشستەگی خەڵکانی بێکار پاشەکەوت دەکرێ، بۆیە لەم ولاَتە کەس برسی و نەبوو نییە،و کەس بەکەس موتاج نییە!!

بەلام ئیران کە ولاَتیکی خاوەن نەوت و گازە، بێ گومان دەبێ بە شیویەکی ڕێکوو پێک بۆسەرانەی ئەو خەڵکە ڕەشوو ڕووتە هەنگاو هەڵبێنێ ،نەک لە کات و چاخی تەنگەژە بەڵکوو بە هەمیشەودایم هەموو بیکارو و پەکەتوو قوتابی و خوێنکارو زارۆک زانستگاکان نەخۆشخانەکان و پاشەڕۆژی خەڵکی دەستەوەستان وقوتابیان هەتا دەگەنە تەمەنی لاوی لەو موچەیە کەلک وەربگرن،بەلام لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جگە لە ولاَتەکانی گچەی کەنداو وەکوو کوەیت و دوبێ، کە دانیشتوانینان لە نەوت پشکەبەشی ڕاستەخویان پیدەگات موچەی مانگانەیان بۆدیاری کراوە هەتا کەمترکەس بۆخۆیان کاردەکەن بەڵکوو کریکارلە دەرەوە ڕادینن،دەنا دەوڵەتانی تر هیچ کامیان هەنگاوەکیان لەم بارەوە هەڵنەهێناوە بۆیە دایم و دەرهەم دووبەشی خەڵکەکەیان لە هەژارو بەلەنگازیدا دەژین و ئەو قەیرانانە هۆکاری دەیان قەیرانی تریان بەدواوەیە. بەلام ئەمانە لە سیرەی لێڕوانینی دەوڵەتێک کە کوشتن و برین و خوین ڕشتن بە نیعمەتی خودادەزانی و ڕۆژنییە هاوولاتیانی خۆی لە بەرچاوی خەڵک لە سێدارە نەدا، شتێکی دوور لە ئاقڵی سەلیم و ئیکجار دوور لە باوەڕە!!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/10/11ی زاینی.

**(49)**

**قانعی فەردەکان**

مەتڵەبێکم لە سەر ماڵپەڕی پیشمەرگەکان لە مەڕ دوو خۆفرۆشی کورد بەناوی" بەهرام وەلەدبەیکی، و قانعی فەر" بە قەڵەمی کاک ئارام سەڵواتی، خویندەوە، دوایی دەستخۆشی لە خۆی و قەڵەمەکەی بە پیویست دەزانم بڵێم ئەرکی سەرشانی هەموو نووسەرێکی ئازادیخوازە لە هەرشوێنێک کە

سوسەی بە پیلانی ڕێژیم کرد بەر لە کەڵ گرتن  لێی لە قاو بدرێ، هەرچەند زۆڵە کوردەکان خێرا لە ڕێژیم کەڵ دەگرن  و زۆر جاریش بە نهێنی ئاوس دەبن و بیژوو داوێن!!

بە خۆشیەوە هەموو نەتەوەی کورد لە ڕۆشنبیرو پسپۆر بگرە هەتا خەڵکی ئاسایی ئاگاداری مەسەلەی کوردستان و هۆگری ئازادیخوازی و خەوەرداری بارودۆخی خەباتی درێژخایانی نهێنی و ئاشکرای گەڵی کورد، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانن، و ڕاپەڕینەکان لە سەردەمی سمکۆ،هەتادامەزرانی کۆماری مەهاباد و پەنداوی خەباتەکەی ساڵی 1347ی هەتاوی سەر ئەنجام دوایی ئینقلابی گەلانی ئیران لە1357ی هەتاوی بە شیوەی ئاشکرا و نێهنی هەتا ئێستا، بەردەوامە و لە هەموو قۆناغەکان ئەوخەباتە لە سەرشانی تاک تاکەی دانیشوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئیران بووە وسەرجەم  بە ئەرکی نیشتمانیان زانیوە و ئەوەی چەکیشی هەڵنەگرتووە و یان لە ڕێزی ڕاستەوخۆی تەشکیلاتی حیزبی دانەبووە لە ئولکەی کارزار بە شێوەیکی چالاکانە بە ڕادەی توانا بەشداری کردوە و لە چ پیویستی حیزبی دریغی نەکردەوە،  دەجا نەتەوەی  ئەوها دڵسۆزو ئاگادار بە دۆزو دەهۆی نەیاران لە پیش هەموواندا گزەو فێڵی کۆماری ئیسلامی و تەون وبەستی چڵکاوخۆران و خۆفروشانی و خۆدۆڕاوان دەناسن، بێگومان وەک هەتا ئیستا هەموو پیلانەکانیان بێ شوێن تێکەرو پوچەڵ کردون، دیسان ڕەمزی ئەو داوو تەڵانەی کە بە دەستی "بەهرام وەلەدبەگی یەکان و قانع فەرەکان" دادەنرێنەوەو گەڵالەی بۆ دادەڕژێ، وەک بڵقی سەرئاو دەپۆچیننەوەو بێ کارتێکەر دەکەن!! و بیگومان ئەو ڕێژیمەش بە نوورەی خۆی دەسەر سەرە ڕۆییی و ستەم و زوڵم و خوێنڕێژی و چەوساندنەوەو گەندەکارەیەکانی خۆی دەگەرێ و تۆماری نگریسی بە دەستی شۆرشگێران و خەباتخوازان چالاکەنی سیاسی و قارەمانەکانی ئولکەی بەرەبەرەکانی و شێلگێرانی ماندوونەناس هەڵدەویزرێ و جگە لە ڕووڕەشی بۆ خۆ فرۆشان نامێنیتەوە!!

مامۆستا قانع گوتەنی: (قوڕ وەسەرئەو دوژمنە، هیوای بە بەندیخانەیە!) ڕێژیم ئەوهیندە نەفام و گەوجە پیی وایە بە هێنانە گوڕی زەبروزەنگ و گرتن وڕەشەکوژی و زیندانی کردن و لە قەنارەدانی شوڕشگیران و ماندوونەناسان یان گەف و گوڕو هەڕەشەو دەهۆی چەند خوێری وەک " قانعی فەر وەلەدبەگی " وڕایەڵکەی وان بۆ دەرەوە و پڕوپاگەندی دەمهەڕاشی دەتوانی زەینی خەڵکی نیشتمان پەروەری کوردستان لە چەقە ڕێ و شوسەی ڕاستەقینە بەرەو باریکەرێیانی چەوتەکار ی بادەنەوە، یان زەینی کەڵەپیاوانی کوردستان بشێوێنن و لە حیزبە خۆشەویستەکەیان دووڕپەریزبکەن!!!، یان بەسازدانی حیزبێکی دەستکرد لە لایان کۆماری ئیسلامی و شێوە چەواشەگەری فیکرخەڵک چەت تێباوێن،جێی خۆیەتی کە بەئاقل وئاوەزی سەردەمدارانی ئاخوندی پێکەنین، چونکە ئەوە هەوڵکەڕەت نییە، مەگین کۆماری ئیسلامی پێشمەرگەی موسڵمانی بۆڕەحمان کەریمی بنیات نەنا، و بەدرۆو دەلەسە فریویشی نەدا، وەسەرتەڵەشی نەپەڕاند، چی لێ شین بۆوە جگە لەوەی دەسەرپیلانەکەی بگەرێ!  مەگین هەنۆکەش شوێن تێکەری لە ناوهێندیک لە سازمان و حیزبەکان نییە، هەنۆکەش خۆ تێخزانی لە زۆربەستین بۆ تەماڵ لە سەرلێدان دەبن، دەجا قانعی فەر ووەلەدبەگی، درەنگ هاتوون بە پێچەوانە لە سەرپاشوان ڕاوەستاون چونکە دەستیان خویندراوەتەوە، و ئیتر ئەوەی توزەلە بە ناوی کۆماری ئیسلامی لێدەدن وەباڵ بەستۆی خۆیان،

وتوویژکانیان شایەدیان بۆ دەدەن!! بەڵام ئەو دەشتە پانوو بەرینەی کوردستان ئەو بەرزایی و نەویایی و شاخاوییە کوردستان، لە خوێنی شەهیدانی کورد ئاڵ ووالە، کێ هەیە ئازیزەکی خۆی بە دەست جەبارانی مێژوو لەدەست نەدابێ! دەجاکوا دەکرێ شوێنی ئەو ئازیزانە بە درۆو دەلەسە وحیزبی دەستکردی کۆماری ئیسلامی پڕکەنەوە، لە حاڵێکدا لە ناو دەڵێ هەموو کوردێکی بە شەرفی کوردستان گوشەیەک بۆ خۆشەویستی ئەو شەهیدانە تەرخان کراوە، کە جەستەی بۆنخۆشیان بە گوللەی دوژمنانی ئازادی کۆماری گەندەڵی ئیسلامی هەنجن نەنجن بووە، کام پەسیوو بەرپاڵ و نزارو باویشەو گەوەو گەردەنەو تروپ و دەشت بەرپیوارو گەڵی دەبینی کە گوڵە خەملاوەکانی بە هاری، لە خوینی شەهیدانی لێ نەڕسکابێ کە بە گوللەی چەڵکاوخۆرانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوونە، نەڕازابیتەوە!!!

کوردستانێک کە ئێستا لە ژیرستەمی پۆتینی زۆرداری کۆماری ئاخۆندی دەلەرزێ، و بەرەگەی ئازادیان لەهومووشوێنێک لێگیراوەو چاوگەی ڕۆناکایی لە سەرگاڵدراوە،پەنجەرەی پشوو لە بەر هاتنەدەری لەسەرداخراوە،و هەموو بە یەک دەنگ لەعنەتی لێدەکەن، چون دەتوانی تێیداهەودای تەفرەقە گشت کاو بهۆنێتەوە!! با لێرەڕا پێی بڵیم ئەو خوێڕیلانە لەم ئۆڵگەیە چ ناماقولیان پێناکرێ، جگە لە دزی لە بیت المالی کۆماری ئاخوندی!!

گەلی کوردلە گەڵ خەباتی ئازادیخوازی کە ویستی سەرجەمی دانیشتوانی ئیرانزمینە، بۆ ڕزگاری لەدەست دەسەلاتدارانی سەرە ڕۆ یەکدەنگن، دەجا دەسەلاتی زۆرگۆیی و خەفەقان چ پاشایەتی و چ سیستەمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئیرانی تەوفیر ناکات، زاڵم هەر زاڵمە بەهەرهەیکەل وقەڵافەت و لە هەرجل وبەرگێک دابێ ! چ کەوشی پاشنەقیت لەبەرکات و چ ئەلمودە! چ فۆکروکەڕاوت ببەستی و چ عەمامە ،قەساب هەرقەسابە چ پەز شە بکات چ هەڵاوەسێ! مرۆڤ کوژ هەر مرۆکوژە چ بەتفنگ بکوژ بێ چ بە ئەشکەنجە! سەلاخ هەرسەلاخە چ بە بە بیور قەڵەت وبڕی کات چ کەوڵی کات! دەجا ستەمگەرو زاڵم هەرچەند شیوەی تیئوریەکیان بگۆڕن بە کردەوە هەر زاڵمن و خۆ دۆڕاویش لە هەرجل و بەرگێکی دابی و بەهەر شیوە بجۆڵیتەوە بە هەر زارەوەیەک قسە بکات هەر خۆفرۆشە و پاکانەی بۆناکرێ!!! وەک بەری ئامازەم پیکرد کۆماری ئیسلامی بە دەیان شێوازی لەو بەستینە گۆڕێوە هەتا بتوانێ ئەوقەوارەیەزلکاتەوە و خەڵکی کوردستان فریووبدا بەلام دانیشتوانی کوردستان زور لە ئێمەی دوورەوڵات لە دەهۆ و فیل و تەڵەکەی ڕیژیم ئاگادارترن و لەمەش باشتر خۆفرۆشان و ناحەزانی گەلەکیان دەناسن: سەدان "بەهرام وەلەد بەیگی و قانعی فەرەکان، خەریکی پیلان بن، ئەوان دەهۆکانیان وەک بڵقی سەرئاو دەپوچێننەوە! ئەوەی وەک میرات لە پاش خۆیاندابەجێ دەمێنێ ڕوو ڕەشییە!!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەرالیا،

2008/10/13ی زایینی

**(50)**

**خوێنکاران**

بابەتێکم لە مەڕبزوتنەوەی خوێنەکارانی ئیران پەیوەندار بەساڵی 1367ی هەتاوی لە سەرماڵپەڕی پێشمەرگەکان خویندەوە کە ئیکجارپسپۆرانە و پتەوو پوختە وپڕناوەڕۆک بوو،بە پیویست دەزانم پێشەکی دەستخۆشی لە کاک "یاسرعەلی محەممەدی" خاوەنی ئەو وتارە جوانەو قەڵەمە زێراویەکەی بکەم، هیوادارم "کاک یاسر" هەروا لە خزمەت بە گەلەکەی خاوەنی ئەو هەستە پاک و ئاگراوەیە بێ و نووکی پێنوسەکەی چەقلی چاوی دوژمنانی ئازادی بێت. دەمەوی بە ئیجازەی کاک یاسر،شیکردنەوەیەکم لەم بارەوەهەبێ:

ڕاستە بزوتنەوەی خوێنکارانی ئێران و کۆبوونەوە لە دەورەی خاتەمی هۆکاری دەنگی گشتی و لە ئاکامدا بە سەرکۆمارگەیاندنی مسوەگەرکرد، بەڵام وەک بینیمان وجەنابیشت ئاماژەت پێکردبوو ئاغای خاتەمی هیچ کام لە قسە چەورو شیرنەکانی جلی کردەوە لە بەرنەکرد، لێرەئەم پسیارە دێتەگورێ تۆبڵێی ئاغای خاتەمەی بی لێکۆڵینەو لە دەسەلات و هەڵسەنگانی ئیختیاراتی خۆی ئاوها ساویلکانە خۆی کاندیدا کردبی ودوایی بەهۆی کەم دەسەڵاتی نەیتوانێبی بە وادەکانی جەلی کرەوە لەبەرکات؟

وەک دەزانن لە ئیران دەنگدان و دەنگ هێنانەوە مەرج نییە، بەڵکوو ئەندام بوون لە باندی ئاخوندیدا مەرجە! یانی بی ئیجازەی ڕیبەر دەمووەدەزگاکەی ئیمکانی دەنگ هێنانەوە نییە، چونکە ئەوان پاڵاوتراوەکان دەپیشدا لە بیژینگ و سەردی ئاقیدەی ئیسلامی خۆ داڕێژراو دەدەن و ئەو کەسانە دەنگ دیننەوە یانی بۆیان لە سندوق دەردەکێشن کە لە خۆیان بن، هێنانە دەری ناوی ئەحمەدنیژاد لە سندوقی دەنگەکان کە یەک سێهەمی کڕوبی وڕەفسنجانیشی نەبوو، شایەدی ئەوتاساوحەمەیە! دەجا "خاتەمی" بەر لە خۆپاڵاوتن یەکێک لەمورەکانی دەسەلات بوو.

دەجا حیزبی ئیسلاح تەلەبەکانیش شتێکی شەڕەزێرنگرەیە لە لایەک خەڵکی پێ فریوودەن لەلایەک فێل لە دەرەکیان دەکەن، هەر وەک "کاک خالید عەزیزی" لە سیمنارەکەیدا دیگوت: ئیران مجلیس ورِیبەر وسەرکۆماری هەیە وەک ئامریکا! لە گەڵ حکوومەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تەوفیری هەیە، یانی پێشکەوتوو ئازادیخوازە! دەجا دۆست ئەوەی بڵیت لە دوژمن چ چاوەڕوانیەک دەکەی!! دەمەویست ئەمەبڵێم کە خاتەمەی و ڕەفسنجانی و کی وکێ کە دێنە سەرکارهەموویان مورەی بەقوەتی ئەوڕێژمە نگریسەن، بۆیە لەلام سەیر بوو کە بزوتنەوەی خوینکاران بە خاتەمی متمانەکرد،وهەتا هیواشی لە سەرهەڵچنیبوو!! کە خاتەمی زۆرلە وانیدیکە خواروخیچ تربوو

ئەگەرخوێنکارانی ئیران کاتی خۆیان بۆ خویندنەوەو بە سەردا چوونەوەی قانوونی ئەساسیی ئیران تەرخان کردبوایە، "خاتەمیان" زوترناسیبوو، چونکە وەک دەزانن لە قانوون ئیسلامی ئیران سەرکۆمار دەورو دەسەلاتی سنووردارە، هەموو ئیختیاراتێک سەرجەم لە دەستی ڕیبەرە،هەر وەک بینیمان چۆن بنی سەدریان دەرپەڕاند.

وەک دەزانن دوایی بانەمەڕی 1367ی هەتاوی لە ئاکامی سێڵاوی ناڕەزایی خەڵک، سندوقی دەنگەکان کەوتنە بەرچاوە دێری و ئاغای خاتەمی بە زوربەی دەنگ بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا. لێرەداپێویست ناکا کە ئاماژە بەمە بکەم کە خوێنکاران و پێشڕەوانی سیاسی بوچ خۆیان لە بن شاقەل وعەبای ئاخوندەکاندا پەنادا. چونکە ئێعدامی بە کۆمەڵ و تیرۆر بە درێژایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت کوشتنی ڕووناکبیران زاناو پسپۆران لە هەموو گەلانی ئێران وەڵامدەری ئەم پرسیارەیە. دەنا هەموو کەس دەیزانی کە ئاغای خاتەمی کێ یەو کێ بووە! ئاخۆ ئەو هەر ئەو کەسە نەبوو کە بە درێژایی دەساڵ لە بەرپرسایەتی وەزاڕەتی ئیرشاد، هەزاران لیوی دروون و سەدان قەڵەمی شکاندن؟ ئاخۆ هەر ئەوکەسە نەبوو کە لە نێوان(250)کاندیدای وەلانراو(لە لایان شووڕای نیگەهبانەوە)تاکە کەسی پەسەندکراو بوو؟ و لە سەریەک دارو دەستەی(ئیسلاح تەڵەبان)لە حیجازیەوە بگرە هەتا کەڕوبی و...بەدەسەڵاترین مۆرەی قودرەت بوون لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیدا! و تەنانەت بەشێک لە بەرپرسایەتیی(پێکهێنانی شوڕایی ئەمنییەتی ناوەخۆ)بەسیج،سوپا،حیزب الله،ئەنساروئیدارەی ئیتلاعاتیان بەدەستەوەبوو!!

با واز لەو باسە بێنین و لە چاوگەی قانوونی ئەساسی لێی بڕوانین: ئاخۆ سەرکۆمار دەیتوانی ئەو وادەو بەڵێنانە بێنێتە دی کە بە خەڵکی ئێرانی دابوون؟ ئاخۆ سەرکۆمار لە چوارچیوەی قانوون ئەساسیی حکوومەتی ویلایەتی فەقیەدا دەیتوانی دێموکڕاسی بەدیاری بێنێ؟ ئەگەر لە بیرمان مابی لەگەرمە گەرمی ئەومەوعیزانەی سەرۆک کۆمارخاتەمی دەیان ڕوونکبیرو نووسەرو هەستیار بەشەو ڕفیندران و بێ سەروشوین کران یەک لەوان"فروهەرو خیزانی) بوون کەخوینیان بەناحەق ڕشترا!!

دەجا ئەوانە هەموویان کری تەونیکن ڕەشی وسپییان فەرقی نییە! جاریکی دیکە دەستخۆش بۆ نووسینەکەت "کاک یاسر" کە بەهۆی نووسینی تۆوە سەرانسویی ئەولاسوانەیەم دا کە هەزارانی داڵاشی کورد کوژی دەمارگرژی ئاخوندی نگریسی لە سەر نیشتووە!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەارالیا،
2008/10/16ی زایینی.

**(51)**

## قانعی فەردەکان خەجەڕۆیە یان گورزی فیتوێن!!

جارێکی تر چێڕۆکی مەلاعیرفانی قانعی فەرد،خاوەنی دوکتۆرای دینی لە حوزەکانی فەیزییەی مەشهەدو تاران وەرد دەدێنەوە. ئاخۆ بزانین ئەومەلایەی نامەلا کە خۆی بەرۆشبیروپیتۆڵ وچازان ودڵسوزی کورد دەزانێ بە تەقەلوب زوانی کوردی لە ناو زاری خۆی ناوە و لە بن کەوڵی ڕەنگاوڕەنگی دیموکراسی و لافی توژەر لیدەدا و لە چاخی ئاخافتن دوو دۆشاوی لێکدەدا ئەسڵ و ناوەڕۆک و ڕابردوو پێشینەی چیە و دەیەوێ بە چ شێوەیەک لە ئاوی شلوێ وبولێڵاوی ماسی بگرێ؟

با بزانرێ ئەویش یەکێک لە چڵکاو خۆرانی کۆماری ئیسلامییە و لە بن بەرماڵی ڕیاو تەزویر خەریکی بە شانە کردنی ڕیشی ئاخوندەکانی قوم و مەشهەدە،و بە سەڵەوات لە بەژنی ئیمام جەماران گوێچکەی کراوەتەوەو بە بۆنی ئەوخوێنەی کە بە دەستی بکوژانی ئاخوندی ڕژاون فرچکی گرتووە!! و لەو دەستە ئینسانانەی خۆ دۆڕاوە!

وەک دەزانن لە سەرجەمی ڕێژیمەکانی سەرڕۆی ئیران بە درێژایی میژووی پڕ لە هەڵس وکەوتی نەتەوەی کورد ئەوئولکەیە، بە گوێرەی زەمان لە خۆفرۆش بە تاڵ نەبووە، بەلام چاوەگەکان تەوفیر دەکەن، دەکرێ بە چەند دەستە دابەش بکرێن، هیندیک بە هۆی سەولە ڕفاندن ڕاپۆرتچی بوونە،دەستەیەک بە هۆی ساویلکەیی و نائاگاداری لە مێژووی گەلەکەیان وەرگێڕکەیان کردوە، دوایی تێگەین گەڕاوەتنەوە باوشی نەتەوەکەیان و تخیان لەو کارە چەتە کردوە، دەستەیەک بە ناچاری و تەنگەژەی ژیان بە ڕەواڵەت چەکی حکومەتیان هەڵگرتووە بەڵام چ کردەوەی ناحەزیان لێڕو نداوە، قازانجیان لە زەرەر پتربووە،هەتا لە بنەوە چالاکیشیان کردوە ، پیموا نییە چ زەرەی هەبێت هەرچەند لە بەرامبەر مێژوو پاکانەیان بۆ ناکرێ!! دەستەیەک راستەخۆ لە گەڵ ڕیژیم بە تایبەت کۆماری خوێنمژی ئیسلامی لە سەرەتای ئینقلاب فرچکیان بە ورکەخۆری گرتووە،و چەکی خەیانەتیان هەڵگرتووە، لە چ نامرۆڤایەتی دەستیان نەگیراوەتەوە، لە گەڵ پاسدارانی مرۆڤ کوژ، دەستیان لە قاپێکدا بووە، لە هەموو کردەوەکانی درندانە بەشداریان کردوە و هەنۆکەش بە ئاگاداریەکی تەواو لە خەیانەت و خۆفرۆشی بەردەوامن، بە جاشی خۆدۆڕاو دەناسرین و بە هۆی گەندەڵکاری دەرجەی سەرگورد وسەرهەنگ و ژەنەرڵی تەقەلوبیان دراوەتێ، بەلام لە هەمووان پیسترو نگریس ترو بی ویژدانتر ئەو دەستەیەن کە بە ڕەواڵەت خزمەتی فەرهەنگی دەکەن بە ڕاسپاردەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەتڵە کردنی زەینی جەماوەر کۆڕو کۆمەڵ پێکدێنن و خۆیان وەک دڵسۆزی کورد نیشان دەدەن لەراستیدا لە جل و بەرگی کوردەواری و زبانی کوردی زبر لە ماقی گەلی کورد دەوەشێنن، ئەوانە گورگن لە کەوڵی مەڕو لە جەل وبەرگی ئاسایی مەلای قوڕعان جوتنن!!ڕاستەوخۆ بیورلە ڕیشەی نەتەوەی کورد دەدەن،ڕەگ و دەماری کورد دەبڕنەوە، سینگی موورە موورە دەکەن و فەرمانبەری میرین، ئەوانەی بەو شیوەیە دەم لە ئازادی و دێموکراسی دەدەن بێ ئەوەی شێوە جنیاتەکانی ڕیژیم لە بەرچاوبگرن، و گەندەکاریەکانی ریژیم بە چاکە دەقەبڵێنن و کاری بکوژی ڕیژیم بە عیبادەت باس دەکەن و بە ئاوەژوو شیکردنەوە و ئازەنتی دەکەن،ورکە خۆری

بارەگای ئاخوندەکانی دەم بەخۆێنن، بە ئابڕی نەبووی خۆیان گەمە دەکەن، ئەوانە ئەوخۆفرۆشانەی دەست بە قەڵەمن کە بەخەیاڵ سازمانی کوردەواری پێکدینن و حیزبی کوردی بە دەستی کۆماری ئیسلامی دورست دەکەن، سەتان لێکدانەوەی بەدرۆ بۆ کوردکوژان بەراوەژوە لێکەدەنەوە، کە قانعی فەردیش وەکوو فارق کە یخوسروی یەک لەو دەستەیە، ئەویش بۆ لە خشتەبردنی و لاڕێکردنی خەڵکی کوردستان بە تایبەت خوێنکاران و ڕۆشنبیران و فەرهەنگیان بەقانجی کۆماری ئیسلامی لە ڕایەڵکەدان، بەم هیوایە کە بتوانی ڕەنگ و رووی پیبدات،
ئێستا ئەوە چەندساڵێکە ئەو کابرا مەلازادەیە کە فام ناکات کەڕامەت چییە و شەش دانگی وێژدانی قەت نەبووی بەکۆماری خوین ڕیژ فرۆشتووە، وەسەرقالڵدرمان کەوتووە بە ناوی ڕۆشنبیرجارلەگەڵ گەورە پیاوان وتوویژ دەکات بابەتەکان دەشیوویێنێ، جار راستەوخۆ قسەی بێتام وبی هیم وبناخە بڵاو دەکاتەوە لە ئامریکا بە قەولی خۆی خەریکی لێکۆڵنەوەیە لە حالێکدا بەدەستووری ڕاستەوخۆی ئاخوندەکان لەگەڵ چڵکاوخۆرانی کۆماری فاشیستی کە خەریکی حیزب سازکردنن بە ناوی کورد کەلکی نابەجێ وەردەگرێ بۆ ئاژاوانانەوەی وریخستن پیلان خۆی لەکۆڕی ڕۆشنبیرانی دەخزێنێ،دەجا پیویستە ئەو ئاخوندزادە فیکر گەندەڵە بناسن وبەتف ولەعنەتی کەن، بنەماڵەی ئەوکابرایە لە سەرەتای سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئیران ڕیگاخوارە پێچەیان هەڵبژارد بۆ فریوو دانی خەڵکی ناحاڵی وئاسایی حیزبی قورئانیان دامەزراند، لە حاڵێکدا کارەکەیان لە ڕەوانگەی ئیسلامیش هەڵە بوو، چونکە هەمووحیزب وسازمانیکی سیاسی بۆ بەرەوپیش بردن کاروباری خۆیان لە کاتی پیویست مەجبوور بەگۆڕانکارین، لە حاڵێکدا هیچ کام لە ئایە و سوورەتەکانی قورئان ناکرێ بگۆڕێن ! ئەوانەی هەوینی سیاسەت لە کەلامی خودا دەدەن و دەیانهەوێ گەمە بە کەلامی خودابکەن، پیویستە بەخۆیاندابچنەوە، خولاسە ئەوکەسانەی بەوشێوەیە دەبەرکەڕامەت کورد ڕۆدەچن و دەیانەوێ ئەوەی بەسەتان ساڵ بۆتە بیروباوەڕی نەتەوەیەکی مەزن، وەک نەتەوەی کورد، ئەوان بە دەستەوداوین بە پڕوپاگەندەی خۆ فرۆشی زەبری لە بوەشێنن، لە خۆیان گەوج ترتەنیا ئاخۆندەکانیانن، بێگومان لە هەموو شوێنێک هەیدییان لێدەکرێ و بەشیان لە ئابڕو حەیا ترازانە!!

حامیدڕەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/10/14ی زاییني.

سەرچاوەکان:
نامەی کاک ئارام سەڵواتی و نوسینی خودی قانعی فەرد.

**(52)**

## ئەرێ لە پانەگۆڕایی سیاسی،سی ساڵ بۆ ڕاوەستان زۆر نییە؟

ئاخۆ حیزبەکانی سیاسی ئەگەر پێکەوە بەرەیەک پێکبێنن، دەشێن تێکۆشانیان لە مەڕ ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی پتەوکەن یان چاوەڕوانی ڕووداوەکی دەگمەن دەکەن؟؟

ئاخۆ پێکهێنانی بەرەیەک لە هەموو پیکهاتەکانی ئیران لە دەرەوەی وڵات بێ پەیوەندی لە گەڵ ژوورەوەی ئێران دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ؟؟
ئاخۆ ئۆپوزیسیون ئیرانی لەدەرەوەی وڵات بە خۆی ئیجازەدەدا لە چوارچیوەی دەمارگرژی بچێتەدەر ودیواری ئەونکبەتیە بشکێنێ چیدی بوونی حیزبەکانی ئیرانێ وەبەرخرکەی جودایی خوازی نەدات و دورشمی فیدرڕاڵ بە دابەشبوونی ئیران لێکنەداتەوە؟
ئاخۆ سیاسەتمەدارانی دوورلە ئولکەی ئەو بەرچاو تەنگییە زۆرایەتیەکی ئەوهان بەدەستە، کە دەنگی خۆیان وەسەر دەمارگرژان بخەن و بۆ بەرەیەکی پتەو دژی کارگێرانی ئاخوندی ئیران دەستی یەکیەتی یەکتری بکوشن و بەرەیەکی قایم پیکبێنن؟
ئاخۆ چلۆن دەکرێ ئاپوزیسیونی ئێرانی بەمە قانع بکرێ کە بوونی حیزبەکانی ئیرانی شتیکی سەرانسەرییە و هیچ کامیان بە شیوەی تەنیا لە بەرژەوەندی تاکە حیزبی دانییە و مەبەستی سەرتایی ڕووخانی ڕیژیم و پاشان هەنگاوهەڵێنان بۆ ئیرانێکی ئاوەدان و پێشکەوتوو بە یەکیەتی دەبستنەوە، ئیدی لە سەرئەو شەفافیەتە ئەوانەی مارکی جیاوازیخوازی لەموو لەو دەدەن بێگومان سەر وەڕیژیمی ئاخوندی و دەرویشی کۆماری ئیسلامین!!

ئاخۆ ناکرێ تاسەکان بە نووسێنی تەوافقنامەیەکی دوو لایانە، یانی لە لایان ئاپۆزیسیونی ئیرانی وسازمان و حیزبەکانی ئیرانی، بە لە بەرچاوگرتنی چارە نووسی نەتەوەکانی ئیران، لە چوارچیوەی ئیرانێکی پتەوو فیدرڕالیسم چارسەربکرێ و هەموو لایانەکان بە گەرنتی یەکدی بۆ دەستەبەر بوون و متمانە بە پاکانەی ئیمزای پەیماننامەیەکی چەند قۆڵی لە شک وگومان وەدەرکەون و بۆ بەرەیەکی سەرانسەری لە ئیران بە یەک بگەن، ئەوجار پێکەوە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەستەکان وەگرخەن و لە هەموو لاوە پزوەکان ڕاکێشن و تێکۆشانەکانیان بەسەرجەم لە دەرەوەو، ژوورەوە، بەنیازی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام کەن؟
بە بۆچوونی من پێویستە هەمووسازمان و حیزبەکانی ئیرانی لە پێش هەمووانداحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران پێشنیارێکی ئەوها لە ئەپۆزیسیونی ئیران بەگەرەنەتی دوولایانە بکات، و ئەگەر داوای تەوافقنامەیەکی ئەها کە هەتا ئیستا نەکردوە بکات، هەتا زەمینەی بەرەیەکی سەرانسەری

بۆخەباتی گەلانی ئیران فەراهەم کات. چونکە ئەمن پێم وایە هێشتا ئۆپوزیسونی ئیرانی نیازی بە شەفافییەتی حیزبی دیموکراتی ئیران و بە دڵنیا بوونێکی کامڵترە. جگە لەو دەستەیەی کە لەگەڵ لەبزی فیدراڵ ناکۆکن، یانی بە دابەشبوونی ئێرانی لێکدەدەنەوە! هەرچەند ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن بە باشی تێدەگەن کە فیدراڵ هۆکاری پتەوبوونی وڵات پێکدێنێ نەک دابەشبوونی.....

ئاخۆ ئەگەر ڕۆژگارێکی زۆرتری بەسەرداتێپەڕێ لاوو گەنجەکانی سەردەمی ئەو ڕێژیمە کە بە ئەلف وبێتکەی ئاخوندی فرچک دەگرن و پێدەگەن لە هەستی نەتەوایەتی دوورە پەرێزنابن؟
ئاخۆ لە دەمارگرژانی ئیرانی کە خەریکەن مێژوو بەراوەژوو دەرخواردەی لاوەکان بدەن و لە مەسەلەی نەتەوایەتیان هەتڵە بکەن وحەولدەدن کە دورشمی ئازادی وڵاتەکەیان لە میشک داکاڵ کەنەوە بەتایبەت لەزانستگاکان، جێگای مەترسی نییە؟؟
ئاخۆ ئومێدواریەک لە گۆڕێدا هەیە کە مرۆڤ هیوای لە سەرهەڵبچنێ کە حیزبەکان لە بەستێنی دەست بەسەربوون و گەمارۆی خۆیی لە باشووری کوردستان ئازادو ڕزگار کات؟؟

ئاخۆ ئەو تێکۆشانەی ئیران و تورکیە بۆ کز کردنی حیزب وسازمانەکان کە ڕۆژبەرۆژ قایشی توندتردەکرێ و سەرۆکانی باشووریش بەهۆی هەلومەرج لە ژێررکێفی تەقڵەورمبازی واندان، چاوەڕوانی مەترسیەکی تەواو عەیاری لێناکرێ بەشێوەیەک کە هەموو بەستێنەکان بە تەواوی بەرتەسک وسنووردارتربکات؟

ئەمانە و زۆر پرسیاری تریش جۆرە گرێمانەیەکن لە دڵی زورکەس وەک خەیاڵێکی خاو ماوەتەوە چونکە لە ماوەی سی ساڵ نەیتوانیوە جلی کردەوە لە بەربکات،و هەتا دێش ڕێژیم بە ڕەواڵەت بە هێزتردەبی،لە لایەکی دیکە لە قژ کەوتنی مەنجەڵی هەست و ئیحساسات بە هۆی نەبوونی ئەحزابەکانی سیاسی لە ناوچەو مەڵبەندەکان و ڕێگری لە شوێنتێکەری لە میشکی لاوەکان کە نسلی دوارۆژی کۆمەڵگاپێکدێنن بەرەبەستێکی گەورەی لەو پانەگۆڕایە پێکهێناوە،چونکە لە مێژوویی پڕ لە هەروازونشیوی کوردستان و شێوەی ڕاپەڕینەکان، قەت وەک ئێستا بە دابڕان مسوەگەرنەبووە، هەر چەند بە ڕەواڵەتیش پارچەیەک لە چوارپارچە ئازادبووە!!بەلام هیچ کام لە ڕیژیمەکانی ڕابردووی، یانی داگیرکەرانی کوردستان ئەوندە لە سەرپارچەکانی دیکە دەست ڕۆیشتوو چالاک نەبوونە!!
ئاخۆ ئەودەست کراوەییە، چ دوارۆژێکی لێ پیشبینی دەکرێ، کە هێشتا لە سێرەی هەتری چاو ڕوون نییە؟ هەرچەند ئاکامەکانی ڕەنگە بە دوای یەکدا بێن و سەرهەڵبدەن!! بەڵام کێ هەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە!! ئاخۆ هیچ کام لە برایانی حیزبی هێندە کاتی خۆیان بۆ خوێندنەوەو بەسەرداچوونەوەی بابەتی سەرماڵپەڕەکان تەرخان دەکەن کە چاو بە نووسینی نووسەران دابخشێنن؟

حامیدڕەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/10/15ی زایینی.

(53)

## بەئیلهام وەرگرتن

بە ئیلهام وەرگرتن لە نووسینی بە ڕێز کاک فەرشید شنۆیی، لە سەرماڵپەڕێ پێشمەرگەکان، لە مەرکەلکی نابەجێ وەرگرتن، لە ئائینی پیرۆزی ئیسلام، دوایی دەستخۆشی لە خۆیی و پێنوسەکەی دەمەوێ لە گوشەیەکی ئەم بابەتە، بدوێم:

ئائینی ئیسلام هەر چەند بە لێکۆلینەوەو تۆژینەوەو بە سەرداچوونەوەی مێژوویی، شێوەی داسەپانێکی توندوتیژی پیوەدیارە، بە پێچەوانە بە پیی ئایەی (256) سورەی بقەڕە لەم دینە دا سەپاندن نییە. بەلام لە سەرئەمەش را بە درێژایی مێژوو بە جۆریک لە گەڵ خوێن و ئیسک و هەستی و گوزرایی خەڵکی کوردستان و عادەت ونەریت و تەقالیدەکان، عەجین و تێکەل و هەڵشیلدراوەو کە نەبانبوون و دوورەپەرێزی کارێکی لە کردن نەهاتوو بوز نەخواردووە، بەلکوو بنەمای ئیسلامەتی بە سۆزی دەرونی و پەیوند بە خوداناسی لە چوارچیوەیەکی دیاریکراوی پیروز، لە بازنەی تەیاری پێکەوە ژیان بە هیزکردوە و لە مەڕ کۆمەڵایەتیش ئەوها گەشەی ئەستاندوە و دیوارێکی پۆلایینی لە دەوری هەستی بە کولّی یەزدان ناسی هەڵچنیوە کە هەموو بەرەبەستێکی ئەو شیلەگانە هەتا ئەمڕۆ سەر بەموور ماوەتنەوە، ئەوەش بی گومان ڕەمزی تێکەڵ نەبوونی لە گەل سیاسەت و ململانەی ئینسانەکان لە بەستێنی هەڵکوشین لەگەڵ چەقە وگورەی دەسەلات و حەزو مەیلی دنیای سروشتی بووە، چونکە ئەوەی لە قورئان دا نووسراوە دەرسی پێکەوە ژیان وئیخلاق وتەبایی لە بەستێنەکی ئارام و حەوانەوە ویکرا، بە تەوکەڵ و باوەڕ بە خودا ناسینێکی بێ گرێووگۆڵ و شەریک نەدۆزینەوە و بە لاشەریک ناسینی یەزدانی پاک و دوور لە گزەو فێلی مرۆڤەکان، لەگەڵ ڕەمزی کەهکەشانەکان، بە ئیرشاد بە خوداپەرستی دوور لە خەیاڵی دەسەلاتداری و گەوزە گەوزی پاوانخوازی دونیای مادیی ئاویتە بووە. بەلام ئەو شیوە داتاشینانەی لە دوایی هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی ئیران لە1357ی هەتاوی هاتنە ئاراو کەلکی نابەجێ وەرگرتن لە ئائین و مەزەب و تیکەڵ کردنی لەگەڵ گزوفێڵی دونیا وبەستێنی سیاسەت و ئاویتەکردنی بە دین و ئائینی ئیسلام و شوێن تێکەری وداسەپانی لەبیربۆچوونی خەلک بوو، نەک بە هیزکردنی ئیسلام بەڵکوو بێحورمەت کردن بە کەلامی خوداو هەتا تەکفیرێکی تەواو بو هەڵداشتن لە باوەڕ بە خودا ناسی و دورە پەریزکردنی لە بنەما حەسڵەکەی وەبەرچاودێت،یانی ئیستا ئائین بۆتە چۆماغیکی بزمارکوت بۆ ئەوکەسانەی چاوی پاوانخوازی و بەرفرەوانیان لە سەروەت وملک وسامانی نەتەوەکانە و دەیانهەوێ بەملهوڕی بژین سەری بێ دەسەڵات و نەتەوەکانی دەستەوەستان هەتا هاوڵاتیانی خۆیان پێ پان دەکەنەوە و مارکی ئیسلامیشی لێدەدەن، دەجا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی یەکیک لەو ڕیژیمانەیە کە بۆ پەرپیدانی دەستدرێژی خۆی لە پیلانە گلاوەکی بەردەوامە، خۆی کردۆتە کەڵەگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،لە راستیدا دەیەوێ لەگەڵ شێعەکان تایبەت ئیراق و سوریە بەریەکی پتەو دامەزرێنن کە مەبەستی سەرکەیان جگە لە بەرفرەوان کردنەوەی شێعەگەریی و تووی ئاژاوەچاندن لە سەرانسەری گوی زەوی، مەبەستی لە ناوچوون وسەرکوتی نەتەوەی کۆرد، لە

هەرچوار پارچەکوردستانەکان بە شتیکی ڕەوا دەزانن، هەروەک خومەینی فتوای خەزای بۆحەلال کردوون و سەدام ئەنفالی دەردەچواند، لەوانیە جاریکی دیکە بە فتوای خامەنەیی و هاوکاری مالێکی و ئەسەد وتورکیيەی دەمارگرژ،لە سازوسەمتوریکی دیکەش بتوڕینن، و بە بیانووی پەرەپیدانی دینی ئیسلام ئەوەی هەزاران ساڵە بۆ ڕێژیمەکانی بەرێ بووزی نەخواردوو ئەوان بۆ وەڕاست گەرانی بەڕاشکاوی لە حەول و تەقەلادان، ئەوەشمان لە بیرنەچێت کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو پارچە کوردستانەکان چڵکاوخۆروبەکرێگیراوی بەتایبەت لەباشوور هەیە، هەتا زوربەی بەڕەوالەت خودا ناسی سوننەش بە پارە و موچە وەرگرتن لە گەل ئیران هاودەست بوونە، جگە لە هیندێک حیزبی دەستکردیش!! کۆماری ئیسلامی ئیران ڕەنگەتوانیبی بەهۆی پرۆپاگەندە و تەخشان پەخشانی پارە، لە هەستی خەڵکی ساویلکەو نائاگادار کەلک وەرگرێ، بەڵام خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئیران تایبەت خوێنکاران و ڕۆشنبیران و پسپۆرانی سیاسی و چالاکانی مەدەنی هەموو پیلاناکانیان لێ پوچەل کردون و بگرە هەتا مرۆی ئاسایش لە لەقاودانی ئەوپیلانەی کۆماری ئیسلامی و کوتە خۆرانی دەستپێشخەریەکی باشیان هەبووەو بەتەواوی لەگزەوفێڵی کۆماری ئیسلامی گەیوون بەلام کۆماری ئاخوندی لە سەر ئاکارەشەیتانییەکانی موکوڕەو هەنۆکە خەرێکە ئیراق لە ئیمزای پەیماننامەی لە گەڵ ئامریکا، پاشگەزکات، هەتا بتوانێ گەورەترین زەبر لە دێمکوکراسی و مافی گەلی کورد بوەشێنێ، چونکە بە نەبوونی ئامریکا لە دەڤەرهەودای ئەوپیلانە بۆ هەمووپارچەکوردستانەکان رەکێش دەکرێ، کە بێگومان سوورییەو تورکیەش لەم بارەوە لە گەڵی هاودەستن و بەداخەوە سەرۆکانی کوردستانی باشوور، وەک باوە مام جەلال هەموو کوردستان بەوکورسی دەسەڵات دەفرۆشی کە لە بەغدا لە سەری دانیشتووە، هەر وەک ناوچە دابڕواکانی کوردستانی لە پێش چاوی دانیشتوانی کوردستان پێفرۆشتن!!
کەوابوو ئەو دانیشتنانەی دوایی بە هیزبوونی حکوومەتی بەغدا شتێکی بۆ کورد لێناکەوێتەوە وناوچە دابڕاوەکانیش مەگین بە خەون دەنا بەکردەوە ناگەرێنەوە سەرهەریمی کوردستان! دەجا بە وتەی پێشینیان ئەوچەقە چەقەی کە لە گەڵ عارەب دەکرێ، بیلامانێ پەرژێنێکی بەگوڵ، سەوەڕی دووی گورگین!!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا.
2008/10/20ی زایینی.

**(54)**

**لێکدانەوەیەکی سیاسی،**

لێکدانەوەکی سیاسی، لە مەڕ سیاسەتەی سەقەت و نەقوستانی ئامریکا لە ئیراق و شڵخە دانانەوەی ئێران لە دەڤەر!

هەڵەکانی سیاسەتمەدارانی ئامریکا، دێن دووپات وسێ پات دەبنەوە!

یەکێک لە ڕەمزی تێشکانی ئامریکا، دانیشتن لە گەڵ ئێران، لە پشت میزی وتوویژ، لە ئیراق بوو! لە ڕاستیدا هەڵسوڕانی ئامریکا بە پیچەوانەی زلهێزی، دوورلە بەرنامەو گەڵاڵە بۆ دارشتن و فیکر لێکردنەوەو ڕاویژوو لێکدانەوە، بەڵکوو دەتوانم بڵێم گەلایی و ڕەمەکین!!

وەک بەرێ لە وتارێکدا ئامازەم پیکردبوو ئامریکا بە هۆی دابڕان لە ئێران لە1357ی هەتاوی لە هەموو هەڵس و کەوتی ئێران نائاگاداربوو هەر چەند دانیشتوانی ئامریکا و هەتا خودی حکومەتی واشنگتون بە پێچەوانەیان فیکر دەکردەوە، دوایی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نیژاد و گەف وگوڕ، و درکاندن و دەم پێداهینان بە مەسەلەی پیتاندنی ئورانیوم، بە ئیستلاح داسولکەی مانگ لە ئاسمان هەورو بۆلێڵ بیندرا!!، ئەو کات ئامریکا و کۆمەڵگای نیو نەتەوەیی ئاگاداری پیلانی کۆماری ئیسلامی بوون و بۆیان ڕوون بۆوە کە حکوومەتی ئێران 18ساڵە خەریکی بنیات نانی بە شیوەی نهێنییە!! دەجا دەمموودەزگای ئیستخباراتی ئامریکا چەندە نائاگادار لە هێرشی "سامە بن لادین" بۆ سەرپێنتاگون و... بوون هەرهیندەش ئاگاداری ناوخۆ وسیاسەتی دەرەکی ئێران بوون، چونکە سیاسەتمەدارانی ئامریکا ئەوی دەیانکردو کردوویانە، تەنیا کەلک وەرگرتن لە هیزی نیزامی و شیوە زۆرەملی بووە، هەر بۆیەش لە پلانی بە دیموکراسی کردنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تووشی تێشکان بوون.

بە پێچەوانەی بێخەبەری ئامریکا، کە نەیدەزانی حکوومەتی ئاخوندی خەریکی پێتاندنی ئورانیومە و نەشی دەزانی خەریکی پیکهێنانی بەرەیەکی بە قووەت لە ناو ئیراق بە تایبەت بەریەک لە هیزی شیعە بۆ بەربەرە کانی دژی ئامریکایە، ئێران لە هەموو سیاسەتەکانی ئامریکا موو بەموو ئاگاداربوو، بۆیە هەموو هیزی نیزامی و ماڵی خۆی لەم بەستینە وەگرخست، هەردورست کردنی هیزی (50)هەزارکەسی لە لبنان، بە ناوی حیزب الله کە (300)میلیون دولار خەرجی ساڵانەیەتی ، و قیت کردەوەی موقتەداسەدر لە ئێراق و حاملان وڕاهێنانی هیزی تروریست، لە ناوئیراق، دەبوایە ئامریکای لە خەوی کەروێشکی وەخەبەر هینابوایە، کە بە خۆیان ئیجازە نەدابوایە دەسەڵاتی شیعە لە ئێراق زیدەبکات، چونکە سروشتی بوو کە یەکگرتنی ئیراق و ئێران، باسیکێکی بەهیز بە دژی ئامریکابوو!!

دەمەوێ بڵێم هەر لە بناخەدا هیرش بۆ سەرئیراق هەڵەبوو بەڵکوو دەبوایە هیرشەکە بۆسەرئێران کرابوایە و دەم و دەزگای ئاخوندی تێک وپێک درابوایە، کە بەڕاشکاوی جڵەوی شەڕوشوڕی لەسەرهەرد بەدەست گرتووە و لە کردەوەی چەوت و دانانەوەی ئاژاوە بێ پیچ و پەنا دریغ ناکات!

ئەوجار کە هیرشەکەیان بۆسەرئیراق دەست پیکردبوو دەبوایە بۆ پێشەبڕە بڕینەوە لە ئاژاوەی ئیران هەموو هێزەکانی سیاسی ئۆپۆزیسیونیان لە مەڕ مال و چەک وچۆڵ بەهیزکردبوایە و بۆ ناوئیرانیان بەرێ کردبوایە، کە ئێران بە هۆی کیشەی ناوخۆی بەری وە ئێراق و ئاژاوە نانەوەو دەستدریژی و پیلان داڕشتن نەبۆایە!! یان هەرنەبوایە دوایی دەست بە سەرداگرتنی ئیراق لە گەل ئێران حیسابیان یەکلا کردبوایە ! چونکە ئەوکات ئێران لە گەڵ ڕووسیە پەیمانیکی هیندە بە هیزی نەبوو هەروا خاوەنی چەکی هیندەقورس وموشەک و ژێر دەریایی و فلان و بێهمان نەبوو کە ئامریکا یان ئیسرائیل سڵەی لێ بکەن وحیسابی بۆ بکەن و لێی بپرینگێنەوە!!

هەتا لە مەڕ سووریەش تووشی هەڵە بوون. مەسەلەن ئەوکات کە سوریە وەک میوژۆکە دەلەرزی پێیوابوو چونکە حیزبی بەعسە، دوایی ئیراق نورەی دەگاتێ، بە هەموو قسە و فەرمانێکی کارگێڕانی ئامریکا لەبیەکی دەگوت و لە راستیدا حازری خۆ بە دەستەودان بوو، دەبوایە لەو کاتی تاساوو حەپساوو پۆشاکاوی کە چ پەنای شک نەدەبرد بۆ بە تەنیا هێشتنەوەی ئیران لە گەڵی ڕێککەوتبوان، بەلام ئەوان چیلکەیان لە کونە زەرگەتە وەژاند، دواییش کە مێشەکان هروژان بە پیچەوانە لەگەڵ ئیران کەوتنە دانیشتن کەسنووری خۆیان ئیکجارەکی شکاند ئیدی ئەوسام وهەیبەتەیان نەما!!

با ئەم بۆیانە لەولا دانین و سەیری سیاسەتی ئامریکا لە ئیراق بکەین کە لە جەنگەی ئەوهەمووشەڕانە کە پینچ ساڵی بەسەردارابرد، سەرجەم کێشەی ناوخۆی ئیراق لە حکوومەتی مووەقەتی یەک مانگە هەتا دانانی جەعفەری و مالکی و کۆمای دەنگی خەڵکی ئیراق و پەسەند کردنی قانوونی ئەساسی کە دەبوایە دەست و جێ ڕیککەتنامەیان لەگەڵ ئیراق ئیمزاکردبوایە بێگومان ئەو چاخ ئێران دەستی وە زۆرشت ڕانەدەگیشت بەڵام لە خۆرا، یان لە بەر غلوربوون گەنخاندیان،و ڕاوەستان هەتا بە دەسەلات گەیشتن وهیزی سەربازی بۆ پیکهینان بۆحکوومەتی ئیراق،ئەو جار لە خۆڕاو بەلێکدانەوەکی دوور لە ئاقڵ و ئاوەزی سەلیم و دەستیان بەپیوەندی گرتن لەگەڵ ئیران بەشیوەیەکی راستەوخۆ کرد وکاتەکانیان بە هەدەر دان لە ئاخرو ئۆخردا داوی ڕیککەوتنامە لە گەڵ ئێراق دەکەن، دەجا ئەمە سروشتیە کە ئیران پێشگیری دەکات.
ئەمانەی ئاماژەم پیکردن چەند خاڵێک بوون کە هەلی بۆ ئامریکا ڕەخساند بوو کە بە ئیشتای خۆی و بە قازانجی خۆی هەڵسوڕێ بەلام نەیتوانی کات بقۆزیتەوە و ئیران لە هەموو باریکەوە، وەتەقلەکەوت و بە داکۆکی ئیران سوریەش بۆرژاوە، هەنۆکە لە سەر پاشوان راوەستاون! و سروشتیە ئاغای مالکی سەرۆک وەزیرانی ئیراقیش کە مورەی ئیرانە چەلاخ بووە ئیدی بە داکۆکی ئیران وەلامی ئامریکا ناداتەوە هەر ئەو ساویلکایەتیەش هۆکار بوو کە ڕووسیە لەو جەنگەدا کە ئامریکاخۆی تووشی قوڕەکێڵ کردوە بۆی ناکرێ لێی بێتەدەر حیسابی خۆی لەگەڵ گورجستانی یەکلاکرد.

لێره دەبی لە ئامریکایەکان پرسیاربکەین هۆکاری دانیشتن لە گەڵ ئیران ئەگەر بۆئارام بونەوه بوو بە تەواویی هەڵە بوو،چونکه هیچ ئینسانیکی ئاقڵ وخاوەن ئاوەز ئەمەی قەبوول نەدەکرد کە دانیشتن لە پشت میزی وتوویژ لە گەڵ کارگێرانی ئیران گەرەنتی ودەستەبەری ئارامی لە ئیراق پێکدێنێ، مەگەین مرۆڤی ناشی و ناپسپۆر! چونکه ئەوەی بە ناوی ئەلقاعیدە دەقەوما سەتی هەشتای پەیوەندی بە ئیران بوو! هەرئەوان بوون کە شیعه بۆ خۆ تەقاندنەوەو دەحاملاند، هەرئەوان بوون کە ماشینەکانیان بۆمین گوزاری دەکردن و بۆ تێکدانی پڕۆسەی ئامریکا بۆ ناو ئیراقیان بەرێ دەکردن! ئەمما ئامریکا ئیستاش نازانێ کە ئیران لە مەسەلی فیدڕال لە هەمووشت زێدەتر خۆفیان دەکرد هەنۆکەش بۆ تێکدانی لە ئیراق لە حەول وتەقەلادان،چونکه دەزانن لە دوارۆژدا کارتێکەری لە ئیران وسورییەو هەتاتورکیە دەبێ، و ئەو کیشه وگێچەڵ سازکردنی تورکیەو گەف وگوڕی لە کوردستانی باشوورتەپ وتۆزی تورکمانەکان یەکیک لەوسیاسەتە بوو، کەوا بوو دانیشتنی ئامریکا لە گەل ئیران نەیدەتوانی و قەتیش ناتوانێ هۆکاری ئارامی بێت ،بەڵکۆ بە پیچەوانەی لیدەکەوێتەوه. لەوانە سەیرتر هەنۆکە ئیران بە نهینی لەگەل دێموکراتەکان هەودای وتووێژی بۆ دوارۆژ باداوه، گویا نایەوێ لە کاتی سەرۆکایەتی بووش ئەو ڕیککەوتنامەی ئیراق ئیمزابکرێ! هەتا دێموکراتەکانی ئامریکا پێی شاگەشکه بوونه!! دیارە سەرۆک وەزیرانی ئیراق ئاغای مالکی لەو پیلانەدا دەستی نزیکی هەیە،دەیانهەوێ ئەو سەروەت وسامانەی ئامریکا سەرفی کردوە لە هەردی هەڵسوون دەست بە پوشی کەن. بێگومان ئەگەر ئەو هەڵە زلە بکرێ دوور نییە کارەساتی دەڵتەزێنی لە کۆردستانی باشوور لێبکەوێتەوه و دەستی سەرۆکانی کوردی باشوور یەکچەلی لە تەختە ببەستێ!!

لیرەدانابی ئامریکا وئوڕوپا گلەو گازەندە لە ئیران بکەن بەڵکوو دەبی ڕەخنە لە نەزانی وناپسۆری خۆیان بگرن کە نازانن چ دەکەن(بەکوژدانی (4000)سەربازی ئامریکایی و 26هەزاری بەریندار و (600)میلیار دۆلار بەهۆی چاوی رەشی ئیران خەرج کرا!! ئاخۆ ئەوحکومەتی ئاغای بۆش نابێ محاکەمە بکرێ؟ ئێستا دێموکراتەکان چاوەڕوانی ئەو سیاسەتە دەکەن کە دوایی بووش لەگەڵ ئێران ڕاستەوخۆ بی مەرج دەست بە وتوویژ بکەن،و دەڵێن هیزەکانیان بە تاڵوکە لە ئیراق وەدەرنین، پییان وایە بەمە ئیران دەست لە پێتاندنی ئورانیوم هەڵدەگرێ! بۆیە پیویستە بە کارگیرانی دێموکراتەکان پێکەنین کە ئاوها بە ساویلکەیی وادەو بەڵێنی ئێران و شیعەی ئیراق باوەڕدەکەن! ئیستا دەبینین کە سیاسەتی حکوومەت ئاغای بووش و سیاسەتمەدارانی ئامریکا چەندە سەقەت و نەقوستان و دور لە واقع بینی بوو!! ئەمەبوو ئاقڵ و ئاوەزی زلهێزی سەرگۆی زەوی!!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/10/22ی زایینی.

(55)

**ئێرانێکی (70)میلیونی!**

ئێرانێکی کە هەنۆکە(20)میلیون بێسوادو کەم سیوادی هەیە! ئێرانێکی کە لە حاڵی حازردا(14) میلیون لە دانیشوانی لە ژێرخاڵی بەلەنگازی و هەژاری و دەستەوەستانی ژیان تێپەڕدەکەن! ئێرانێکی کە(10)میلیون کەسی موعتادە، یانی هۆگر بە هرۆئین و کاکۆئین و مرۆفین و تریاک و حەشیش و...فەلان وبێهمانە! ئیرانێکی کە زێدە لە(10)میلیون کەسی بێکارە! ئێرانێکی خەفەقان،کە زبانی هەموو نووسەرەکی هەڵدروە و قەڵەمی ئازادیخوازانی شکاندوون، سەرجەم ڕۆشبیران و چالاکانی سیاسی وهاواڵدەران ورۆژنامەنووسانی کورد بە توندی لە ژێرچاوەدێری ئیستخباڕاتی ئێراندان و هەتا قسەی ئاسایی سنووردار کردوە! کە دەکرێ بڵێین ئێران بۆ دانیشتوانی وەک زیندانێکی بەسامی لێهاتووە، ئەوەی سریوەی لە بەر بێتەدەر ڕەپێچەکی بەندیخانە دەکرێ و لە ماوەیەکی کورتدا بە دەستی ئاخۆندەکانی هیچ نەزان و کۆنەپەرست حوکمی درێژخاین یان ئیعدامی بە سەردا دەسەپێندرێ! ئێرانێکی کە بە شیوەکی دیکتاتووری هەڵدەسورێ و زیندانەکان و گۆڕستانەکانی لە هەموو شوێن ئاوەدانترن ! سەرئەنجام ئێرانێکی کە بە کوشتن و بڕین و لە قەنارەدان و زەبرو زەنگی سەرنیزو و هەڵاوەسین بەڕیوە دەچی! بە کوردی و بە کورتی ئێرانێکی پاوانکراو بە دەستی ولایەتی فەقیە کە ئاخوندی دەگەمشۆو نەزان و خەڕافاتی سەڕافەتی دەکەن! ئەوە ئیشتیایان لە ئەمپەڕاتووری مەزەبی کردوەو بەوبۆنەوە خەریکی پێتاندنی ئورۆنیوم بۆ دورست کردنی بۆمبی ئەتۆمن!!

لە دنیای ئەمرۆ دا کە هیچ کام لە نەتەوەکان لە سەرگۆی زەوی لە یەکتری ڕەسەنتر نین و پیویستە هەموو بە یەکسانی بژین،حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە ناو کۆمای نەتەوەکانی ئیران، کوردو عاڕەب و بلوچ و تورکمان ئاسۆڕی و ئەرمەنی بەهایی، وەلاناوە و لە تەوای مافی هاو وڵاتی مەنع و بێ بەش کردوون! و لە چوارچیوەی دانیشتوانی ئیرانی بەکردەوە هێناوەتنەدەر وخەریکی فەوتان و بەتڵان و لە ناوبردنیانە!

ئێرانێکی ئیکجارکۆن،کە مێژووی بۆ چەندین هەزارساڵ دەگەڕێتەوە،ئێرانێکی کە بۆ هەوەڵین کەرەت لە میژوو، کورش مەزنی ڕەچەڵە کورد ئازادی و مافی یەکسانی بۆ ئینسانەکانی سەرگۆی زەوی تێدا ڕاگەیاند هەموو داپاسەپانێکی مەحکووم کرد! هەموو نەتەوەکانی وەک یەک لە تەرازوی ئینسانیەت داهەڵکێشا و هەڵسەنگاند و بە پێنوس نووسی و ڕاگەیاند کە هەنۆکە بە ناوی "حقوقی بەشەر"لە کۆمەڵگای نیونەتەوەیی ڕێزی لێدەگیرێ!

بەلام جێ نشینانی کوڕشی مەزن، ئیستا چەپەڵترین کۆنەپەرست لە سەرکورسی دەسەڵات لە شوێنی کەیخوسرو کەیقوبادی و ساسانیەکان و ئیبوبییەکان وهەخامەنیشینەکان و ... پاڵیان داوەتەوە بە ناوی دین و مەزەب چ حەیاو ڕیزیان بۆ دین و مەزەب وئیسلامەتی نەهێشتۆتەوە!! بەفتوای وان

نەتەوەکان کوشتنیان حەلال کراوە و بە فتواوی وان خەزای هاو وڵاتیان شتیکی ئاساییە  و بە دەستووری راستەوخۆی وان هەموو ڕۆژی سێدارە چەقاوەو قەنارە هەڵدراوە، پیرو گەنج و لاوو زارۆک هەڵداوەسرێن! کارگێڕانی ئەوحکومەتە جەبارو نگریسە، تۆی ناکۆی و چەند بەرکی لە ناو نەتەوەکانی ئێران چاندوە و دەیانهەوێ بە شەڕی ناوخۆ حکوومەتی سەرەڕۆیی خۆیان بۆساڵیانی ساڵ بەردەوام کەن و لە ناوی خوداو پێغەمبەر وئیمامەکان کەلکی نابەچی وەردەگرن!

ڕێژێمێکی کە دەیتوانی دوایی ڕۆخانی حکوومەتی سەرەڕۆی شاهەنشاهی هەموو شیوەکای ئاسایش و خوشبەختی بۆ هەموو نەتەوەکانی ئیران دەستەبەربکات! ئێرانێکی ئازاد و ژیانیکی تەیارو چەوروشیرین بۆ گشت نەتەوەکانی  ساز دات! ئیرانێکی خاوەن خەزینەو ژێرخانی ئابووری و  کە دەیتوانی دانیشتوانی ئیران بی تەوفیر بە هەموو تاسەو ئاواتەکانی خوداپێداوبگەن، لە بیمەودەرمان لەش ساخی و موچەی بێکاری و پاکژی ناوشارەکان و دورست کردنی ڕێگاوبان بە پیی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی سەردەم پیادەبکات! ئێرانیکی کە دەیتوانی ئازادی کە مافی هەر ئیسانییکی تاک و بە کۆمەڵ و هەر نەتەوەیەکە، بێ فەرق و جیاوازی لە وڵاتێکی ئاوەدان و تەژی لە بەرهەمی نەوت و کشت و کاڵ و بەرێوە بەری! ئیرانێکی کە دەیتوانی بە دەستی چین و توژەکانی پەرە و گەشە بستێنێ و بە بنیات نانەوەی قوتابخانەودانشگاکان بداو ولات بکاتە پیشەیی و سەنعەتی هەموو خەونەکانی دانیشتوانی ئیران وەدی بێنێ!

بەلام ڕێژیم کوندەبۆی ئاخۆندی، دەیەوێ لە سەر کەلاوە کۆنەکان و جەندەکی خەڵکی ئێران وەخوێنێ! کەیفی بە وێرانی و خاپۆور بوون و قڕانی سەرجەم خەڵکی سەرگۆی زەوی دێ! خەونەکانی وی بە تالان و کوشتارو خوێن ڕێژیی و لە سیدارە دانی هاووڵاتیان و چاو دەرێنان و ئەشکەنجەو جەزرەبەو هەلاوسین و هەتلەو هەڵوەدایی و ئاوارەیی دانیشوانی ئیران و بێنینیان بە چارەڕەشی لە سەرانسەری دونیا و بەرفرەوانی جەهالەت و بیسوادی وچڵکن و پیسی نا پاکژی وەدی دێت!! ولایەتی فەقیە بەرەو(1400)ساڵ دەگەڕێتەوە، دەیهەوێ بە کاری تەیمەم و تارت و دەستنویژ بە خۆڵ شوشتن، جارێکی دیکە جەهالاتی سەدانساڵ لە میشکی  لاوان زیندوو کاتەوەو بەرەبەستی هەموو خۆشی وشایی و ژیانی ئاسایش لە سەرڕووی زەوی بدات!!

ئەممابابزانین بۆمی ئاتۆم چ خیرو بەرەکەت و قازانج و منفەعەت وبەرهەمی بۆ دانیشتوانی ئێران هەیە!
ئاخۆ کێ دەتوانی بۆمی ئەتۆم بوەشێنێ؟ ئەو جارئێران لە کێی دەوەشێنێ! ئەگەربلێین ئیسڕائیل،خۆ جگە لە وەی بەهۆی ئەو هەموو قەڵخانەی ئیسرائیل هەیەتی، کارێکی لە کردن نەهاتووە بەلام خۆئەگەرفەرزیاتی بۆ دانین،ئاخۆ دویی وەشاندن  لە سەر خەریتەی سەر زەوی ناسترێتەوە؟ دەجا ئەو جورەچەکە، کە کارەساتی ئەوهای لێدەکەوێتەوە نەبوونی چاترنییە! خۆ ناشتوانی بە بۆمبەکی ئاتۆم ئامریکا لە ناوبەرێ کە هەرچەند موشەکی ئەوتۆی نییە کە ئەو بۆمبە بەرێ بەواشنگتۆن دادات، دیسان بەفەرزیات، خۆئیران لەسەرنەخشەی دونیا هەڵدەگیرێ! کە وایە ئەو چەکە قەڵخانیشی ناوێ، چونکەکەس ناتوانی بیهاوێژێ! خۆزیاسەت خۆزیا دانیشتونی ئیران کە مەبەستم لە فارس و تورکەکانە، ئەوندەیان ئاقل هەبوایە کە زانیبوایان چیرۆکی پێتاندنی ئۆرۆنیوم نەک بە

هیزکردنی ئیران بەلکوو خافلان و سەرگەرم کردنی دانیشتوانیەتی کەبتوانن لە سەردەسەلات بمێننەوە! هەتا شەڕی ئیراقیش گەرم ڕاگرتنەکەی ئەم هۆکارە بوو، وەک دەپیشدائاماژەم پێکردوە ئاخوندەکان کە لە منالیەوە شێعەکانیان ڕاهێناون دەزانن چونیان حاملاندوون!! دەنا ئیران مەبەستی بۆمب دورست کردن بۆ وەشاندن نییە و ئەم موشەکانەش کە لە رووسیەی کریون چ دەردی ئیران دەرمان ناکەن،چونکەسەدام ئەمانەی هەموو هەبوو ئەگەر لە بەرامبەر ئیرانی (40)میلیونی ئەوکات (8)سال لاقی بەقوڕەکێلی شەڕ وەبوو لە بەرامبەر ئامریکا(21)ڕۆژ دەرچەی لیداو خۆی بەدەستەوەدا،پاشان بەداری سزاهەلاوەسرا! دەجا ئیرانیش لەگەل هەرکام لە زلهیزەکان تووشی شەڕ ببێ بێگومان ئەگەر تەمەنی لە(21) ڕۆژ کەمتر نەبێ پتر نابیت!! ئەوسەوداو مامەلانەش هەموو فیتی زلهێزەکانن بۆ فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بێگومان ئەو هەموو تاریفاتەی کە ئیران لە خۆی دەکات کە موشک وفرۆکەی دورست کردوە ئیرانیەکانیش دیسان مەبەستم فارس وتوک و چلکاوخۆرەکانن لە دەرەوەی ولاتیش پی سەرخۆش و مەستن، بە تەوای درۆی پەتین! ئەو چەک و چۆلە هەموو لە ڕووسیە کراوە،سویندی مونتاژ ناخۆم کە پیچ و مەنگنەکانیان لیکتر قایم کردبن، ئەگەر راست دەجا با پالاوتنگە (پالایشگایەک)ی بنزین دورست کات! کە زۆرلە موشک و فرۆکە سانایی ترە و، واجب تریشە!!

حامیدرەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەرالیا،
2008/10/23ی زایینی.

**(56)**

## پێشینیان گووتوویانە سندەگل بۆ بەرد دەگری، لە ئیران وەدیهاتووە!

ئێران کێچی لە لەشی کەوتووەو ئاراوو قاراوی لێهەڵگیراوە، هەتا ئاکامی دەنگدان ڕانەگەیندرێ لە ئامریکا خرووی ناشکێ!
هەروا ئێران بەو سنوور بەزێنەی ئامریکا، لە تخووبی هاو مەزەب وهاو پەیمان، یانی وڵاتی سووریيە، گەلێک پۆنگژاوە، چونکە لە شیوەی چەوتەکاریەکانی خۆی سەبارەت بە ئامریکا ئاگادارە یەک لەوان گرێبەستی ئەمنییەتی نێوان ئیراق و ئامریکا بە دەهۆو خۆتیهەڵقوتانی ئێران چەتی تێکەوتووەو لەوانەیە ڕیسەکەی ببێتەوە خۆری، دەجا ئەگەر لە قسەکانی کارگێڕانی ئێران

خوردبینەوە هەست بە ترس ڕێنیشتن دەکەن، چونکە دوورنییە لە ئاخرین رۆژانی تەواوبوونی دەورانی بووش، هیرشێکی نیزامی بۆسەرئیران نەکرێ! هەرچەند گومانی ئەمە زۆرکزبووە بەڵام ئیحتمالی وی بە تەواوی کاڵ نەبۆتەوە،بە تایبەت لەو هەل ومەرج دا کە لە مەڕ سێ دوورگە(جەزیرە) لە نیوان شێخ نشینەکان کەنداو وئیران هێندیک دەمە تەقە لەگۆرێدا هەیەو لەوانەیە هۆکاری کێشەی لێبکەوێتەوە هەروا دابەزینی بایی نەوت لە(145)دۆلار بۆ(70) خەزینەی ئیرانی بەتاڵ کردو لێکدانەوی خەونەکانی بەراوەژو بەپێچەواەکردوە،چونکە ئیران بە خەیالی بەرزبۆنەوەی نەوت گەلێک گەلاڵەی داڕشتبوو هەتا بە تەمای بەرزبۆنەوی نەوت بە(200) دۆلار بوو،دەجا ئەو وادانەی کە ئەحمەدنیژاد بە خەڵکی ئیرانی دابوو هەرچەند هەرڕەوالەتی بوون قەت وەدی نەدەهاتن بەلام ئێستا ڕەوالەتیەکانیشی بوونە بە بڵقی سەر ئاوو پۆچاونەوە! ئەو جارئەو پاشەکەوتەی کە دەولەتی ئەحمدی نیژاد بۆ ڕۆژی مەبادا کردبووی و زورجار بە شتێکی نهینی دەم لێدەدا کە سەری محفەرەکەی کراوە(25)میلیارددۆلاربوو لە سەرئەوحالش بە قەیرانی ئامریکا گەمە دەکەن کە پاشەکەوتی زێدە لە(12)تڕیلۆن بوو کە هەرتریلون(1000)میلیاردە، ئیستائەمریکابە(700)میلیارد دولارسەرۆسامانی بە بازارەکانی داوەو ئەگەر پیویست بی کە تریلونیکی دیکە یانی(1000)میلیارد لە بازاربکات برینەکانی ئابووری تەشەناکراو هەمووسارێژ دەکرێ، ئەوەیە پێشنیان گوتوویانە سندەگڵ بۆ بەرد دەگری!!

بەلام گێرە شێوێنی ئیران لە نیوان شێعەو کوردەکان وشوین تێکەری لە ناو مەجلیس و پارلەمانتاران و مەسەلەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان:
وەک دیاریدەدا ئیران سەری گەلێک هەودای بە دەستە، ئەگەر لە قەیرانی سەردەمی بووش پاپۆری خۆی لە تۆفان بپەڕێنێتەوە دەست بە پیلانەکانی خۆی دەکات و چونکە سەرۆکانی بەغدا بە تایبەت شیعەی ئیراق ئاخوندەکانی ئیران وەک مەرجەع بەسەر وەسیەت دەزانن، و بە داخەوە لە گەڵ سەرۆکانی کوردیش لە کۆنەوە هاو هێلانەگۆریچەن دەستی ئیران لە هەموو بارەوە هاوەڵایە، دەجا مەترسی لێدەکرێ وەک دەزانین چونکە چارەسەرکردنی مەسەلەی پارچە دابڕاوەکان، گۆی پێشەبڕە بەرینەوە لە دەسەلاتی بەغداو سنوردار کردنی دەسەڵاتی ئەوە،فیکری لێدەکرێتەوە کە بە شیوەیەکی نەریتی بۆ کورد، بە خۆ تیهەلقوتانی ئیران بارو دۆخ بگوڕدرێ کە ئیدی هەموو تاسەو ئاواتەکان لە فیدراڵ کوردستان دەبن بە خەون وخەیاڵ، هەتا شیوەیەکی دیکەش جیاکردنەوەی ئەو پاریزگایە لە کوردستان و بە تەنیا بەرێوە چوونیەتی، کە یەکێک لە گەڵالەی ئیرانە، دوورنییە کە ڕەنگە جلی کردەوە لە بەرکات،هەرئیستا گەلێک خۆفی لێدەکرێ، ئەوکات ئیدی گڕانەوەیان بۆ سەرکوردستان چتوونتر لە ئیستا دەکەوێتەسێرەی لێڕوانین. ئەوانەش هەموو دەگەڕینەوە سەرهەلەی سەرۆکانی کوردستان و خزی بزییان لە گەڵ ئیران و نەقۆستنەوەی کاتەکان و خۆ بەنەیار ئەسپاردن و سود لە زانیاری و پسپۆروی زانیان وەرنەگرتن و چەقین لە سەرکورسی دەسەلات و ئاسمان وریسمان دارو بەش کردن بوو کە ئیستاشی لەگەڵ بیت ئەوەی لەو حیزبانە ئەندام نییە بە کوردی دانانین و هیشتاچ کارو شۆڵیکی مەزن وگرینگیان بە ناحیزبی نەداوە کە ئەوە بۆخۆی زەبرەکی قەرەبۆ نەکراو لە بڕبرەی پشتی نەتەوایەتی و گەمە بە دێموکراسی و چارنووسی کوردە!!
حامیدرەشیدی زەرزا

سیدنی ئوستەرالیا
2008/10/29ی زایینی.

(57)

**هەمووکەس دەتوانێ دەموودەست، دین و مەزەبی خۆی بگۆڕێ بەلام کەس ناتوانی تۆرەمە و ڕەگەزی خۆی بگۆڕێ!**

دەجا لە ئێران کورد بوون و سیاسی بوون لە هەمووشت سزای پترە! ئەگەرکورد بی و شیعەش بی دوو قات سزای هەیە! ئیستا کوردەکانی پارێزگای کرمانشاە بەشەکانی دیکە بە تۆمەتی کورد بوون و شیعەبوون سزایان بۆتە دوو قات!

دەجا ئەگەر کورد بی و سیاسی بی و ئەو جار سوننە یان شیعە بی، هەر باسی سەرەو چونکە بە بیرو بۆچوونی ئاخوندەکانی کۆماری ئیسلامی کورد لە هەر دین و لە سەرهەرمەزەبێک بێ کوژرانی حەلاڵە! بۆیە کارگیڕانی مەدنی و حقوقی بەشەری کوردستان سەرجەم کەوتوونەتە بەر خۆرتمی کۆماری ئیسلامی، لەوانە زۆریان حوکمی ئیعدامیان بەسەرداسەپاوە یەک لەوان 'فرزانەکمانگر" چونکە کۆماری ئیسلامی بە پیی قانوون ئەساسی خۆی حکومەتی خوایە، دەجا رەخنەگرتن لە حکوومەتی خودا کفرە، بۆ کافریش بە بۆچوونی ئاخوندی دەستەواژەی "مفسدفی الارض" ی لە قانوون ئەساسی جێکردۆتەوە! لە ڕاستیدا رەفتار وهەڵس وبنیشی قوەی قەزائیەی ئیران لە حاڵی حازردا سەبارەت بە چالاک و پسۆرانی سیاسی و هاواڵدەران نووسەرو ڕۆژنامەوانان، شیوە کوردکوژییە، کە بۆتە باوو قەیران دەخولقێنێ! کە هەتا ئەم هەلس و کەوتە لە سێرەی هەتەری چاوی تیژبینی چالاکانی سیاسی حقوقی بەشەریش شراوە نییە، وئەو تۆمەتانەی کە کارگێرانی ئیران وەپاڵ چالاکانی مەدنی کوردی دەدەن، هیچ کامیان بە پێی ناوەرۆکی قانوون سزا نین، بەڵکوو لە سەربنەمای ڕەشبینی سەبارەت بە نەتەوەی کوردەو چی تر!! لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانێ کە دانیشتوانی ئیران چەندین نەتەوەپێکی دێنن، یانی ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەیییە،کە هەرکام لەوانە دین و مەزەب و ئاقیدەی جیاوازیان هەیە، و پێویستە بەشیوەیەکی یەکسانی ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێ! لە لایەکی دیکە سوننە و شیعە هەردوو ڕووبەری یەکەن و تەوفیریان لە نێوان ناکرێ چونکە هەردوو خواو پێغەمبەرەیان قبووڵە، خۆ گومان ناکەم فەرق دانانی ئیمامەکان هۆی وەرگەڕان لە دین مسوەگەربکات بەڵام ئەگەر یەزیدی وعەلویی و بەهایی وهەتا جولەکەش ڕەگەزی کوردبێ حاشای لێناکرێ،دەجا دەبێ کۆماری ئیسلامی بزانێت کە ناتوانێ بە تەبلیغات و پڕوپاگەندەی دینی تەفرەق باوێتە ناو کوردی شێعەو سوننە، چ شیعەو چ سوننەو چ عەلی ئولایی و چ زەردەشتی بە تۆرمە ورەچەڵە کوردن و هەموویان کوردستانین، و لە هەرکوێ دونیا بن دەهۆو

دۆزی کۆماری ئیسلامی ناتوانی تیدا کارگەربێ، بە تایبەت هەنۆکە دونیای پاشکەوتووی دوێنێ نییە، کوردەکانی رۆژهەلاتی ئیران لە هەرچوارپارچە یانی کرمانشاو وئیلام و کوردستان و(سنە) و ئازەربایجانی رۆژئاوا یەک رەچەڵەن رۆشنبیران وخەڵکی مەدنی و خوینکارای کورد لە دەهۆی رژیمی گەندەلی کۆماری ئاگادار بوونە، ئیدی باوەریان بە پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی نییە! هەتا بە پێی ناوەرۆکی کەلامی خواش پێکەو حەوانەوەیە، ئەگەرخودا مەسلەحەتی زانیبوایە هەمووی دەکردنە یەک دین، کە وایە حیکمەتیک لیرەداهەیە بەشەر ئەو حەقەی نییە لە نیو دینەکان تەوفیر دابنێ!

مەگین بەقەولی خواجە خافزی شیرازی:

(جنگ هفتاد دو ملت همە راعذر بنە
چون ندیدند حقیقت رهی افسانە زدند)

ئێستاحکوومەتی ئیسلامی ئیران بە بوختان کردن بە ئیسلام و دین و مەزەبی کردۆتە هەژدیها و دەمی داپچراوە دەیەوێ هەموو نەتەوەکان  هەڵبلوشی! ئاخۆ کێ هەیە سەری ئەو هەژدیهایە پانکاتەوە دین و مەزەب لە گەمە پێکردنی  ئەو عیفریتە رزگار بکات!

بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو ئیسلامەی کە ئاخۆندەکانی شیعەی ئێران ئابرووی ئیسلامیان پێبردووە، تەژی لە ئازادیخواز، بە تایبەت ئازادیخوازانی کوردستانی رۆژهەلاتی ئیرانن! ئیسلامی دەستکردی کۆماری ئیسلامی ئیران ئەوهای زەبر لە کەسایەتی سەلاحەتی دین و مەزەب ئیسلام داوە کە هەموو مرۆڤێکی سەرگۆی زەوی بە پیچەوانەی راستیەکان لە ناوەرۆکی دینی ئیسلام گەیون ! هەوهیندەی بێ بروایی وبێبەزەیی وەپاڵ ئیسلام داوە، کە خاوەنی دینەکانی دیکە پێیان وایە هەرئیسلامێک شمشیرەکی دوو دەمی بۆسەربرین بە دەستە و شەورۆژ ئەوە دەیسواتەوە تیژی دەکات، لە راستیدامرۆڤ کە ئەو جۆرە ئیسلامە دەبینی لە هەمووشت بێزی هەڵدەستێ، دەتوانم بڵێم پروپاگەندی بە درۆی کۆماری ئیسلامی ئیران بە تەواوی دژی ئیسلامە و کەرامەتی ئیسلامی زەدەدارکردوە،دەنا سەرچاوەکانی قورئان هەموو رەحمەت و بخشیین و چاو لە تاوان پۆشینن!! چونکە کەلامی خوداهەمووی دڵۆڤانی و پێکەوەحەوانەوە و خۆشی شایی وچاوپۆشی لە تاوان وچاورەوانی رەحمەتی حەقی تیدایە!

بەڵام  ئەوەی ئاخۆندی شیعەی ئیران، هەنۆکە نزیکی 30ی ساڵە لە ئیران بەناوی ئیسلام وسوننەت و پیغەمبەرو ئیمامەکان بەرێوەی دەبن، هیچ کامیان ئیسلامی نین، بەلکوو تەفیرەکی بنەرەتیان لەگەل دین ئیسلام هەیە، بۆیە دەتوانم بە راشکاوی بڵێم ئەو دەستەو تاخمەیەی کە ئیرانیان قەبزەکردوە فریان بە ئیسلام وەنییە و دەستەیەکی سازکراون لە لایان دەرەکی بۆ شیواندی ئیسلام بۆ ئیران ناردراون کە دینی ئیسلام  لە بەرچاوی مەخلوقات بێ بایەخ و سووک و چرووک بکەن لە راستیدا لە کارە گڵاوەکانیان زۆریش سەرکەوتوو بوونە،دەنا یەکیک لە کارە باشەکانی ئیسلام چاوپۆشی لە تاوان و لێبوردنە کە ئەوان هەر بارو ئیمانیان بە وشەی چاوپۆشی و لێبوردن نییە،

ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین ئیسلام دینیک بووە هەتا کویلەداری نەهیشتووە کە لە ئایەی 177ی سورەی بەقەرەدا هاتووە. سەرچاوی قورئان هەموو رەوحم و دڵۆڤانییە،ئەوان جگە لەوەی کە مافی نەتەوەکان پێشل دەکەن کوردەکان بە کۆ دەکوژن و هاوولاتیان هەتڵەو هەڵوەدا دەکەن، کە ئەمانە لە لای خودا گەورەترین تاوانن!!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/11/1ی زایینی.

**(58)**

**کاری مەدەنی لەئێرانێکی دیکتاتۆر**

ئاخۆ کاری مەدەنی یانی جوڵانەوەی ڕۆشنبیری و شیوە شارستانیەتی و کاری سیاسی و فەرهەنگی لە ئیرانێکی دیکتاتووری ئیسلامی ئاخوندی ئەو هەلومەرجە دەرخسێنێ کە خوێنکاران و مرۆڤانی ڕۆشنبیر و فەرهەنگ دۆست بەڕاشکاوی وبێ گیرگرفت بتوانن تیکۆشانی خۆیان لەم بەستینە بۆ وەدەستهێانی مافی نەتەوەکانی ئیران یەک لەوان نەتەوەی کورد وەگڕخەن؟

ئاخۆ حکوومەتی ئاخوندی ئیران ئەو زەرفیەتەی هەیە کە بە سینگ هاوەڵایی لە گەڵ کاری فەرهەنگی و ڕۆشبیری و شارستانیەتی هەڵکات و لێی دەچاوی نەکات؟ ئاخۆ کۆماری ئیسلامی لەم پانەگۆڕاییەدا حازرە لە گەڵ چالاکان و پسپۆران و ڕۆشنبیرانی ناوخۆی وڵات لەم بارەوە هەڵس و بنیشی هەبێ و، وتویژ بکات؟

ئاخۆ کەسێک هەیە بتوانێ و ئیجازەی پێبدرێ دوو کەلیمە سەبارەت بە مافی نەتەوەکانی ئیران لە سەرمیزی دانیشتن لەگەڵ کارگێرانی ئاخوندی بێنێتەگۆرو دەست وجێ قۆڵبەست نەکرێ و هەڵەپەستی بەندیخانەکانی جەهەنەمی کۆماری ئاخوندی نەکرێ و دەیان تۆمەتی لە پویەندی لەگەڵ سازمان و حیزبەکان و دەرەوە بۆ هەڵنەبەستریٔ و لە داداگاکانی ئینقلابی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی ئیران حوکمی ئیعدامی بە سەردا نەسەپێندرێ؟

لەڕاستیدا هێنانەگۆڕی مەسەلەی مەدەنی شیوە شارستانیەتی لە بۆ چارە سەری مەسەلەی مافی نەتەوەکان لە چوارچیوەی ولاتانی پێشکەوتوو کارێکی ئاسایی و لە ڕیگایی دەنگی خەڵک و شیوەی دێموکراسی یانی جولانەوەی مەدەنی بێ کێشەوهەرا پێکدێت و چ گرێ کوێرەیەکی ناخرێتەبەر،هەتا پیویست بە کاری چەکداری بێت،چونکەمەسەلەی پشکەبەشی نەتەوایەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو،

وەک ئەندامانی بنەماڵەیەک لییدەڕوانرێ کە جیابوونەوەیان لە مشت و مڕی ناو سێ کۆچکەی ماڵ وێوە تر ناچێت و بە چەورو شیرینی بەڕیوەدەچێ، هەریەک لە نەتەوەکان پشکە بەشی خۆیان بەشیوەیەکی یەکسانی و بەرابەری لە چواردیواری فیدرال پێدەبڕێ! بەلام ئاخۆ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەتا ئێستا شتێکی ئەوها هاتۆتە کایە!! بۆیە هەرشیوەیەک کە دیتەگۆڕ ئەوان بە قەومان و دابەشکردنی وڵاتەکەی لێکدەدەنەوە!!

لایەکی دیکە خەڵکەکەی ئەو هیندە گوێ لە مەست و بەپڕوپاگەندەی ئاخوندەکان فرچکیان گرتووە هەموو درۆیەکی پەتی لەوان بەراست وەردەگرن و بە تۆمەتی دەرەکی بەرچەسبی لێ قایم دەکەن و ڕاوەستان لە دژی بە واجبات دەزانن و دەیکەنە خۆ تێهەلقوتانی زلهیزەکان و خەڵکی ناحاڵی کوچەو کۆڵانیان بۆ چەکداردەکەن و بەکژ برایانی خۆیان دادەکەن، هەرئەوەندە کە گوتویەتی پشکەبەشی من چەندە!! ئەمەیە بەخت ڕەشی نەتەوەکانی ژیردەست و مل لە بن کۆتی دیلی لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست کە ئیران یەکێک لەوان و لەهەمووان دەمارگرژ تر!!
ئەگەر بزانرێ کە حکوومەتی ئاخوندی حازرە بە شیوی سیاسی لە گەڵ نەتەوەکان وتوویژدەکات بێگومان بوونی چەک شتیکی زیدەیە و هەمووش دەزانین کە چەک ڕەنگە چ دەرد دەوا نەکات، بەڵام موجودیەتی نەتەوایەتی کە دێ بە تەواوی لە مێشک بسڕیتەوە لە سەرزارو زوانان زیندو ڕادەگرێ!

نموونەکانی بە کردەوە لە بەرچاون وەک دەبینین دەموودەزگای ئاخوندی ئەوە دەستی بەگرتن و ئەشکەنجەکردن و سەرکوتی ئازادیخوازان و ڕۆشبیران و خوێنکارانی ئیران کردەوە و سێدارەکەشی بۆچاوترسان لە کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئیران چەقاندوە،هەتا بەشی قوە قەزائیەکەی کۆماری ئیسلامی بە تیکڕایی لە ڕاهیندراوو مێشک شۆراوەی ئیستخباراتی ئیرانن،دەجا فەرقیان لەگەڵ پاسدارو سارولڵەو کۆمیتەچی وئیستخبارات نییە، هەموو بنەتۆی تەلیسەک و بە تیکڕایی بنژیل و داڕۆجان و بنەبێژینگی لۆدەیەکی دڕک وداڵن و تەعلیم دراوی ئاخوندین کە لە پاسدارخانەی ئیتلاعات نان و نمەکی وەفادارییان بە بە کوشت و کوشتار لە کوردستان مسوەگەرکردوە، و بە ناوی قازی لە پارێزگاکان و شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات دارو بەشکراون! دەجا ئەوان بە ناوی حاکمی شەرع چارەنووسی خەلکی کوردستان رەقەم لێدەدەن کە لە قەزاوەتی واندا جگە لە چەقانی داری ئیعدام بۆ نەتەوەکانی ئیران بە تایبەت کورد بەرهەم ناداتەوە! بۆیە کاری فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و هەڵسورانی مەدەنی لە وڵاتانی دیکتاتوورسیفەت کە ئیران یەکێک لەو خیلە سەرانە کەلکی لێ وەرناگیرێ و ئەوە سی ساڵە بوخچەی بە نەکراوەیی ماوەتەوە!!

لێرە مەبەستی من شەڕی چەکداری نییە بەڵام شیوە تێکۆشانەکان پیویستە بگۆڕێنن،چونکە ئەگەر نەتەوەکانی ئیران پێکەوە دەست لە دەستی یەک نەنین و بە چڕوپڕی دەنگی خۆیان تێکەڵی دەنگی خەڵکی ئیران نەکەن هەر وەک کە ئیتسا نەیانتوانیوە سەری قسەی چارەنووسی خۆیان بکەونەوە تاک تاکە تامی گورزو زەبری ئاخوندی ئیرانیان چێشتووە و ماڵێک نییە کە شەهیدی نەدابێ و دەسبەبندی بەندیخانەی لە دەستی نەکرابێ یان هەتڵەو هەڵودانەبێ، دەیسان ڕێژیم بە گۆڕتر لە پێشوو لە کوشت وکوشتاردەست ناگێڕێتەوە،بەلام ئەگەر بە کۆ بینە مەیدانی کردەوەو هەروەک تۆماری شاهەنشاهییان تیک وەردەپێچا و گۆڕی کۆماری ئیسلامی بۆ هەمیشە پێ پەست دەکەن، بە

هیوای ئەو یەکیەتی و وێکدانی دەستی برایەتی هەموو نەتەوەکانی ئیران بۆ ڕوخانی ڕێژیمی نەحس و بەدشوم و کوندەبۆ سیفەتی ئاخوندی ئیران و سەرکەوتنی گەلانی ئیران بەسەر دیوزمە و شەیاتین و دڕندەکانی کۆماری ئاخوندی.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/11/2ی زایینی.

**(59)**

**"ئۆباما" یان "جون مەکین"؟**

سەرئەنجام سال و مانگ و ڕۆژ تێپەڕبوون و دەنگدانی ئامریکا دەستی پێکرد با چاوێک بە وتارەکانی ئەو دوو پالاوتراو لە دوو حەوتووی ڕابردوودا بخشێنن و لە تەرازوی بیرو بۆچووندا هەلیانسەنگێنین! بزانن کامەیان سیاسەتی دواڕۆژی بە گرنگ زانیوەو چاوگەی گزنگی قۆستۆتەوەو ئامانجی دابین کردنی ئارامی و پێشبڕە لە تروریستی لە بەرنامەدایەو کامەیان بە دوای ئیحساس داهەڵدەسوڕێ لە دنیای کەسینی خۆیدا تەنیا تێنوی کورسی دەسەلات و بە دەست وەگرتنی دستەجڵەوی قودڕەت و پشت لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە!

بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە ئامریکا زلهێزەکی حاشاهەڵنەگرەو سیاسەتی وی شوێن تێکەری لە سەرسیاسەتی دونیا و بەتابەت ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وحکومەتەکانی سەرەڕۆی ئیران و سورییەوهەیە و ئیراقیش کە خوی بە وەرگیرکەی ئیران دەزانی لەباڵەکەوی ئەو قوونەکەوە دایە، سروشتیە کوردەکانی کوردستانی باشووریش کە لەو چوارچیوەدان لە خیروشەڕی تیکەڵن!

دەجاوەک دەزانن ئیرانی ئاخوندی و ئیراقی شیعەی هەنۆکە بە خوینی سەری ئامریکاتێنون چونکە ئامریکا بۆوان کوسپێکی مەزنە و هەتا ئەو لە ناوچە حزووری هەبێ ناتوانن پیلانەکانیان بەو شیوەی کە خوازیارن پیادەبکەن، لە لایەکی دیکە رووسیەش کە لە حەولی کورت کردنەوەی لاقی ئامریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە، و بە خوازیاری ئیران ڕاستەوخۆ بوونی هەیە، یەکێک لە کردەوەکانی مەسەلەی جیاکردنەوەی دوو پاریزگا لە گورجستان و ئەوی دیکە دنەی ئیراق بە دەستی ئیران بۆ ئیمزا نەکردنی پەیماننامەی ئەمنییەتی نیوان ئیراق وئامریاکا بوو کە لە هەر دوو بابەت ئامانجی پیکاو سەرکەوتووبوو!

دەجاسیاسەتی "ئۆباما" بە قازانجی روسیەو ئیران تەواو دەبی ئیراقیش لەوانیە ببێ بەتۆی زەوی!!، چونکە کێشانەوی کوتووپڕی هیزی ئامریکا لە ئیراق، بێگومان کە هیشتا ئیراق خاوەنی هیزەکی

ئەوتوو بەدەسەلات نیە لەوانیە کارەساتی لێبکەویتەوە، هەر چەند ئیران لە حالێکی وادا شوینی ئامریکا بۆ شیعە پڕ دەکاتەوە بەلام نەتەوەکانی تر چیان بەسەردێ دوا رۆژ مەعلومی دەکات، بەلام ئەمە گومانی تیدانییە کەخاکی ئیراق دەبی بەسەکوی دەستدرێژی ئیران بۆ ئاژاوەنانەوە وهەڵلوشینی نەتەوەکانی گچکە لە هەمووڵایەک!!

بەم هۆیەوە لوم هەلوو مەرج و بارودۆخەی، کە بە تایبەت بۆ کورد هاتووتەپێش، پیویستە سەرکۆماری ئامریکا جگە لێهاتووی و لێوەشاویی وسیاسەتمەداری، شارەزایەکی زۆری لە مەڕ سەرە ڕۆی دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، بە تایبەت ئیران هەبێت، هەتا بۆ بەرەبەست لە ئاژاوە و پیلانی کارەسات هینەر، شیوەی پێشگیری لە بەر چاو بگرێ و خۆی بە دیالوک ودیموکراسی فریوو نەدات. چونکە ئەوەی بایەخی بۆ دانانرێ و هەتا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست گەمەی پێدەکرێ، شیوەی دیموکراسییە!! بە پیچەوانە ئاغای "ئۆباما" لە ڕۆژی هەڵبژاردنی بۆ کاندیدای سەرکۆماری لە دیموکراتەکان هەمووسەرو بنی قسەکانی لە سەر دیالۆک هەڵچنینوە، چونکە پێی وایە بە قسە وتوویژ دەتوانێ دێموکراسی لە رۆژهەلات بچسپێنی یان هەرنەبێ بە دیالۆک لە گەڵ ئیران پێکبێت و ڕێگای ئەمە بدۆزیتەوە کە ئیران دەست لە پێتاندنی یورانیوم هەڵبگرێ چونکە پیی وایە توندەتیژی سیاسەتی بووش، ئیرانی چەلاخ کردوە هەرکات ئامریکا دەستگیری دیالۆک بەدەست بگرێ ئاو لە ئاو تەکان ناخوات، بۆیە هەموو ڕەخنەکانی لە سەرۆک بووش لەو بازنە دابوو، بەڵام ئاگاداری ئەمە نییە بە کێشانەوی هیزی ئامریکا چ دەقەومی و چ ڕوو ددەدات، نەک تەنیا لە ڕۆژهەلات ناوەڕاست بەڵکوو لە ئورپاو ئامریکا، یان چەندە هیزی تروریستی تێدەخزێ!!

بەلام ئاغای "جون مەکین" کە پیاوەکی کۆنەکارو بە ئەزمونە بە کوردی شارەزایەکی تەواوی لەسەر رەفتارو ئاکارو دوارۆژی ئیران هەیە، بە پڕوپاگەندە هەڵنافریوێ چونکە دەزانێ کە بەرنامەکانی ئیران سەرانسەرین، یانی نەک تەنیا زەرەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەی ئیراق و ئەفغانساتان بەڵکو ئاگرخۆشکەری سەرگوی زەوین و لە دوا ڕۆژدا کارگەری بۆ ئوروپاو ئامریکاش هەیە. دەجا بابزانین سبەی چ ڕوو دەدات و بەخت و ئیقباڵ لەگەڵ کامیانە.

حامیدرەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەرالیا،
2008/11/4ی زاییني.

**کۆماری ئیسلامی پیس یاخی بووە،لە بەرازی برەک و مالۆس غەزریوترو خەراوتر!!**

نەک بلێی لە بەرئەمە کە شەڕ قوونی لە دەرکەی نابێ، بەڵکوو لە بەرئەمە دەیەوێ ئامبەلۆزی هەمووکەس بێت،دژی ئازادی و دژی دیموکراسی و دژی یاسای واقع بینی، دژی قانوونی پێکەوژیان و حەوانەوە، دژی کۆمەلایەتی وخۆشی شایی و دژی ئینسانیەت و پێکەوەژیان، دوژمنی نەتەوەکانی ئیران و خەفەقانخوازو دیکتاتۆرو سەرڕۆو بێبەزەو پاڵەوانی کوشت و کوشتارو قارەمانی ئەشکەنجەو خاوەنی بیدادەگانی ئینقلاب و خوین ڕیژو پاوانخوازو سەرکوتکەری هاوولاتیانی ئیران و هیتلەری سەردەم و گورگی دەم بەخوێن و شەڕلەتان و ئافات و بەلای سەرزەویی و تاعون و غودەی سەرەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دوژمنی ئیسلامی واقعی وڕاهێنەری تروریست و خەرابکاری و دەسیسەبازی و کۆگای فیتنەو فەسادو مسیبەت و تەنگەژەی سەرگۆیی زەوی، کە پشوی سوار بوو دەبێتە برەک و مالۆس و خۆی لەناو قوڕاو دەگەوزێنی و پشوو هەلماوی لە لەش دەردەکات وئامادەی هێرش بۆسەرڕۆشنبیران وفەرهەنگیان وئازادیخوازان و لایانگرانی حقوقی بەشەری کوردستان دەبێت و ئێران کردۆتە بەندیخانەیەکی هەرە گەورەو بەرفرەوان و لە هەمووشوێنک قەنارەی چەقاندوە، دەستی هەموو ئاخوندەکان هەتا ئانیشک لە خوێنی دانیشتوانی ئیران ڕەنگینە! لە راستیەدا کوندەبۆیکە لە سەر لاسوانەی ویرانەو کاولەکانی ولاتیکی کەونارای وەک ئیران بە هەموو مێژووی دوورودریژ سێبەری نەحس و بەدشوومی دەبینرێ و خەریکی قەلت وبڕو هەتلەوهەلوەدایی خەلکەیەتی!!

ئیستا بە ڕەوالەت بە هاتنە سەرکاری "بەراک حوسێن ئۆباما" لە ئامریکا،ئیران پێی وایە کە ئامانجی پێکاوە،بەلام دەبێ چاوەڕوانی شیوەکردەوەکانی وی هەنگاوهەلێنانی حکوومەتی نوێی ئەمریکابین کە دوایی دوو مانگی دیکە کە"حوسین ئۆباما" پیی لە کۆشکی سپی دەنێت دیاری دەدا، بەلام گومان دەوەدانییە کە ئیران لە قەیرانێکی دەستەوەستانی بزمارکوت ڕزگاری هاتووە بۆ پێتاندی یۆرانیوم باشتر دەتوانی بەسەرکەندوکۆسپ دازاڵ بێ و ئیدی لە هەڕشەوگوڕەشەی سیاسی ترسی نییە، چونکە هەرچەند ڕەنگە سیاسەتی ئامریکا نەگۆڕبێ بەلام گومان لەوەدا نییە دیموکراتەکان کە بە دیموکرسی وەنووساون لە کاری توندو تیژی دورەپەریزی دەکەن،دەجائەمەهەڵ ودەرفەتی لەبار بۆئیران دەرەخسێنن کە پیلانە گلاوەکانی خۆی لە هەر بارەوە چ لە دەرەوەی ولات و چ لە ژوورەوی ولات دەست هاوەلاتر پیادەبکات،هەروەک تەقوتۆقی کلینتوون ئەنجامی خیروبیری بۆکەس نەبوو شیوەکاری "ئۆباما"ش لەوەپتەوترنابێت!

بەلام لە سەر ئەو حالەش "دەنگهێنانەوی "ڕەش پێشتێکی ڕەچەڵە ئیسلامی یانی "بەراک حوسێن ئۆباما" جارێکی دیکە ئەوڕاستییەی بە هەموودونیا سەلماند کە ئامریکا ولاتێکی دیموکراسی یە، چ فەرق وجیاوازی لە ناو دانیشتوانی دانانێت!! ئاخۆ نابی حکوومەتەکانی سەرڕۆی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەت ئیران و تورکیەو سورییە پەندیک لەو زلهێزە فێربن!

لە ئیران و تورکیەو سورییەو کە هەرسێک ئیسلامی دەمارگرژن هەر یەک بە بەهانەو بیانویەک هاوولاتی خۆیان بە هاوولاتی حیسان ناکەن و لە حالێکدا هەموویان ئیسلامن ئاخۆ ئەمە گەمە بەئیسلام نییە! چونکە لە ئیسلامدا فەرق و جیاوازی لە ناو نەتەوەکان نییە، دەبێ خەڵکی ئەو وڵاتانە جاریکی دیکە لە خۆیان پرسیارنەکەن لە سەدەی بیست و یەک بۆ وڵاتێکی وکوو ئیران یان تورکییە چەند لە ئینسانیت بەدووره کە بە هاوولاتیانی خۆیان هەریەک بە بەرچەسپێک، بە جیا لە تۆرەمەی خۆیا دەزانن و کەمایتیەکانیان بە تەوای لە ماڤی ئینسانی شوشتۆتەوە!

جارجارمرۆڤ کە دەهۆی خومەینی و ئاخوندەکانی دیکە لە کاتی دەست پێکردنی ئینقلاب لە1355و1356ی هەتاوی دیتەوبیر لە گەڵ کردەوەی کۆماری ئیسلامی هەڵدەسەنگێنێ لە هەموو ئاخوندیک دڕدۆم وبەشک ونادڵنیادەبێت،کە چون وشەی بەرابەری و یەکیەتی و یەکسانی وتەبایی دانیشتوانی ئیرانیان لە پیک و کەڕەنا دەدا ئاوازی گەڵی و دۆڵی تەژی کردبوو بەڵام کە سەرکەوتنیان بە دەست هیناو ئیرانیان قەبزە کرد ئیدی لە هەموو وادەو بەڵێنەکانیان بێشەرمانە پاشەگەزی کرد و ئەوەی لە پاناگۆڕایی ئیران بەناوی خۆیی بوون بە تیمێک بریتی لە ئاخوندەکان و ڕەجاڵەی میشک شۆراوە بوون، بەڕاستی سەری سوڕدەمێنێ!

حامیدرەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/11/7ی زایینی.

(61)

## ئەحمەدی نیژادخۆی نەسیحەت بکات باشترە!

حکوومەتی فیتنەوفەسادی کۆماری ئیسلامی واخۆی لە کردەوە چەوتەکانی گێل کردەوە کاتیک کە دەم بۆ ئاخافتن دەکاتەوە مروڤ پێی وایە خەون دەبێنێ!! حکومەتێک کە بەدرێژایی (30)سال لە ئیرانیکی کەونارا جگە لەوەی خشتێکی بۆ ئاوەدانکردنەوە لە سەرخشتیک دانەناوە و بێجگە لە بەندیخانەو گۆرستان شوێنی ئاوەدانی لی وەبەرچاو ناکەوێ، وەتی هاتۆتە سەرکار و جلەوی

دەسەڵاتی بە دەست گرتووە لە بن سێبەری نەحس وشومی دەیانهەزار کەس گیانی لە دەست داوەو ڕۆژێ سەدان کەس لە ژێر ئەشکەنجەی کارگێڕانی نەمژو کارەسات خوڵقێنەرو خوێڕی و گەمشۆو بێبەزەو دوور لە کەرامەتی ئینسانی دەموو دەزگای ئاخوندی پیس و گڵاوی ئیران، گیان دەدن و هەزاران پسپۆرو چالاکانی سیاسی بە دەهۆو تۆمەتی نەتەوایەتی هەڵپەستی زیندانەکانی جەهەنەمی کۆماری دۆزو دەهۆ دەکرێن و هەرجارێ بە شیوەک فێل و تەڵەکە بۆ نەهەسانەوە وشیرە هەڵسون لە سەری هاو وڵاتیان دەدۆزنەوە هەتا بتوانن پتر لە سەر حوکماتی نگریسی شیوە سەدەکانی بەردین بمیننەوە! هەنۆکەش دەگەڵ بێت حازر نین ڕۆژیک دانیشتوانی وڵاتەکەیان نانێکی بە ئاسودەیان بە گەرودا بچی و هەناسەیەکی حەسانەوە هەڵکێشن و ڕۆژیک نییە کە خم و بناخەی کارەساتێك دادەنەڕێژێن و مسیبەتێک بنیات نەنین و تۆی ئاژەویەک لە مەبەرو لەو بەری دنیا دانەچێنن، خەڵکی ئیرانیان ئەوها سەرقاڵ و سەرگەرم و غافڵاندووە کەس لە بەردەردی خۆی ئاگای لە کردەوە چەوتی کۆماری ئاخوندی نییە و ئەوی ئاگاداریشە ناوێڕێ بیدرکێنێ و قسەی دڵی دەربڕێ چونکە هەر شیوە رەخنە گرتنێک لە دەم و دەزگای جەهالەتی ئاخوندی دەستەواژی" مفسدفی الارض "پیشوازی لێدەکات! ئەوە سی ساڵە بەم شیوە زەبرو زەنگە خۆی کردۆتە کەڵەگای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ناو هەموو دەوڵەتەکانی دوورو نزیک و موسڵمان و ناموسڵمان تیپی خۆی و چەکداری خۆی و تروریستی خۆی ئیستخبارات و سیخوری خۆی تیخزاندووە و سەرجەمی بە موچەی ئێران بە خیوە دەکات، بەمجورەسەروەتی گەلانی ئیران بۆ هەراوهوریاو نەحەجمین خەڵکان و پێکتر بە شەڕو بە کوژدان و پێکهێنانی قەیران سەرف دەکات و سازوبەرگ و بەڕێچون و چەک و چۆلی ئەوهەموو گروپانە، لە سەرگۆی زەوی دابین دەکات، ئەوەی لە قسەی لادات تەقینەوەی بۆساز دەکات لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم سەرزەمینە پان و بەرینە دەستەو پەستە و خۆکوژی هەیە و تەعلیم دان و ڕاهینانی هەموویان بە خەرج ئیران بە دەستی کارگێرانی ئیران ڕادەهیندرێن، سەرکۆماریکی خوینمژی وەک ئەحمدنیژاد کە دەستەچیلەی ئاگری هەموو ئاژاوەو فەسادو ئەوەی خیروخۆشی ئینسانەکانە، لیی نەبانە و ئاشقی خوین ڕشتنە و نازانێ مانای عەدالەتی و پیکەوژیان وحەوانەوی بەری چ دارێکە و لە دەست دریژی خۆتێهەلقولاندن و دەولەتانی هاوسێ بە شیوەی تروریستی هیچی تێدا هیشتۆتەوەو بێگومان لە دوای خۆی چ ناوی چاکەی لە پاش بەجێ نامینێ، دەجا ئەو کابرایە، لە نامەیەکدا لە دوایی پیروزبایی"باراک حوسین ئوباما" ئەوەی بە ئەنجام دانی عەدالەت و کاری خیروناوی چاکەو هەل وەرگرتن لەو دەرفەتەتی کە خودا بۆ ڕەخساندوە نەسیحەت دەکات! کە لە هەلی ڕەخساو کەلکی بەجێ وەبگرێ!! ناوی چاکە لە دوای خۆی بەجێ بێڵێ !! و لەمەو بەدوا لە بازنەی سنوورەکانی خۆی سنووەداربێ! نازانم بۆ خەجالەت نایگرێ و داناڕزێ و ناتوڵێتەوە کە ئەم قسانەی بە دەمدادێ!! کوڕە ماڵخەراپی جاهیلی نەمژ، ئەنگۆی کۆماری ئیسلامی چ ئیمان و بەخودا پێغەمبەر و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە!؟ ئەنگۆی کۆماری ئیسلامی ئاخۆ مانای چاکەو خیر دەزانن؟ ئەنگۆی کۆماری ئیسلامی دەزانن خوین ڕشتن و کوشتارئاخۆ تاوانی هەیە؟ ئەوە دنیا لە چەنگ ئیوە هاتووتە زاڵە! ئیوەی کۆماری ئیسلامی ڕووی سەدام حوسینتان سپی کردەوە! هەنۆکە چوارمیلیون خەلکی ئیرانتان بە زەبروزەنگ و تۆقان، هەتلەوهەڵودای چوارقولینچکی دونیاکردوە، ئێوەی ئاخۆ چ حیاو شەڕافەت و بۆ ئینسانیەت هێشتۆتەوە؟ ئێوەی کە زیندانەکانتان تەژی لە ئازادیخوازانن، ئیوەی کە هەموو پێنووسی نووسەروکانتان بە کردەوە شکاندووە، هەموو زوان ودەماوەرێکتان هەڵدروە، ئیوەی کە نازانن دیموکرسی بەری چ داریکە، ئیوەی کە قەڵەمی هەموو نووسەرو

هەستیارێک دەشکێنن و زڕڕە پونگی هەموو دۆکڵیوک لە سەرعەرزی خودان! ئیوەی کە لە نێوان موسڵمانی شیعەو سوننەو دیواری شەڕو کێشە و ئینکابەریتان کێشاوە، ئێوەی کە بە تیخزاندنی ئاژاوەچی و تروریست هەتا ئێستاهەزاران دانیشتووی ئیراقتان بە یەکتر بەکوشتن داوە، ئیوەی کە موی دەماخی هەموو جورە ئازادی و سەرنیزی زگ دڕێنی نەتەوەکانتان بەدەستە و هەو وڵایانی خۆتان بەمجورەلێکدانەوەی چەوت و دەمارگرژی لێدەڕوانن و مۆمڵتان لە سەرهەموو کارگیرانی خۆتان داناوە، ئەوەی هەنگاوەیک بەرەو ئینسانیت پەلە قاژە بکات خڕوچۆمی بەندی دەکەن، هەریەکتان کردۆتەدوژمنی ئەوەی تر هەربۆئەم مەبەستە کە بتوانن لەو ئاژاوەیە کەلک وەرگرن زۆرتر بە حکوومەتەکەتان ئیدامەبدەن!! ئەی جەلادانی میژووی بەشەری بە چ حەیاو ئابڕویک نامە بۆ سەرکۆماری وڵاتێک دەنیری کە چ جورە ڕەگەز پەرستی لە لەش وخوینی خۆیی نەتەوەکانی دانییە، ئەمریکایەک هەموو دینەکان وەک یەک هەڵدەسنگنێ، هەموو هاووڵاتیان عەبدی خوداو بێ تەوفیر لە مافی ئازادی و ئینسانی چارەنووسی نەتەوایەتی دەڕوانێ! دەجا ئەوپەندونەسیحەتانە بۆخۆتان هەڵگرن و لە جیاتی ئەمە، ئینسان دوستی و یەکسانی دیموکراسی لە ئەمریکافێربن !

کەوایە لە جیاتی نامەنووسین بۆ سەرکۆماری ئەمریکا لە ویژدانی قەت نەبووی خۆتان پرسیاربکەن هەتا نالەوهاواری خەڵکی ئیرانتان بە گوێچکەی پەمۆ لە ناوتان بسرێوێنێ، هەتا لە خەوی غەفڵەتتان وەخەبەربێنێ ! و ئاگاداری ئەو هەموو چەوتەکاری و تاوان و خوین ڕشتنی بە ناحەقی دانیشتوانی ئیرانتان لە گوێ بتورێنێ و لە دوڵی دڵتان ئاوازە بداتەوە، پێتان بەڵێ: ئەنگۆش بڕۆن دیموکراسی فیربن چیدی هەسانی دوژمنایەتی لە نیوان شیعەو سوننە ودینەکانی دیکە مەسوونەوە، چیدی بۆ دەسەلات و قودرەت و کورسی فەرمانفەرمایی خەلک مەکوژن و قڕمەکەن، جاریکیش لە شەیتان ببڕن و بە ڕەحمان بلەکێن و داوای مافی نەتەوەکان بە لە بەریەک هەڵوەشانی ئیران مەکەنە خوراکی پروپاگەندەو مێشکی خەڵکی ناحاڵی و پێی مەشۆنەوە، چیدی پێشگیری لە نووسین و ڕەخنە مەگرن و لە گرتن و محاکمەو ئیعدامی هاووڵاتینان دەست هەڵگرن و ماقی فەرهەنگی و ئیسانی نەتەوەکان مەکەنە کاوێژی جیاخوازی و بەدرۆ زەینی خەلک مەشێوێنن لە خودابترسن و بەرەوە ئیمان باوەڕ بەخودا بگەڕێنەوە! چیدی لە بیت وماڵی ئیران دەزی مەکەن و بەپارەی بەیت وماڵ تروریست وحیزبوالله لەدونیا سازمەدەن و سیخورمەگرن و بۆ پاوانخوازی ئامبەلۆزی خەڵک مەبن و قەناره ڕاگرن و زیندانیانی سیاسی ئازادکەن و یاسای عەدالەتی کۆمەلایەتی لە پەڕلەمان پەسەند بکەن و بە دەمارگرژی کۆتایی بهێنن و خەڵک مەگرن و مەکوژن، مافی نەتەوەکانی ئیران وەک وڵاتانی پێشکەوتوو لە بەرچاوبگرن بە دەرکردنی قانوونی عافوو بانگەوازی گەڕانەوەی هەموو ئیرانییەکان بۆئیرانێکی ئاوادەن بکەن هەتا ناوبانگی چاکەودەنگ بداتەوە،بەڵام کەلەسەرسەرەڕۆیەکەتان بەردەوام بن تێدەشکێن، چونکە بێگومان کوشت و کوشتاربۆ هیچ زاڵم و هێتلەریک نەبۆتە سەرمایە و بۆ ئیوەش دەست نادات و درەنگ یان زوو وەلێنگە فرتە دەکەون و دەسەر ئامانجە گەڵاوەکانتان دەگەڕێن،دەجا هەتا نەخیچاون لە هەلی خودا ڕەخساو کەلک وەرگرن.

حامیدرەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەرالیا،
2008/11/9ی زایینی.

(62)

**سووکایەتی و بێ حورمەتی بە پێشمەرگە،سووکایەتی و جوێن دان بە نەتەوەی کوردە!**

پێشمەرگە کۆگاو مەکۆی ئابرووی نەتەوەکەمان و بنەمای گزنگی ئازادی و شەوچرای تاریکانی ئەنگوست لە چاوەو پشتێندی شەڕافەتی کۆمەڵگای کوردەوارییە، دەجا ئەوانەی پێی دەوەڕن بە قەولی مامۆستا هەژاری موکریانی لە حاست لۆمەی ویژدان کەڕن!

شەهید جەوهەری پێناسی نەتەوایەتی و کالانی مێژووی دوورو درێژی کوردستانی گەورەیە، ئەوانەی بێ حورمەتی بە ناوی پیشمەرگە و بە خوێنی پێشمەرگە دەکەن، سووزمەیین و لە حەیاو نامووس بێبەرین. ئەوانەی بەرەو بەرزایی کەهکەشانەکان دەلوورن گورگن لە پیستی ئینساندا! دەبا هەتا حەز دەکەن چەنەیان دەقەڵشێ بلوورێنن و بە وەڕێنیان ئاخوندەکان وەکەیف بخەن و حەیایی قەت نەبوویان لە تەرازوی هەراج سنگ وسوژن بکەن و هەتا توون بە توون دەچەن لە عەپە نەکەون!

ئەوانەی گەمە بە پیشمەردەکەن لەعنەت ئەبەدی نەتەوایەتی دەکرن، تەوهین وسووکایەتی بە پیشمەرگە تەوهین بەهەموو خەڵکی کوردستانە، بێ حورمەتی بە پێشمەرگە تەوهین بە ئابڕو کەرامەت و مرۆڤایەتی نەتەوەی کوردە، ئەوانەی سوکایەتی بە شەهیدان دەکەن لە گەڵ جندە تەوفیریان نییە، کەسیکیش ئابرو حەیای نەوێ حەرەجی لێناگیرێ، دەجا پیشمەرگە لە هەرلایەک لە هەرحیزبێک لە هەرگروپ و سازمانێک هەر پیشمەرگەیە و تەوفیری پێناکرێ و سۆمای چاوی نەتەوەی کوردە. و ئەوانەی کە بە خۆیان ئیجازەی ناماقولی کردن دەدەن، بە ڕوو ڕەش ناویان دەبردرێ! لێرە مەبەستم ئەو کابرا خۆ فرۆشەی بە ناو"رەجەبییە" کە لە سەرتەلەفزیونی (پ.ک.ک.)بە سوکایەتی شەو نەمی سەرگۆنای گوڵی سەرگۆڕێ ممبارکی شەهیدانی شەمزاند، ئەو بی ئابڕووە، ئابروی خۆی لە بازاری بێ ئابرویی هەراج کرد! ئەمە نۆکەرو خۆدۆڕاو کوتەخۆری کۆماری گەندەڵی ئیسلامییە، ئەمانە جیرە بگیرو چڵکاوخۆری ڕێژیمی عەباو مێزەرو مەندیلن، ئەرکی کاسەلێسی بەجێ دەگەێنن! بەلام نەکەس حەرەج لەو جورە خۆ فرۆشانە دەگرێ، نەکەس حیسابیان بۆ دەکات بەڵام بەرپرسی تەلەفزیونی حیزب و سازمانێک نابێ هێندە ناتێگەیشتوو وخول وگەمشۆ بێت کە رێگا بە کابرایەکی ئەوها سوزمەیی بدا زوانی بۆگەن و پیسی خۆی بکاتەوەو چۆنی پێخۆش بێ بوەڕێ! بەڵکوو دەبوایە لغاوی بە دەمداباوە و چەغەی لێکردبوایە و بە بەلەم چەنەی بشکاندبوایە، ئەوانەی کولمیخ هەڵدەکێشن و پەتک دەپسێنن ئاخوندەکان لە زاریان تفووین، لە ڕیزی خۆ دۆڕاون دان و پێویستە هەمو لایەک لە دوور نزیک ڕوویان بە تفێکی ئەستوورسواخ بدەن بەلام ئەوە تەنیا ڕەجەبیەکی ناسراو بە دۆشاوە، کە بیستم ئەوها هرچکی بەیت، دەنا ڕەجەبیەکانی

"نـەغـەدە" زۆر پیاوو کورد و لایانگرو ئـەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نیشتمان دۆستن ورەجەبیەکانی شاری "نەغەدە" کە بە"دۆشاو" دەنگێنن دەیان شەهیدیان لە ڕیگای گەلەکەیان داوەو دەجاناماقولی ئەو خۆ فرۆشە نابێتە پەرۆشینکەی سەرشانی ڕەجبیەکانی بە دۆشاوناسراو، بێگومانی ئەوشیوە نۆکەرییەی کۆماری ئیسلامی ئەوانیشی گەچڵاند بەلام سەیر نییە کە جگێکی گروزی ڕزیو، ڕەگەل دەیان کەلڵا بکەوێ! ئەوجارمحەمەد کوردنیژاد قارەمانێکی کەم وینەو چەقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی بوو، هەموو هەست و نیستی بریتی لە گیانی شیرێن بوو کە ئەویشی بە سەخاوەتمەندییەوە لە ڕێگای گەلەکەی بەخت کرد، دەجا سوکایەتی بەوپیشمەرگە وهەمووپێشمەرگەیەک کوفرەکی هەرمەزن و لە دین و ئایین و مەزەب وەرگەڕان و لە بەشەریت خاریج بوون و لە ئابڕو دەرچوون و شیوە سوزمەییەو قسەش لە گەڵ مرۆڤی بێ ئابڕو چەنە سووک ناکرێ !!

حامیدرەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەرالیا
2008/11/10ی زایینی.

**(63)**

**تەنیا ئیرانێکی فیدراڵ دەتوانێ خەونی هەموو نەتەوەکانی ئیران وەدیبێنێ !**

بە بێ ئێرانێکی فیدڕاڵ هیچ ڕیژیمێک هەرچەند دیموکراسی بی، بۆی ناکرێ هەموو نەتەوەکانی ئێران بێ فەرق و جیاوازی لە دەورەی خۆی کۆکاتەوە و دەرگای هەموو ناکۆکیەکی بە قوڕبگرێ و هەموان لە بەستێنی دەسەلاتداریدا شەریک وبرابەش بکات و بە تیکڕایی لە مەڕچارەنووسی نەتەوایەتی ڕازی خۆشحاڵ وچارەسەر بکات و گرێبەستی یەکیەتی و برایەتی و پێکەوە حەوانەوە لە نێوان سەرجەم نەتەوەکانی ئیران دوور لە ئینکابەری و کێشە و چەرمەسەری و مرخێش مرخێش و لێک دارسان پێکبێنێ!

و هەروا تەنیاشیوەی حکوومەتێکی فیدراڵ دەتوانی و دەشێ ئێرانێکی بە دەسەلات و قودرەت مەندو خاون ژێرخانی ئابووری بێنێتەکایە و بەبێ فیدراڵ بوونی ئیران هیچ کات ئەو دەسەلاتە ئەوها بە یەکدەستی و یەکیەتی لە مابینی نەتەوەکانی ئیران پێکنایە، کە خالی کزو لەرزۆکی وەبەرچاو نەکەوێ!

کاتێک شیوەی حکوومەتێکی فیدراڵ ئاویتەی مێشک دەبێت لە نیوان نەتەوەکان ڕایەڵی قایم و موحکەمی برایەتی بە وجوددێ و هەموو نەتەوەکانی ئیران بێ جیاوازی لە ئیرانێکی پتەو هاوبەش بەرپسیاردەبن، چونکە چ گریمانەیەکی ناکۆکی لە نێوان نەتەوەکان نامێنێ، دەجا دەتوانن دەستی یەکیەتی بەگەرمی بکوشن وهەریەک لە مەڵبەنی خۆی لە چوارچیوەی ئیران بۆ بەهیزکردنی تێبکۆشن، بێگومان لە حاڵێکی ئەوهادا متمانە پێکتر لە هەموو بارەوە گرنتی دەکرێ و مەسەلەی ئابووریش بەرەو گەشە کردن هەنگاوهەڵدێنی و ئەوەی کەماسی تێبکەوێ بە ڕەوالەت دەسەلاتی ناوەندییە، کە لە نیوان ناوچەکانی فیدراڵ دابەش دەکرێت، نەک پارچەپارچە کردنی ولاتی ئیران.

بۆیە ئاخوندەکان لە ئیستاوە پروپاگەندەی پارچەپارچەکردنی ئێرانیان کردۆتە بەرچەسپێ سەردەم و زاری هەموودانیشتونی فارس و تورک و هێندیکی ناحالی و دەمارگرژ بۆ کۆتە فراندن ئەوتەنورە نێڵ دەدن کە بەداخەوە لە ئیرانی تەژی لە نەتەوەو نەخویندەوارو گوێ لە مستی کۆماری ئاخوندی لەو جۆرەمرۆڤانە کەم نین!
ئەگەر ئیمە بۆ نموونە چاو بە ولاتی ئوستەرالیا دا بخشێنن و شێوەی فیدراڵیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەوکات دەبینین کە پروپاگەندەی ئاخوندی و هیندیک کەسی دەمارگرژو ناحاڵی چەندە لە راستی و واقعیەت بەدورن.

وەک دەزانن ئوستەرالیا ولاتێکی پان وبەرینە و خاکەکەی(7میلیون وشەشسەت و حەفدەهەزاو شەش سەت وسی کیلۆمێتری چاورقولینچکە و بریتی لە شەش پارێزگاو دوو فەرمانداربیە. هەرکام لەوانە حکوومەتی سەربەخۆیان هەیە، لە مەڕجوغرافیاییش سنووری هەموو پاریزگاکان دیاری کراوە،بەلام پێتەختی ئوستەرالیا، شاری "کامبرایە". دەجائوستەرالیا کە بە شیوەی فیدرال بەریوە دەچێ! تەنیادەسەلاتی ناوەندی دابەشکراوە، نەک خاکەکەی! کە وایە ئیرانیش کە ببێ بەفیدراڵ بەم شیوەیە بەڕێوە بچێ حکوومەتەکانی فیدراڵ لە چوارچیوەی ئیرانێکی سەر بەخۆ، پێکەوە دەژین و بێگومان بەهیزتریش دەبێ چونکە گومانی ناکۆکای لە ناو نەتەوەکانی ئیران نامێنی هەموو پێکەوە بۆ ئاوەدانی و تیروتەسەلی و ژیانێکی پێشکەوتوو تێدەکۆشن!
هەرچەند هەنۆکە ئیراق بە فیدراڵ حیسابی لە سەردەکرێ بەلام بە داخەوە نەیانهێشتووە دانیشتوانی ئێراق کەلک لە خاڵەکانی ئەریتی فیدڕاڵ وەربگرن، یانی ئیران و تورکییەو سورییە لە ترسی کەم بوونی دەسەلاتی خۆیان و دەم داهینان بە مافی نەتەوەکان، بوونەتە بەرە بەستێکی گەورەو پێشی بەریوەبردنی فیدراڵەیان گرتووە، هەتا ئیستا بە هۆی تیخزانی تروریست نەیانهێشتوو هیچ کام لە دانیشتونی ئیراق تامی حکوومەتی فیدرال بچێژێ، ئیستاش هەروا دەبەردان هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی مسوەگەربکەن. دەنا ئەگەر لێی بگەڕێن شیوەفیدراڵ بە پیی مکانیزمی خۆی بەڕیوەبچێ، بۆیان مەعلووم دەبێ چەندە لە هەڵەدابوونە کە بەرەبەستیان بە دنەی ئیران و تورکیەو سورییە کردوە. داخەکەم بەدرێژایی هەزاران ساڵ بوو کە حکوومەتەکانی شاهەنشاهی گوێو چاوی دانیشتوانی ئیرانیان بە خەفەقان بەستبوو کەس ئاگای لەژیانی هەندەران نەبوو، دوایی سەرکەوتنی گەلانی ئیرانیش لە1357ی هەتاوی دیسان جارێکی تر بەدەستی ئاخوندەکان دانیشتوانی ئیران کەوتنەوە بازنەی کویلەتیەکی سی ساڵە، زۆرخەراپتر لە سەردەمی پاشاکان بە زەبرو زەنگ و گرتن و توقاندن و کوشتن ،ئێرانیان کردوە بە زیندانێکی هەرەمەزن ئەوەی دەم

بۆئازادی هەڵبچڕێ، دەست بەجێ بە دەستی ئیستخباراتی جەلادی ئاخوندی ڕەکێشی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ و بە شیوەیەکی زاڵمانە حوکمی ئیعدام یان زیندانێکی دریژخایەنیان بەسەردا دەسەپیندرێ یان لە زێدونیشتمانی باوک و باپیرانی خۆی هەتلەو ئاوارو هەڵوەدا دەکرێ! بۆیە هەتا ئەوحکوومەتە یاخی وتاخییە لە سەرکارە، چ کاریک ناکرێ، مەگین دورست کردنی زەمینە بۆ پاشەڕۆژێکی نادیار!

حامیدرەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەرالیا،
2008/11/11ی زایینی.

**(64)**

**تیرێک کە ئامانج نەپێکی،**

نە تیرهاوێژ خۆشحاڵو وەنەشە دەخات و نە هەستی کەسانێک دەبزێوێ، جیالە داڕوشاندن! دەجا تەماڵ هەڵنان و سیرەگرتن موتاج بە ئەزموونی پسپۆرانەیە!

ئێستا کە گرێبەستی ئەمنییەتی لە نێوان ئێراق و ئەمریکا بە فیت و دەست تیوەردان و خۆتێهەڵقوتانی ڕاستەوخۆی ئێران بە ئاکام نەگەیوەو واژۆ نەکراوە، ئەگەر سەرۆکانی هەریمی کوردستان هەلەکە بقوزنەوە جارێکی دیکە متمانەی ئەمریکا بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، کە زۆرتریان لە سەر حیساب بکات،و لە حاڵێکی ئەوهادا دەتوانن ئامانجەکەیان بپێکن، یانی ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێننەوە سەرکوردستانی باشوور، هەروا ئەوهەڵانەی کە کردوویانن بە پشتیوانی ئەمریکا قەرەبۆیان کەنەوە، دەنا ئەوەی گەڵاڵەش کراوە بێگومان بەدەستی ئیران لەگەڵ شیعەکانی ئیراق هەڵدەوەشێتەوە! چونکە ئیدی بۆ ئەمریکا سەلمێندراوە کە ئیراقیەکان چ بایەخێک بۆ ئەو هاسانکاری و زەرەری ئابووری ئەو هومووکوشتەیەی ئەمریکا دانانین، دەجا پێویستە سەرۆکانی هەریم ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە بزانن کە بە قەولی پیشینیان دوو شووتوو، بە دەستیک هەڵناگیرێ، یانی لە نێوان ئیران و ئەمریکا یەکەکیان هەڵبژێرن،کە هەلبژاردنی ئەمریکا بۆکورد شوێنتێکەری مافی کوردە بەلام هەڵبژاردنی ئیران هۆکاری لە ناوچوونی هەریم و هەموو کوردەکانی پارچەکانی ترە!! بارزانی ڕەحمەتی کە دەهات لەگەل ڕیژیمی بەعسی ئیراق ڕیککەوتنامە ئیمزا بکات، ئیران دەریپێی لە قاپان کەوتبوو، سەدامیش بە هۆی یارمەتیەکانی ئیران لە مەڕنیزامی بە تەواوی شڵەژاوو تێشکابووە، بۆیە حازربوو لە گەڵ بارزانی ڕیککەوتننامەیەکی یەکچەلی ئیمزابکات، هەتا بتوانێ لە دوارۆژدا ئیران تیکبشکێنێ، بەلام مخابن بارزانی مەسەلەی کەرکۆکی بە نیوە نیوە وهەتا دووبەش یەکبەشیش قبووڵ نەکرد، دیارە ئەمەش لە خۆڕا نەبوو ،بەڵکوو ئیرانیەکان کە لە دەهۆو دۆزو کەڵەک لە دونیا لینگەیان نییە، بارزانیان بە وادەی یارمەتی دیکە پەژیوان کردەوە !

بەلام وەک بینیمان دوایی ئێران  بە نهێنی پەیمانی ئەلجەزایەری بە مامەلە لەسەرکوردەکان ئیمزاکرد  و ئاکامەکەی ئاشبەتالّی لێکەوتەوە!! پێویستە سەرۆکانی هەنوکەی کوردستان لەمەی بارزانی ڕەحمەتی دەرسی عیبرەت وەرگرن!! بە ئیران و تورکیە وەنووسان، بە مانای تێشکان و ئاشبەتالێکی سەرانسەری! وەک بەرێ ئامازەمان پێکردەوە ئیدی بۆ ئەمریکا ئەمە حاشاهەلّنەگرە کە حکوومەتی ئیراق سپلّە دەرچووەو نرخی ئەوهەموو یارمەتی ئەمریکا و کوژرانی ئەو هەموو سەربازانەی لە لا بێ بایەخە! دەجا کورد دەبێ لەم هەلەڕەخساوە کەلک وەرگرێ.

هەرچەند لەوانەیە ئەو پەیماننامەیە سەرئەنجام بە ئیمزبگات،چونکە ئەگەر واژو نەکرێت زەبرەکی قورس لەحکوومەتی فیدرالّی ئیراق دەدا کە قەرەبۆ کردنەوەی لە سیرەی چاوی لێکدانەوە دا نییە،هەتاحکوومەتی مالکی بەرەوتێشکان دەبات، بۆیە پێم وانییە ناشیگەری بەغدا هەتا ئەو ڕادەیە بێ!

سەرۆکانی کوردستان وەک دەلّێن: لە نێوان چەند مەسەلە گیریان کردوە، یەکیان مەسەلەی پ.ک.ک. کە بەخۆیان بەستۆتەوە، یانی گەرەنتیان کردوە،بۆیە تورکییە بە یەخەیان وەنووساوە، هەروا لە مەڕکوردی ئیرانیش لەو هەلومەرج و بارودۆخەدان، یانی خۆیان کردۆتە ئاغاو کوێخای هەمووپارچەکان دەیانهەوێ لە سەرئەوان مەمالە بکەن، بۆیە ئیران و تورکیەش لەگەلّ ئەوان ئەو باسانە دێننەگۆڕ،ئەگەر وانییە بۆ بەشەهامەتەوە نالّێن مەسەلەی کوردەکانی پارچەکانی دیکە، پیوەندی بە ئیمەوە نییە، خۆیان لە پاسارگاردی نەجات بەدەن لە سەرکوردستانی باشووریاخۆن!

سەرۆکانی کوردستان بە تایبەت مام جەلال هیچی تیدا نەهێشتۆتەوە،با بە ڕاشکاوی بلّێن کورسی دەسەلاتی بەغدا بۆدەبێ وای لێبێت کە مامەلەی لەگەلّ ناوچەدابڕوەکان لەسەر بکرێ! یان بۆچ دەبێ وای لێبێت لە بەرامبەری دۆستایەتی لەگەلّ ئیران، کوردەکانی ئیرانیان پێ بفرۆشن، گومان دەوەدا نییە کە ئەو گرێبەستەی لە سەر"مەجاهدخەلق " لە گەلّ تاران کراوە، بە نهینی لە مەڕ حیزبەکانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئیران ئیمزاو گەرەنتی کراوە! ئەگەر ئەمریکا لەشکرەکانی بکێشێتەوە دەبینن کە چ کارەساتێک روودەدا! ئەگەر ئارشیفەکان بکەونە دەست دەبینن کە پیلانی ئیران و مام جەلال بۆ لە ناو بردنی هەمووحیزب وسازمانەکانی کوردی ئێران چەندە لک و پۆپی لێدەبنەوە!؟

هیواداربن لە هەلّوو مەرجە ناسکەدا کە دێ رووبدا بێگومان بە هاتنە سەرکاری "ئوباما"زۆر ئالّەگۆڕ دینەکایە،ئەگەر ئیراق بە سێ کوت دابەش نەکرێ و هەموو بە شەکان بەکردەوە حکوومەتی فیدرالّیان لیدانەمەزرێ  لە ئاکامدا فیدرالّی کوردستانی باشووریش هێندە دەوامی نابی، ئەگەر تەمەن درێژیش بێ دەسەلاتی بۆ گەرەنتی ناکرێ! دیارە هەرلە ئێستاوە وردە وردە کەم بوونەوەی دەسەلاتی لە زۆربارەوە دێ مسوەگەربی و پیلانی سنووردارکردنی قودرەتی هەریم لە لایان ئیران کە لە مێژە گەرای بۆ دارژراوە دێ ڕوخسارەی کردەوە بەخۆوەبگرێ، دەجا دەکرێ بلّین ئەو کوردستانەی کە حوکماتی لە سەردەکەن بێ گەڕانەوەی ناوەچە دابڕاوکان، هەر ئەو کوردستانەی بێ کەلک و

گویی سەردەمی نەمرشیخ مەحموودی نەمر، دەبێ! ئەویش دەبێ بەهێلانە گۆریچنەی ئیستخباراتی ئێران و تورکییە!

حامیدڕەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەرالیا
2008/11/16ی زایینی.

(65)

**هەڵکڕاندنێک لە داخۆیانی "عەلی دەباغی" قسەکەری دەوڵەتی نووری مالیکی لە ئێراق،**

گرێبەستی ئەمنییەتی لە نێوان ئەمریکاو ئێراق کە ناوی فەرمی وی " گرێبەستی" دیاریکردنی بارودۆخێ هێزەکانی" ئەمریکایە، لە دوایی پەسندکردنی دەوڵەتی ئاغای مالیکی بە پەسندکردنی پەرلەمانی ئیراق موتاجە. بە لێڕوانین لە پەسندکردنی پەیمانی ئەمنییەتی لە کابینەی ئاغای مالیکی لە ئاقڵ بەدوورە کە پەڕلەمانی ئێراق،تەنگەژەی مجد لە ڕێگای قۆڵ لە سەرکێشنانی دورست بکات، چونکە دەوڵەتی ئاغای مالکی لە پشتیوانی زوربەی نوێنەرانی پەڕلەمان بەرخوردارە. لە گەڵ ئەمە فراکسیونی پەڕڵەمانی پەیوەندار بە موقتەداسەدر لە دژکارانی خیلە سەروکەللەڕەقی گرێبەستی ئەمنییەتی لە نێوان ئەمریکاو ئیراقە،وبێگومان ئەم فڕاکسیونە تێدەکۆشێ هەتا پڕۆسەی پەسەند کردنی پەیمانی ئەمنییەتی لە پاڕڵەمان تووشی دەست ئەندازو تەنگەژەبکات،بەڵام کارتێکەرنابێ!
پەیمانی دیاریکردنی بارودۆخی هێزەکانی ئەمریکا،دوایی ئەمە کە دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ هێندیک ناوەرۆکی وی،ڕەزامەندی دەربڕی، لە کابینەی نووری مالیکی پەسند کرا.
بە پێی ڕەشنووسی گرێبەستی ئەمنییەتی،نیزامییەکانی ئەمریکا،ئیجازەی بەردەوامیان لە ئێراق، هەتا کۆتایی ساڵی 2011ی زایینی پەیداکرد،دریژ کردنەوەی حزووری ئەوان بە داواکاری دەولەتی ئیراق دەسپێردری، بەڵام بە ڕەواڵەت ئەم بەندە لە ڕیککەوتنامەی دەست تێوەردراویانی، سالی 2011بۆڕۆژی دەرچوونی هیزەکانی ئەمریکا، لە ئێراق دیاریکراوە.
بووش سەرکۆماری ئەمریکا بەرلەمە، لە گەڵ هەرشیوە دیاریکردنی ڕێکەوت بۆ وەدەرکەوتنی ئەرتەشی ئەمریکا،لە ئیراق دژایەتی دەکرد،ڕەزایەت دەربڕینی وی،لەگەڵ ڕیکووپێک کردنی ڕەشنووسی گرێبەستی ئەمنییەتی و دیاریکردنی سالی 2011بە ناوی ڕیکەوتی دەرچوونی هیزەکان لە ئیراق،نیشانەی گۆڕانکاریەک لە سیاسەتی دەورانی جورج بووش لە بەرامبەرشەڕی ئیڕاق بەحیساب دێ.
لەڕاستیدا ئەم خاڵە لە ڕیککەوتنامەکەدا ئەم هەلەی بۆ دەوڵەتی ئاغای مالیکی ڕەخساند کە بەتەواوی سیاع لە گرێبەستی ئەمنییەتی لێبکات و بە شهامەت وبڕشتەوە ئەوی پەسند بکات.

هوشیارزێباری،وەزیری دەرەوەی ئێراق گوتوویەتی کە پەیمانی ئەمنییەتی بڵاو دەکرێتەوە وکۆپی وی بۆ جینارەکانی ئێراق دەنێردرێ.
لە نێوان هاوسیەکانی ئێراق،ئێران و سوورییە دەژایەتی ئیمزای پەیمانی ئەمنیەتی نێوان ئێراق وئەمریکادەکەن،چونکە لەمە خۆف دەکەن کە حزووری ئەرتەشی ئەمریکا لە ئێراق،وڵاتی ئێراق وەکووسەکوو بۆهێزەکانی ئەمریکا،بۆ هێرش سەرجینارەکان کەلکی لێوەربگێرێ!

لەڕاستیداچەندحەوتووپێش هیرشێکی ئەوها لە لایەن هیزەکانی ئەمریکا نیشتەجێ لە خاکی ئێراق، بۆ سەروڵاتی سورییە دەستی پێکرا،کە دژکردەوەی توندی ئەسەد سەرکۆماری سوورییەی بەدژی گرێبەستی ئەمنییەتی نێوان واشنگتۆن وبەغدای لێکەوتەوە.
بەحەقیقەت دژایەتی ئێران لەگەڵ پەیمانی ئاماژەپێکراو زێدەترلە نیگەرانیەکانی پەیوەندار بەکەلک وەرگرتنی ئەمریکا لە خاکی ئێراق،بۆ هیرش بۆسەرهاوسییەکانیەتی!
چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران داواکاری دەست وجێی کشانەوە ووەدەرکەوتنی هیزەکانی ئەمریکالەخاکی ئێراقە! چونکەبوونی ئەوان لە دەڤەر،دژی قازانجی خۆیان لە ئیراق پڕوپاگەندەدەکات. چونکە بەلێکدانەوەی دەوڵەتی ئیران،دەوڵەتی شیعەی ئێراق،بە یەکگرتووی سروشتی تاران حیسابی لە سەردەکرێ،لە بەرئەمە بوونی هیزەکانی ئەمریکا،لە ئێراق،دیواریکی لە نێوان نێزیکایەتی دوو وڵاتی هاوسێ پێکدێنێ!

لە نەزەر دەوڵەتانی عارەبی دەڤەر،ئێران بە کەلک وەرگرتن لە بۆشایی قودڕەت بەدەستی هاتوو لە ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن لە ئیراق،شوێن تێکەری خۆی لە وڵاتی هاوسێ بەرفرەوانکردەوە، ولەم ڕیگایە خەریکی خۆداسەپاندنی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە!دەجالە سەرئەم بنەمایە،دەولەتانی عارەبی ناوچە،هەتا چەند مانگ پێش،سیلەی چاوی ئەریتیان لە دەوڵەتی شیعەی ئێراق نەبوو،و بە تۆمەتبارکردنی وی،بەبەرێوەبردنی نەخشی"ئالەتی دەست)بۆ ئیران لە ناردنی دیپلۆماتەکانی خۆیان بۆبەغدا، دوورەپەریزبوون. بەلام ئەوسیلەچاوە لە دوایی زنجیرە ئاکارەکانی(نەتەوەخوزانەی عارەبی)لەلایان دەوڵەتی ئاغای مالیکی،تووشی گۆڕانکاریەکی نوێ بووە.

لەڕاستیدا ئاغای مالیکی بۆ ئەمە کە وڵاتانی عاربی تێگەیەنی کە لە سەربنەمای گروپەکانی مەزەبی ناجۆلیتەوە و بە پێناسی عارەبی ئێراق بە تەواوی وەفادارە،هەڵویستی بەشیوەیەکی جوان وپێچڕاوە دژی ئیڕان گرت.
وەدیهێنانی شک وگومان کە گرێبەستی سنووری 1975لە نێوان ئیران وئێراق(پەیمانی ئەلجەزایەر)وداواکردن بۆ گۆڕانکاری هێندیک لە بەندەکان،و ناردنی نامە بۆسەرۆکی دەوڵەتی ئامارات،بە یەکگرتوویی عارەبی وداکۆکی لەهەڵویستی دوو وڵات لە بەرانبەردورگەکانی" ئەبوموسێ" و تنبەکانی گچکەوگەورە،لەکەنداوی فارس،ڕووبەڕوو بوونێکی بە بڕشت لەگەڵ ئەرتەشی مێهدی بە ڕێبەری موقتەداسەر،لە شارەکانی جۆراوجۆری ئێراق،دوورە پەریزیەکی تەواو لە سیاسەتی ئێڕان،لە بەرامبەرئاشتی نیوان ئیسڕائیل و فەلەستینیەکان،لە ڕاستیداهەنگاوێک بوو کە

دەوڵەتی ئاغای مالیکی بۆ ڕەکێش کردنی بیروبۆچوونی وڵاتانی عارەب و ئەنگۆست دانان لە سەرخاڵی وەفاداری دەوڵەتی خۆی بە پیناسی عاڕەبی ئێراق بوو کە بەڕیوی برد.

ئەوکردەوانە کارتێکەربوون و لە دوایی وی،وڵاتانی عاڕەبی دەڤەری کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵات یەک بەدوای یەکدا باڵویزخانەیان لە بەغداکردەوە ویان ڕێکەوتیان بۆ کردنەوە دیاریکرد. بەمجۆرە ئێراق بەبێ دەنگی لە ئێران دوورکەوتەوە،و مەسەلەیەک کە ئێران دەمی لێدا،بەلام بایەخ پێنەدان و بە هێند نەگرتنی دەوڵەتی ئێراق بە دژایەتی ئێران لە گەڵ گرێبەستی ئەمنییەتی نێوان ئێراق و ئەمریکا ئەوەی زووتر بە نمایش دادەنێ!
لە ئاکامدا دەوڵەتی مالیکی بە پەسندکردنی پەیمانی ئەمنییەتی نێوان واشنگتۆن وبەغدا،مابەینی خۆی لە ئێران زۆرترکردوە،و پەیوەندی دوو وڵات لە دواڕۆژ هەتاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە هەنگاوهەڵێنانی دەوڵەتی ئێران، لە بەرامبەرپەیمانی ئامازەپێکراوە،ئەگەر تاران بەڕاستی بیهەوێ هێزەکانی دژکاری ئیمزای پەیمانی ئەمنییەتی بە دژی دەوڵەتی ئاغای مالێکی هاندا ویان بەسەرپێچی وهەڵگەڕانەوە دنەبدات،بێگومان پەیوەندی دوو دەوڵەت بەرەو بوڵێلی دەڕوات بەلام ئەمە لەئاقڵ بەدوورە کەدەولەتی تاران خوازیاری بێت،لەبەرئەمە بەوێچونێکی زۆر،دەوڵەتی ئێران بەپێداگرتن لەسەرئەمە کە دەوڵەتی ئێراق لە ژێرتەوژم و فشاری ئەمریکا ناچار بە قبوولی گریبەستی ئەمنییەتی بووە،تێدەکۆشێ کە دەولەتی ئاغای مالیکی بە دۆستی کۆماری ئیسلامی بناسێنێ و ئەمریکا بە دۆڕاوی حەسڵی قەیرانی ئێراق ناوبرێ،و بەمجۆرە لەم ڕیگایە،دژایەتی لە گەڵ گرێبەستی ئەمنییەتی نیوان ئێران وئەمریکا بە ناوی کارێکی کراو،لە بیرەخۆی بەرێتەوە و بە دەستی فەرامۆشی بسپێرێ.

حامیدڕەشیدی زەرزا
سیدنی ئوستەرالیا
2008/11/19ی زایینی.

وەورگیراو لە بی بی سی. فارسی.

**هەتاحکوومەتی ئیراق بە هیزتر دەبێ دەوری کوردەکانی باشوورلە حکوومەتی مالیکی کزو لاوازولەرزۆکتر دەبێت!**

هەتا برشتی حکومەتی ئیراق بەرەو توندوتیژی دەڕوا، حکوومەتی کوردستان زورتر دەکەوێتە سێرەی مەترسی! هەتا دەسەلاتی حکومەتی بەغدا بەرفرەوانتر دەبێ لە دەسەڵاتی حکوومەتی هەریم کەم دەبێتەوە!

ئەوانە هەموو هۆکاری خۆیان هەیە، کورد گوتەنی مرۆڤ چ بچێنێ هەر ئەوی دەدرویتەوە!
سەرۆکانی باشوور،لە دوایی ڕووخانی دەموو دەزگای سەدام حوسین، هەموو حەول و دەولیان بۆ پتەکردنی دەسەلاتی سەر لە نوێی بەغدا،وەگڕخست و ماڵی کوردیان بە ڕووت و قوت و ناپۆشتە هێشتەوە،دەجا کەسیك خەریکی ئاوادان کردنەوەی ماڵی نەیاربێ، نابێ چاوەنواری خیروخۆشی بکات!

بۆیە پێم وایە چ ڕەخنەو حەرەج لە مالیکی و دەوڵەتی مالێکی ناگێرێ، چونکە ئەوعارەبە، مافی خۆیەتی وەک عارەبێک فکر بکاتەوەو بەرژەوەندی عارەبی ئیراق لە بەرچاو بگرێ! دەجا تێکۆشانی مالیکی و حیزبەکەی لە حکوومەتی بەغدا پاراستنی مافی ئێراقیەکان بووە نەک نەتەوەی کورد! سروشتییە کە دەوڵەتی مالیکی بۆ ئەم ئامانجە هەڵسوڕاوەو دەسەلاتی بەغدا بە هەرشیوەیەک کە بەقازانج زانیوە بەرپوی بردوە کەوایە ئەوانەی کە ڕەخنەیان لێدەگیرێ کوردەکانن کە تەوفیریان لە نێوان دوست و دوژمن دانەنەواە! ئێستاش هەربەگەزو نیوگەزی ئیراق دەپیون! دەجاهەروەک لە چەند وتاری دورو درێژی پێشوو ئاماژەم بەکەم وکورپیەکان کردوە، چەندپاتی دەکەمەوە کە سەرۆکانی کوردستان لە هەڵ ومەرج و بارودۆخی ڕەخساوی کە زلهێزیکی وەک ئامریکا، بۆی هینانەکایە، کالکیان وەرنەگرت،بە پێچەوانەی ئەمە کە دەبوایە لاقیان لە سەرماڤی کوردو گەڕاوەنەوەی ناوچە دابڕواوەکان داگرتبوایە، مەسەلە حەسلیەکانیان وەلاناو خۆیان بە ئیراقی لە قەلەم دا،دەجا لە ئیراقیەک لەمە زیدەترچاوڕوان ناکرێ!!

سەیرئەمەیە ئەو هەمووقەیرانانەی کە بە درێژایی مێژووی کورد لە ئیراق یانی لە لکانی بەئیراق لە شەڕی یەکەمی دنیاگرو پێکهینانی حکوومەتی پاشایی لە ئیراق و ڕوخانی لە1958و بەردەوامی شورشی ئەیلوول هەتا ئاش بە تالێ 1975ی پەیمانی ئەلجەزایەرو کیمیا بارران و کوشتاری هەلەبجەو 182هەزارجینوساید، پێکهینانی هەریم لە1991،هێشتا فەرقیان لە نێوان نەیارو دوژمن ناکرد، ئەوکات خاڵی وەرچەرخانی کوردگەییوو هەرەتی باو،بەلام ئەوان کەلکیان لێوەرنەگرت، پێیان وابوو بە دەربڕینی قسەی دیالۆک هەمووشت کۆتایی پێدەێ، هیشتا نەیانزانیبوو کە دیالۆک تەنیا بە زلهێزیکی وەک ئەمریکا دەبێت کە بەزەبری چۆماخ دیالۆکی پیادەدەکات، دەنا کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کێ پەکی بەدیالۆک کەوتووە ئەویش لەئیراق یان ئێرانێکی چەلاخی بێ هەوسار! بەلام سەرۆکانی کوردستان ئیستاش لە خەوی کەرویشکی خۆیاندا نستوون! ئیستاش لەگەڵ

بێت، که ئەوە دێ زۆرشت بگۆڕێن و هەتا دەنگەکان بەهۆکاری بارودۆخ لە کەلک بێخن یاساکان بە هۆکاری هەلومەرجی چەسپاو لە بایەخ بخەن! لەوانەیە دەستیان تێوەربدرێ! بەلام سەرۆکانی کوردستان هەنۆکەش بێ لێڕوانین لەو مەسەلانە لە ناوخۆیاندا باوەر پێکناکەن، چیرۆکی پارتی و یەکیەتی نیشتمانی هیشتا لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستانی باشوور وەک بەرێ لە سەردەم و زارای لایانگرانی ئەو دووحیزبە کاویژی پێدەکرێ! ئەوشیوێنانەی کەلەنێوخۆیاندا بەرژانی خوینی سەدان پێشمەرگەی قارەمان دابەش کرابوون، ئیستاش شوورەی سنووری دەستکردی دوو حیزبیان بەکردەوە پێوەدیارە، هەریەک ئاغاکەی جارانن، لایەک تالەبانی و لایەکی دیکە بارزانی ! لە دەرەوەی ولاتیش ئەومرخیش مرخیشە بنەبڕنەبووە، ئەوانەش هەمووهۆکاری دەسەلاتی دوو حیزبییە، دەجا ئەو برایانە کوا دەتوانن بۆماڤی گەلی کورد هەنگاو هەلێنن، ئەوانە لە مالی خۆیان تووشی دەیان تەنگەژەن، لایەکی دیکە شیوە خزمەتکاری بە داگیرکەران وای لێنەکردوون ئاوڕێک لە حیزبەکانی بەشە کوردستانەکانی دیکە بدەنەوە لە1991ی شەڕی یەکەمی کەنداو کە بووشی باب لە سەرکاربوو، توانیان هەریمی کوردستان پێکبێنن، هەتاهیرشی ئەمریکا،لە2003ی بووشی دووم یانی لە ماوەی 17سال نەیانتوانیوە خۆیان لە شیوە نۆکەری رزگارکەن، چ بگا بە گەڕانەوەی ناوچەکانی دابڕاو!

کە وایە لە سەردەمی حکوومەتی "باراک حوسین ئۆباما"ش پێم وانییە بتوانن کارێکی بۆ کوردبکەن چونکە حکوومەتی دێموکراتەکان وەک بە کردەوە نیشانیان داوە، توندو تیژی تیدانییە، سروشتیە کە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستیش نەرم حەلیمی و دیالۆک جگە لە بەدبەختی و کالکردنەوەی ڕوخساری نەتەوەکانی ژیردەست، شتیکی ليناکەوێتەوە، ئەمن نالێم هەموو رەفتاری ئەمریکاو سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی دێموکراتەکان دەگۆڕێ بەلام دەتوانم بلێم جگە لە بەرژەوەند و قازانجی ئامریکا،ئەو شیوەییەی کە لە حکوومەتی کۆمارییەکان لە دونیا لە ئارادابوو دەبێتە خەون و بە ئەفسانەی لە میژوو دەمێنێتەوە،دەجانەتەوەکانی بن دەست لە حکوومەتی دێموکڕاتەکان خەونەکانیان نایێتە دی، هەر چەند ئەوەی لە خوای غافلە کافرە!

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەرالیا،
2008/11/23ی زایینی.

**(67)**

**یادێک لە شەهید کاک بەهمەن بامروت، پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران،سالی شەهیدبوونی 1362ی هەتاوی بوو.**

ئاشنای و ناسیاوی من لەگەڵ شەهید دەگەڕێتەوە سەرشێعرەکانی، هەنۆکەش شێعرە جوان و پخت وپاراوە بە سۆزەکانی شەهید لە مێشکم دا زەمزەمە دەکات،شەهید مامۆستای قوتابخانە بوو و بەهۆی ئیحساسیکی گەلێک نازک خۆشەویستی هەموو قوتابیەکان بوو. هەروا لاوێکی ئیکجار روح سووک و دلۆڤان و دەم بە پێکەنین و خۆش بەرخورد بوو. جگە لەوانەش هەستێکی ئێکجار ناسک و ڕەکێشی

لە هونەری هۆندنەوەی شێعردا هەبوو، شێعرەکانی لە قالبی شێعری نوێدا بەتال دەکرد، هەموویان بۆنی ئازادی و سەربەستی و شێکردنەوەی ژیانی نەتەوەکانی چەوساوەی مل لە بن نیری یەخسریان و شێوە حەماسی بوون، بەم هۆیەو لە لای هەموو فەرهەنگ دۆست و ڕۆشنبیرو هەستیار و لە سەریەک ئەو کەسانەی کە خوێچیژیان لە ئازادی و تامی شێعری سیاسی دەکردو کەیفیان بە پسانی زنجیری کویلەتی دەهات، کاک بەهمەنیان پڕ بە دڵ خۆشدەویست، دەجا کۆمای ئەو خۆشەویستیانەش وایانلێکرد کە چیدی بە خۆی ئیجازە نەدا دەنگی ئازادی لە ناو دۆڵی دڵی قەف بخواتەوەو پەنگ بەداتەوە،کە بەداخەوە دەنگ هەڵبڕینی بۆ بە هۆی دەهری بوونی دەسەڵاتدارانی خوێن مژی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی شنۆ، و تێیان هەڵکیلاو. وەک وەبیرم بێ ساڵی 1362 بەرەو دەڤەری سەرشاخان هات و لە ڕێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەکی شەڕافەت و کەڕامەتی هەڵگرت و غڕوری لاویی و هەستی سەربەستی گەلەکەی قارەمانەکی چاونەترسی لێ سازدابوو کە هەمیشە دووسێ چەکی هەڵدەگرت وەک وەبیرم بی ڕۆژیك کە بینیم ئارپیچی وکەلاشی پێبوو بەداخەوە هەر لە ساڵی 1362 لە شەڕێکدا لە سەنگەری ئابڕوشەڕافەت خوێنی تێکەڵ بە خوێنی ئاڵ و ڕەنگینی شەهیدانی کوردستان بوو. سەدان سەڵاو لە گیانی پاکی شەهید کاک بەهمەن بامروت و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی کوردستان و ئێران و مەرگ و نەمان و ڕوو ڕەشی بۆ کۆماری ئاخوندی و نۆکەران و خۆفرۆشانی.

حامیدڕەشیدی زەرزا،
سیدنی ئوستەڕالیا،
2008/9/18ی زایینی.